KURDISTAN




# نەمان بۆ سپای ڕەش و تیرۆریستی داعش

## سەرهەڵدانی داعش و هێرش بۆسەر کوردستان

کۆمەڵێک: دیدو بۆچوونی نووسەرانی کوردو بیانی

بەشی: پێنجەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

## بەشێک لە بابەتی ساڵی: ٢٠١٦ - ٢٠١٧ - ٢٠١٨ - ٢٠١٩ و ٢٠٢٠

### ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦ تا ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

١- پلانی B ی تورکیا لەکەرکوک جێبەجێ دەکرێت ............ ئارام هادی
٢- داعش دووڕووی هەیە ............ شاخەوان برایم عەبدوڵلا
٣- کەرکوک؛ پێشمەرگە و دژەتیرۆرو ئاسایش و پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان بەردەوامن لە ............ کوردستانی نوێ
٤- ڕووداوەکەی کەرکوک لەنێوان پیلانی هەرێمایەتی و شکستی دەزگا ئەمنییەکاندا ............ حەمەدەمین سلێمان
٥- ئازادی موسڵ یان هۆلۆکۆستێکی تر ............ لاوژە جەواد
٧- کردەوەکانی داعش لەنێو ئیسلامدا جێیان هەیە؟ ............ عومەر عەلی غەفور
٨- ڕۆڵی ئێران لە گرتن و ئازاد نەکردنی شاری مووسڵدا ............ ئەلبۆرز ڕووئین تەن
٩- نەخشەکانی تورکیا بۆ موسڵ ............ عەبدولقادر سلفی
١٠- کێ داعشی هێنایە ناو کەرکووک؟ ............ ڕێبوار کەریم وەلی
١١- رزگارکردنی موسڵ لە نێوان ئامراز و ئامانجدا ............ بایز رەشید ئەمین
١٢- تورکیا لە چاوەڕوانیی رەزامەندیی بەغدادا ............ فەرید ئەسەسەرد
١٢- موسڵ پێگەی ستراتیژی و شیکردنەوەی ململانێکان ............ پەیڕەو ئەنوەر
١٣- شەڕی موسڵ،گەڕانەوە بۆ ئاینده ............ لەشکر حەمە ساڵح
١٤- رومانی میدیای کوردی و هێرشی داعش بۆ کەرکوک ............ کوردۆ فەرەج
١٥- کەرکووک نەک هەر دڵ یان قودس، بەڵکو بەڕاستی گیانی کوردستانە ............ عەبدولکەریم شێخانی
١٦- کەرکووک پاش هەینیی رەش ............ هێمن عەبدوڵلا
١٧- کەرکوک؛ هاوکێشە ئاڵۆزەکە ............ ئاراز عەبدولڕەحمان
١٨- کەرکوکو داعشو ئەوانی تر ............ مەلا فرمان
١٩- مەترسیەکانی هێشتنەوەی حەویجە بۆ دوای مووسڵ ............ عارف قوربانی
٢٠- لە موسڵ هەر دەوڵەتەو ئەجێندای خۆی هەیە ............ ئەردەڵان عەبدوڵلا

## بەشی پێنجەم


٢١- نەبەردیی کەرکوک ........................................ هەڵکەوت زەنگەنە

٢٢- ڕووداوەکەی کەرکووک، پەیام و ئاگادارییەکانی ........................................ سەروەت هەڵەبجەیی

٢٣- خزمەتکردنی دوژمن ........................................ مستەفا شێخ محەمەد

٢٤- شەڕی کورد لەلایەک و ڕۆشنبیری نابەرپرس!؟ ........................................ ئاسۆ عەبدولڵەتیف

٢٥- لە وەهابییەتەوە تا داعش ........................................ سمکۆ عبدالکریم

٢٦- تا کێکەکە دابەش نەکراوە، کەلێنەکان بگرن ........................................ دڵشاد مستەفا وەسانی

٢٧- پەندەکانی کەرکوک ........................................ جەمال ئارێز

٢٨- کوردی بێ پلان و دوژمنی پڕ پیلان ........................................ عەبدولڕەحمان عەلی ڕەزا

٢٩- دوای مووسڵ.. گەڕانەوە بۆ دواوە! ........................................ دڵشاد میران

٣٠- لاپەڕەیەک لە مێژوو ........................................ سەربەست جیهاد

٣١- دوای داعش. ویستگەی یەکەم بۆ راستکردنەوەی سیستمی دەوڵەت ........................................ فەرهاد محەمەد

٣٢- هاوپەیمانییەکی ترسناک لەبەردەم موسڵدا ........................................ گۆڤاری نیویۆرکەر

٣٣- کەرکووک و برین ........................................ یوسف لەتیف

٣٤- داستانی کەرکوک لە شەوو ڕۆژێکدا ........................................ هیوا محەمەد

٣٥- شەڕی موسڵ و دەرهاویشتەکانی ........................................ محەمەد عەلی وەلی

٣٦- دژە تیرۆر، فریادڕەس لە کوردستان ........................................ محەمەد رەزا

٣٧- موسڵ، کێکێک هەمووان دەیانەوێ پشکیان هەبێت ........................................ ئەرشەد تەحسین

٣٨- ئەمجارەش ئەرکی راگەیاندن لەکاتی جەنگدا ........................................ مستەفا ساڵح کەریم

٣٩- دیرۆکی ئێمە پێشمەرگە دەینووسێ ........................................ بەدران ئەحمەد حەبیب

٤٠- راماڵینی داعش بەردەوامە ........................................ کوردستانی نوێ

٤١- لە کەرکوک چی ڕوویدا؟ ........................................ جەزا ئەحمەد فارس

٤٢- ئەوروپا ترسی گەڕانەوەی جیهادیەکانی هەیە ........................................ بورهان ئەمین

٤٣- شەڕی موسڵ و ئایندەی باشووری کوردستان ........................................ هادی عەلی

٤٤- وەهمی بێ رکابەری ........................................ سۆران علی

٤٥- ئێران و تورکیا لە عێراقدا ........................................ ئازا حەسیب قەرەداخی

٤٦- موسڵ، چی لە پەیوەندی نێوان ئێران و تورکیا دەگۆڕێت؟ ........................................ تەحسین تەها چۆمانی

٤٧- موسڵ.. خاڵی بەیەک گەشتنی دژەکان ........................................ محەمەد سەفەر

## بەشی پێنجەم

٤٧- دابەزین بۆ قوڵایی دۆزەخ ........................................................ عادل باخەوان
٤٨- پێشبڕکێی ئەمریکاو ئەوروپا لەسەر بانکی زانیار داعش ............................ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز
٤٩- کێ سوودمەندی گرتنەوەی موسڵ دەبێت؟ ................................................ د. هیوا حاجی
٥٠- دوای داعش، بە نێودەوڵەتی کردنی ئاسایشی عیراق پێویستە ........................ فۆرن پۆلیسی
٥١- کارەساتەکەی کەرکوک؟ ............................................................ ستارە عارف
٥٢- سێ سیناریۆ ئەمەریکییەکە بۆ ئایندەی موسڵ ...................................... شاخەوان برایم عەبدوڵڵا
٥٣- کورد و شیعە دوای داعش، پێکەوەژیانی ئاسایشی ........................................ سەلام عەبدولقادر
٥٤- شەڕی مووسڵ و سەرهەڵدانی کێشە چارەنووسسازەکان ................................ ڕەزا محەممەد ئەمینی

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٧ - ٢٠١٨ - ٢٠١٩ و ٢٠٢٠

٥٥- ئەبو بەکر بەغدادی؛ خەلیفەی داعش ............................................ ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە
٥٦- چەکدارە بیانیەکانی جەنگی داعش: شوناسی ئاینی و کلتوری .......................... فەرهاد حەسەن عەبدوڵا
٦٦- داعش شکستی هێنا، بەڵام ئەرکی ئەمریکا لە عیراق تەواو نەبووە .......................... و: کوردەوان محەمەد سەعید
٦٧- ئەو پێنج کەسەی داعش بیروباوەڕی خۆی لێیانەوە هەڵهێنجاوە .......................... محەمەد یوسرا
٦٨- سەرکەوتن و شەرعییەتی دیکتاتۆر "عەبادی و وەهمی سەرکەوتن بەسەر داعشدا"......................... هۆگر ئیبراهیم
٦٩- داهاتووی تیرۆر ............................................................................ پیتەر بێرگن
٧٠- هەنگاوە ساردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دادگەییکردنی سەرانی داعش ......................... بڕیار شێرکۆ بابان
٧١- ئایا داعش سەر هەڵدەداتەوە؟ .................................................................. بورهان شێخ ڕەئوف
٧٢- شانە نوستوەکانی داعش، مەترسییەک لەبەر دەرگا ........................................................ ماڵپەڕی سبەی
٨٢- لەبارەی داعشەوە ................................................................................ ئاسۆ کەریم
٨٣- پێشبینییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دوای داعش ................................................ کاوە عەزیز حەمە

## پلانیB ی تورکیا لەکەرکوک جێبەجێ دەکرێت



**ئارام هادی**

کاتێک تورکیا لەلایەن عیراق و هێزی هاوپەیمانانەوە رێگەی پێ نەدرا بەشداربێت لەشەڕی رزگارکردنەوەی موسڵ، هەر زوو بەرپرسانی تورکیا ڕایانگەیاند گەر رێگری لەبەشداریمان بکرێت، ئەوا پلانی Bی مان هەیە و دەیکەینە بواری جێبەجێکردنەوە، بێگومان پلانەکانی تورکیا چی بەشاراوەبێت یان نهینی ئەوە لەمێژە دژی دەستکەوت و مافەکانی کوردە لەهەرکوێ یەکی دنیابێت.

مەبەستی سەرەکی بەشداریکردنی تورکیا لەشەڕی موسڵ، پێش هەرشتێک رزگارکردنی دۆستەکانیەتی لەناو موسڵدان، تارێگە لەوەبگرێت و نەکەونە دەست هێزەکانی شیعە و سوپای عیراقی، لەگەڵ ئەوەشدا داگیرکردنی ڕاستەوخۆی موسڵ بەدانانی بەشێک لەو سوپایەی کەئێستا لەخاکی عیراق نزیک لەموسڵ جێگیرکراون، لەلایەکیترەوە رێگریکردن لە هەرهەوڵێک کە بەدەستکەوتی کورد بشکێتەوە.

لەلایەکیتر هەلی فرەپێکهاتەیی کەرکوک و نزیکی لە حەویجە کە تا ئێستاش داعشی تێدایە و رزگارنەکراوەتەوە، قۆستۆتەوە و لەهەندێک شوێن گەرای تیرۆری چاندوە و ئێستاش لەتەوقیتێکی نا کاتدا بەئەمری تورکیا هەڵتۆقیون و بەداخەوە بوەهۆی شەهیدبون و برینداربونی پۆلێک پیشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش، لەگەڵ ئەوەشدا نائارامی شارەکەی لێکەوتەوە.

تورکیا مەبەستیەتی بەهەرشێوەیەک بێت وەک پێشتر ڕایانگەیاندوە لە موسڵەوە بۆ کەرکوک و لەوێوە تا قوڵایی سلێمانی

پێشڕەوی بکەن، جا بۆتورکیا هیچ جیاوازیەکی نیە ئەم پیلانەی لەڕێگەی سوپاکەیەوە بکات یان داعش، چونکە هەردوکیان نەوەی تورکیان و لەژێردەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی تورکیادان.

لەهەر شوێنێک تیرۆریستانی داعش هەبن گەر لە قوڵایی ئەفریقابێت، یان ئەمریکای لاتین، دەبێت لەناوببرێن و نەمێنن، چونکە دژی مرۆڤایەتین، لەڕوی نەتەوەیشەوە لەهەرشارێکی کوردی پشێوی و نائارامی هەبێت، جێگەی داخە و دەبێت هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەقەد کەرکوک دەبێت ئێمەش پلانی پێش وەختەمان هەبێت و ڕێگەنەدەین لەناوچەکانیتری وەک سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجە دووبارە ببنەوە، لەبەرئەوەی ئەردۆغان و ئەحمد داود ئۆغلۆی سەرۆک وەزیری پێشوی تورکیا لەساڵی ٢٠١٤ ڕایانگەیاند تا سلێمانی ناوەستین، بۆڕێگە گرتن لەخەونی تورکیا پلانی تۆکمەی پێش وەختە و چاوکراوەیی هاوڵاتیانیش زۆرگرنگە، بۆهەرحاڵەتێکی نەخوازراو یەکسەر لایەنی ئەمنی لێ ئاگادربکەنەوە. درود بۆگیانی شەهیدەکان و هیوای تەندروستیەکی باش بۆبریندارەکان دەخوازین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## داعش دووڕووی هەیە



**شاخەوان برایم عەبدوڵڵا**

خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی "داعش" لە بەرەی شەڕی مووسڵ و سەرجەم ئەو ناوچانەی لەژێردەستیدا ماون، دووچاری شکست دەبێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوە روون بێت بۆ دەزگە ئەمنییەکان کە رێکخراوی تیرۆریستی داعش دووڕووی هەیە، ڕوویەکی چەکدار کە لە زۆربەی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، واتە دەیەوێت دەستبەسەر شوێندابگرێت، ڕوویەکی دیکەی هاوبەشیشی هەیە کە لەگەڵ سەرجەم گرووپ و حیزب و رێکخراوە ئیسلامییەکانی دیکەدا یەکدەگرێتەوە، ئەویش فیکری داعشییە، واتە دروستکردنی دەوڵەتێکی گەورەی ئیسلامی لەو ناوچانەی کە کێشەی مەزهەبی و سیاسی و هەژارییان هەیە، قسەکردنیش لەسەر کۆتایی داعش لەڕووی بەرەی شەڕەوە، بڕاوەتەوە، چونکە داعش توانای ئەوەی نەماوە لە بەرەکانی جەنگدا هاوشێوەی پێشوو ڕووبەڕووی پێشمەرگە و سوپای عێراق ببێتەوە، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە ئەو گرووپە ئیدی کۆتایی دێت، داعش کۆتایی نایەت، چونکە داعشەکەی دیکە کە بە داعشی فیکری و نووستوو ناوزەنددەکرێت دەست بە چالاکی دەکاتەوە، لە کردەوەی تەقینەوە و فڕاندنی خەڵک و بڵاوکردنەوەی ترس و فیکری توندڕەوی ئیسلامی.

هێرشەکەی رۆژی هەینی ٢١ - ١٠ - ٢٠١٦ چەکدارانی داعش بۆسەر باشووری کەرکووک و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان، ئاماژەیەکی روونە لەوەی داعش رەنگە هێرشی هاوشێوەی شاری کەرکووک بکاتە سەر شارەکانی دیکەی هەرێمیش بە تایبەتی هەولێر، چونکە داعش هەوڵدەدات بۆ کەمکردنەوەی گوشاری هێز لەسەر بنکە و بارەگەکانی لە مووسڵ، چالاکی لەناو شارەکان ئەنجامبدات بەمبەستی سەرقاڵکردنی دەزگە ئەمنییەکان و جۆرێکیش دڵەڕاوکێ لەناو هاووڵاتییان دروستبکات، رەنگە هانا بۆ رفاندنی خەڵکی سڤیلیش ببات، چونکە نایەوێت هەروا بە ئاسانی بڕوات، بەوپێیەی رێکخراوێکی فیکرییە و دەیەوێت لە ناوچە ئاڵۆزەکان خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی دروستبکات، کەوایە لە دوای ئەو ڕووداوەی کەرکووکەوە، ئەرکی دامەزراوە ئەمنییەکانی ناو شارەکان زۆر قورستربووە بە تایبەتی لەو ناوچانەی شەڕی

## بەشی پێنجەم

چەکداری تێدا روودەدات بەتایبەتی هەولێر هەم وەک ناوەندی سەربازی دژی داعش و هەمیش بەهۆی نزیکییەوە لە مووسڵەوە، ئەرکە قورسەکە لەوەدایە کە داعشی ناو شارەکان نەبینراون و لە پڕێکدا دەردەکەون و کردەوەی تیرۆریستی ئەنجامدەدەن، دەکرێت ئەو ماوەیە رێگە لە گوتاری مزگەوتەکانیش بگیرێت، چونکە مزگەوتەکان باشترین ئەو شوێنانەن، ئەندامانی داعش وەک ئەدرەسی یەکتربینین بەکاری دەهێنن.

جموجۆڵی ئێستای داعش لە کەرکووک کۆتاییدێت، بەڵام هیچ کات نابێت دامەزراوە ئەمنییەکان تەسەوڕی نەمانی داعش بکەن، بەپێچەوانەوە داعش لە دوای شکستەکانی لە بەرەی جەنگدا، ئیدی دەستدەکات بە هێرشی چەکداری وەک ئەوەی کەرکووک و ئەنجامدانی کردەی تەقینەوە و رفاندن و کوشتنی خەڵکی، لەم قۆناغەشدا کە داعشی چەکدار لە شکست نزیکدەبێتەوە، بۆ دەزگە ئەمنییەکان لەناو شارەکاندا زۆر سەختە، پێویستە وەک چۆن پێشمەرگە لە شەڕگەکاندا شەڕدەکات، ئەوانیش بە هەمان شێوە ئۆپەراسیۆن لەناو شارەکاندا دەستپێبکەن، بە تایبەتی لەو ناوچانەی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی عەرەبی تێدایە، رەنگە لەڕووی فیکرییەوە هاوکاری داعش بکەن.

قۆناغی ئێستا و دوای مووسڵ، دوو قۆناغی زۆر سەختن، بەوپێیەی چالاکی داعش لە بەرەی شەڕەوە، دەگۆڕدرێت بۆ چالاکی شاراوە، واتە ئیدی داعش بە نهێنی پرۆسەی تیرۆریزمی ئەنجامدەدات، وەک ئەوەی کەرکووک، هەربۆیەش هەم شەڕی فیکری و هەمیش هۆشیارکردنەوەی دەزگە ئەمنییەکان و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لەناو شارەکانی هەرێم بۆ ئەو شوێنانەی کە جێگەی گومانن و ئەگەری هاوکاریکردنی داعشی تێدایە، ئەگەر داعش لە بەرەی شەڕدا جارێک زیانی هەبێت، ئەوا لەناو شارەکاندا دەیانجار ئەوەندە دەبێتە هۆی هەڕەشە بۆسەر هاووڵاتییان و تێکدانی رەوشی ئاسایی کۆمەڵگە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شار پریس - رێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## کەرکوک؛ پێشمەرگە و دژەتیرۆرو ئاسایش و پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان بەردەوامن لە کێومالْکردنی تیرۆریستان خۆبەخشەکان کوردستانیبوونی کەرکوکیان سەلماندەوە



پێشمەرگەو ئاسایشو دژە تیرۆرو پۆلیسو تەواوی هێزە ئەمنییەکانو خەڵکی کەرکوکو کوردستان، جارێکی دیکە دڵنیاییان دایەوە کە هەمیشە پارێزەری خاکی کوردستان دەبنو ناهێڵن دەستی رەشی تیرۆریستانو دوژمنانی گەلەکەمانی پێ بگاتو مەرامەکانیان دەخەنەژێر خاک.

لەدواهەمین لەگۆڕنانی مەرامەکانی تیرۆریستاندا کە بەرەبەیانی رۆژی هەینی ٢١ - ١٠ - ٢٠١٦ پەلاماری چەند شوێنێکی ناوشاری کەرکوکیاندا، هێزە ئەمنییەکان بەگشتیو پێشمەرگەو سەرکردە باڵاکانو فەرماندە سەربازییەکانی کوردستان کەوتنە ئامادەباشییەوەو هەموو هەوڵێکیان خستەگەڕ بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی ناوشاری کەرکوکو تەواوی ئەو چەکدارانەیان رەوانەی دۆزەخ کرد کە هاتبوونە شارەکەوە.

### مەسعود بارزانی: رێوشوێنی پێویست بگرنەبەر

لەبارەی پەلامارەکەوە، لە بەیانێکدا، بەڕێز مەسعود بارزانی؛ وێڕای سوپاسگوزاریی بۆ خۆڕاگریو هاوکاریی دانیشتووانی کەرکوکو دەزگا ئەمنییەکان، پرسەو سەرەخۆشیی ئاراستەی کەسوکاری شەهیدان دەکاتو هیوای چاکبوونەوەش بۆ برینداران دەخوازێت.

لەبەشێکی بەیانەکەدا، هاتووە: پەلامارەکە هەوڵێکی بێهودەی تیرۆریستانە بۆ قەرەبووی شکستەکانیان لەبەرامبەر پێشمەرگە، ئەوەش دەخاتەڕوو کە لەسەرەتاوە بەوردی بەدواداچوونی بۆ دۆخەکە کردووەو لایەنە ئەمنییەکانی راسپاردووە

کە کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەن‌و ڕێوشوێنی پێویست بۆ پێداچوونەوە بەپلانی ئەمنی بگرنەبەر لەپێناوی پاراستنی کەرکوکداو بەهەر نرخێکیش بێت پێویستە کەرکوک پارێزراوبێت.

### کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی: بەگشتی بارودۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدایە

هەر تایبەت بەپەلامارەکەی سەر کەرکوک، لەلێدوانێکدا لەناوشاری کەرکوکەوە، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتی ی.ن.ک خەڵکی کەرکوکی دڵنیاکردەوە کە ژیانیان پارێزراوەو تیرۆریستانی داعشیش لەناودەبەن‌و ناهێڵن دەستی پیسیان بە کەرکوک بگات‌و وتی: پەلامارەکان، لەلایەن شانەنوستووەکانی تیرۆریستانی داعشەوە ئەنجامدراوەو ئامانجیش لێی کەمکردنەوەی فشارەکانە لەسەریان بەتایبەت لەموسڵ. وتیشی: بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدایەو هەموو ئامادەکارییەک کراوە بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش‌و هەر جۆرە پەلامارێک کە بکرێتە سەر خاکی کوردستان، وەک چۆن تیرۆریستانی داعش لەسەرجەم بەرەکانەوە تێکشکێنراون.

باسی لەوەشکرد کە پێشمەرگە، هێزێکی قارەمان‌و ئازان، تیرۆریستان ناتوانن بەرامبەریان بووەستن‌و هیچ شتێکیان پێ ناکرێت‌و وەک ئەوەشی بەرنامەیان بۆ دانابوو تیرۆریستان بەرنامەیان هەبوو بە ٢٠٠ چەکدارەوە بێنەناو کەرکوکو لەگەڵ شانە نوستووەکانیان یەکبگرن بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانیان، بەڵام پلانەکەیان لەژێر خاک نرا.

کۆسرەت ڕەسوڵ، ئاماژەشی بەهەماهەنگی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان کردو وتی: «هەموو شتێکمان بەهەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان کردووە، دوای کۆتاییهێنانی ئۆپەراسیۆنی موسڵ ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی حەویجە دەستپێدەکات، بەدڵنیاییەوە ئەگەر موسڵ بەتەواوی ڕزگاربکرێت، ڕزگارکردنی حەویجە چەند سەعاتێکی پێویست دەبێت».

### د.نەجمەدین کەریم: هاوکاریی هێزە ئەمنییەکان بکەن

بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی کەرکوک، لەدوو کۆبوونەوەی جیادا بەئامادەبوونی دنەجمەدین کەریم سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لەگەڵ ژمارەیەک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی‌و فەرماندەکانی پێشمەرگەو پۆلیس‌و ئاسایش‌و دژەتیرۆرو بەرپرسانی حکومی. لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاو چەندین فەرماندەی ئەمنی، کە مەبەست لەکۆبوونەوەکان تاوتوێکردنی بارودۆخی ئەمنیی کەرکوک بوو، جەختکرایەوە لەسەر یەکخستنی هەوڵەکان بۆ پوچەڵکردنەوەی سەرجەم پیلانەکانی تیرۆریستان.

هەروەها، د.نەجمەدین، بەشێکی گەڕەکو شوێنە گشتییەکانی بەسەرکردەوە بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لەژیانی هاووڵاتیانو بەسەرکردنەوەی برینداڕانی هێزە ئەمنییەکانو پێشمەرگەو ئاسایشو پۆلیس.

لەلێدوانێکیشدا، پارێزگار داوای لەئاوارەکان کرد زانیاریی سەبارەت بەتیرۆریستان، بدەنە هێزە ئەمنییەکانو هاوکارانی تیرۆریستانیش ئاشکرابکەن، بەپێچەوانەوە هەر کەسێک بەهەر شێوەیەک هاوکاریی تیرۆریستان بکات روبەڕوی یاسا دەکرێتەوە.
لەبەیاننامەیەکیشدا پارێزگاری کەرکوک ستایشی قوربانییەکانی تەواوی هێزەکان دەکات کە زنجیرە هەوڵێکی تیرۆریستییان پوچەڵکردەوە.

لەبەیاننامەکەی نووسینگەی راگەیاندنی پارێزگاردا ئەوە خراوەتەڕوو کە«چەندین وڵاتی دۆست پێشنیازی هاوکارییان کردووە، بۆ ئەوەش سوپاسمان کردن کە پێویستمان بەهیچ کۆمەکێک نییەو هەر کاتێک پێویستمان بێت داوای دەکەین.»

### مەحمود سەنگاوی: تاریکپەرستان ناتوانن خەونەکانیان بهێننەدی

مەحمود سەنگاوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لەلێدوانێکدا ئەوەی خستەڕوو کە هەمیشە تیرۆریستانو شۆڤێنییەکان چاویان لەسەر کەرکوک بووە، بەتایبەتیش لەمکاتەدا کە هێرشی سوپای عیراقو پێشمەرگەو هاوپەیمانان بۆ سەر موسڵو تیرۆریستان دەستپێکردووە، وتیشی: تیرۆریستان دەیانەوێت بەم هێرشانە چەندین هەدەف بپێکن، یەکەم فشارەکان لەسەر موسڵ کەمبکەنەوە، دووەم پیشانی بدەن ئەگەر هێرش بۆ سەر موسڵ بەردەوام بێت، ئەوا هەر هێزو چەکداریان هەیە پەلاماری کەرکوک بدەنو خەڵکەکەی ئازاربدەن، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە پارێزەری کوردستانە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان بەگشتیو سەرکردە سەربازیو تەنانەت حکومییەکانیش وەڵامی ئەوەیان دایەوە بەتیرۆریستان کە کەرکوک بەهەموو شێوەیەک دەپارێزنو ئاشکراشە لەبارودۆخی ئەم چەند رۆژەدا هەمووان بەیەکەوە چۆن روبەڕوی چەکدارە چەپەڵەکانی داعش بوونەوەو نەیانهێشت هەدەفەکانیان بپێکن، وتیشی: تیرۆریستانی داعش ئەوەی مەرامیان بوو لەم پەلامارەی کەرکوکدا، نەهاتەدیو خەونەکەیان لەگۆڕنراو هەموو لایەکیش دڵنیادەکەینەوە کە تا هێزی پێشمەرگەو ئەو خەڵکە دڵسۆزە بمێنن، تیرۆریستانو تاریکپەرستان ناتوانن خەونەکانیان بهێننەدی.

### ئاسۆ مامەند: لەشوێنەکانی خۆتانەوە هاوکاریمان بکەن

هەروەها، ئاسۆ مامەند لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکوک، ئەوەی دووپاتکردەوە کە تیرۆریستان هەمیشە مەبەستیانە گورز

لەکەرکوک بدەنو بێنە شارەکەوە، بەڵام تاهێزی پێشمەرگە مابێت ئەو خەونەیان نایەتەدی، وتیشی: ئەوکاتانەی تیرۆریستان لەوپەڕی بەهێزیدا بوون، نەیانتوانی پێ بخەنەناو خاکی کەرکوکو کوردستانەوە، بەدڵنیاییەوە ئێستاو هیچ کاتێکیش ناتوانن.

ئەوەشی خستەڕوو کە ژمارەیەک چەکداری داعش لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکاندا توانیویانە دزە بکەنەنێو کەرکوکەوەو بەهاوکاریی شانە نووستووەکانیان یان ئەوانەی فکری توندڕەوییان لەناخدا هەیە، ئەم جۆرە پەلامارە ترسنۆکانانە دەکەنەسەر چەند شوێنێک، کە خۆیان مەبەستیانە، بەڵام دواجار بەو دەردە دەبرێن، کە هەموومان بینیمان، چۆن ڕەوانەی دۆزەخ کران. لەبارەی شێوازی پەلامارەکەشەوە وتی: تیرۆریستان لەکاتی پەلامارەکانیاندا خەڵکی مەدەنی دەکەنە قەڵغان، ئەوەش وا دەکات کێشە بۆ هێزە ئەمنییەکان دروستبێت تا زووتر ئۆپەراسیۆنەکان کۆتایی پێ بهێنن، بەڵام دواجار بەئازایەتیو شارەزایی هێزە ئەمنییەکان، کۆتایی بەتیرۆریستانو مەرامەکانیان دەهێنرێت.
لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکوک، داوا لەخەڵک دەکات لەم جۆرە پەلامارانەدا لەماڵەکانو کۆڵانەکانی خۆیاندا بمێننەوەو هەر یەکەو لەشوێنی خۆیەوە هاوکاریی هێزە ئەمنییەکان بکاتو بۆ هەر جۆرە جموجوڵێکی نامۆ ڕاستەوخۆ لایەنە ئەمنییەکانی لێ ئاگاداربکەنەوە، کە ئەو جۆرە هاوکارییە زۆر پێویستە، لێرەشەوە تەواوی خەڵکی کەرکوک دڵنیادەکەینەوە کە هەمیشە گیانیان دەپارێزینو تیرۆریستان لەگۆڕ دەنێین.

### وەستا ڕەسوڵ: شکست بەتەواوی پیلانەکان دەهێنین

وەستا ڕەسوڵ فەرماندەی میحوەری باشووری کەرکوک، لەلێدوانێکدا دووپاتیدەکاتەوە کە داعش بۆ شاردنەوەی شکستەکانی، هەوڵی ئەم جۆرە پەلامارە دەدات کە لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا کردیەسەر کەرکوک. ئەوەشی وت: ئۆپەراسیۆنی هێزی پێشمەرگەو هێزە ئەمنییەکان بەگشتی لەکەرکوک بەردەوامە بۆ لەناوبردنی پاشماوەی تیرۆریستانی داعشو بارودۆخەکەش بەرەو ئاساییبوونەوە زیاتر دەچێتو دڵنیایی ئەوەش بەخەڵکی کەرکوکو تەواوی کوردستان دراوە کە ناهێڵن تیرۆریستان بەخەونەکانیان بگەنو زووبەزوو لەکەرکوکو تەواوی خاکی کوردستاندا دەیانکەینە دەرەوەو شکست بەتەواوی پلانەکانی دەهێنین.

### لاهور شێخ جەنگی: تەواوی هێزەکان لەئامادەباشیدان

لاهور شێخ جەنگی بەرپرسی ئاژانسی پاراستنو زانیاری/زانیاری هەرێم ڕایدەگەیەنێت کە لەکەمترین ماوەدا بارودۆخی



سەرچاوە
Serchawe

کەرکوک ئاسایی دەبێتەوەو هێزێکی ئەمنیی زۆر لەشارەکە بڵاوەی پێدەکرێتو تەواوی هێزەکان لە ئامادەباشیدان بۆ پاراستنی کەرکوکو دۆزینەوەی تیرۆریستانو ئەوانەشی هاوکاریانن. داواکاریشی لەهاووڵاتیان ئەوەیە کە بەهەموو شێوەیەک هاوکاریی هێزە ئەمنییەکان بکەن لەدەستنیشانکردنو کۆتاییهێنان بەمەرامە گڵاوەکانی تیرۆریستان، وتیشی: لەکەمترین ماوەدا سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنی کۆتاییهێنان بەتیرۆریستان لەسنووری کەرکوک رادەگەیەنینو هێندەی تر مەترسییەکانیان لەسەر شارەکە ناهێڵینو تەئکیدیشیکردەوە کە هێزەکانی دژەتیرۆرو ئاسایشو ناوخۆو پێشمەرگە لەئامادەباشیدان بۆ پاراستنی هاووڵاتیان.
ئاشکراشیکرد کە بەپێی ئەو زانیاریانەی بەدەستیان گەیشتووە، نزیکەی ٥٠ چەکداری داعش، کە سەرجەمیان بیانی بوون، دزەیان کردبووە نێو کەرکوکەوە، جگەلەوەش شانە نوستووەکانیانو چەند کەسێک هاوکاریی تیرۆریستانیان کردووە.

### پۆڵاد شێخ جەنگی: ئۆپەراسیۆنی دەستگیرکردن دەستپێکراوە

پۆڵاد شێخ جەنگی فەرماندەی هێزەکانی دژە تیرۆر، باسی لەوەکردووە کە بارودۆخی کەرکوک بەرەو ئارامبوونەوەی زیاتر دەچێتو هیچ ترسو دڵەڕاوکێیەک ناهێڵرێت، بۆ ئەوەش دژە تیرۆرو هێزە هاوبەشەکانو پێشمەرگەو ئاسایشو پۆلیس لەچوارچێوەی ژوورێکی ئۆپەراسیۆندا چەندین هەڵمەتی پشکنینیان بۆ دەستگیرکردنی تیرۆریستانو گومانلێکراوان دەستپێکردووە.

### بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک: تا دوێنێ زیاتر لە ٥٠ تیرۆریست لەناوبراون

هەر تایبەت بەڕەوشی ناوشاری کەرکوک، دوێنێ، عەمید خەتاب عومەر بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا ئاشکرایکرد: رەوشی ئەمنیی شار بەتەواوی ئارامو جێگیرە، هاووڵاتیان دڵنیادەکەینەوە گیانوماڵیان دەپارێزین. وتیشی: ئەو ژمارە تیرۆریستەی هاتبوونە کەرکوکەوە، لەناوشاردا ژمارەیەکیان لێ کوژراو ئەوانەشی هەوڵی هەڵاتنیان دابوو لەدەرەوەی کەرکوک توانرا لەلایەن پێشمەرگەو دژە تیرۆرەوە، بکوژرێن، کە سەرجەم نزیکەی 50 تیرۆریست دەبن.
**راشیگەیاند:** ئەو پیلانەی تیرۆریستان دایانابوو بۆ گرتنی چەند دامودەزگایەک بەتەواوی شکستی پێهێنرا، ئەویش بەهاوکاریی پێشمەرگەو تەواوی هێزە ئەمنییەکانو هاووڵاتیانی کەرکوک.

### لیوا مەریوان: رەوشی ئەمنی کەرکوک بەتەواوی کۆنترۆڵ دەکرێت

لیوا مەریوان هەمەوەندی فەرماندەی هێزی پشتیوانی دوو، دڵنیایی دەدات کە پلانی ئەمنیی تۆکمە بۆ پاراستنی کەرکوک

دادەڕێژرێتو ناهێڵرێت تیرۆریستان بەئامانج بگەنو وتیشی: سەنگەرەکانی پێشمەرگە پارێزراوەو ڕەوشی ئەمنیی کەرکوکیش بەتەواوی کۆنترۆڵ دەکرێتەوە.

### ژمارەیەک تیرۆریستو هاوکارەکانیان دەستگیرکراون

هەر لەچوارچێوەی هەڵمەتەکانی دەستگیرکردنو ڕاوەدوونانیان، دوێنێ توانرا سەرپەرشتیاری تیرۆریستان لەکەرکوک دەستگیربکرێت. لەوبارەیەشەوە PUKmedia بڵاویکردۆتەوە کە هێزەکانی دژە تیرۆر لەناوشاری کەرکوکدا چەندین چالاکیی ئەنجامداوەو توانیویانە چەندین چەکداری تیرۆریست بکوژنو دەستگیربکەن، کە یەکێکیان سەرپەرشتیاری تیرۆریستانە لەکەرکوکدا بەناوی (ئەبوئیسلام)و بۆ کاری تیرۆریستیو سەرپەرشتی چەکدارەکانیان هاتبووە کەرکوکەوە.

هەروەها زیاتر لە ٣٠ گومانلێکراو لەناوشاری کەرکوکدا دەستگیرکراون، لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا بەردەوامە، کە پێدەچێت ئاسانکارییان بۆ تیرۆریستان کردبێت لەهاتنەناو کەرکوکەوەو ژنێکیش دەستگیرکراوە، کە بەنیازبووە هاوکاریی تەندروستی بگەیەنێتە بریندارەکانی داعش.

محەمەد چەوری بەرپرسی فەوجی ٤ی لیوای ١٣٤ی وەزارەتی پێشمەرگەش ئەوەی باسکردووە کە هێزەکانیان لەگەڵ لیوای ١٦ توانیویانە حەوت چەکداری داعش بکوژنو دوو چەکداری دیکەش خۆیان تەقاندەوە، کە ئەو چەکدارانە دزەیان کردبووەناو گوندێکی ناحیەی لەیلان، وتیشی: تەواوی ڕێگای لەیلان-کەرکوک لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدایەو هیچ مەترسییەکی تیرۆریستان لەناوچەکەدا نەماوە.
جگەلەوەش هێزەکانی ئاسایشی کەرکوک توانیویانە لەگوندی زنانەی سەر بەتۆپزاوە چوار تیرۆریست بکوژن. لەساری تەپەی باشووری کەرکوکیش هێزەکانی دژە تیرۆر ژمارەیەک تیرۆریستیان کوشتووە.

### پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ بەردەوامە

لەلایەکی دیکەوە، پرۆسەی ئازادکردنی موسڵو پێشڕەویی سوپاو هێزە عیراقییەکان بەردەوامەو دوێنێش ئاژانسەکانی هەواڵ

بەپشت بەستن بەلێدوانی فەرماندەکان، هەواڵی ئازادکردنی قەزای حەمدانییەو تلکێف-یان بڵاوکردەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## ڕووداوەکەی کەرکوک
## لەنێوان پیلانی هەرێمایەتی و شکستی دەزگا ئەمنییەکاندا



**حەمەدەمین سلێمان**

ڕووداوی یەک دوو ڕۆژی ڕابردووی کەرکوک... زەنگێکی مەترسیدارو گرنگی ئاگادار کردنەوە بوو بۆ کورد بەگشتی و کەرکوکیەکان و دەزگا ئەمنیەکانی ئەو شارە بەتایبەتی، چونکە، ڕووداوەکە وێنەی پیلانێکی جددی و ترسناکی هەرێمایەتی نیشانداو پێی گوتین: بەریەککەوتنی بەرژەوەندیە جیاوازەکان لەدوا ویستگەی شەڕی (داعش)دا، ئاگرەکەی خۆشتر کردووە ئەگەر چاو کراوە و بەئاگا نەبین و ناو ماڵی خۆمان ڕێک نەخەین، ئەوا پڕشکی ئەو ئاگرە نەشمان سووتێنێت دەمان پرووکێنێت!

شەڕی (موسڵ) گۆڕانکاری زیاتری بەسەر هاوکێشەکاندا هێناوە، وەک دەگوترێت: دەستپێکی هەر شەڕێک سەرەتای گۆڕانکارێکی نوێ و ئایندەیێکی نادیارە، بێگومان ئێمەش لەدەرەوەی بازنەی ململانێ و هاوکێشەکەدا نین، خاڵی نین لەکاریگەری بەرنامەو ئەجێندا جیاوازەکانی ئێستای ناوچەکەو دەبێت ڕووداوەکان بەهەند وەربگرین، بەتایبەت کاریگەریی و مەترسیەکانی تورکیا بۆ سەر کورد ڕووی لەهەڵکشان کردووەو ئەوەش لەسەر زاری بەرپرسەکانیان بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، لێرەدا با ئاخاوتنێکی ئەو دوایەی ئەردۆگان بەنموونە وەربگرین، کە دەڵێ: کوێمان بوێت بۆی دەچین و لێی دەجەنگین!

بەهەرحاڵ، با لە بابەتەکەمان دوورنەکەوینەوەو مەبەستمانە زیاتر لەسەر ئەو لێکدانەوەو خوێندنەوانە بوەستین کە لەئێستادا بۆ ڕووداوەکە دەکرێن و هەڵوەستەیان لەسەر دەکرێت،

**ئەوانیش لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا دەردەکەون:**



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی پێنجەم

١- دزەکردنی (داعش) بۆ ناو کەرکوک بەو ڕێژە بەرچاوە (کە وەک ڕاگەیەنرا ژمارەیان لەسەرووی سەد کەسەوە بووە)، بەجلی سەربازی تایبەتو سەرو ڕیشی درێژو تەواوی چەک و تەقەمەنی و کەل و پەلی پێویست، تەنانەت دیاریکرنی ئەو شوێن و بینایانەشی شەڕیان تێیدا دەکرد، لەگەڵ هاوکاری و بەهاناوە چوونیان لەلایەن خەڵکانی ترەوە، لەکاتێکدا لە دوو سێساڵی ڕابردوودا لەترۆپکی تواناو بەهێزیی (داعش)دا کە نەیتوانی کارێکی لەو جۆرە ئەنجامدا، ئاماژەی بێ چەندو چوونی لەپشتەوە بوونی دەستێکی بەهێزو پیلانێکی گەورەی هەرێمایەتییە، لەو بارەوەش ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکان تائێستا هیچیان ڕانەگەیاندوە، بەڵام باری سەرنج و تێبینیەکان بۆ سەر تورکیایەو ئاماژە بەو وڵاتە دەکرێت.

٢- ڕۆڵ و پێگەی کاریگەرو بەهێزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەپرۆسەی ڕزگارکردنی موسڵ، بەتایبەت هەڵمەتی گورچک بڕی یەک و دوو ڕۆژی سەرەتای پرۆسەکە لە دەشتی نەینەوا .. ڕەنگە هۆکار بووبێت تا لەو ڕێگەوە فشارەکانی سەر موسڵ کەم بکەن و بەشێک لەو هێزانە بگەڕێنەوە کەرکوک و سەرقاڵی ئەوێ بکرێن، خۆ ئەگەر ئەو خاڵە دروست و بەجێ بێت، ئەوا ئاماژەیە هێشتا هاوکاری تورکیا بۆ (داعش)و پەیوەندیە ژێر بە ژێرەکانیان درێژەی هەیەو کورد دەبێت لەو ئەگەرە بەهەستیارییەوە بڕوانێت.

٣- پێش ڕووداوەکەی کەرکوک باس لەویستێکی تورکیا دەکرا، کە بریتی بوو لەبەشدارینەکردنی هێزی پێشمەرگەی (ی،ن،ک) لەهێرشەکانی سەر موسڵدا، بۆیە دەکرێت هێرشە تیرۆرستیەکەی سەر کەرکوک ئامانج لێی دوورخستنەوەی ئەو هێزە بووبێت لەمەیدانەکانی شەڕو تاکو بگەڕێنرێنەوە دەورووبەری ئەو شارە .

٤- بە دوور نابینرێت لەو پیلانەدا مەزەندەی ئاڵۆزیی زیاترو شەڕێکی درێژ خایەنتر کرابێت لەوەی کە بینرا لەناو کەرکوکدا، بۆ ئەوەی ئەو بابەتە بکرێتە بیانوو و بەهانەیەک بۆ هاتنە ناوەی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بەناوی هاوکاریی و بەهانا هاتنی هێزە ئەمنیەکانی کەرکوک.

٥- دزەکردنی (داعش) بۆ ناو کەرکوک بەو شێوە بەر چاوەی پێشتر ڕوونکرایەوە .. بەنەخشەو پیلانی هەر لایێک و هەر چۆن و لەهەر ڕێگەیێکەوە بووبێت، ڕاستی شکستی ئیدارەو هێزە ئەمنیەکانی ئەو شارە دەسەلمێنێت و هیچ پاساوێک هەڵناگرێت، چونکە نیشتەجێکردنی زیاتر لەشەش سەد هەزار عەرەبی ئاوارە لەو شارەدا چۆن دەکرێت لەچوارچێوەی تەکنیکێکی وردی ئەمنیدا نەبێت و هەڵسەنگاندنی وردو درشتی بۆ نەکرێت، بێ ئاگایی دەزەگا ئەمنیەکان لەکارێکی ئەوا گەورە و فراواندا دەبێ چۆن لێکبدرێتەوە؟ هیچ نەبێت ناوەندێک بۆ چاودێری کردنی کامێرەکانیان هەبوایە ڕەنگە ئەو ئەو بابەتە بەو شێوە ڕووی نەدابا، لانی کەم زیانەکە بەو جۆرە نەدەبوو و دەرفەتێک بۆ پاساو هێناوەیان دەبوو.

## بەشی پێنجەم

بەهەرحاڵ کورد دەمێکە گوتوویەتی: داری بریا بەر دار نیەو تازە هەرچی بڵێن کارلەکار ترازاوەو تێپەڕیوە، بەڵام پێویستە نەخشەو دەزگاکانی ئاسایش چاویان پێدا بخشێنرێتەوەو ڕێکبخرێنەوە، بۆ ئەوەی ڕابردوو ئەزموون بکرێت و کاری لەو شێوە دووبارە نەبێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## ئازادی موسڵ یان هۆلۆکۆستێکی تر



**لاوژە جەواد**

شەڕی ئێستای موسڵ بەو ئارایشەی کە لایەنە بەشدارەکان خۆیان باسی دەکەن، موسڵ لە بازنەیەکی ۳۲۰ دەرەجەیی بست بە بست تەوق کراوە، واتا لەو بازنەیە تەنها ڕوبەرێکی بەرتەسک کە دەکەوێتە لای سوریاوە ئاوەڵە کراوە بۆ ئاوارە بوون و هەڵهاتن، هەتا دەگاتە سنوری سوریا ۲۰۰ تا ۲۵۰ کیلومتر ڕێگایە، پرسیار ئەوەیە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە ناتوانن ئەم ڕێگایە ببڕن و ئاوارە بن چەندە؟ چەند سەد هەزار خەڵک دەبێت لە ئاگر و ئاسندا، لە بێ دەرفەتی و بە برسیەتی بمرن؟ لە کاتێکدا هێزەکانی خەتی پێشەوەی شەڕەکە ڕوخسەتی ئەوەیان هەیە هەموو داهۆڵێک ڕەمی کەن و هەر سەیارەیەکیش بە گومانی خۆکوژی بە چەکی میلانۆ تەفرو تونا بکەن، ئایا خەڵکی لێقەوماو ئەتوانن لە ناو موسڵەوە بەرەو جەرگەی شەڕەکە بە سەلامەت ئاوارە بن؟ بەراوردکردن کۆمەڵکوژی موسڵ بە شەڕی شارەکان تر هەڵەیەکی گەورەیە، لە شەڕی موسڵ مەجالی ئاوارەبوون زۆر بەرتەسکە، لە شەڕەکانی تر هێزەکان لە گۆشەی شارێکەوە هێرشیان دەکرد و لە هەمو لایەکەوە خەڵکی لێقەوماو ڕێگای دەرباز بون و هەڵهاتنی هەبوو بەڵام لە موسڵ سەرجەم ڕێگاکان ئاگرو ئاسنە.

بەڕای من بۆ هەر ئینسانێک کە تەنها ٥ دەقە لە کاتی خۆی تەرخان بکات بۆ بیرکردنەوە لە بارودۆخی ئەو خەڵکە لێقەوماوەی کە هەردوپایان لە زنجیری تەڵەی داعش گیری کردووە و سەریشیان لە دوکەڵی بوردمانی فڕۆکە و جبەخانەی هێزەکانی بەرەی تیرۆریزمی دەوڵەتی گێژ بووە، ئەگەر تەنها ٥ دەقە وەها هەست بکەین کە ئەوانەی لەو دۆزەخە گیریان کردوە ئازیزان و کەسوکاری ئێمەن، بێگومان ناتوانین بە گەشبینیەوە چەپڵە بۆ تۆپ تەیارەکان لێبدەین. ئەگەر هیچ ڕیکەوتنێکی ژێر ژێرەکی نەبێت لەگەڵ داعش بۆ چۆڵکردنی موسڵ و هەموو ڕاستیەکان ئەوەبێت کە دەیخەنە ڕو، دەبێت چاوەڕێی هەر شێوازێک و هەڵسوکەوتێکی وەحشیانەی داعەش بین هەر لە بارمتەگرتن تا چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژی. لەوەدەچێت شەڕی موسڵ بمانکاتە شاهیدی هۆلۆکۆستێکی نوێ و کارەساتی زۆر گەورەی نائینسانی هەر بۆیە من ناتوانم



سەرچاوە Serchawe

## بەشی پێنجەم

پستگیری لەم شەڕە بکەم هەرچەندە من تەنها کەسێکم و لەوانەیە دەنگم زۆر نەڕوا بەڵام ناتوانم پشتگیری جەریمەو تاوان بکەم، کێشەی کۆمەڵگای بەشەری لەوە دایە کە هەرکەسە تاوانی خەڵکی تر دەکاتە بیانو بۆ تاوانی خۆی. هەموو ئاماژەکان پێماندەڵێن ئاکامی ئەم قڕکردن و ڕەشەکوژیە نێودەوڵەتیە زۆر سامناکە.

بەدوای گفتوگۆ و سات سەودایەکی زۆری نێوان هێزە جۆراو جۆرەکان و لەگەڵ ئەمریکاو هاوپەیمانانی دەربارەی شەری موسڵ سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٧ - ١٠ یەکەم هێرش بۆ سەر شاری موسڵ دەستپێیکرد.

من یەکێک لەوانە بووم کە زۆر بەوردی تەعقیبی دۆخەکەو قسەوباسی نێوان هێزەکانم دەربارەی ئەم شەڕە کردووە! ئەوەی هەر لەسەرەتاوە بەدیدەکرا ئەوەبو کە ئامانج لەناوبرنی داعەش نەبوو بەڵکو کێشمەکێش و یەکلابونەوەی لایەنەکان بوو دەربارەی چونە ناو شاری موسڵ و بەشداری لەم شەڕەو بەرکەوتنی بەشی خۆیان. لێدوانە جۆراو جۆرەکانی نێوان ئۆردوگان و عەبادی کە زیاتر لە شەڕی لا کۆڵان دەچو، دەخالەتی سعودیەو قەتەر لەلایەک و جمهوری ئیسلامی و هاوپەیمانانی لە لایەکی تر.

ئەوەی زۆر جێگای نیگەرانی من بوو لە لیدوانەکان دەربارەی ئەم شەڕە کارەساتێکی ئینسانییە کە ئەم هێزانە خۆیان ناتوانن بیشارنەوە.

بە پێی لێدوانی خۆیان وا چاوەڕواندەکرێت کە ملیۆن و نیوێک کەس لەناو شاری موسڵ هەبێت وە هەر بە پێی گریمانەکان چاوەڕواندەکرێت ٧٠٠ هەزار کەس بتوانن ئاوارە بن، دواتر دێمە سەر دۆخی ئاوارەکان.

واتا زیاتر لە ٨٠٠ هەزار کەس لەم شارە دەمێنێتەوە! بە پێی لێدوانی ڕیپۆرتەری ڕوداو لە شەوی ١٧ لەسەر ١٨ دەڵێت؛ "بۆ تێپەڕاندنی هەر کەسێک لە بازگەکانی داعش، قاچاخچی ١٠ هەزار دۆلار وەردەگرن" هەمومان دەزانین کە ئەم بڕە پارەیە چەند زۆرە، پێشتر بڕەکە کەمتر بوو بەڵام واش خەڵکانێکی زۆر نەیانەدەتوانی ڕزگاربن. ئەم هەواڵە ئەوەمان پیدەڵێت ئەوانەی کە پارەدارن شانسی ڕزگاربونیان دەبێت و ئەوانەی هەژار و نەدارن ئەوە دەبێت لەژێر ڕەحمەتی بۆمبا باران بمێننەوە.

بە پێی ئاماژەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەوە دەبیستین کە لە ناو ئەوانەی کە ڕزگاریان بووە زۆر جار هێزەکانی داعەش خەڵکی خۆ کوژی لەگەڵ ڕوانە کردووە، واتا لەناو کۆمەڵێک لە ئاوارە کە خەریکن بەرەو هێزە عیراقیەکان دێن ئەگەری

## بەشی پێنجەم

هەیە کە کەسێکیان بۆمبای لەخۆی ببەستێت و خۆی بتەقێنێتەوە لەناو ئاوارەکان وە هێزە عیراقیەکان. دواتر کە دەگەنە ئۆردگای ئاوارەکان، زۆربەی ئەم ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی حەشدی شەعبی، پێشمەرگە، حەشدی وەتەنیدان. زۆربەی زۆری ئەم هێزانە لە سەر بنەمای ڕق و قینەو تۆڵەسەندنەوە دروستبوون.

نەتەوە یەکگرتوەکان هۆشداریدەدات لە دەستدرێژیکردنە سەر کچان و ژنان لەلایەن بۆ نمونە حەشدی شەعبی و دەڵێت لیژنەی تایبەتمان دروستکردوە، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی هۆشداریدەدات دەربارەی کوشتنی خەڵکی بێتاوانی ئاوارە لە کەمپەکانی ژێر دەسەڵاتی حەشدی شەعبی بەبێ هیچ دادگایەک خەڵکی ئاوارە کۆمەڵ کوژ بکەن تەنها وەک تۆڵەی مەزهەبی و قەومی!

بەجیا لە هەمو ئەمانەی ئیشارەتم پیدا نەتەوە یەکگرتوەکان هۆشداری دەدات و دەڵێت تەنها توانای کۆمەککردنی ٤٠٠ هەزار ئاوارەمان هەیە و ٦٠ تا ٧٠ هەزار چادر ئامادەکراوە، لەم وەرزەی ئێستا کە بەرەو سەرما دەچین ژیان لەناو چادرەکان دەبێت چۆن بێت؟ ئێمە پێشتر شاهیدی ژیان و دۆخی ئاوارەکان بووین لە کەمپەکان.

بەدوای شەش سەعات لە دەستپێکردنی ئۆپراسیۆنەکە وتەبێژی پەنتاگۆن دەڵێت؛ "ئەمڕۆ ٧٠ جار فرۆکەکانمان داعەشیان بۆمباران کردوە". ئەزمونی پێشو نیشانیداوە کە داعەش ئەم هێزەیە کە لەناو خەڵکی ئاسایی و لە شوێنە گشتیەکان خۆی حاشاردەدا، باشە ئەم بۆمبایانە داعەشەکان دەناسن و تەنها بەر ئەوان دەکەون؟ باشە چەندین خەڵکی سڤیل و ژن و پیر و منداڵ بەر ڕەحمەتی ئەم بۆمبایانە کەوتون و دەکەون؟

هیچ کەس نازانێت ئەم شەڕە چەند دەخایەنێت، هەندێک لە چاودێران پێشبینی شەش حەفتە دەکەن، تەنانەت ئۆبامەش دەڵێت لەوانەیە درێژ خایەن بێت. ئەگەر ئەم شەڕە درێژخایەن بێت و لە ڕۆژێکدا ٧٠ جار بۆردومانی ئاسمانی ئەم شارە بکرێت بەجیا لە بۆردومانی زەمینی و هەموو ئەم مین و بۆمبایەنەی داعەش چاوەڕواندەکرێت یەک خانو لە جێگای خۆی بمێنێتەوە؟ ئایا دۆخەکە لە حەلەب خراپتر نابێت؟

### بەجیا لە کارەساتە ژینگەیەکان کە زۆر قسەو باس هەڵگرێت.

ئایا ئەم شەڕە داعەش لەناو دەبات یان زەمینەی دروستبوونی هێزێکی درندەتر لە داعەش دروستدەکا و قۆناغێکی نوێ و سەرەتایەکی نوێ دەبێت بۆ شەڕێکی گەورەتری قەومی و مەزهەبی؟

## بەشی پێنجەم

سەرجەم ئەو هێزە عێراقیانەی کە لە گۆڕەپانی سەربازی ئامادەن خۆیان هێزی مەزهەبی و قەومین و زۆربەشیان بە ئاشکرا دەستی دەوڵەتەکانی ناوچەکەن، پێشمەرگە نوێنەرایەتی کورد و حەشدی شەعبی نوینەرایەتی شیعەو حەشدی وەتەنی نوێنەرایەتی هێزە سونیەکان دەکات، کەمە نەتەوەو ئاینەکانی تریش لەنێوان ئەم هێزانە فەوجیان بۆ کراوەتەوە ئێزیدیەکان لەناو پێشمەرگەو مەسیحیەکان و شەبەکەکان لەگەڵ حشدی شەعبی و...تاد. هەر کام لەم هێزانە بەرانبەر بەوانیتربۆ خۆپاراستن یان دژایەتی کردن ئەوانیتر چەکدار کراون جەندین نمونەی زیندومان لەمبارەیەوە هەیە باس لە قەسابخانەی حەشدی شەعبی لە ئەنبار دەکرێت، یاخود پێشمەرگەیەک بە ئاشکرا ڕۆژی یەکەمی شەڕەکە بۆ ڕداو دەڵێت؛" سێ کەسبوون بە عەرەبی هاواریاندەکرد منیش هەرسێکیانم تۆپاند" هەر ئەم نمونانە پیماندەڵێن کە ئەم شەڕە نەک ناتوانێت داعەش لەنێوببات بەڵک و زەمینە لەبارتر دەکات بۆ شەڕێکی تری وەحشیانەی قەومی و دینی. واتا دەمانکاتە شاهیدی کارەساتێکی تری ئینسانی.

تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەگەر بەڕاستی دەیانەوێت تیرۆریزمی ئیسلامی کۆتایی پێبێت، با سویچەکەی لە ڕەئیسیە وە بکوژێننەوە، با مەقەستێک لە شریتی ناوکی بدن، با یارمەتیە لۆجیستیک و سەچاوە مالیەکانی ببڕن.

شەوی ١٨ لەسەر ١٩ی ١٠ هاوڵاتیەک لە موسلەوە بۆ ڕوداو قسەیکرد و لەنێو قسەکانیدا ووتی؛ "لەناو موسڵدا بزوتنەوەی جەماوەری سەریهەڵداوەو گەنجان هێرش دەکەنە سەر داعەش و بەرەنگاریاندەبنەوە" ئەگە رئەم هێزە بەرفراوانبێت و خۆی لەناو جەرگەی جەماوەردا هەڵقوڵێت و داعەش وەدەر بنێت وە دواتر ڕێگای دەستێوەردان لە هێزە دەرەکیەکان بگرێت و خۆی دەسەڵاتی شارەکە بگریتە دەست و نمونەیەکی تر لە شێوەی نمونەی پڕشەنگداری کۆبانی نیشانبدات ئەوە دەتوانێت داعەش کۆتایی پێ بێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# کردەوەکانی داعش لەنێو ئیسلامدا جێیان هەیە؟



**عومەر عەلی غەفور**

## دیلکوژی و کوشتنە سەمەرەکان

زۆر کەس دەپرسن: ئەرێ بەڕاست ئەوەی داعش دەیکا، لە بێنرخکردنی ژیانی مرۆڤ بەگشتی، لە تەکفیرکردنی نەیارانی، لە حەڵاڵکردنی خوێن و نامووسی موسڵمان و مرۆڤ بەئاسانی، کوشتنی بەکۆمەڵی دیل و نەیاران، لە سەربڕینی دیل و ملپەڕاندن بە تاوانی ریددە و کوفر و خیانەت، سووتاندنی دیل، بەردانەوە لە باڵەخانەی بەرز، تەقینەوەی خۆکوژی و هتد، لە ئیسلام و قورئان و شەرعدا جێیان دەبێتەوە؟!

وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا، چ قورئان و چ حەدیس و چ فیقهی ئیسلامی دەقی زۆریان تێدایە، کە ئەگەرچی مەرج نییە راستەوخۆ مەبەستیان ئەوە بێ کە گرووپێکی وەک داعش بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کات و شوێن، بەکاریان بێنێ، بەڵام دەکرێ بکرێنە بنچینە.

بۆ نموونە کوشتنی دیل. راستە دوایین حوکمی دیل لە قورئاندا ئەوەیە یان بە پیاوەتی یان بە فیدیە ئازاد بکرێن {محمد - ٤} و لەم روانگەیەوە هەندێ لە زانا و توێژەران پێیان وایە بەکۆیلەکردن و کوشتنی دیل جائیز نییە، بەڵام ئەم بۆچوونە دوو لەمپەری گەورەی لەبەردەمدایە: یەکەمیان ئەوەیە ئایەتێکی تر هەیە ناڕاستەوخۆ سەرزەنشتی پێغەمبەر (د.خ) دەکا لەسەر ئەوەی لەکاتێکدا هێشتا پێی خۆی قایم نەکردووە دیلەکانی بەدری ئازاد کردووە، وەک عومەری کوڕی خەتاب رای وابوو بکوژرێن: (ما کان لنبی أن یکون لە أسری حتی یپخن فی الأرج ..{الأنفال/٦٧}. ئەم ئایەتە ئەگەرچی لەڕووی زەمەنییەوە بەر لە ئایەتەکەی تر دابەزیوە و ئەوی تر وەک دوایین حوکم لەپێشترە، بەڵام هێزی خۆی هەر ماوە و هەر

گرووپێک بیەوێ دەتوانێ بیکاتە سەرچاوە و بەڵگە بۆ خۆی بەتایبەت ئەگەر لە هەمان قۆناغی سەرەتای خۆپێگەیاندندا بێ.

لەمپەری دووەم ئەوەیە موسڵمانان (هاوەڵان و پاشتر) بەکردەوە دیلیان کردووەتە کۆیلە و کەنیزەک و دیلیش کوژراوە، ئەمە سەدان ساڵ کاری پێ کراوە و لە فیقهدا جێگیر کراوە کە ئیمام بۆی هەیە دیل بکوژێ یان بیانکاتە کۆیلە و کەنیزەک. ئەو کارپێکردنە و ئەو فیقهە ئیتر بووەتە سەرچاوەیەک بۆ فیکری سیاسیی ئیسلامی. زیاد لەوەیش بۆ شەرعیەتدانی دینی بە هەر رەفتارێک کە گرووپێکی هاوشێوەی داعش بیەوێ بیکا، یەکی لەسەر دەقی راشکاو نییە، خۆی دەتوانێ لەرێی میکانیزمی فتواوە شەرعیەتی پێ بدات.

لەبەرئەوە هەموو ئەو کارانەی دەیانکا، سەرچاوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان لە دەق (قورئان و حەدیس) یان فیقه و فتوای زانایان بۆ دەدۆزێتەوە، ئەوەیش نەبوو خۆی فتوای بۆ دەردەکا.

بۆ نموونە بۆ کوشتنی دیل (ئیتر ژمارەیان گرنگ نییە)، دەتوانێ ئەو ئایەتەی تایبەت بە دیلەکانی بەدر، یان کردەوەکانی سەردەمی فەتح و رای فیقوانانی مێژوو بکاتە بەڵگە، بۆ سەربڕین لەوە ئاسانتر دەتوانێ بڵێ شەڕی جاران هەموو کوشتنێک بەو شێوەیە بووە، ئەمە جگە لە بوونی چەند ئایەتێک کە باسی لەملدانی دوژمنان دەکەن (..فضرب الرقاب..). بۆ سووتاندنەکەیش بە هەمان شێوە بەڵگەی لە کردەوەی هەندێ لە خەلیفەکانی راشیدین لەبەردەستە کە دەوترێ خەلیفەی چوارەم زیندیقانی بە سووتاندن کوشتووە. فیقهیش شتی لەو بابەتەی زۆر تێدایە. داعش چ لە خیلافەتنامەکەی و چ لە شێوازەکانی کوشتنی دیلەکان و خەڵکی تردا پشتی بەو کەلەپوورە بەستووە.

دیوانی (توێژینەوە و فتوادان)ی داعش لە فتوای سووتاندنی فرۆکەوانە ئوردنیەکەدا، کە رۆژی ٢٩ - ٣ - ١٤٣٦ک لەسەرە، بەم شێوەیە تەئسیلی بڕیارەکە لەرووی شەرعیەوە دەکات و دەڵێ: حەنەفی و شافیعیەکان بۆ ئەوە چوون کە سووتاندن بەرەهایی دروستە و ئەو گوتەیەی پێغەمبەر (ص)یان کە فەرموویەتی (وان النار لايعذب بها الا الله) (واتە: تەنها خوا بە ئاگر سزا دەدا)، بە "لەخۆبوردەیی" لێکداوەتەوە. ئەلموهەللەب دەڵێ: ئەم قەدەغەکردنە بۆ حەرامکردن نییە، بەڵکو لەرووی لەخۆبوردەیی (تواضع)ەوەیە.

حافیز ئیبن حەجەر - رەحمەتی خوای لێ بێ- دەڵێ: "بەڵگە لەسەر دروستیی سووتاندن کردەوەی هاوەڵانە، ئەوەتا پێغەمبەر بە ئاسنی داخکراو چاوی عەرەنیەکانی سمیوە.. خالدی کوڕی وەلیدیش خەڵکانێک لە ئەهلی ریددەی سووتاندوە."

هەندێ لە ئەهلی عیلم بۆ ئەوە چوون سووتاندن بە ئاگر لە ئەسڵدا حەرامە، بەڵام لە کاتی مامەڵەی هاوشێوەدا دروستە، وەک پێغەمبەر بە عەرەنیەکانی کرد و وەک مامەڵەی هاوشێوە چاویانی بە ئاگر داخ کرد، وەک لە سەحیحدا هاتووە، ئەمەیش لەنێو بەڵگەکاندا بەهێزترین بەڵگەیە". فتواکە تەواو راستییەکەی ئەم جۆرە گرووپانە، بۆ بەڵگە لەسەر پەنابردن بۆ هەر جۆرە توندوتیژیەک پەکی خۆیان ناخەن، کورد گوتەنی: "لەسەر بەردی رەق نانی خۆیان پەیدا دەکەن"، ئەوان ئەگەر لە دەقە تەئسیسیەکان یان قسەی پێشینان بەڵگەیان دەست کەوت ئەوە باشە، ئەگەر دەستیان نەکەوت، هەر خودی نەبوونی دەق، واتە بێدەنگبوونی دەق، بەبەڵگەی رێپێدان وەردەگرن، چونکە: "ئەسڵ لە شتەکاندا ئیباحەیە.!"

بڕوانە یەکێک لە توێژەرانی ئیسلامی چۆن بێدەنگیی دەق (نەبوونی دەق) بەخراپی دەقۆزێتەوە بۆ شەرعیەتدان بە هەموو جۆرە توندوتیژیەک کە بەخەیاڵدا بێ، بەبەکارهێنانی چەکی ئەتۆمیشەوە.

**ئەو توێژەرە دەڵێ:** ئەسڵ دروستیی شەڕکردنە لەگەڵ دوژمن و کوشتنی بە هەموو چەکێک... چونکە دەقە شەرعیەکان میکانیزمێک یان وەسیلەیەکی جەنگیی دیاریکراویان دیاری نەکردووە تا لە جەنگدا دژی دوژمن بەکار بێ، بەڵکو خوا تەنها دەفەرموێ: {وَقاتلوا فی سبیل الله ...} البقرە: ١٩٠، {وَاقتلوهم حیث ثقفتموهم}البقرە: ١٩١. مانای ئەم کراوەییە لە کوشتار و کوشتندا ئەوەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەموو چەک و وەسیلە جەنگیەکان رێپێدراون مەگەر بەڵگەیەک هەبێ لەسەر حەرامکردنی وەسیلەیەکی دیاریکراو لەوانە، مانای ئەم کراوەییە لە دەقە شەرعیەکاندا ئەوەیە دروستە هەموو چەک و وەسیلە جەنگیەکان بەبێ قەید بەکار بێن. مەبەستم ئەوەیە: ئەگەر دوژمنیش ئەو جۆرە چەکانەی بەکار نەهێنابێ و تەنانەت ئەگەر دەشکرا بەبێ ئەو چەکانە و بە وەسایلی کەم مەترسیدارتریش لەوەی دژی بەکار دێ، بەسەریدا زاڵ بین."

دیارە ئەم بۆچوونەیش وەک زۆر لە بۆچوونە توندوتیژەکان پشتئەستوورە بە پێشینەیەکی مێژوویی، کە هەندێ لە زانایانی پێشینیش ئەو بێدەنگبوونەی دەقیان کردووە بە سەرچاوە بۆ شەرعیەتدان بە هەر جۆرە توندوتیژییەک چەندە دڵتەزێن و نامرۆڤانە بێ، لەوانە شەوکانی دەڵێ: "خوا فەرمانی کردووە بە کوشتنی موشریکان و باسی بۆ نەکردووین چۆن بێ و رێیشی لێ نەگرتووین کە وا بکەین و وا نەکەین، لەبەرئەوە هیچ رێگر نییە لەوەی بە هەموو هۆیەکی کوشتن بکوژرێن."..

هەندێ زانا و بیرمەندی ئیسلامی - لەوانە شێخ تەقودین ئەلنەبهانی دامەزرێنەری حزبی تەحریر، هەروەها د. محەمەد خەیر هەیکەل - سڵ ناکەنەوە لەوەی فتوا بدەن نەک هەر پێویستە موسڵمانان چەکی ئەتۆمییان هەبێ، کە دەشێ ئەمە لەڕووی لۆژیکی سیاسییەوە ئاسایی بێ، بگرە لەوە ترسناکتر ئەوەیە پێیان وایە: "دروستە موسڵمانان لە جەنگدا دژی دوژمنانیان بەکاری بێنن با پێش ئەوەیش بێ کە دوژمن بەکاری بێنێ"، تەنانەت شێخ یوسف قەرزاوی کە رەخنە لەم



سەرچاوە
Serchawe

بۆچوونە رادیکاڵانەی سەرەوە دەگرێ و پێی وایە "لەگەڵ بنەما و بەهاکانی ئیسلام لە جەنگدا ناکۆکە" و پێی وایە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی حەرامە، بەڵام ئەویش دەگەڕێتەوە و دەڵێ: دەکرێ بۆ حاڵەتی زەرورەت بەکارهێنانی ئەو چەکە لە حاڵەتی بەرگریدا ئیستیسنا بکەین لەبەرئەوەی قاعیدەیەکی شەرعییە کە (الچرورات تبیح المحقورات)، زەرورەتەکەیش ئەوەیە لە جیهادی دەفعدا بێ نەک جیهادی تەڵەب.

جا بێنە بەرچاوت هێزێکی درِ و دڵڕەقی وەک داعش ئەو چەکەی بکەوێتە دەست و فتوایەکی لەو شێوەیەشی لەبەردەستدا بێ، ئایا هیچ گومانت هەیە لەوەی سڵ لە بەکارهێنانی بکاتەوە؟!

١- (ابن القیم) لە (زاد المعاد)دا لەبارەی مامەڵە لەگەڵ دیلی جەنگ دەڵێ: (ئەوە ساغ بووەتەوە کە پێغەمبەر لە دیلەکان هەندێکیانی کوشتوە، هەندێکیانی بەپیاوەتی بەرداوە، هەندێکیان بە فیدیە بە پارە بەرداوە، هەندێکیشیانی لەگەڵ دیلی موسڵمانان ئاڵوگۆڕ کردوە، هەندێکیانی کردوە بە کۆیلە، بەڵام ئەوە زانراوە هیچ پیاوێکی باڵقی نەکردۆتە کۆیلە... ئەم حوکمانە هیچیان نەسخ نەکراونەتەوە، بەڵکو ئیمام بەگوێرەی بەرژەوەندی سەرپشک دەبێ. ئیبن عەباس گوتویەتی: پێغەمبەری خوا سەرپشک کرابوو لەنێوان فیدیە و پیاوەتی (منەت) و کوشتن و بەکۆیلەکردندا، چی دەکا بیکا، ئەمە ئەو هەقەیە کە هیچ قسەیەکیتر نیە جگە لەوە). لە سایتی: اسلام ویب /http://fatwa.islamweb.net وەرگیراوە.

١- سەرچاوە: ئینتەرنێت.
٢- د. محمد خیر هیکل فی کتابه (الجهاد والقتال فی السیاسه الشرعیه) ج ٢ ص ٣٤٧ و پاشتر.
٣- لە کتێبی: الجهاد والقتال فی السیاسه الشرعیه، ب ٢ لا ٣٤٧.
٤- کتێبی: (الشخصیه الإسلامیه) شێخ تقی الدین النبهانی (٣ - ١٦٨).
٥- لە توێژینەوەیەکی د.یوسف قەرزاوی بەناونیشانی: "أسلحه الدمار الشامل، حکم امتلاکها، واستخدامها" وەرگیراوە، کە لە سایتی یەکێتیی جیهانیی زانایانی موسڵمان بڵاو کراوەتەوە، کە ئەویش لە کتێبی: (فقه الجهاد)ی قەرزاوی وەریگرتوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باس نیوز - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## ڕۆڵی ئێران لە گرتن و ئازاد نەکردنی شاری مووسڵدا



**ئەلبۆرز ڕووئین تەن**

مووسڵ ئەو شارەی کە بە درێژایی مێژوو چارەنووسی سیاسەت و هێز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دیاری دەکات. ئەو شارە کە لە سەدەی ڕابردوودا وەک ناوەندی ویلایەتی مووسڵ بە شارێکی گرینگی ناوچە هەژمار دەکرێت ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە دیاری کردنی سنوور و هەروەها بالانسی هێز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. تەنانەت بۆ وڵاتە کۆلۆنیەکانی سەردەمی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و دروست بوونی دەوڵەتی عێراق گرینگ و بابەتێکی هەمیشە جێگەی مشتومڕ بووە. ئەو مێژووە لە سەردەمی ئێستادا بە جۆرێکی دیکە بەردەوامە، چوونکە دوای زیاتر لە دوو ساڵ لە دەستبەسەرداگرتنی، ئازاد کردنی بۆتە گرینگترین بابەتی سیاسی لە نێوان وڵاتانی ناوچە و زلهێزەکانی دونیادا. بەڵام ئەوەی کە گرنگیی ئەو شارەی بۆ وڵاتان و سیاسییەکان لە سەردەمی ئێستادا دوو ئەوەندە کردووە، ڕۆڵی ئێرانە. ڕێژیمی ئێران لە کاتی تەسلیم کردنی مووسڵ بە هێزەکانی داعش و هەروەها لە ئازاد نەکردنی تا ئێستا بەرپرسیارە، ئەو چەندەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ئێران لە دروست کردنی ئاژاوە و شەڕ و ماڵوێرانی لە دەرەوەی سنوورەکانی بە مەبەستی درێژەپێدانی حکوومەتی دیکتاتۆریی خۆی، کە تێزێکی بەناوبانگی ئێرانە.

بێگومان بۆ سەلماندنی ئەو ڕۆڵەی ئێران کە لە مووسڵ و عێراق گێڕاویەتی، وەکوو نواندنی ڕۆڵی هاوشێوە لە هەموو وڵاتانی ناوچە، بۆتە هۆکاری ماڵوێرانی و کوژارنی سەدان هەزار سیڤیل و بۆ بەڵگەمەند کردنی سەختیەکی ئەوتۆ نابینم، چوونکە بەڵگەی بێهەژمار هەیە. هەر بۆیەش دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای تەسلیم کردنی ئەو شارە بە هێزەکانی داعش، واتە مووسڵ چۆن کەوتە دەست داعش؟ ڕۆژی ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤، گرووپێکی توندڕەوی تیرۆریست بە تەواوی دەستیان بەسەر شاری مووسڵدا گرت. کە زیاتر لە ٤٠ هەزار هێزی لەشکریی بە هەموو چەک و تەقەمەنییەکەوە کە بە



سەرچاوە
Serchawe

ملیاردەها دولار لە وڵاتی ئەمریکا کڕدرا بوون، لە سێ سوپای گەورەی وڵاتی عێراق بە فەرماندەیی نوری مالیکی لەو شارەدا، لە ماوەی کەمتر لە چەند کاتژمێردا ئەو شارە گرینگەی کە بە هەموو ئەو چەک و ئامێرانە تەیار کرابوو، تەسلیم بوون. هیچ کارناس یان توێژەرێکی زانستی ناتوانێ ئەو تەسلیم کردنە بەدەر لە خواستی فەرماندەی هێزەکان شی بکاتەوە، واتە ئەگەر ویستی نوری مالیکی کە دواتر هەر لەو پێوەندییەدا بانگهێشتی پارلەمان کرا و سەبارەت بە تەسلیم کردنی شاری موسڵ بەو گرووپە لێپرسینەوەی لێ کرا نەبا، ئەو کارەساتە ڕووی نەدەدا. مالیکی کەسی یەکەمی ڕێژیمی ئێرانە لە عێراق، کە واتە ئەو ڕووداوە بە بێ ئاگاداری و تەنانەت پلانی ئێران نەبووە، هەروەها ئەگەر سەیرێکی چاوپێکەوتنی ئوسامە نوجێیفی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق و برای پارێزگاری مووسڵ کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦دا لەگەڵ کاناڵی سکای نیوزی عەرەبی کردی بکەین، بە ئاشکرا و بە ڕوونی باس لە هەڕەشەکانی ئێران بەر لە کەوتنی مووسڵ دەکات و دەڵێت؛ لە سەفەرێکدا بۆ وڵاتی ئێران بەرپرسانی باڵای ئێرانی هەڕەشەیان لە ئێمە کرد کە ئەگەر ئێمە هاوکاریی مالیکی نەکەین، ئەوا مووسڵ دەکەوێت. کە واتە بەرپرسی یەکەمی هاتنی داعش بۆ مووسڵ ئێرانە و لەو ڕێگەیەدا وێڕای نانەوەی شەڕ و ماڵوێرانی چەند ئامانجی دیکەی پێکا کە دەتوانین ئاماژە بە هێرش بۆ سەر کوردستان بۆ دوورخستنەوەی کوردەکان لە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی و هەروەها لە دروست کردن و ڕەواییدان بە چەندین گرووپی هاوشێوەی حیزبوڵڵای لوبنان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران و بەکارهێنانیان وەک ئامرازی هەڕەشە لە ناوچەدا بکەین. ئێستا دوای زیاتر لە دوو ساڵ، ڕزگار کردنی مووسڵ وەک بابەتێکی لەشکری سەیر ناکرێت، بەڵکوو وەک بابەتێکی سیاسی بۆ دابین کردنی بەرژەوەندیی سیاسیی لایەنەکان بۆتە هۆکاری ترافیکی دیپلۆماسی لە نێو وڵاتانی ناوچەیی و زلهێزەکاندا. کوردەکان کە هێزێکی کاریگەرن و بە بێ ئەوان ڕزگار کردنی مووسڵ ئاستەمە، داوای گارانتی دەکەن بۆ نەگەڕانەوە بۆ سنوورەکانی بەر لە هاتنی داعش. تورکیە کە لە ڕووی مێژوویی و سیاسەتی ناوچەییەوە خۆی لە هەموو کەس زیاتر بە خاوەنی مووسڵ دەزانێت و کار دەکات بۆ ئەوەی لە پرۆسەکەدا بەشدار بێت و تا دوای نەمانی داعش لە بەشداریی خۆی بە مەبەستی هاوکاریی هێزەکانی دۆستی خۆی کەڵک وەربگرێت. زلهێزەکان لە چوونە ناوەوەی هێزەکانی سەر بە ئێران بۆ نێو مووسڵ و دروست بوونی شەڕی تایفی و ئاڵۆزتر بوونی ئەو گێژاوەدا کە لە دروست کردنیدا خەتاباریشن دەترسن. لە هەمووی گرینگتر ئێران کە هۆکاری سەرەکیی ئەو هەموو ماڵوێرانییەیە نایهەوێ لە کۆتاییدا مووسڵ وا بە ئاسانی بکەوێتە ژێر کاریگەریی کورد و سوننە و تورکیە. تێکەڵ بوونی ئەو هەموو بەرژەوەندییە بە ئاراستەی جیاواز وێڕای بەدرەنگ خستنی ڕزگار کردنی مووسڵ، ئاکامەکەشی تا ڕادەیەک تاریک و ئاڵۆز کردووە. کارکردنی ڕێژیمی ئێران بۆ بەشداری لە ڕزگار کردنی مووسڵ لە ڕێگەی گرووپەکانی وەک حەشدی شەعبی و پەراوێز خستنی هێزەکانی دژبەری خۆی، هەوێنی ئەو ئاڵۆزییەیە. تەنانەت ئەگەر لەو ڕۆژانەدا مووسڵ ئازادیش بکرێت، دەبێ چاوەڕوانی پلانی دیکەی ڕێژیمی ئێران بین بۆ ئاڵۆزتر کردنی ڕەوشەکە و بەردەوام کردنی ئەو نائارامیە و ڕەوشی شەڕ لە ناوچەدا. لەوانەیە ئەو پلانە لە دەستێوەردان لە کاروباری گەڕانەوەی شەنگال بۆ سەر کوردستان و بە کارهێنانی ئەو خەڵکە شیعە مەزهەبانەی کە لەو ناوچانە دەژین خۆی ببینێتەوە. ئێستا کارەساتی

## بەشی پێنجەم

سەرەکی ئەوەیە کە لە دوای ئەو هەموو خەسارە مرۆڤیە لە عیراق، لە کاتوساتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی موسڵدا، زیاتر لە گەڕانەوەی هێمنی و ئاسایش بۆ خەڵکی ناوچە و پاراستنیان، باس لە بەرژەوەندیی وڵاتانی ناوچە دەکرێت. هەربۆیەش ڕێژیمی ئێران وەکوو کلیلی هەموو ئالۆزییەکانی ناوچە، لە شاری مووسڵیشدا هەر لە دەستپێکی تەسلیم کردنیەوە تا ڕزگار نەکردنی ئێستا و پلان بۆ بەردەوامیی ئالۆزییەکان دوای ڕزگار کردنی کار دەکات، کە جارێکی دیکە ئەو چەندە بۆ هەموو لایەک دەسلمێنێت کە؛ تا ئەو ڕێژیمە بمێنێ، هێمنی و ئاسایش لە ناوچەدا تەنیا لە خەوندا مسۆگەر دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## نەخشەكانی توركیا بۆ موسڵ



عەبدولقارد سلفی

وەرگێرانی : كوردستانی نوێ

گرنگە لەم قۆناغەدا كوردستانیان لە نیازو مەرامی توركیا تێبگەن، كەسیش وەكو تورك شەرحی حاڵی خۆی ناكات. ئەم ووتارەی نووسەری تورك «عەبدولقادر سلفی»، كە سەر بە ڕەوتی ئیسلامی توركیا و نزیک لە ئاک پارتیشە، بەشێک لە ڕوانینی حكومەتی توركیا لە ئاست كێشەی موسڵ دەردەخات، هەر بۆ ئاگاداری خوێنەرانی ئازیز، پێمانباشبوو بیكەینە كوردی.

ماوەی چەند مانگێكە ئامادەكاری بۆ پرۆسەی ڕزگاركردنی موسڵ دەكرێت و مۆڵگەكانی داعش لەناوچەكەدا بۆمباران دەكرێت، بەڵام ماوەی دوو ڕۆژە (١٧- ١٠ - ٢٠١٦) ئەنجامگەیاندنی ئەم پرۆسەیە دەستپێكردووە بۆ دەركردنی داعش لە شارەكە، بۆ ئەوەی باس لە ڕەوشی پرۆسەكە بكرێت، بەپەلە كۆبوونەوەی سەرۆک ئەركانەكانی سوپای هاوپەیمانان لە ئەمریكا بەسترا. خلوسی ئاكار، سەرۆک ئەركانی سوپای توركیاش لەم كۆبوونەوەیە بەشداربوو. لەم كۆبوونەوەیەشدا كۆمەڵێک ڕێكەوتنی گرنگ بەئەنجام گەیەنرا،ڕێككەوتنەكە تاڕادەیەک پێشنیازو داواكارییەكانی توركیا تێدا جێبەجێكرا، هەروەها ڕێگە درا كە هێزەكانی پێشمەرگە و پاسەوانانی نەینەوا كەسەر بە «ئەسیل نوجێفین» لە جەنگەكە بەشداری بكەن. بەپێی ئەم ڕێككەوتنە بێت، هێزەكانی نەینەوا دەتوانن لەكاتی ڕزگاركردنی شارەكەدا بچنە ناو شارەكەوە، كە ژمارەیان دەگاتە ١٥٠٠ چەكدار، هەروەها ١٥٠٠ چەكداری تریش لەدەرەوەی شارەكە دەمێننەوە بۆ ئەوەی یارمەتی لۆجستیكی پێشكەشی هێزەكان بكەن.

## بەشی پێنجەم

هەندێک لەهێزەکانی پێشمەرگەش دەچنە ناو شارەکەو هێزێکیش لەدەرەوەی شارەکە دەمێنێتەوە. پێشنیازەکەی تورکیا بە ڕێگەنەدان بە چوونە ژوورەوەی هێزەکانی «حەشدی شەعبی» و مانەوەیان لە دەرەوەی موسڵ، پشتگیری زۆری لەلایەن ئامادەبوانەوە لێکرا، بەمشێوەیەش دەتوانین بڵێین لەناو شارەکەدا ڕێگە لەدروستبوونی کۆمەڵکوژی تایەفی لەلایەن حەشدی شەعبی لەدژی خەڵکی سوونە ڕاگیرا.

ئەم پرۆسەیەش چ لە ڕووی ئەمنی سنوری وچ لە ڕووی ئاسایشی نیشتمانییەوە، پەیوەندی زۆری بە بەرژەوەندییەکانی تورکیاوە هەیە، گەر هەزاران هاوڵاتی شاری موسڵ ئاوارەی سنورەکانمان بن، پشێویی دەکەوێتە سەر سنورەکانمان، ئەوکاتە کێ ڕێگە لە لێشاوی ئاوارەکان بۆ سەر  سنورەکانمان دەگرێت؟ ئایا چەکدارەکانی داعش خۆیان ناخەنە ناو ئاوارەکان، یان تیرۆریستانی پارتی کریکاران کوردستانی. ئایا چی ڕوو دەدات کاتێک داعش بەنداوی موسڵی بتەقێنێتەوە؟ پاشان بۆچی فەرەنسی و بەریتانیەکان مافی ئەوەیان هەبێت، بەهەزاران کیلۆمەتر سنوری وڵاتەکانیان ببەزێنن و بێن لە عیراقدا شەڕ بکەن، بەڵام تورکیا کە دراوسێی عیراقە، هەمان مافی نەبێت؟

بابەتێکی تریش پەیوەندی بە مەسەلەی تورکومانەکانەوە هەیە، ئایا چی ڕوو دەدات کاتێک تورکومانەکانی «تەلعەفەر» توشی کۆمەڵکوژی لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی بوونەوە؟ هەرلەبەرئەوە بوونی هێزەکانی تورکیا لە سەربازگەی بەعشیقە، گرەنتییەکی گەورەیە بۆ ئەوەی تورکومانەکان بپارێزێت.

لەلایەکی ترەوە جەنگی موسڵ پەیوەندی بە پارتی کرێکارانەوە هەیە. وەکو دەردەکەوێت ئێستا هێزەکانی بەرگری کورد «یەپەگە» و هێزەکانی «سوریای دیموکرات» لە سوریاوە دەیانەوێت بێن و دژی داعش بجەنگێن، لە عیراقیشەوە پارتی کرێکارانی یارمەتی هێزەکان دەدات و داواشی لە چەکدارەکانی کردووە کە دژی داعش بجەنگێن.

لە تورکیا ئەو ڕێکخراوە زیانی زۆری بەرکەوتووە، هەموو ڕێگاکانی هاتنی لە عیراقەوە لێبڕاوە، هەروەها بەشێکی زۆری چەکدارەکانی کە توانای جەنگیان هەیە، لەماوەی پێشوودا کوژراون، هەربۆیە قەرەیلان کە سەرکردەیەکی سەربازییانە، داوای لە گەنجەکان کردووە کە بێنە ناو جەنگەوە، بۆئەوەی جێگەی ئەو کادیرە سەربازیانە بگرنەوە کە لەدەستیانداون، چونکە ژمارەی کادیرە مەشقپێکراوەکانیان، بەرێژەیەکی ترسناک کەمبۆتەوە.

لەکاتێکدا ئێستا ئەم ڕێکخراوە«پەکەکە» هەڕەشەی لەناوچوونی لێدەکرێت، کەچی چەند نامەیەکی لە واشنتۆنەوە پێدەگات و پێیدەڵێن: «ئەم ڕێکخراوە ڕۆڵێکی سەربازی لەناوچەکە هەیە و پێویستە خۆی ڕێکبخاتەوە»، ئەم نامەیەش



سەرچاوە
Serchawe

هیوا و ئامانجەکانی دەبووژێنێتەوە، هەروەک چۆن واشنتۆن لەسوریادا هەمان شتی لەگەڵ ئەم رێکخراوە کرد.

دیارە ئەنقەرە زۆر بەووردی چاودێری ئەو سەردانە زۆرانە ئەمریکیەکان بۆ شاخەکانی قەندیل کردووە، کە بنکەی سەرکردایەتی ئەم رێکخراوە تیرۆریستەیە، کە لقی لە تورکیاو سوریاو عیراق هەیە. ئەم سەردانانەش وای لە سەرۆک ئەردۆغان کرد بە ئاشکرا بە واشنتۆن بڵێت: (پێویستە ئێوە هەڵوێستی خۆتان لەناوچەکە بە روونی دیاریبکەن، یان تورکیا یان پارتی کرێکارانی کوردستان) هەروەها ئەردۆغان ئەوەشی راگەیاند: گەر نەخشەکانی بۆ بەشداربوون لە جەنگی موسڵ سەرنەگرێت، ئەوا لە گیرفانیدا نەخشەی «بی و جیمی» هەیە، بەبێ ئەوەی هیچ لەبارەی ئەو نەخشانەوە بدرکێنێت.

چاودێرانی سیاسی پێیان وایە گەر تورکیا بەشداری جەنگی موسڵ نەبێت، ئەوا کۆمەڵێک کاری تۆڵەسەندنەوە ئەنجام دەدات لەوانە: داخستنی بنکەی سەربازی ئینجەرلیک، بەڵام ئەم کارە ئەنجام نادرێت. نەخشەی «بی» ش بریتییە لەوەی کە تورکیا دەعوەتێکی لە مەسعود بەرزانییەوە پێدەگات بۆ ئەوەی بەشداری جەنگەکە بکات. مەسعود بەرزانی سەرۆکی هەرێمە و پێگەو قورساییەکی سیاسی هەیە و هێزی چەکداری هەیە کە بەشداری جەنگەکە دەکەن. بەنیسبەت نەخشەی «ج» ەوە ئەوەیە، کە عەشیرەتە عیراقیەکان دەعوەتنامەیەک بۆ تورکیا بنێرن و داوی لێبکەن کەبەشداری جەنەگی موسڵ بکات، ئەمەش لەرێگەی ئەسیل نوجێفیەوە دەبێت. دیارە دەعوەتنامەکەی عەشیرەتە عیراقیەکان دەبێتە پاساوێکی باش، تاوەکو تورکیا بەشداری جەنگەکە بکات، نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە ئێمە مەشقمان بە هێزەکانی ئەسیل نوجێفی کردو گەر داوای یارمەتیمان لێبکات، ئەوا ئێمە یەکەمین کەسین، کە بە هانایەوە دەچین. هەتاوەکو ئێستا ئەمانە نەخشەکانی تورکیان، بەڵام هەموو هیواکان لەسەر ئەوە بەستراون، کە نەخشەی یەکەم سەربگرێت و ناچار نەبین دەست بۆ نەخشەی ئەلتەرناتیف بەرین.

سەرچاوە: رۆژنامەی حوریەت ١٩ - ١٠ - ٢٠١٦

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# کێ داعشی هێنایە ناو کەرکووک؟



**ڕێبوار کەریم وەلی**

(١)

لەو بارودۆخەی کە ئێستا کوردستان و ناوچەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت، بۆ هەر ڕووداوێک، ئەگەر بە چاوی نووقاوەوە باسی ١٠ سیناریۆ بکەی، ڕەنگبێ بەلای کەمەوە پێنجیان ڕاست دەربچێت. سەرباری هەموو ئەو سیناریۆیانەی کە ئێستا سەبارەت بە دزەکردن (یان دزەپێکردن)ی چەکدارانی داعش لە ڕۆژی هەینیی ڕابردوو بۆ ناو کەرکووک باسیان لێدەکرێ، یەک ڕاستی هەیە، چۆن داعش توانی بەو شێوەیە، لەمپەرە ئەمنییەکان ببەزێنێ و بێتە ناوجەرگەی کەرکووکەوە؟ پرسیاری سەرەکی ئەوەیە و پرسیاری دیکەش بەدوای خۆیدا دێنێت.

چۆن دەکرێ گەورەترین ئۆپەراسیۆنی جیهانی لەدژی تیرۆر بە بەرچاوی هەموو دنیاوە دەستی پێکردبێت، لە ئانکارا، پاریس و برۆکسەل کە بە هەزاران کیلۆمەتر لە داعشەوە دوورن، بەهەزاران پۆلیس و هێزی ئەمنی لە ئامادەباشیدا بن، بەڵام لە کەرکووک سەرباری بوونی ئەو هەموو هێزە ئەمنییە و زانینی ئەو ڕاستییەی کە داعش لە بن لووتیاندایە، ئەوەندە کەمتەرخەم و ئیهمال بووبن! ئەگەر هەمان شت لە هەولێر ڕوویدابا چی دەبوو؟

تۆمەتبارکردنی دانیشتووانی عەرەبی سوننەی کەرکووک ئاسانترین شتێکە پەنای بۆ ببردرێ، بەڵام کە تەماشای ڕووداوەکان دەکەی، وا نییە. چونکە یەکەمجار نییە داعش دزە دەکاتە ناو کەرکووکەوە، ئامانجەکانیش دیارن، لانیکەم لەو سێ جارەی کە هاتوون، جارێکیان کۆگاکانی نەوت (ئەوانەی بە بۆڕیی نەوتی کوردستانەوە بەستراونەتەوە) و دواجاریش ئاسایشی



سەرچاوە
Serchawe

پارتییان کردووەتە ئامانج.

بۆیە ئەگەر داعش مەبەستی کەمکردنەوەی گوشار بووایە لەسەر شەڕی مووسڵ، بەو ژمارە کەمەوە نەدەهات. ڕێک پێچەوانەکەی ڕاستە، هەندێک لایەنی ئیهمالکراو (باڵی ماڵباتی یەکێتی) کە لە ماوەی ڕابردوودا و دوای بڕینی سەرچاوەی داهاتیان لە نەوتی کەرکوک، هەم لەلایەک تۆڵە بکەنەوە و هەمیش بیانەوێ بەو شێوەیە پێشانی بدەن کە ئەوانیش هەن، ڕێگە خۆشکەریش بن بۆ ئەوەی لایەنی وەکوو پەکەکە، حەشدی شیعی و تەنانەت پاسداری ئێرانیش بێننە ناو کەرکووک و دەوروبەرییەوە. بەم شێوەیەش لە گرنگیی شەڕی مووسڵ کەم بکەنەوە. کێ دەتوانێ ئەوەی پێ ڕاست بێت کە سەرباری ئەو هەموو هێزە ئەمنی و پێشمەرگەیەی لە کەرکووکە، پارێزگاری کەرکووک بۆ پاراستنی شارەکە پەنای بردبێتە بەر پەکەکە؟! ئینجا هەنگاوەکانی دوای ئەوەش دەریدەخات کە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیش باش لە نیەتەکە تێگەیشتووە.

### کۆسرەت ڕەسوڵ جێگرەوەی تاڵەبانییە

(٢)

پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەڵگری چەند خاڵێکی زۆر گرنگە، یەکەمیان: بینینی ئەو ڕاستییەی کە کەموکوڕیی ئەمنی هەبووە، دووەم: کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی وەکو جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناوی هاتووە و سێیەمیان بەرەی جەنگی کەرکووک و پێداچوونەوە بە پلانی ئەمنیی ناوچەکە بەو سپێردراوە وەک جێگری فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. وەک ئاشکراشە بەشی هەرە زۆری فەرماندە و هێزەکانی یەکەی ٧٠ی یەکێتی، لەگەڵ ناوەندی بڕیاردان و باڵی ماڵبات تەنها ڕاگەیاندن و هێزی ئەمنییان بەدەستەوەیە. هەر بۆیەشە لە یەکەم ڕۆژی ئۆپەراسیۆنی مووسڵەوە ریزەکانی پێشمەرگە هیچ حیزب حیزبێنەیەکی پێوە دیار نەبوو، یەکەم شەهید و برینداراەکانیش لە هێزەکانی یەکەی حەفتا بوون، بەڵام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، باڵی ماڵبات هەوڵیان دا شەڕی ڕزگارکردنی نیشتمان بە جاشایەتی بۆ پارتی پێناسە بکەن!

باڵی ماڵباتی یەکێتی، دوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ تووشی هیستریا بوونە. چونکە ئەم شەڕە لەسەر ئاستی جیهانی دوو فەرماندەی هەیە (لە کوردستان مەسعود بارزانی و لە بەغداش عەبادی). هاوکات سێ ناوەندی هەماهەنگیی هەیە (کوێت، بەغدا و هەولێر)، فەرماندەی بەرەی جەنگی کوردستانیش، بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵن و هەموو دنیاش



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی پێنجەم

لەسەر ئاستی کوردستان مامەڵە لەگەڵ ئەو دوو کەسەدا دەکات. ئەم شەڕە بۆ هەموو لایەک دەستکەوتی تێدا دەبێت، بۆ ئەمریکا پڕوپاگەندەیەکی باشی هەڵبژاردنەکانە، بۆ عەبادی قایمکردنی پێگەیەتی بەرامبەر نەیارەکانی، بۆ بارزانی و کۆسرەت رەسوڵیش سەرکەوتن و گێڕانەوەی خاکی داگیرکراوە بۆ کوردستان. بۆیە دوای کۆتایی شەڕ، پێگەی ناوەندی بڕیار، کۆسرەت رەسوڵ و بەرهەم ساڵح وەک بڕیاردەری راستەقینە و کۆتایی، لەناو یەکێتیدا جێگیر دەبێت. ئینجا ئەوانەی پێی رازی نەبن، رێگەی دیکەیان لەبەردەم دەبێت.

### پەکەکە لە کوێ بێت، تورکیاش لەوێیە

(٣)

وەنەبێ بوونی هێزی تورکیا لەسەر خاکی کوردستان، لەسەر (ئەرز) هێندە کاریگەریی هەبێ کە بتوانێ هاوکێشەکان بگۆڕێ، بە پێچەوانەوە شەڕی تورکەکان بۆ ئەوەیە کە دوایی لەسەر (مێز) بن. هاتوهاوار و بڕیارەکانی پەرلەمانی بەغداش نەیتوانی جێ بە تورکەکان لە باشیک چۆڵ بکات و، تورکیا بە سوودوەرگرتن لەو بارودۆخە نێودەوڵەتییەی کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا و ململانێی نێوان رووسیا هاتووەتە ئاراوە (لە هەردوو لای جۆگەکە دەخوات)، رەنگبێ بیر لە کردنەوەی بنکەی سەربازیی دیکەش بکاتەوە، بەتایبەتیش لەو سنوورانەی کە سنووری ماددەی ١٤٠ی جارانن. پلانی (C)ی تورکیا ئەوەیە کە تورکمانەکانی ناوچەکە داوای هاوکارییان لێ بکەن، هەر وەکو ئەوەی کە تورکەکانی قوبرس لە ١٩٧٤ کردیان و تورکیا هێزی سەربازیی نارد. ئێستا پێکهاتەکانی ناوچەکە هەر یەکەو پشتی بەلایەک بەستووە و تورکیاش بەردەوام پەکەکە (لە هەر کوێیەک بێت) بە مەترسی بۆ سەر خۆی دەزانێت، بۆیە دوور نییە، تورکیا ئەمجارەیان بێ رێککەوتن لەگەڵ کەس و بە بیانووی پاراستنی بەرژەوەندیی ئابووری (نەوتی کەرکووک)، تورکمانەکان و شەڕی پەکەکە، بێتە سنووری کەرکووکیشەوە. راستە تورکیا دەڵێ چاومان لە خاک نییە، بەڵام چاوی لە جۆری بەڕێوەبردنیەتی.

سەرچاوە : ماڵپەڕی رووداو نێت - رێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## رزگارکردنی موسڵ لە نێوان ئامراز و ئامانجدا



**بایز رەشید ئەمین**

کارل فون کلاوزفیتز ژەنەڕاڵ و مێژونوسی جەنگ لە سەردەمی دەوڵەتی بروسیادا وتویەتی "جەنگ درێژکراوەی سیاسەتە بە رێگایەی تر". واتا ئامانجی شەڕ وەدەستهێنانی ئامانجی سیاسییە نەک خودی بردنەوەی شەڕەکە، بە شێوەیەک جەنگ ئامرازێکە لە ئامرازەکانی گەمەی سیاسی. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا هەرێمی کوردستان ئامانجی سیاسی چیە لە پشت بردنەوەی جەنگی موسڵدا، کاتێک کەرکوک لە ژێر هەڕەشەدایە، سودی سەرکەوتن لە موسڵ بۆ کورد چ واتایەک دەبەخشێت. کاتێک گۆڕینەوەی سەرکەوتنی موسڵ بە دۆڕاندنی کەرکوک تەواو دەبێت. دواخستنی رزگارکردنی ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوک هەڵەیەکی ترە لە خەرمانی هەڵەکانی حوکمڕانی کوردی.

هەریەک لە پارێزگای نەینەواو پارێزگای کەرکوک بە دوا پێگەو هەژمونی بونی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش لە عێراق دادەنرێن. پرۆسەی کۆتایهێنانی پاشماوەکانی داعش فرە رەهەندەو ئامانجی جیۆپولەتیکی لە پشتەوەیە. بۆیە لەبری پاککردنەوەی پارێزگای کەرکوک لە داعش، پرۆسەی رزگارکردنی موسڵ راگەیەنرا هەمو ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە شەڕی موسڵ درێژخایەن و قورس دەبێت. ئەمەش پرسی دەرکردنی پاشماوەکانی داعش لە حەویجەو دەوروبەری کەرکوک تەواو ئەستەم دەبێت، کە دواجار شەڕی دەستەویەخە روبەڕوی هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە.

لە روی سیاسی و جیۆپۆلەتیکی و بەرژەوەندی نیشتیمانیەوە بۆ هەرێم باشتر بو کە پرۆسەی رزگارکردنی ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوک لە پێش پرۆسەی موسڵ ئەنجامدرابا، دەکرا لە رزگاری حەویجەوە دەسپێکرایە بۆ ئەوەی بوار بۆ گەمەی نێودەوڵەتی لە هەمبەر کوردان لە گۆڕنرایە، بۆیە ئەگەر موسڵ بەتەواوی رزگاربکرێت ئەوا کەرکوک لە نێوان بەرداشی

هێزەکاندا دەکەوێتە ژێر مەترسییەکی گەورە. ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە نەزانین و هزری تاکڕەوانەی دەسەڵاتدارانی سیاسی کوردیەوە هەیە کە هیچ کاتێک خوێندنەوەی ستراتیجی و درێژخایەنیان بۆ پرسی کورد نیە و نەبوە.

روداوەکانی (٢١)ی ئۆکتۆبەر لە شاری کەرکوک کە بوە هۆی ئەوەی بەشێکی ئەم شارە بۆ ماوەی (٤٨) سەعات بکەوێتە ژێر دەستی چەکدارانی داعش پێیگوتین کە ناکۆکیەکانی نێوان تورک و روس و ئەمەریکا لە چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی رزگارکردنی شاری موسڵ مەترسین بۆ سەر هەرێم و، کەرکوکیەکان بونە یەکەم قوربانی ئەم ململانێیە بە شێوەیەک کە یەکەم گورزی سیاسەتی هەڵەی دەسەڵاتدارانی کورد و سیاسەتی شۆڤێنی تورکیان بەرکەوت. تەنانەت دواخستنی رزگارکردنی حەویجەو ناوچەکانی تری کەرکوک راستەوخۆ پەیوەندی بەکۆی ململانێکانی ئەنکەرەو تاران و بەغدا لە لایەک و واشنتۆن و مۆسکۆ لەلایەکی ترەوە هەیە، ئامانجی هەریەکەیان ئەوەندەی بردنەوەی دەسکەوتی سیساسیە بۆ ئایندە، ئەوەندە وەدەرنانی داعش نیە لە عێراقدا.

هەمان سیناریۆی ئۆکرانیا لە باشوری کوردستان خۆی دوبارە دەکاتەوە چۆن ئۆکرانیەکان لە نێوان ململانێی ئەمەریکاو روسیادا بەهەڵەدا چون و دەرەنجام دورگەی قرمیان لە دەستدا، پاشان تەواوی بەشی رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا کەوتە ژێر مەترسیەوە بەشێوەیەک کە راپەرین و یاخیبون لە ناوچەکانی دونیتسک و لوهانسک سەریهەڵدا کە تائێستا بەردەوامە، درەنگ یان زو ئەم دو ناوچەیەش لە ئایندەدا خۆیان لە ئۆکرانیا جودا دەکەنەوە. بۆیە سیناریۆی ئۆکرانیا لەسەر کوردستان بە دور نازانرێت و چەندین ناوچە لە ژێر ناوی جۆراوجۆر لە خاکی کوردستان داببڕێن. لەبەرئەوە بەم سیاسەت و دیبلۆماسیەتەی دەسەڵاتدارانی هەرێم وێڕای لە دەستدانی کەرکوک تەنانەت شارەکانی هەولێرو سلێمانیش لە ژێر مەترسیدان.

هێرشی ئەمدواییەی چەکدارانی داعش ئاماژەیەکی مەترسیدارە بۆ سەر ئایندەی هەرێمی کوردستان پەیمانە ژێربەژێرەکانی دەسەڵاتدارانی هەرێم، باشور بەرەو ئاراستەیەکی مەترسیدار دەبەن. لە کاتێکدا باس لە پرۆژەی بەڕێوەبردنی دوای رزگارکردنی موسڵ دەکرێت. هاوکات کەرکوک لە بەردەم هەڕەشەی گەورەدایە کاتێک کە موسڵ خاکی کوردان نیەو کاریگەری ئەوتۆی بۆ سەر هەرێم نابێت بەراورد بەبایەخی کەرکوک. بۆیە ژێرانە ترە هێزە چەکدارەکانی کورد چەقی قورساییان بخەنە سەر کەرکوک، لاوازی کورد لە موسڵ هیچ لە پرسی کورد ناگۆڕێت، بەڵام لاوازبونی کورد لە کەرکوک پرسی کورد لە باشور کۆتایی پێدێنێت. چۆن ئۆکرانیەکان قرم و دونتسک و لوهانسکیان لە دەستدا، کوردیش ئەگەر بەسیاسەتی جێبەجێ بکەو پاشان بیربکەرەوە کاربکات، ئەوا بە هەمان شێوە دەکرێت کەرکوک لە دەستبدات. هەر لە بنچینەدا پێشخستنی پرۆسەی رزگارکردنی موسڵ و هێشتنەوەی ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوک بە زیانی کورد تەواو دەبێت. بینیمان چۆن


سەرچاوە
Serchawe

بەشی پێنجەم

ئەوروپاو ئەمەریکا دەوڵەتی ئۆکرانیایان لە جەنگەڵدا بەجێهێشت و دەرخواردی مۆسکۆیاندا بە هەمان شێوە کوردیش لە ئایندەیەکی نزیکدا بەدور نازانرێت پشتی تێبکرێت.

میکیافیلی وتویەتی "شەڕ ئامرازێکە بۆ وەدەستهێنانی ئامانجێک" بۆیە پێداگری و سوربونی هەریەک لە ئەنکەرەو واشنتۆن و تاران و مۆسکۆ وەدەستهێنانی ئامانجی سیاسیە لە ناوچەکەو ئیشکردنە لەسەر هاوسەنگی هێزو شکاندنەوەی پرسەکە بەسودی نیشتیمانی و نەتەوەیی خۆیان. بە داخەوە تەنها هێزێک کە نازانێت ئامانجی رزگارکردنی موسڵ چیەو لە نێوان پاککردنەوەی کەرکوک و موسڵ لە داعش، شاری موسڵ هەڵدەبژێرێت کە بەراورد بە شاری کەرکوک بایەخێکی ئەوتۆی نیە.

لە کۆتاییدا پێشنیاز بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێم دەکەم کە پێش ئەوەی کار لە کاربترازێت پێویستە پەند لە شکستی ئابوری و سیاسی و حوکمڕانی رابردوی خۆیان وەربگرن، با تەنها بۆ یەکجار سەرکەوتن بەدەستبهێنن و چیتر لە سەر بنەمای بەرژەوەندی بێگانە لە گۆڕەپانی شەڕدا کورد بە کوشت نەدەن. تەواوی هێزو توانایان بخەنەگەڕو هەمو توانایەکیان لە سەر کەرکوک و دەوروبەری چڕبکەنەوەو ئەم ناوچەیە لەنێوان بەرداشی دوژمناندا بە بێ زیان رزگار بکەن. هەوڵی رزگاری ناوچەکانی کەرکوک و دەوروبەری بدەن پێش کۆتایهاتنی داعش لە موسڵ، بە پێچەوانەوە ئەمجارەیان دوای نەمانی داعش لە موسڵ نەک کەرکوک، بەڵکو سلێمانی و هەولێریش دەکەونە ژێر مەترسی پەلاماردان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## تورکیا لە چاوەڕوانیی ڕەزامەندیی بەغدادا




**فەرید ئەسەسەرد**

هەینی رابردوو وەزیری بەرگریی ئەمریکا ئاشتۆن کارتەر لە ئەنکەرە، دوای ئەوەی کە چاوی بە هەر یەک لە سەرۆکی کۆمار رەجەب تەیب ئەردۆغانو سەرەک وەزیران بنیالی یەلدریمو وەزیری بەرگری فکری ئیشک کەوت، رایگەیاند کە بەغداو ئەنکەرە سەبارەت بە بەشداربونی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی موسڵ گەیشتون بە رێککەوتنێکی سەرەتایی. بەڵام رۆژێ دواتر، کاتێک سەردانی بەغدای کرد، شتی تری لە سەرەک وەزیران عەبادی بیبست، عەبادی بۆ ئەوەی هیچ تەمومژێک لەسەر ئەم مەسەلەیە نەمێنێ، لە لێدوانێکدا پاش کۆبونەوەی لەگەڵ کارتەر، جەختی لەسەر دوو مەسەلە کردەوە. یەکێکیان ئەوەیە کە بەغداو ئەنکەرە بە هیچ رێککەوتنێکی سەرەتایی دەربارەی بەشداربونی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی موسڵ نەگەیشتونو دووەمیشیان ئەوەیە کە عیراق پێویستی بە بەشداربونی تورکیا نیە. لێدوانەکەی عەبادی ئەوەندە راشکاوانەیە، زۆر ئەستەمە لە ئاییندەدا لێی پەشیمان ببێتەوە.

کێشەی ئەنکەرە لەوەدایە کە بەبێ رەزامەندیی بەغدا ناتوانێ بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی موسڵدا بکات. لەکاتێکدا شەقامی وروژاندووەو تینو تاوێکی داوەتە پرۆژەی ناردنی هێز بۆ موسڵ بە چەشنێک کە تەنانەت کلیچدار ئوغلو ولایەنەکانی تری ئۆپۆزسیۆنی تورکیا، پشتگیریی ناردنی هێزیان بۆ موسڵ کردووە. هەڵوێستی توندی بەغدا لەم بارەیەوە ئەنکەرەی لەبەردەم رای گشتیی ناوخۆ شەرمەزار کردووەو بەهۆی ئەمەوە لێدوانی بەرپرسەکانی بێ سەروبەرییەکی زۆریان پێوە دیارە.

ئەنکەرە لە سایەی حوکمڕانیی پارتی دادو پەرەپێدان دا، زۆر مەبەستێتی پاش ٩٨ ساڵ لە دەرچوونی ئابڕوبەرانەی هێزە عوسمانییەکان لە موسڵ بەبێ شەڕو لەسەر داوای بریتانیا، رۆڵێکی گەورە لە رزگارکردنی موسڵ ببینێو نەنگییەکەی ساڵی ١٩١٨ تەوێڵی خۆی بسڕێتەوە. ئەردۆغان پاش شکانی کەسایەتییەکەیو لەکەداربونی ناوبانگی بەهۆی کودەتا



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی پێنجەم

سەرنەكەوتووەكەی تەمومژی رابردووەوە، پێویستی بە سەركەوتنێكە بۆ قەرەبووكردنەوەی شەرمەزارییەكانی كاتی كودەتا سەرنەكەوتووەكە.

ئەوەی ئەنكەرە لێی تێناگا ئەوەیە كە بەغدا زۆر مەبەستێتی توركیا لە ئۆپەراسیونی موسڵ دوور بخاتەوەو هەر بەهۆی ئەمەشەوە دوو رۆژ كاتی دەستپێكردنی ئۆپەراسیونەكەی پێش خستووە. ئێستا پێش ئەوەی كە ئۆپەراسیونەكە دەستی پێ كردووە، زۆر ئەستەمە توركیا بەبێ رەزامەندیی بەغدا هێز بۆ بەشداری لە ئۆپەراسیونەكە بنێرێ. بەڕێوەچونی ئۆپەراسیۆنەكە بەشێوەیەكی سەركەوتوو، هیچ بیانوویەكی بەجێی بۆ ناردنی هێز بۆ نەهێشتۆتەوە چونكە پاش دەستپێكردنی شەڕ، هەر دەستێوەردانێكی سوپایی توركیا، دەشێ هەموو نەخشەكە بشێوێنێو بە قازانج بۆ داعش بشكێتەوە.

ئەوەی زۆر دێتە بەرچاو ئەوەیە كە نمونەكەی باشیك زۆر خراپ لەسەر توركیا شكاوەتەوە چونكە ئەگەر توركیا ئامادە نەبێ لە باشیك بكشێتەوە، چ گەرەنتییەك هەیە كە پاشان لە موسڵ دەكشێتەوە؟

بۆ توركیا، زۆر ناخۆشە كە شەڕەكە بەبێ ئەو دەستی پێ كردووەو هێزەكانی لە باشیك هیچ رۆڵێك نانوێننو تەنانەت لەبەر بارودۆخی شەڕ توانای ئەوەشیان نیە كە لە سەربازگە دەرچن.

لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە كە شەڕەكە بە گرتنەوەی موسڵو تێكشكاندنی داعش كۆتایی دێتو ئیتر هیچ بیانوویەك بۆ مانەوەی هێزەكانی تورك لە باشیك نامێنێ. ناخۆشترینییش ئەوەیە بەغدا پاش شەڕەكە هەڕەشەی دەركردنی هێزەكانی تورك لە باشیك بكاو لە سایەی ئەم ئەگەرەدا تەنانەت دەشێ پێكدادانیش رووبدلات.

پێشبینی ناكرێ باڵی توركخواكانلە عیراق پاش گرتنەوەی موسڵ لە دۆخێكی گونجاودا بن، بەتایبەتی كە هەڵدانەوەی كەیسەكانی دەست تێكەڵاوكردن لەگەڵ داعشو دروست كردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتێكی بیانیو راكردن لە موسڵ، لێی رادەبینرێ پێگەی زۆر بەرپرس بلەقێنێ. لە ڕاستیشدا هەڵدانەوەی فایلەكان بە تۆماركردنی داوا لە دادگا لە دژی پارێزگای پێشووی موسڵ ئەسیل نوجەیفی وا لە ئێستادا دەستی پێ كردووەو بەدڵنیاییەوە بەرپرسی دیكەش دەگرێتەوە. ئەمە بەم واتایە دێت كە ئەنكەرە پاش گرتنەوەی موسڵ، بەبێ بەشداری كردن لە رزگاری كردنی، رەنگە نەتوانێ پشت بە دۆستەكانی ببەستێو دواجاریش ناتوانێ لەڕێی ئەوانەوە ئەجنداكانی خۆی جێبەجێ بكات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستانی نوێ - ڕێكەوتی: ٢٤ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# موسڵ  پێگەی ستراتیژی و شیکردنەوەی ململانێکان



پەیڕەو ئەنوەر

## پێشەکی:

موسڵ یەکێکە لە پارێزگاکانی عێراق، لەڕووی دیمۆگرافییەوە لە نەتەوەکانی (کورد، عەرەب و تورکمان) پێک دێت. زۆرینەی عەرەبە و، یەک لەسەر سێی کوردە. لەڕووی ئایینییەوە زۆرینەیان مسوڵمانی سوننەمەزهەبن، لەگەڵ کەمینەیەکی شیعە و مەسیحی و ئێزیدی. موسڵ، بە سەنتەر و دڵی سوننەکانی عێراق دادەنرێت و خاوەن پێگەیەکی جیۆستراتیژی و جیۆپۆلیتیکی گەورەیە بۆ بلۆکی سوننە و دونیای سوننە. موسڵ لەڕووی جوگرافییەوە، بەغدای شیعی و هەرێمی کوردستان و سوریا (شام) بەیەکەوە دەبەستێتەوە و، پردی وشکانیی نێوان ئەم سێ جوگرافیایەیە کە هەریەکەیان خاوەن سێ پێگەی جیاوازی سیاسی، ئیتنیکی و مێژویین لە ناوچەکەدا.

## باکگراوندی مێژوویی:

موسڵ بەشێکە لەمێژوی کۆنی ناوچەکە و چەندین دەسەڵاتی سیاسی و شارستانییەت بەڕێوەی بردووە، لە ئاشورییەکان و فارس تا دەگاتە مەغۆلەکان و، لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانییەکاندا هاوشانی ویلایەتی "بەغدا" و "بەسرە"، ویلایەتێک بووە لە ویلایەتەکانی ئەم ئیمپراتۆرییە و رۆڵێکی سیاسی، ئابوری و کەلتوریی گەورەی گێڕاوە. دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و دابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆریی عوسمانی (پیاوە نەخۆشەکە)، سەرەتا ویلایەتی مووسڵ بەر "فەرەنسا" کەوتووە و، دواتر لەبەر گرنگیی پێگە و رۆڵی لەڕووی ئابوری و دیمۆگرافی و ئیتنیکییەوە بەریتانیا کریویەتییەوە و لەگەڵ ویلایەتی بەغدا و بەسرە، عێراقی لێ دروست کردووە. ویلایەتی مووسڵ بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان خراوەتە سەر ئەو یەکە

سیاسییەی کە ئێستا پێی دەوترێت عێراق.

### چوارچێوەی تیۆری:

خوێندنەوە بۆ بەشداری و ئامادەیی تورکیا لە عێراق و موسڵ بەتایبەتی، پێویستیی بە تیۆریزەکردنە. لەڕوانگەی تیۆرییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەک زانست و کایە بۆ شیکردنەوەی ململانێ و ڕووداوەکان، بۆ تێگەییشتن لە تەواوی وێنەکە و هەموو دیوەکانی بابەتەکە، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کەرەستەی تیۆریمان دەکاتەوە؛ یەکێک لەو تیۆرییانە "ریاڵیزم"ە. ریاڵیزم و ریاڵیستەکان بایەخ بەهێز دەدەن، هێز بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان، هێز بۆ گەییشتن بە بەرژەوەندییەکان. ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان لە دونیای ریاڵیزم و ریاڵپۆلیتیکدا، حەز بە ئالینگاری و کێبڕکێ دەکەن.

تێکەوڵێکە و خواستی تورکیا بۆ موسڵ لە عێراقدا، بنەما و ژێرخانێکی ریاڵیزمانەی هەیە. موسڵ کۆمەڵێک بەرژەوەندیی گەورە و ستراتیژی و جیۆسیاسیی بۆ تورکیا هەیە و دەرگای گەورەی سیاسی بۆ بەرژەوەندییەکانی تورکیا دەکاتەوە. تورکیایش لەم ڕوانگەوە، ڕەوایی سیاسی بەخۆی دەدات کە لە پرۆسەی ڕزگارکردنی موسڵدا ئامادەیی سەربازی و بەشداریی سیاسیی هەبێت و، تەنانەت بە حەوشەی پشتەوەی تورکیا و، بەشێک لە جوگرافیای خۆی دادەنێت.

### موسڵ چ گرنگییەکی بۆ تورکیا و بلۆکی سوننە هەیە؟

تورکیا وەک حەوشەی پشتەوەی خۆی لە موسڵ دەڕوانێت. لە مێژوی کۆن و نوێدا، ئەو شارە، پێگەیەکی جیۆسیاسی، جیۆستراتیژی و جیۆئابوریی بۆ تورکیا هەبووە. تورکیا، وەک بەشێک لە دونیا و بلۆکبەندیی سوننە، مەبەستیەتی جارێکیتر هێزی سوننەی عێراقی ڕێک بخاتەوە و ئاراستەیان بکات. جارێکیتر، شوناسی سیاسی و مەزهەبییان بۆ ڕاست بکاتەوە و لە ڕێکخستنی سیاسی و داهاتوی عێراقدا ڕۆڵیان پێ ببەخشێتەوە و موسڵ بکات بە ماڵە گەورەکە و سەنتەری هێز و دونیابینیی سوننە لە عێراقدا.

لە سیستەمی هەرێمی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کۆمەڵێک ئەکتەر ڕکابەری و ململانێ لەسەر موسڵ وەک جوگرافیایەکی سیاسی و ستراتیژی دەکەن، تورکیا، قەتەر و سعودیە وەک ئەکتەرێکی گەورە لە لایەک و بەرەیەک، ئێران و دەستەبژێری شیعیی فەرمانڕەوا و حەشدی شەعبی و هێزە شیعەکانی تری عێراق لەلایەکیترەوە، بەڵام موسڵ بۆ جەمسەری سوننە و تورکیا زۆرترین مانا و گرنگیی هەیە و تورکیا لە هەموو ئەکتەرەکانیتر زیاتر لە هەوڵدایە بۆ دەستبردن بۆ ئەو پارێزگایە و لە هەمویان زیاتر کار بۆ پارێزگاریکردن لە موسڵ دەکات، **ئەمەیش لەبەر کۆمەڵێک فاکتەری سەرەکی:**



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی پێنجەم

**یەکەم**: موسڵ قوڵاییەکی ستراتیژیی بێئەندازەی بۆ تورکیا هەیە، بەڕێوەبردنی موسڵ، راستەوخۆ بەڕێوەبردنی هەموو سوننەکانی عێراقە و هاوسەنگیی هێزی مەزهەبی و سەنتەری دروستکردنی بڕیارە لە ئێستا و لە داهاتویشدا لەبەرامبەر شیعەدا. بەشێک لە دانیشتوانی موسڵ، بەتایبەت دەوروبەری موسڵ، تورکمانن و تورکیا دەیەوێت چاودێرییان بکات و لە هەر هەڕەشە و مەترسییەکی هێزە شیعییەکان بیانپارێزێت و تەنانەت لەڕووی سەربازییشەوە رێکیان بخات و مەشق و راهێنانی سەربازییان پێ کات و یارمەتیی لۆجستیکییان پێ بدات.

**دووەم**: سەرباز و سوپای تورکیا لە سنوری ناوچەی باشیک لە خاکی عێراقدا ئامادەیی هەیە و، سەرەڕای هەڕەشە و بارگرژییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا بۆ کشانەوە و چونەدەرەوەی ئەم هێزە، تورکیا هێشتا سورە لەسەر مانەوە و چۆڵنەکردنی ئەم ناوچەیە. ئامادەیی سەربازیی تورکیا لە دەوروبەری موسڵ و لەناو خاکی عێراقدا، کۆمەڵێک هێما و مانای سیاسی و سەربازیی هەیە. تورکیا مەبەستیەتی لەڕێگەی میلیتار و سەربازەوە چاودێریی هێزەکانی "پەکەکە" و "یەپەگە" بکات و نەهێڵێت بەغدا بەئاسانی یاری بەو کارتە بکات و بیجوڵێنێت و جۆرێک لە هاوسەنگیی هێز دروست بکات.

**سێیەم**: خۆرئاوای موسڵ، کۆریدەرێکی گرنگە بۆ ئێران و شیعە بۆ گەیشتن بە دەریای سپیی ناوەڕاست. ئێران زۆر بەرژدی بیری لەو بژاردەیە کردۆتەوە و، کار بۆ ئەوە دەکات لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی خۆرئاوای موسڵەوە پرۆژەی "هیلالی شیعی" پراکتیزە بکات و قوڵایی ستراتیژیی خۆی لە کەنداوی عەرەبییەوە تا دەریای سپیی ناوەڕاست بەم کۆریدەرەوە دروست بکات. ئەم پرۆژەیە ئەگەر سەر بگرێت، ئەندازیاری (هەندەسە)ی سیاسی و مەزهەبی و جیۆپۆلیتیکیی سوننە لە ناوچەکە تێک دەشکێنێت و، ئێران بەئاسانی دەتوانێت جیۆپۆلیتیکی شیعە بەسەر سوننەدا زاڵ بکات. تورکیایش بەگرنگییەوە لەو بابەتە دەڕوانێت و، هەوڵ دەدات ئەو ئەڵقەیە لە جیۆپۆلیتیکی شیعە تێک بشکێنێت و بیپچڕێنێت و لە جوگرافیای موسڵی دابپڕێنێت و دوری بخاتەوە.

### موسڵ و "هیلالی شیعی"

لەچەند ناوچەیەکی نزیک لە موسڵ، میلیشیا شیعەکانی عێراق بە نیازی ئەجێندا و پلانێکی سەربازیی لەمێژینەی ئێرانن، ئەو میلیشیا شیعانەی کە ماوەی دوو ساڵە بە هاوکاریی ئێران رووبەڕووی داعش بونەتەوە و لە بەرامبەریاندا دەجەنگن. بڕیار وایە سوپای عێراق لە بەشی باشوری موسڵەوە هێرش بکاتە سەر ئەو پارێزگایە و میلیشیا شیعەکانیش لە بەشی خۆرئاواوە ڕێ لە داعش بگرن و دەرفەتی راکردنیان بۆ رەقە و هەڵاتن بۆ سوریایان لێ بگرن. هەرچەندە هێزە شیعییەکان

لە پرۆسەی ئازادکردنی موسڵدا، بەفەرمی ڕێگەیان پێ نەدراوە.

ئێران بۆ تەواوکردنی پرۆژەی هیلالی شیعی، هەوڵ دەدات ڕێگە و دەرچەی خۆرئاوای موسڵ بەکار بیهێنێت. کۆنترۆڵکردن و گرتنی ئەم ناوچەیە، بۆ ئێران ڕێڕەوێکی گەورە لە نێوان تاران و دەریای سپیی ناوەڕاستدا دەکاتەوە و، بەمەیش لە هەر دۆخ و هەلومەرجێکدا دەتوانن خەڵکی خۆیان و کەرەستەی سەربازی و وزەی پێ بگوازنەوە.

ئەو دەرچە و ڕێڕەوە جیۆپۆلیتیکییەی کە ئامانج لێی، پاراستنی "هیلالی شیعی"یە، بە بەشە عەرەبییەکەی عێراق، هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستاندا تێ دەپەڕێ و دواتر دەگاتە حەلەب. ئەم خواست و جیهانبینییەی ئێران، نیگەرانی و دڵەڕاوکێی وڵاتانی ناوچەکەی لێ کەوتۆتەوە، بەتایبەت تورکیا، کە زۆر ترسی لە ئەجێندایەک هەیە کە ئێران و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، بەیەکەوە ببەستێتەوە و ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی تورکیا. بەتایبەت ئەگەر سێکوچکەی "تاران، بەغدا و دیمەشق" بەرژەی کار بۆ ئەم ئەجێندایە بکەن و گۆڕانی دیمۆگرافی بێننە ئاراوە.

کۆریدەرەکە لەو خاڵە سنورییەوە دەست پێ دەکات کە ئێران ماوەی ١٢ ساڵە بۆ گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی و راوێژکاری سەربازی بۆ عێراق، بەکاری هێناوە. ڕێرەوەکە بە "بەعقوبە"، ناوەندی پارێزگای دیالەدا تێ دەپەڕێت کە لە ڕووی دیمۆگرافییەوە سوننە و شیعەی تێدا دەژی. سەرەڕای ئەمە، ژمارەیەکی بەرچاو لە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە قەزای شەرگات جێگیر کراون، بۆ ئەوەی بەرەو ڕێڕەوی خۆرئاوای موسڵ جوڵە بکەن، کە لە باشوری خۆرهەڵاتەوە تەنیا ٥٠ میل لە شەنگالەوە دوورە، شەنگال و ناوچەکانی باشوریش بەشێکی ئەم هیلالە شیعییە پێک دەهێنن و قەزای تەلەعفەریش لەم نێوەندەدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت. ناوچەکانی نێوان تەلەعفەر و شەنگال، ڕۆڵێکی گرنگیان لە جێبەجێکردنی پلانەکەدا هەیە. قەزای تەلەعفەر تا ئێستایش لەژێر کۆنترۆڵی داعشدایە و، بەشێک لە هێزەکانی پێشمەرگە و پەکەکە لە شەنگال ئامادەییان هەیە و، هەموو ئەمانەیش ترسی گەورەی بۆ تورکیا دروست کردووە.

لەلایەکیترەوە، ئێران بۆ دروستکردنی ئەم کۆریدەرە و گەیشتن بە حومس، هەوڵی نزیکبونەوە لە "حەلەب" دەدات، لەوێیشەوە بەرەو باکوری سوریا و ناوچە عەلەوییەکانی سوریا. بەندەری لازقیەیش کۆتا خاڵی ئەم کۆریدەرە دەبێت کە بە درێژایی جەنگی ناوخۆی سوریا لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی سوریادایە. موسڵ و خۆرئاوای موسڵ، بەستەری نێوان تاران و دەریای سپیی ناوەڕاست و پرۆژەی هیلالی شیعییە، کە بەرژەوەندی و پێگەی تورکیا بچوک دەکاتەوە و، ڕۆڵی جەمسەربەندیی سوننەیش بەگشتی، پاسیڤ دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

### دەرەنجام:

موسڵ، لە سیستمی هەرێمی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەروازەیەکی ستراتیژیی پڕبایەخە. ئەکتەرە جیاوازەکانی ناوچەکە (جەمسەربەندیی سوننە-تورکیا، سعوودیا و قەتەر) و، جەمسەربەندیی شیعە و هاوبەشەکانی، دەیانەوێت لەڕێگەی موسڵەوە هاوسەنگیی هێز دروست بکەن. تورکیا کار بۆ دروستکردنی هەژمونی سیاسی و سەربازیی خۆی دەکات و لە هەمو بکەرەکانیتر زیاتر، خواستی بەستنەوەی موسڵی بە تورکیاوە هەیە. ئێرانیش هەوڵی پڕاکتیزەکردنی خەونە سیاسی و ستراتیژییەکانی خۆی دەدات، بە کۆریدەرێکی نوێ، کە بەشێکە لە جوگرافیای موسڵ.

بەکالۆریۆس لە یاساو رامیاری

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاودێر نیوز - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## شەڕی موسڵ،گەڕانەوە بۆ ئاینده



لەشکر حەمە ساڵح

شەڕی موسڵ دەستی پێکرد بەڵام نازانرێت کەی تەواو دەبێت. ئەمەش بەو مانایەی کە هەندێک هێزی وەک پێشمەرگە و سوپای عیراق و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی شەڕەکەیان دەست پێکرد، بەڵام ناتوانرێت پێشبینی کۆتایی شەڕەکە بکرێت، هەروەک ناشتوانرێت پێشبینی قۆناغی دواتر بکرێت.

دەستپێکردنی شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵو دەرهێنانی لە ژێر دەستی چەکدارانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بە رێکەوتن و هەماهەنگییەکی جیهانی و ناوچەیی بووە، بەڵام نازانرێت، ئەو هێز و لایەنانەی بەشدارن یان بە هۆی شەڕەکەوە بەر کاریگەری دەکەون، تێگەیشتنیان چۆنە بۆ کۆتایی هاتنی شەڕەکە، واتە هەر لایەنە، هەر هێزە و بە جۆرێک دەڕوانێتە کۆتایی ئەو شەڕە.

وەک هەموو لایەن و هێزەکانی تر، کورد بەشدارە لە دەستپێکردنی شەڕی موسڵ، بەڵام تێگەیشتنی کورد بۆ کۆتایی ئەو شەڕە جیاوازە لەگەڵ تێگەیشتنی سوپای عیراق یان هێزە عیراقییەکانی تر بۆ کۆتایی ئەو شەڕە.. بە واتایەکی تر، ئەو ئەنجامەی کورد دەیەوێت شەڕی موسڵ پێی بگات، جیاوازە لەو ئەنجامەی سوپای عیراق یان میلیشیاکانی عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعەو دەوڵەتێکی وەک تورکیا یان وەک ئەوەی ئەمریکا دەیەوێت، لە بەر ئەوە، کۆتایی ئەم شەڕە دیار نییە.

هەرچەندە کورد بەشدارێکی سەرەکییە لە شەڕی موسڵدا، بەڵام پێناچێت روئیایەکی روونی هەبێت لەسەر ئەوەی لە موسڵ چی روو دەدات، ناکۆکی ناوخۆیی هێزە کوردییەکانو پەککەوتنی دامەزراوەیەکی گرنگی وەک پەرلەمانی کوردستانو پێگەی

سەرۆکایەتی هەرێمو فەیرانی دارایی‌و ئابووری هەرێم رۆڵی گرنگی دەبێت لە سەر تێڕوانینی کورد بۆ ئەو شەڕە و لێکەوتە و دوورابیە ستراتیجییەکانی.

لە شەڕی موسڵدا، سوپای عیراق و هێزە ئەمنییەکانی تری وەک دژە تیرۆری عیراق و یەکە سەربازییەکانی تری دەوڵەتی عیراق روئیایەکی روونیان هەیە بۆ موسڵ و ئایندەی موسڵ. هەروەک، حەشدی شەعبی و تەنانەت هێزە سوننییەکانی وەک حەشدی وەتەنی و حەشدی عەشایەریش روئیای روونیان هەیە.

تەنانەت ئەو تورکیایەی هێشتا رێگەی پێنەدراوە بەشداریی شەڕەکە بکات، روئیایەکی روونی هەیە، ئەمریکا و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیش دەزانن لە موسڵ چییان دەوێت، بەڵام تاکە هێزی کاریگەر و گەورە و بەشدار کە رووئیایەکی بۆ ئەو شەڕە نەبێت کوردە، بە تایبەتی باشووری کوردستان.

سەرەڕای ئەو نا روونییەکی لە روئیای کورددا هەیە، کەچی بەشدارییەکی کارا و کاریگەری هەیە لە شەڕی موسڵدا، تەنها ئامانجی روون و بەرجەستەی کوردیش بۆ بەشداری لەو شەڕەدا، ئازادکردنەوەی ئەو ناوچە کوردستانیانەیە کە هێشتا لە دەوروبەری موسڵ نەکەوتونەتە ناوچەی نفوزی هەرێمەوە، هەروەک بەشدارییەکەش مانایەکی گرنگی هەیە بۆ ئەوەی کوردیش لە ئایندەی موسڵدا قسەی هەبێت.

نابێت تێڕوانینی کورد بۆ موسڵ تایبەت بە ئێستا و ئایندەی نزیکی موسڵ بەڵکو، بە رەچاوکردنی مەرام و چاوتێبڕینی وڵاتانی دراوسێ و لە پێشەوەدا تورکیا و هێزە ناوچەیی و هەرێمایەتی‌و تەنانەت جیهانیش، دەبێت روئیایەکی دوورتری هەبێت و بەر لەوەی تێڕوانینی مێژوویی و جوگرافی رەچاو بکات، دەبێت کار لە سەر ئەمری واقیع بکات.

وا کورد بەشداریی شەڕی موسڵ دەکات، کە رەنگە یەکێک بێت لەو شەڕانەی زۆرترین موفاجەئە و سوپرایزی تێدا بێت، ئایا کورد خۆیی بۆ ئامادە کردووە؟ یان کوردیش هیچ سوپرایزێکی ئامادە کردووە؟ دیارە ئەمەش لەو راستییە کەم ناکاتەوە کە شەڕی موسڵ، بە هەموو پێوانە و پێوەرەکانی شەڕێکی قورس و بێزارکەر دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## رومالّی میدیای کوردی و هێرشی داعش بۆ کەرکوک



**کوردۆ فەرەج**

رۆژی ٢٠ - ١٠ - ٢٠١٦ لەبەرەبەیانی هەینیداو دزەکردنی ژمارەیەک چەکداری تیرۆرستی داعش بۆ نێو شاری کەرکوک، جارێکی دیکە هەموانی توشی شوک کرد، شۆک بون بەو مانایە نا کە خەڵکی ترسابێت، بەڵکو بەو مانایەی کە وایکرد هێزە ئەمنییەکانو بەرپرسانی کورد دەبێت بە پلانێکی وردتر شاری کەرکوک بپارێزن، چونکە دەبێت کورد بەتایبەت لەم بارودۆخەدا دور لە بیری ئاینیو سیاسیو حزبیو نەتەوەیی، بەبیری نیشتیمانی پاراستنی خاکی کەرکوک لەئەستۆ بگرن.

بۆیە لەم بارودۆخەدا هەردو هێزی سەرەکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان، کە خاوەنی هێزێکی ئەمنیو سەربازینو بەشێکی زۆری پلانی ئەمنی شارەکە دادەڕێژن، دەبێت لە لێدوانە نا بەرپرسیارییەکان خۆیان بە دور بگرنو ڕێگا نەدەن میدیا، بەتایبەت میدیاکانی نزیک لەحیزبەکانیان ئەو ناکۆکییەی لەشارەکەدا هەیە بەرەو هەڵدێر بەرن.

لەکاتێکدا ئەرکی هێزە ئەمنییەکانی شارەکەیە کە پارێزگاری لە کەرکوک بکەن، بەڵام شان بەشانی هێزە ئەمنییەکان خەڵکی سڤیل لەو شارەدا تا رادەیەک پاڵپشتییەکی باشی ئەو هێزانەن، چونکە هەمیشە خەڵکی ئەو شارانە بە هەستێکی نەتەوەییەوە تێڕوانینیان بۆ پاراستنی شارەکەیان هەبووە بە کردار ئەوەیان سەلماندوە، چونکە ئەو خەڵکەی بەچەک و فیشەکی خۆی بەرگری دەکرد، خۆ دەکرا لەبری بیرکردنەوەی لە هاوکاریو پاڵپشتی هێزە ئەمنییەکان، بەرەو شارەکانی دیکەی هەرێم هەڵبێن، بەڵام لەم نێوەندەدا چەند میدیایەکی کوردی رۆڵێکی زۆر خراپو نا ئێتیکیان بەرپا کرد.

### رومانّی میدیای کوردی

ڕۆژی یەکەمی ئەو هێرشەی چەکدارانی داعش بۆ شاری کەرکوک چەند میدیایەکی کوردی ماوەی (15) سەعات لەرومالّکردنی ئەو روبەڕوبونەوەیەدا یەکێک بو لە هەرە فاکتەرە بەهێزەکان بۆ ترساندنی خەڵکی سڤیلو بڵاوکردنەوەی وێنەی ترسێنەرو پیشاندانی شڵەژاوی هێزە ئەمنیەکانو نیشاندانی جۆری چەکو حاڵەتەکانی بەرگریو ئاشکرا کردنی هەنگاو بە هەنگاوی پلانەکانی هێزە ئەمنیەکانو هێزەکانی پاڵپشتی، وەرگرتنی لێدوانی جیاواز لە بەرپرسە سەربازییەکانو خەڵکی خۆبەخشی مەدەنی، ئەمەش بەشێک بو لەو فاکتەرە بەهێزانەی داعش لە روی میدیاییەوە کاری بۆ دەکاتو لەبری بونی کامێرای چاودێری ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستییە، میدیای کوردی ئەو بۆشاییە گەورەیەی بۆیان پڕ کردبووەوە.

### ڕۆڵی وەزارەتی ڕۆشنبیری

لەکاتێکدا کە لەرۆژی یەکەمدا بەشێوەیەکی خراپ هێرشەکە رومالّ کرا، ڕۆژانی دواتریش چەند میدیاییەکی کوردی هەمان هەڵەی ڕۆژی یەکەمیان دوبارە کردەوە، دەبوایە وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێمو وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەو رومالّە نا ئێتیکییەی کەناڵەکان رابگرێتو سزایی یاسایی بدرێن.

### پیشاندانی روی قارەمانی داعش

سەرەڕای ئەوەی میدیاکان پێشبڕکێیان لەسەر ئەوە دەکرد کە چۆن رومالّی خراپتر بکەن، بەرپرسانی سەربازی شاری کەرکوکو ئەفسەرانی هێزەکانی پێشمەرگەو بەرپرسە بالاکان، لێدوانی نەگونجاو دور لەپاراستنی پلانی ئەمنیو سەربازی خۆیانو ئاماژەکانیان بۆ گەڕانەوەی لیواکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕەوە بۆ شاری کەرکوکو هاتنی سات بە ساتی هێزەکانی دیکە بۆ ئەو شارە، وایکرد بەردەوام رومالّەکانیان بە ئاراستەی ترساندنی خەڵکی سڤیلو پیشاندنی روی قارەمانی چەکدارانی داعشو تێکچونی ئەمنی ئەو شارە بێت، لەبەرامبەر هاتنی نزیکەی ١٠٠ چەکداری داعش. تەنانەت لە چەند سەعاتی ڕۆژی یەکەمی ئەو هێرشەدا میدیایەکی کوردی باسی لەوە دەکرد کە "چەکدارانی داعش لەرێگای بڵندگۆکانەوە داوا لەخەڵک دەکات بە هانایانەوە بچنو پێویستیان بە یارمەتی خەڵکە"، ئەمە نەک تەنیا پێشێلکاریی یاساییە، بەڵکو ئەم میدیایە دەبێت بەخشی رابگیرێتو توندترین لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت.

## بەشی پێنجەم

### نەبونی زانیاری راست لای بەرپرسان

لەلایەکی دیکەش زانیاری هەڵەی بەرپرسە باڵاکان وایکردوە تاوەکو ئێستا نەزانراوە کە چەند چەکداری داعش لەو هێرشەدا بەشداری کردوەو لەکوێوە هاتونەتە شاری کەرکوکەوە، لە دوای نزیکەی (٩) سەعات روبەڕوبونەوە، هەندێک لە بەرپرسانی یەکێتی ژمارەیان جیاوازیان لەسەر چەکدارانی داعش بڵاودەکردەوە، هەندێکیان دەیانوت ژمارەی چەکدارانی داعش (٤٠ - ٥٠) کەسن، هەبو باسی لەوە دەکرد کە ژمارەیان (١٢٠) چەکدار بوە، شایەتحاڵێک باس لەوە دەکات کە گوایە (٣٠ - ٤٠) چەکدار بوە، بە هەمان شێوە بەرپرسانی پارتیش بەردەوام جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ژمارەیان دیاریکراو نیەو ژمارەی جیاوازیان دەوت.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە کە نابێت جارێکی دیکە میدیای کوردی بەم جۆرە روماڵی هێرشێکی لەو جۆرە بکات کە بەردەوامی مەترسی روداوی لێ دەکرێتەوە، چونکە ئەمە تەنیا پەیامنێرو کامێرامان بەرپرس نین، بەڵکو بەڕێوەبەری کەناڵەکانو سەرنوسەرانی بەشی هەواڵ نابێت رێگا بدرێت بەم جۆرە خراپو نا ئێتیکییە روماڵی جەنگو هێرشەکانی داعش بکرێت، چونکە دواجار جگە لەوەی وەک میدیایەکی کارپێکراو بۆ داعش، کارەکانیان نە خزمەت بە میدیای کوردی دەکاتو نە خزمەت بە خەڵکو باری ئەمنی دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - رێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## چا قوربان مەسەلەیەک هەیە
## کەرکووک نەک هەر دڵ یان قودس، بەڵکو بەڕاستی گیانی کوردستانە



**عەبدولکەریم شێخانی**

یۆیە ئەوە دەڵێم تا لەمەزات و قۆرخکاریی سیاسی دووركەومەوە، چونکە وای لێهاتووە هەندێک ناوو دەستەواژە هەن هەریەکەیان لەسەر لایەنێک تاپۆ کراون و لای لایەنەکەی دیکە حەرامن و بەکاریان ناهێنێ. بۆنموونە لە ساڵی ١٩٥٨ دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز وشەی (لاو) هی لایەنێک بوو وشەی (گەنج)یش ئی لایەنێکی دیکەو لاوخوازەکان دەیانگوت گەنج تورکییە، لەکاتێکدا قانیعی نەمر ساڵی ١٩٤٦ شیعرێکی پێنج خشتەکی بەناوی پایز لەڕۆژنامەی (کۆهستان)دا بڵاوکردبووەوە لەیەکێک لەکۆپلێیەکانیدا گوتبووی:

ئەی وەتەن با پێکەوە هەڵکەینە سەر گریان و زار
تۆ لە داخی هەڵپەڕین و من لە داخی عودو تار
تۆ لەبۆ (گەنجانی) لادێ و من لە بۆ (لاوانی) شار
ئەشکی خوێنین با بڕێژین هەروەکو هەوری بەهار
گەر حەیام بێ خوێنی جەرگم شەربەت و شەکراومە

من بەشبەحاڵی خۆم ئەو قۆرخکارییەم پێ باش نییەو دەڵێم زمان هی گەلە نەک لایەنێکی دیاریکراوو دەڵێم تکایە زمانمان مەخەنە قاڵبێکی ئاسنەوە وای لێ مەکەن بەیەک شێوە دەق بگرێ. تەنانەت جارێکیان من لەسەر وشەیەک کە مام جەلال بەکاری دێنا رای تایبەتی خۆم هەبوو نووسیم و هەندێک برادەر لایان گران بوو کە چۆن دەکرێ من ئەوە بڵاوکەمەوە. بەڵام بڵاویشم کردەوەو جەنابی مام جەلال نە تووڕە بوو نە پێشی ناخۆش بوو. جا بۆئەوەی لەئەسڵی



سەرچاوە
Serchawe

مەبەستەکەم دوور نەکەومەوەو لارێ نەبم، دەگەڕێمەوە بۆ رووداوەکەی رۆژی ٢١ - ١٠ و رۆژی دواتری، کە کارەساتێکی زۆر ناخۆش بوو بەرپرسانی شاری کەرکووکی خستە بەرپرسیارو بەرپرسایەتییەوە. بۆ هۆی ئەو رووداوە گەلێک شت گوتراو هەر هەمووشیان ئەگەری رێ تێچووبوون. یەکێک لەوانە تیرۆریستان رۆژی هەینییان بەهەل زانیبوو کە هەندێک بەرپرس شاریان جێهێشتووە، چونکە رۆژی حەسانەوەیەو تیرۆریستانیش ئەو هەلەیان قۆستۆتەوە هەروەک کۆدەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کە لەرۆژی هەینی روویدا. بەڵام ئەوەی کە مایەی سەرسوڕمانە چۆن ١٣٨ کەس وەک دەڵێن لەچەند قۆڵێکەوە هاتوونەتە ناو شارو هیچ لایەنێکی ئەمنی یان پۆلیس پێیان نەزانیون. بۆ دووبارە روونەدانی ئەو جۆرە رووداوە پێوستیمان بەچاوکراوەیی زیاتر هەیە. ئەو رووداوە نەک تەنیا هەر شاری کەرکووک واتە (گیانی) کوردستان، بەڵکو هەموو کوردستانی راتەکاند. بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشییەکی زۆربوو ئەو یەکدەنگییەی خەڵکی کەرکووک بوو کە بە ئەوپەڕی لەخۆبوردووییەوە، گەنج و پیر دەستیان دایە چەک و داکۆکییان لە کەرکووک کرد. بۆ هیچ وا نالێم، بەڵام چاودێرانی سیاسی دەڵێن تەنیا کوردو کەسی دیکە نا، داکۆکییان لە کەرکووک کردو ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کەرکووک شارێکی کوردستانییەو کورد خۆی بەخاوەنی دەزانێ، بۆیە بەرگریی لێدەکا هەروەک چۆن دایک لەهەموو کەسێکی دیکە زیاتر جگەرگۆشەکەی خۆی دەپارێزێ. دوای پاککردنەوەی ئوتێلەکە لەتیرۆریستە خوێنخۆرەکان هەموومان بەچاوی خۆمان دیتمان چۆن ئەفسەرێکی پێشمەرگە پیرێژنە لەپێ کەوتووەکەی لەکۆڵ کردو گەیاندییە شوێنی مەبەست. ئەم میللەتەی ئێمە میللەتی خۆبەختکردن و قوربانیدانەو دژی هیچ نەتەوەو میللەتێک نییەو نموونەش بۆ ئەم قسەیەم ئەوەندە زۆرن کە لە ژمارە نایەن. لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی وەزیری تەندروستیی بەڕێز، یەکێک لەپزیشکەکان ئاماژەی بەوە کرد کە هەڵمەتی خوێن بەخشین بێ وێنە بووەو تەنانەت لەنەخۆشخانەی چوارقوڕنە داوایانکردووە کە کیسەی خوێنیان بۆ بنێرن، چونکە خەڵکی بەلێشاو دێن بۆ خوێن بەخشین و کیسەی خوێنیان نەماوە. ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆ لە ئەنجامی خۆبەختکردن و خوێنی هەزاران شەهید رەخساوەو هاتووەتە ئاراوەو ئێستاش لەبەرەکانی شەڕ پێشمەرگەکانمان بێگوێدانە هیچ رێگرییەک گیانی خۆیان خستووەتە سەر لەپی دەستیان بۆ پاراستنی ئەم دەسکەوتەو داوا لە کاربەدەستانی ئەم گەلە دەکەن کە یەک دەنگ بن با رەنگەکانیشان جیاوازبێ. بەم قسانە مەبەستم ئەوە نییە سۆزی خەڵک ببزوێنم، بەڵکو دەڵێم با ئەمەشمان وەک ئەوانی دیکە لەدەست نەچێ.

پیرەمێردی نەمر دەڵێ:

ئەم ئەڵێ خاوە پیوانەو گەزم
ئەو ئەڵێ ئازام وا هەڵدەبەزم
دووبەرەکییەو تالعی ناساز
ئەمیان ئەڵێ سیر، ئەویان ئەڵێ پیاز



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی پێنجەم

**خەسوو بە خڕکێ، بووکێ بە بڕکێ**
**تێک بەربن شیریان چۆن نابزڕکێ**

ئەمڕۆ لەهەموو رۆژێکی دیکە زیاتر پێویستیمان بە یەکدەنگییە دەبێ هەر لایەنە کەمێک لەداواکارییەکانی خۆی کەم کاتەوەو دابەوێ بۆ گەیشتن بە یەک و هەر لایەنێکیش کەم پێداگرتربێ ئەو لایەنە گەورەترە... ئەم میللەتە داواتان لێدەکا کارێک مەکەن ب هیچ جۆرێک تێک بەربین با شیرەکەمان نەبزڕکێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## کەرکووک پاش هەینیی ڕەش



**هێمن عەبدوڵڵا**

کەرکووکییەکان هەینییەکی سەختیان تێپەڕاند. چاوەکان لەسەر حەویجە بوون و گلەیی ئەوە دەکرا کە بۆچی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ پێش حەویجە خراوە، چونکە، وەک کەرکووکییەکان دەیانگوت: تا حەویجە بەدەست داعشەوە بمێنێ، مەترسی لەسەر کەرکووک لاناچێ. کەچی داعش ئاگرەکەی خستە نێو ئاگردانی گەڕەکە عەرەبنشینەکانی کەرکووکەوە. لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ، پرسیارەکە ئەوە بوو: مووسڵی پاش داعش دەبێتە حەڵەب یان نا؟ کەچی ئێستا پرسیارەکە گۆڕاوە و ئەوەیە: ئەگەر داعش بەو هەموو دوژمنەیەوە کە هەیەتی بتوانێ وا بەهێزەوە بێتە نێو کەرکووک، ئەی لە قۆناغی پاش داعش حەشدی شەعبی و هێزەکانی دیکە ناتوانن کەرکووک بکەنە حەڵەبێکی نوێ؟

دیمەنەکانی هەینیی ڕەش لە کەرکووک دوو دیویان هەبوو: دیوێکی خۆش و دیوێکی ناخۆش. دیوە خۆشەکەی ئەوەبوو کە بەرلەوەی هێزە ئەمنییەکان بێنە دەست، خەڵکی کەرکووک بۆخۆی هاتەدەنگ و نەیهێشت داعش دەست بەسەر شارەکەیدا بگرێت. ئەو دیمەنانە پێشتریش لە کەرکووک بینراون. کاتێک گەڕەکێکی کوردی هەڕەشەی لەسەر دروست دەبێت، گەورە و بچووکی کوردی کەرکووک چەک هەڵدەگرێت و دێتە سەرشەقام. سەرلەبەیانیی هەینیی ڕەش ناخۆشترین سیناریۆ کە چاوەڕوانی بووین ببێتە ڕاستی، ئەوەبوو کە خەڵکی کەرکووک لەگەڵ بیستنی هاتنی بەلێشاوی داعش شارەکەیان بەجێبهێڵن و خۆیان ڕزگار بکەن، بەڵام پێچەوانەکەی ڕوویدا. ڕاستییەکەی تا مێژووی کەرکووکت نەخوێندبێتەوە و کەرکووکییەکان نەناسیت، ناتوانی بەباشی لەوە تێبگەیت کە بۆچی چەکدارە خۆبەخشە کەرکووکییەکان لە هەینیی ڕەشدا لە پەخشی ڕاستەوخۆی ڕووداودا دەیانگوت: "شارەکەمان شەرەفمانە و دەیپارێزین".

## بەشی پێنجەم

مێژووی پەنجا ساڵی رابردووی کوردی کەرکووک مێژووی دەرکردن و زوڵم و مافخواردن بووە. لە شەستەکان و حەفتاکان و نەوەتەکاندا لەسایەی بەعس و حوکمڕانیی پێش بەعسیش، کە عەرەبی سوننە بوون، کوردی کەرکووک خۆشییان لەخۆیان نەبینی. لەدوای رووخانی رژێمی سەدام و بەتایبەتیش پاش هاتنی داعش، کە بەهۆیەوە سوپای عێراق ناوچەکەی چۆڵ کرد و پێشمەرگە کەرکووکی کۆنترۆڵ کرد، کوردی کەرکووک ئەو ژیانەیان بینی کە ساڵەهابوو چاوەڕوانیان دەکرد: واتە ژیانی سەربەرزانە و کوردانە لە شاری خۆیان. بۆیە لەو ماوەیەدا هەر شتێک روویدابێت، لە کەرکووک کە هەڕەشە بووبێت بۆ سەر گۆڕینی ئەو واقیعە، کەرکووکییەکان دژی وەستاونەتەوە.

ئەمە دیوە خۆشەکەیە و دیوە ناخۆشەکەش لە چیرۆکی دزەکردنی ئەو هەموو چەکدارەی داعشەوە بۆ نێو کەرکووک دەستپێدەکات تا دەگاتە ئەوەی تاوەکو ئێوارەی ئەو رۆژەش بێسەروبەرییەکی گەورە بەو هێزە ئەمنییانەوە دیاربوو کە دەبووایە شارەکە بپارێزن. شۆکەکە بۆ ئەوان هێندە گەورە بوو کە کاتێک لەسەر تەلەڤزیۆن قسەیان دەکرد، خۆشیان نەیاندەزانی بەدروستی چی لەو شارەدا دەگوزەرێ. لە دەمی یەکێکیشیانەوە دەرچوو کە ئەو زانیارییەی ئەوان هەیانبووە ئەوە بووە کە داعش بەتەمایە هێرش بکاتە سەر کێڵگە نەوتییەکان. باشووری کوردستان لە نەوەتەکاندا سیستمی فیفتی بە فیفتیی تاقیکردەوە و بۆی دەرکەوت سەرکەوتوو نییە، کەچی هێشتاش لە کەرکووک ئاسایشی فیفتی بە فیفتی لەنێوان پارتی و یەکێتیدا هەیە. خۆیان ئیدیعا دەکەن کە هەماهەنگییان زۆر باشە، بەڵام هەر ئەوەی کە دوو ئاسایشی جیاوازن، نیشانەی ئەوەیە ئاسایشێکی یەکدەست و یەک بڕیار لە کەرکووک نییە.

ئێمە کە باسی کۆتایی قۆناغی سایکس - پیکۆ دەکەین و جارێکی دیکە بەتەما نین کەرکووک تەسلیمی هیچ داگیرکەرێک بکەین، دەبێ پاش هەینیی رەش لە کەرکووک دان بەوەدا بنێین کە تەنیا بەقسە سایکس-پیکۆمان تێپەڕاندووە و بەکردەوە هیچمان بۆ نەکردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## کەرکوک؛ هاوکێشە ئاڵۆزەکە



**ئاراز عەبدولڕەحمان**

ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردودا لە کەرکوک گوزەرا چەندێک خوێندنەوەی سەربازی بۆ بکرێت دو هێندە هەڵگری ڕەهەندی سیاسیە لەبەر ئەوەی شاری کەرکوک لە مێژە گۆڕەپانی ململانێی سیاسی هەرێمی و ناوخۆیی بوە بۆیە ناکرێت تەنها لە ڕوانگەیەکی سەربازیەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت لەبەر چەند هۆکارێک:

**یەکەم**: لە خوارووی ئەو شارە تا دەگات بە ڕۆژئاواو باکوری ڕۆژئاوا کە بە هێزێکی زۆری پێشمەرگە دەورە دراوە لە خۆئامادەکردندان بۆ کۆنترۆڵ کردنەوەی حەویجە.

**دووەم**: شارۆچکەی حەویجە لە باشور و ڕۆژهەڵاتی بەتەواوی گەمارۆ دراوە کە مۆڵگەی سەرەکی چەکدارانی داعشە.

بۆیە دزەکردنی چەکدارانی داعش بەو ژمارە زۆرە کارێکی نەگونجاوە لەبەر ئەوەی جگە لە هاوکاری شانە نوستوەکان هەمویان لە دەرەوەی کەرکوکەوە هاتبون کە زۆربەیان بیانی بون و مەشق پێکراو و لێزان بون هەر بۆیە لەڕوی مەنتقیەوە ناکرێت ئەو چەکدارانە لە ناوچەکانی سلێمانی و چەمچەماڵەوە هاتبن.

**سێیەم**: لە ڕۆژی دوەمی ئۆپەراسیۆنەکەدا فڕۆکەیەکی نەناسراو چەند ناوچەیەکی پێشمەرگەی لە کەرکوک بۆردومان کرد.

**چوارەم**: پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵ کردنەوەی موسڵ بڕیار وابو سەرەتا شارۆچکەی حەویجە کۆنترۆڵ بکرێت. بەڵام بە تاکتیکێکی سەربازی لەلایەن وەزارەتی بەرگری ئەمەریکاو عێراقەوە ئاراستەکەی گۆڕا بۆ موسڵ.

**پێنجەم**: لەگەڵ هاتنی ئەو هێزەی داعش بۆ کەرکوک لە هەمان کاتدا کوتلەکانی عەرەبی سوننە و تورکمانەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرباری هەبونی هێزێکی زۆری پێشمەرگەو هاوڵاتیان لەو شارەدا داوایانکرد هێزەکانی عێراق و حەشدی شەعبی بچنە نێو ئەو شارەوە کە ماوەی دو ساڵە بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی کورد دایە.

**شەشەم**: ژمارەی ئەو هێزانەی هاتنە نێو شاری کەرکوک هێندەی ئەو هێزە بون کە موسڵیان داگیر کرد، ئەو پلانەی کە دایاننابو زۆر شارەزایانە دارێژرا بو ئەویش بەتەواوی بۆ کۆنترۆڵ کردنی شاری کەرکوک هاتبون بەشێوەیەک کە بتوانن لە چەند سەعاتێکی کەمدا کۆنترۆڵی بکەن کە بێگومان دارێژەری ئەم پلانە کەسانی سەربازی شارەزابون.

ئەمانە و چەندین خاڵی تر ئەکرێت بڵێین ئەوەی لە چەند رۆژی رابردو لە کەرکوک رویدا ئەوەندەی لە سیناریۆیەکی هەرێمیەوە نزیکە ئەوەندە هێرشێکی سەربازی روت نەبو بۆ ئەو شارە، بۆیە لێرەوە ئاماژەکانی پاش نەمانی داعش لە عێراق دەردەکەوێت، چونکە بە ئاشکرا دەسەڵاتدارانی تورکیا لەرێگەی ئەو هێزە زۆرەی کە هێناویەتی بۆ عێراق هەڕەشەی دەستێوەردان دەکات لە پاش کۆتایی هاتنی شەڕی موسڵ، بۆیە گومان دەکرێت تورکیا لێگەڕێت بە ئاسانی کەرکوک لەژێر هەیمەنەی کوردستاندا بمێنێتەوە، چونکە لە بنەمادا هێنانی ئەو هێزەی بۆ یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی موسڵ و کەرکوکە ئەگەر نەتوانێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەستێوەردان بکات ئەوا هەوڵ دەدات ناڕاستەوخۆ ئەو دۆسیەیە یەکلا بکاتەوە. ئەم هێرشانەی داعش دەرخەری ئەو راستیەن و ئاڵوگۆڕی دبلۆماسی عێراق و تورکیا لە چەند رۆژی رابردودا لەپاش چەند لێدوان و وەڵامدانەوەیەکی سیاسی، دەرخەری ئەو ئاماژانەن کە لە پاش داعش لێناگەڕێن دەسەڵات لە کەرکوک بەو شێوەیە بمێنێتەوە.

بۆیە گرنگە سەرکردە سیاسیەکان بە وردی ستراتیژی خۆیان دارێژن هەرچەندە بۆ ئەمە درەنگ بوە، چونکە لە ئۆپەراسیۆنی موسڵ دا کورد تەنها هاوکارێکی سەربازیە و پاش کۆتا هاتنی ئەو شەڕە ئەرکی کورد تەواو دەبێت. گرنگە لە ناوخۆدا بە پەیوەندیە حیزبیەکاندا بچینەوە بارودۆخی ئابوری و ئیداری چارەسەر بکرێت، کار بۆ یەکڕیزی نیشتمانی بکرێت، هەروەک چۆن لەسەرەتادا هاتنی داعش بو بە هەوێنی یەکڕیزی نیشتمانی، پێویستە ئێستاش کۆتایی داعش و لەناوبردنی دوبارە بکرێتەوە بە هەوێنی یەکڕیزیمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## کەرکوکو داعشو ئەوانی تر



**مەلا فرمان**

ئەم جارە نە حوسەینیە ، نە شیعەی عەرەب، نە شیعەی تورکمان نە ئایین و ئایینزا پەلامار درا. بەڵکە تەنها کورد و کەرکوک ئامانج بوون. ئەمانیش مەردانە و مامە ریشە ئاسا سەلماندیان جین و کەرکوک چیە، منیش سەریان بۆ دادەنوێنم.

لە ٢٠٠٣ - تەقینەوەکان لە ژمارە نایەن

- هێرشی تیرۆررستان و داگیرکردنی باڵەخانەی ئوتێل کەرکوک، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس، جەواهێر مۆڵ تا دەگاتە هێرشەکەی نێوەشەوی ٢٠ و ٢١ - ١٠ - ٢٠١٦ داگیرکردنی چەند شوێنێک...هتد، رووداوگەلێکن چەند بارە بونەتەوە، بێئەوەی هیچ دەرس و پەندێکی لێوەربگیرێ.

- تەقاندنەوەی بۆڕی نەوت، کونکردنی بۆڕیەکان و دزینی نەوت، تاڵانکردن و بردنی نەوت بە تانکەر و بۆڕی دیاردەیەکە لە ٢٠٠٣ بەردەوامە.

- ئاسایشی پارتی، ئاسایشی یەکێتی، دژە تیرۆری یەکێتی و پارتی، پێشمەرگەی هەردولا، هێزە رەشەکە و لێواو و فەوجی تایبەتی سەرکردەکان، پۆلیسی عێراق، دەزگای هەواڵگری عێراقی و چەندینی تر.... تا دەگاتە بەڕێوەبەر و جێگری قوتابخانەکان بەرهەمی کارکردنی ساڵانی رابردوی حیزبی کوردین.

## بەشی پێنجەم

- لە ٢٠٠٣ بۆ ئێستا بە شێوەی جیاجیا تەعریبەکەی سەردەمی بەعس بەردەوامە. لە هاتنی داعشیشەوە ئاوارەبوون بۆتە شێوەیەکی تری بەعەرەبکردن. لە پەیدابونی حەشدی شەعبی (شیعی) وە سونەی عەرەب روو لە کەرکوک دەکەن، لە هەندێ شوێنیش لە لایەن حەشدەوە رێگەی گەڕانەوەیان پێنادرێ.

- هەزاران شەهید و بریندار، زیاتر لە ١٠٠ شەهید تەنها لە دوو رۆژی ٢١ و ٢٢ - ١٠ - ٢٠١٦
- رفاندنی مناڵ و کەسانی دەوڵەمەند و کوشتنی کەسانی پسپۆڕ و رۆژنامەنوسان بە ژمارە کەمنین. سۆران و ستار دوو برینی سارێژنەکراوی جەستەی کەرکوکن.

- بوونی سەدان چەکدار و دەیان ئۆتۆمبیلی جام رەش و بێژمارە شەقامی شاریان ناشرینتر کردووە.

- گەندەڵی لە سەرتاپای جومگەکانی حکومەت، واسیتە و پارە بۆ زۆربەی کارەکان لە دائیرەکانی حکومەت، دیاردەیەکە هێندە باوە لە جادە باس دەکرێت.

هەموو ئەمانە لە سایەی دەسەڵاتی کوردی و ئیدارەی کەرکوکدا رویانداوە.

### بەر لە پەلامارەکە

- چەند بەرپرسێکی ئەمنی و مەیدانی باس لەوە دەکەن کە پێشتر زانیاریان لەسەر ئەم پەلامارەی داعش هەبووە.

- باس دەکرێ کە بەغدا ئاگاداری کەرکوکی کردۆتەوە لەسەر ئەم پەلامارەی داعش

- بەرپرسێکی سەربازی دەڵێت؛ "شەوی ٢٠ و ٢١ - ١٠ حەشدی شەعبی نزیک تازە ئاگاداری کردومەتەوە کە کۆمەڵێ چەکدار بەرەو ناو کەرکوک دێن"، لەو شوێنە بۆشاییەیکی زۆری لێیە و دەتوانرێت لەوێوە دزەبکرێت بۆ ناو شار".

- هاوڵاتیەک دەڵێت؛ "ئێوارەی پێشوتر ئاگاداری بەرپرسێکی سەربازیم کردووە کە هێزێکی داعش لە جوڵەدایە".

- ئێوارەی پەلامارەکە "فرۆکەیەکی نەناسرا، لە تەکیەکی تورکمانی شێعە دەدات

لە قەزای داقوق، ٢٥ شەهید و ٤٥ بریندار لێکەوتەوە، پاشان هەمان فرۆکە بۆردومانی سەنگەرەکان پێشمەرگەی داوە، ٢ شەهید و ٤ بریندار لێکەوتەوە". پرۆپاگەندەی دابەزینی هەلیکۆپتەر لە جەبەل بۆر و گوندی قوتان گەرمە و رۆژانە دووبارە دەبێتەوە. لە ماوەی ساڵی رابردودا تەنها لە ناوچە قەرەناو ٢ جار هەلیکۆپتەر بوردومانی ناوچەکەی کردووە، جارێکیان شوانێکی شەهید کرد و چەند مەڕی کوشت. کۆپتەری کێ بوو؟ لە کوێوە هات؟ چۆن هات؟ کەس نازانێت. وەک ئەوەی شار بێ خاوەن بێت.

## رۆژی پەلامارەکە

لە کازێر ٣ شەوی ٢٠ و ٢١ - ١٠ پەلاماری داعش لە ناو شار دەستی پێکرد، لە سەعاتی سفردا دەستیان گرت بەسەر چەندین شوێنی گرنگ لە شارەکە. ئەم هێرشە بە تەواوی جوڵەی لە شاردا پەکخست. هێزە ئەمنیەکان و پێشمەرگە و خەڵکی خۆبەخش کەوتنە خۆ بۆ روبەرۆبونەوە.

دەیان هێز و گروپی جیاجیا خزانە ناو شارەکە، بە جۆرێک کە کاری پێکەوەیی و بەرنامە رێزی یەجگار قورسکرد، بە نمـوونە لە دەوری ئـوتێلەکەی بـازاری مەجیـدیە و بەرامبەر قەڵای کەرکـوک، چەنـد لیـوا و فەوج و خەڵکـی خـۆبەش کـۆ بوبـوونەوە، لە کاتێکدا بـۆ ئەم جـۆرە کـردەوانە ٥٠ کەس بەسە. ئەوانەی کەناڵەکـانی راگەیـاندنی بینیبێـت، تێـدەگات لە بارودۆخەکە، دوژمنیش دەزانێت جی بکات و جۆن کاری لەسەر بکات.

## راگەیاندنەکان

**دەرکەوت کە پەیامنێران و راگەیەندکارەکان لە گواستنەوەی رووداوەکاندا:**

١- زۆر نەشارەزان؛
٢- گەرم دەبن و ئاگایان نامێنی چی دەگوازنەوە
٣- هەنـدێ لە گواسـتنەوە راسـتەوخۆکان زیـان بە دۆسـت و قـازانج بە دوژمـن دەگەیەنـێ. گواسـتنەوەی قوتـابخـانەی رود لە گەڕەکی ئەسرا و مەفقودین.
٤- گواستنەوەی هەندێ دیمەنی شەڕەکەو، دیمەنی جۆنیەتی پەلامردان.
٥- کەمی نەشارەزایی و نەزانین هۆکاربوون بۆ رەچاونەکردنی قازانجی نەتەوەیی و نیشتمانی لە گواستنەوەی رووداوەکان.

## بەشی پێنجەم

لە راستیدا دەبوو راگەیاندنی کوردی کەمتر چاویان بخستیایاتە سەر کەرکوک، بەڵکە دەبوو زیاتر رویان لە شەڕی موسڵ بکردایا، ئەمەش دەبوو بە یەکێ لە هەنگاوەکانی پوچەڵکردنەوەی بەرنامەی داعش.

### لە ۱۹۹۱ پێشمەرگە کەرکوک

لە راپەڕینی ۱۹۹۱ هێزی پێشمەرگە لە ناحیەی ئاڵتونکۆپریەوە چەند مەفرەزەیەک لە پێشمەرگەکانی شارەزا بە کەرکوک و ناوچەکە بەرێکەوتن بۆ ناو گەڕەکی رەحیم ئاوا (۱۰۰% گەڕەکێکی کوردیە)، بە هاوکاری چەند شارەزایەکی هاوڵاتی، نزیکەی کاژێر ۳ بەیانی گەیشتنە رەحیمئاوا و دەست بەکاربوون و پەلاماری دەزگا ئەمنیەکانی بەعسیان دا. هەر ئەو شەوە هاوکات لەگەڵ پەلاماری ئەو هێزە، هێزی پێشمەرگە لە قۆڵی سلێمانی و هەولێرەوە پەلاماری رەبایەکانی دەرەوەی شاریان داو هێرشیان بەرەو ناو شار دەست پیکرد، تا ئێوارەی دواتر هەردوو هێزەکە لە ناو کەرکوک یەکیان گرتەوە.

بۆ پێشگیری لە راپەرین و هاوکاریکردنی پێشمەرگە، چەند رۆژێ بەر لە هێرشی پێشمەرگە بەعسیەکان هەرچی گەنج و پیاوی کورد هەبوو لە کەرکوک زیندانی کرد. لە گەڵ هەموو هەموو ئیجرائاتەکانی بەعس پێشمەرگە سەرکەوتنی بەدەست هێنا و کەرکوکی ئازاد کرد.

### چۆن تیرۆرستەکانی داعش گەیشتنە کەرکوک

داعش پەلاماری هێزە ئەمنیەکانی نەدا بە مەبەستی شەڕکردن، بەڵکە پەلامارەکانی دەست پێکرد بە مەبەستی گەورەکردنی پانتایی کاریگەریەکانی، لە گەڕەکەکانی خواروی کەرکوک دەستی پێکرد بە درێژایی بەستی خاسە تا دەگاتە ناوەڕاستی شار. هەر ئەو شەوە لە بەرەکانی شەڕ لە خواروی کەرکوک پەلاماری هێزی پێشمەرگەی کوردستانی دا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

### هێزەکەی داعش پێکهاتبوو لە:

١- زیاتر لە ۱۰۰ سەد چەکدار و لە دەرەوەی کەرکوک هاتوون

٢- لە ناو شاردا شوێنی حەوانە و چاوساغیان هەبووە

٣- پێشتر کاریان لەسەر کۆکردنەوەی زەخیرە، داودەرمان و تەقەمەنی کردووە لە هەندێ لەو شوێنانەی داگیریان کردووە. ئوتێل سنەوبەری پاڵ باڵەخانەی پارێزگا بە نموونە.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی پێنجەم

خۆئامادەکردن بۆ ئەم جۆرە کردەوانە بەدەرە لە توانای ڕێکخراوێکی وەک داعش بە تایبەتی لە کاتێکدا لە پاشەکشەی بەردەوامدایە و لە موسڵ فشاری زۆری لەسەرە، پەیوەندی نێوان حەویجە - موسڵ بڕاوە. پێشتریش زانیاری تەواو هەبوو کە داعش هێزی زۆری لە حەویجە نەهێشتووە. بۆیە ڕێی تێدەچێت وڵاتێک یان هێزێکی بەتوانای دارایی و سەربازی و هەواڵگری یارمەتی داعشی دابێت لە ئەنجامدانی ئەم کردەوەیە.

### ڕۆڵی ئاوارەی عەرەب

پیکهاتەی عەرەب لە کەرکوک و سنوری پارێزگاکە عەرەبی سونەن و زۆربەیان لە سەردەمی بەعس سودمەند بوونە و خۆیان بە باڵادەست زانیوە. لەو شوێنانەی زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوان پێکدەهێنن داعش توانیویەتی کۆنترۆڵی بکات: قەزای حەویجە، ناحیەکانی ریاز، حەبازیە و زاب بە نموونە. لە پەیدابوونی حەشدی شەعبیشەوە هێندەی تر عەرەبی سوونە لە بەغدا نەک هەر دوورکەتۆتەوە بەڵکە بە چاوی ناحەز و دوژمنکارانە دەڕوانێتە بەغدا، تیلی چاویشی لە کورد نەبڕیوە. بۆیە هیچ گومان لە تاکی ئەم پیکهاتەیە ناکرێت لە هاوکاریکردنی نەک تەنها داعش بەڵکە هەر هێزێک دژی بەغدا و کورد بوەستێتەوە.

لە ٢٠٠٣ و بەر لە بوونی ئاوارەی عەرەب بەردەوام تەقینەوە و پەلاماردان لە کەرکوک رویداوە. دەیان تیرۆرست و هاوکارەکانیان لە کەرکوک گیراون و کوژراون، بەشی هەرە زۆری ئەو کارە تیرۆرستیانە لە حەویجە ئامادەکاری بۆ کراوە و نێردراوەتە کەرکوک. ئاوارەکانیش بەشێکیان پێشتر لەو ناوچانە بوونە ، بۆیە ئێستا هاوکاریکردنیان بۆ داعش لەم هێرشە نابێت بەدوور بزاندرێت. بەڵام دەبێت بگوترێ ئیدارەی کەرکوک دەیتوانی هەموو ئەم ئاوارانە باشتر کۆنترۆڵ بکات. لە لایەکی ترەوە بە جێیە ئەگەر بگوتریت داعشەکەی .

### بەغدا

دەبێت بگوترێ کەرکوک لە نێوان بەغدا و هەولێردا گیری خواردووە. بەغدا نەک هەر کەم تەرخەمە لە هاوکاریکردنی هێزە ئەمنیەکانی کەرکوک، بەڵکە ڕیگریشیان لێدەکات. ئیدارەی کەرکوک لە ئیدارەدانی ئەم شارە دەبێت ئەم راستیە بزانێ و لێرەوە بەرنامەکانی خۆی دارێژێ بە تایبەتی بەرنامەی ئەمنی.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی پێنجەم

### ئیدارەی کەرکوک و هێزە ئەمنیەکان

بێ درێژ دادڕی، جگە لە روداوەکانی ١٣ ساڵی رابردوو ئەم ٣ روداوە بەسن بۆ سەلماندنی کەمتەرخەمی، نەزانی، گەندەڵی، پاشاگەردانی و بێسەروبەری لە ئیدارەدانی ئەم شارە لە سەرجەم بوارەکانی حوکمڕانیدا:

١- داگیرکردنی ئوتێل سنەوبەر بە دوری ١٠٠ مەتر لە باڵەخانەی پارێزگای کەرکوک. واتە گرتنی پارێزگاکە و پارێزگارەکە خۆی.

٢- هاتنە ژورەوەی ئەو هێزە زۆرە بۆ ناو کەرکوک، لە کاتێکدا زۆرترین هێز لەم شارەیە، سێ لای شار بەرەی شەڕە و هێزی لێیە، بیانویەکی بێ بنەمایە باس لە کردەوە تیرۆرستیەکان لە ئەمریکاو و ئەوروپا بکرێت و وەک پاساوی روداني ئەم کارانە لە کەرکوک باس بکرێت.

٣- شەهیدبوونی زیاتر لە ١٠٠ سەد تاکی کەرکوکی لە دوو رۆژدا.

ئەمەش بە مانای ئەوە دێ ئەم ئیدارەیە لە خەونی قوڵدایە و ئەوەندەی بە چێژەکانی ژیانی خۆیەوە سەرقاڵە ئەوەندە لە خەمی شاردا نیە.

### لە کۆتاییدا جێی ئەوەیە و کاتێتی:

١- ئەم ئیدارەیە لە بەرزترین دەسەڵاتەوە دەست لە کار بکێشنەوە و داوای بووردن لە دانیشتوانی کەرکوک بکەن.

٢- لە کار دوور بخرێنەوە و کەمتەرخەمان بدرێنە دادگا.

٣- ئەنجومەنێکی بەسەرجووی بێدەسەڵات لەوە زیاتری بۆ ناکرێت.

### لە سەر ئاستی حیزبی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێویستە بێ دواکەوتن:

١- دەست بەکار بێت لە گۆڕانکاری ئیداری لەم شارە

٢- فشار بخاتە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هاوکاریکردنی لەم گۆڕانکاریە ئیداریە

٣- داوا لە حیزبەکانی تر بکات بۆ بەشداریکردن و هاوکاریکردن.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی پێنجەم

بەر لە دوا قسە، پێویستە بگوترێ پارتی و یەکێتی بەرپرسی یەکەمن لەو بارودۆخەی ئێستای ئەم شارە، چونکە لەسەر دەستی ئەمان بەشی زۆری بەرپرسانی ئەم ئیدارەیە دانراوە.


ئەگەر هەنگاو نەنرێت دەبێت چاوەڕوانی چەندین دڵخروپانی تر بکەین و پاشەڕۆژی شارەکەشمان باش نابێت و کوردی ئەم شارەش دەبێت بە ئاوارە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شار پریس - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## مەترسیەکانی هێشتنەوەی حەویجە بۆ دوای مووسڵ



عارف قوربانی

کێ بڕیار لە هەڵبژاردنی کات و شوێنی شەڕ دەدات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر نهێنی لەبارەی داعش ئاشکرا دەکات. چونکە سەربارى ئەوەی هەموو لایەک داعش وەک مەترسی و دوژمن دەبینن، بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا، نموونەی زۆر هەن کە گومانی ئەوە دروست دەکەن، هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ داعش دەکرێت.

داعش ناسنامەکەی بۆ هەموو لایەک ڕوونە، بەڵام زۆر ڕوون نییە کێ ئاراستەیان دەکات. هیچ گومان لەوەدا نەماوەتەوە کە دەستی زۆر لایەن گەیشتوونەتە ناوەندەکانی بڕیاری داعش، هەر لایەنە و بۆ مەبەستی خۆی، بەپێی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی، دەیەوێ داعش بەکاربەرێت.

پێشتر لە سووریا و لەم دوو ساڵ و چەند مانگەشدا کە روویان لە عێراق کردووە، بە ئاشکرا هەست بە چۆنێتی بەکاربردنیان و جۆرێک لە کۆمەککردنیان دەکرێت، تەسلیمکردنی نەینەوا و چەند شار و شارۆچکەیەک بەبێ بەرگری، جێهێشتنی دەیان کۆگای چەک و جبەخانەی سەربازی، نزیکبوونەوەیان لە بەغدا و پێچەوانەکردنەوەی ئاراستەی هێرشەکانیان بۆ شنگال، گەیشتن بە سنوورەکانی ئامرلی و سامەڕا و روو وەرگێڕانیان بۆ کەرکووک، هەڵدانە خوارەوەی چەک لە ئاسمانەوە بۆ جەلەولا و گواستنەوەی چەکدارە پەرتەوازەکانیان لە حەوزەی حەمرینەوە بە هەلیکۆپتەر بۆ حەویجە، بازرگانیکردنی نەوت لەگەڵیان، پێدانی ئۆتۆمبێل و پارە و ئاو و کارەبا، جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنن. پێویستە شارەزایان و توێژەران، ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و سەنتەرەکانی زانیاری بەدواداچوونی ورد بکەن بۆ گەیشتن بە راستی و دروستیی ئامانجەکانی داعش.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام ئەوەی بۆ ئێستا جێگەی پرسیار و تێڕامانە، بڕیاردان بوو لە دواخستنی رزگارکردنی حەویجە بۆ دوای مووسڵ، لەو ساتەوە کە راگەیێندرا شەڕی مووسڵ پێش حەویجە دەخرێت، بەردەوام پرسیار لە خۆم و لە خەڵک دەکەم، ئامانج چییە لە هێشتنەوەی حەویجە بۆ دوای مووسڵ؟ لەو وەڵامانەی بەرگوێم کەوتن، گوایا (ئەوە تاکتیکی سەربازییە و لە ئەگەری رزگارکردنی مووسڵ لە دەستی داعش، حەویجە کۆتایی پێدێت).

لای من ئەوە وەڵامێکی باوەڕپێهێنەر نەبوو، چونکە ئەگەر لەڕووی تاکتیکی سەربازیشەوە ئەوە راست بێت کە بە کەوتنی مووسڵ، حەویجە کۆتایی دێت، بەڵام لە رووی واقیعییەوە شەڕی داعش لێکەوتە و ئامانجگەلی زۆرتری هەن، ململانێی نێوان سوننە و شیعە، هەوڵی تەسفیەی حساباتی نێوان هێزەکان، کێشەی کورد و بەغدا، ناکۆکی لەسەر ناسنامە و حاکمیەتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، هەوڵی بەغدا لە دروستکردنی ئەمری واقیع بۆ مانەوەو چەسپاندنی حەشدی شەعبی و زۆر کێشەی دیکە، سەرچاوەی گومانی زۆرن کە نەک تەنها وەک کارتێک بۆ کەرکووک و گەرمەسێر، بەڵکوو بۆ ئامانجی سیاسی گەورەتر حەویجە دەهێڵدرێتەوە.

ئەوەی لە سێ رۆژی رابردوودا لە کەرکوک روویدا، سەلمێنەری ئەو راستیەن، ئەگەرچی وەکوو قۆناغی تاکتیکی، داعش ویستی بە پەلاماردانی کەرکوک چەند ئامانجێکی تر بپێکێ لە کەمکردنەوەی فورسایی هێز لەسەر مووسڵ، بەتایبەت دوای ئەوەی لە دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکانی مووسڵدا دەرکەوت کە شکاندنی داعش تەنها بە پێشمەرگە دەکرێت، سوپای عێراق ناتوانێ پێشڕەوی بکات. داعش بە پەلاماردانی کەرکوک ویستی هاوسەنگیی بەرەی شەڕی لەگەڵ پێشمەرگە بگۆڕێت و کورد ناچار بکات بەشێک لە هێزەکانی بکشێنێتەوە بۆ کەرکوک. هەروەک ویستی ئەوەش پیشانی جیهان بدات کە مووسڵ پارووییەکی ئاسان نییە، ئەگەر بە پەنجا چەکدار بتوانێت بێتە ناو کەرکوکەوە و بەرگەی دوو رۆژ شەڕکردن بگرێت، بە دەیان هەزار چەکدار لە موسڵ دەتوانێ زۆر بمێنێتەوە.

داعش لە مووسڵ زۆر بەرگە بگرێت یان کەم، شەڕ بکات یان چەکدارەکانی بگوازێتەوە بۆ ناو سووریا، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە هێشتنەوەی حەویجە کارتێکە بۆ لێدان لە پێگەی کورد بەکاردەبرێت. گەرچی وەڵامی دروستی ئەوەم لانییە کێ بڕیاری لەسەر دواخستنی شەڕی حەویجە داوە، بەڵام گومانم لەوە نییە کە هێشتنەوەی حەویجە لەلایەک بۆ زاڵبوونەوەی هەیمەنەی بەغدایە لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و لەلایەکی تریشەوە بۆ کەمکردنەوەی رۆڵی پێشمەرگەیە تا لە کۆتاییەکانی شەڕی داعش وەک تاکە پاڵەوانی شکستپێهێنانی داعش نەمێنێتەوە.

واقیعی ئەم دوو ساڵەی شەڕ، ئەو وێنایەی بە پێشمەرگە بەخشی کە لەپێش چاوی جیهان وەک پاڵەوانی شکاندنی داعش

دەربکەوێت. لەسەر ئەرزی واقیعیش بەشی هەرە زۆری ناوچە کوردستانیەکان کە پێش هاتنی داعش لە دەستی سوپای عێراقدا بوون، پێشمەرگە رزگاری کردن و ئێستا لەلایەن پێشمەرگەوە دەپارێزرێن. بەغدا نە دەیەوێ پێشمەرگە بە پاڵەوانێتی بمێنێتەوە و نە دەشیەوێ ئەو ناوچانە لەژێر دەستی پێشمەرگە بمێننەوە. چەند جارێک بیستوومانە کە لەسەر ئاستی باڵای هەردوولا لێدوان دەدرێن لەبارەی ئەوەی هەرێم تەئکید دەکاتەوە کە هەموو ئەو ناوچانەی بەخوێنی پێشمەرگە رزگار کراون، جارێکی دیکە لێی ناکشێنەوە، بەغداش تەئکید دەکاتەوە کە دەبێت پێشمەرگە بگەڕێتەوە ئەو ناوچانەی پێش هاتنی داعش لێی بوون.

هێشتنەوەی حەویجە بەدەر لە خواستی تەسفیەی سوننە لەلایەن شیعەکانەوە، بۆ خزمەتی ئەو دوو ئامانجەی بەغدایە دژ بە هەرێمی کوردستان. وەک چۆن پێشتر هەوڵی زۆریان دا کە رێگە نەدەن پێشمەرگە بەشداری لە رزگارکردنی مووسڵدا بکات، ویستیان کۆتایی داعش بۆ سوپا و حەشدی شەعبی تۆمار بکەن، واقیعی ناوچەی مووسڵ بوو بەئەمری واقیع کە بەبێ پێشمەرگە نەتوانن شەڕی مووسڵ بکەن، بۆیە لەوێ شەراکەتیان قبوڵ کرد و بە دواخستنی حەویجەش دۆخێک دروست دەکەن کە جارێکی تر کۆتایی داعش لەم ناوچانە بە هاوبەشیی پێشمەرگە و سوپای عێراق و میلیشیا شیعەکان بێت، تا لە قۆناغی دوای داعش مافی هاوبەشی لە حاکمیەتی ئەم ناوچانە بەدەستبێنن.

دوور نییە تا شەڕی مووسڵ تەواو دەبێت، چەکدارە پەرتەوازەکانیان بە حەویجەدا بهێننەوە کەرکوک تا سەعدیە و جەلەولا، بۆ ئەوەی دوای کۆتایی مووسڵ سوپا و میلیشیا شیعیەکان بێنن و بەشداری چنینەوەی داعشە پەرتەوازەکان بکەن. بەمەش ئەو وێنایەی پێشمەرگە ناهێڵن وەک پاڵەوانی شکێنەری داعش، لەسەر ئەرزی واقیعیش دەبنەوە شەریکە بەشی حاکمیەتی ناوچەکە و بە رێوشوێنە دەستووریەکانی بەغدا داوای کشانەوەی پێشمەرگە دەکەن لەو ناوچانە.

بۆ ئەوەی ئەم تەڵەیە بەپێی کورددا نەتەقێ و بۆئەوەی زەمینەی شەڕی سوپای عێراق و میلیشیا شیعەکان لە دوای داعش نەبێتە ئەمری واقیع، پێویستە کورد رزگارکردنی حەویجە بکاتە ئەمری واقیع و پێش مووسڵی بخات، یاخود شانبەشانی شەڕی مووسڵ، حەویجەش رزگار بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت - رێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

بەشی پێنجەم

## لە موسڵ هەر دەوڵەتەو ئەجیندای خۆی هەیە



ئامادەکردنی: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ڕۆژنامەی «ليبراسيۆن» ی فەرەنسی لە ڕاپۆرتێکیدا باس لە نیازو مەرامی دەوڵەتانی بەشداربووی جەنگی رزگارکردنی موسڵ دەکات و پێی وایە هەر دەوڵەتەو ئەجیندای تایبەتی خۆی لەم شەڕەدا هەیە.

### داعش کۆمەڵێک نەیار کۆدەکاتەوە

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: ڕاستە لە ئێستادا کۆمەڵێک دەوڵەت لە دژی داعش دەجەنگێن و هەوڵی رزگارکردنی موسڵ دەدەن، بەڵام ئەم دەوڵەتانەش لەناوخۆیاندا کۆک نین و کۆمەڵێک کێشەی زۆریان لە نێواندا هەیە.

### ئەجیندای ئەمریکا

ليبراسيۆن پێی وایە: ئامانجی سەرەکی حکومەتی ئەمریکا ئەوەیە، کەمێک ئابڕو بۆ سیاسەتەکانی ئۆباما بگەڕێنێتەوە، چونکە چ لەناوخۆی ئەمریکا و چ لەدەرەوە، رەخنەی زۆری لێدەگیرێت . هەروەها ئەم جەنگەش دەبێتە دەستکەوتێکی سیاسی گەورە بۆ ئیدارەی ئۆباما، کەلە کۆتایی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی نزیک دەبێتەوە.

### ئەجیندای تورکیا

لەبارەی ئەجیندای تورکیاشەوە ليبراسيۆن دەڵێت: ئەجیندای سەرەکی تورکیا لەجەنگی موسڵ ئەوەیە، کە هاوکێشەی ئێتنی

ناوشارەکە نەگۆڕێت، کەزۆربەیان لە عەرەبی سوونە پێکدێت، لەهەمانکاتیشدا ڕێگری بکات لەبەهێزبوونی ڕۆڵی هێزە کوردیەکان لە موسڵ و جەنگی داعش.

### ئەجێندای ئێران

لەبارەی ئێرانیشەوە لیبراسیۆن پێی وایە: ئەجێندای ئێران ئەوەیە، کە بەرگری لە هەژمونی خۆی لە عیراقدا بکات، کەلە ئێستادا تایەفەی شیعە بەسەر حکومەتدا زاڵن، هەروەها ڕێگری بکات لە بەردەم داواکاری سوونەکاندا، کە داوای ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی دەکەن.

### ئەجێندای عیراق

لەبارەی ئەجێندای عیراقیشەوە لیبراسیۆن پێی وایە: ڕاستە ڕزگارکردنی شاری موسڵ خۆی لەخۆیدا سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ حکومەتی عیراق، چونکە دووەمین شاری گەوری عیراقە، هەروەها حکومەتی عیراقی دەیەوێت لەڕێگەی ئەم جەنگەوە، جارێکی تر شکۆمەندی بۆ سووپاکەی بگەڕێنێتەوە، چونکە پێش دوو ساڵ بەوپەری شەرمزارییەوە، شارەکەی بۆ داعش جێهێشت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## نەبەردیی کەرکوک



**هەڵکەوت زەنگەنە**

دوا نەبەردیی رۆژی ٢١ - ١٠ - ٢٠١٦ی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو دژەتیرۆرو ئاسایشو پۆلیسو هێزە ئەمنییەکانو خۆبەخشەکان لەکەرکوک، سەلماندییەوە کە نەبەردیی کەرکوک بەردەوامە.

نەبەردیی کەرکوک لەبەرامبەر نەیارانو ناحەزانی گەلی کوردستاندا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، روبەڕوبونەوەی سیاسەتی (تەعریبو تەرحیلو تەبعیس)ی رژێمی رووخاوی بەعسو کارە قێزەونەکانی دیکەی رژێمی بەعس لەکەرکوک، دیارترین نموونەیە، بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادیی عیراقەوەو لە ٢٠٠٣ بەدواوە هێندەی تر خۆڕاگریو نەبەردییەکانی کەرکوک، پڕماناتر بوون، ژمارەی پەلامارە تیرۆریستییەکانو ئاماری شەهیدو بریندارانو زیانەکانی ئەو پەلامارانەو خۆڕاگریی کەرکوکییەکان، سەلمێنەری ئەو راستییەن، ئەم پرسە لەدوای پەلاماری تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کەرکوک واتایەکی دیکەی وەرگرت، چونکە تیرۆریستانی داعش لەدوای داگیرکردنی موسڵ لە ١٠ - ٦ - ٢٠١٤، ئامانجی سەرەکییان داگیرکردنی کەرکوک بوو، بۆ ئەو مەبەستەش هێزو توانای زۆریان خستەگەڕو ژمارەی پەلامارەکانیان بۆ سەر کەرکوکو پیلانە شکستخواردووەکانیان دەرخەری ئەو راستییەن، کە داگیرکردنی کەرکوک بەلای تیرۆریستانی داعشەوە، ئامانجێکی لەپێشینەیان بووە، بەڵام ئەوە خۆڕاگریو نەبەردییەکانی هێزی پێشمەرگەو دژەتیرۆرو ئاسایشو پۆلیسو هێزە ئەمنییەکانو هێزەکانی دیکەو کوردستانیانی کەرکوک بوو، هەمیشە پیلانی تیرۆریستانی پووچەڵکردۆتەوەو لەوپێناوەشدا گیانی سەدان فەرماندەو پێشمەرگەی قارەمانو خۆبەخش کرایە خەڵات بۆ پاراستنی کەرکوکو کوردستان. ئەوە گیانی نیشتمانپەروەریی پێشمەرگەی قارەمانی سەرجەم ناوچەکانی کوردستانو تەنانەت پارچەکانی دیکەی کوردستانیشە، کە هێزی زۆری تیرۆریستانی داعشی لەمیحوەری کەرکوک، لاواز نیشانداوە.

## بەشی پێنجەم

ئەگەر تەماشای دوا پەلاماری تیرۆریستان بۆ سەر کەرکوک بکەین، ئەوە زیاتر روونده‌بێته‌وه، کە داگیرکردنی کەرکوک بەلای تیرۆریستانی داعشەوە تەنانەت لەموسڵیش لەلایان گرنگترە، لەحاڵەتێکی لەوجۆرەدا ئەرکی هەموولایەکە، کە ئامادەکاریی زیاتر بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو بکەن، بۆ ئەوەش پێویستە ئامادەکارییەکان چڕترو پلاندارترو وردتر بێت، ناکرێت یەکێتیی ئەوروپا، کە سنوورەکانی هەزاران کیلۆمەتر لەداعشەوە دوورە، بەڵام هەر لەئێستاوە قسە لەقۆناغی دوای رزگاریی موسڵو مەترسییەکان دەکاتو لەوبارەیەوە هۆشداریی دەدات، بەڵام ئێمە، کە لەسەنگەرداین بەرامبەر تیرۆرو هەمووشمان لەبارەی مەترسییەکانەوە هاوڕاین، بەڵام بۆ روبەڕوبونەوەی مەترسییەکان هێشتا یەکدەنگو یەکڕیز نەبین!

### پەلامارەکەی تیرۆریستان بۆ سەر کەرکوک ئەو راستییەشی زیاتر خستەڕوو، کە پێویستە:

- ئامادەکارییەکان بۆ ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی حەویجە زوو کۆتاییان پێبهێنرێتو پەلەبکرێت لەدەستپێکردنیو هەر لەئێستاشەوە بەرنامەی گونجاو بۆ شێوازی مامەڵەی کەرکوک لەگەڵ حەویجەدا دابنرێت، چونکە هەموولایەک یەکدەنگن لەسەر ئەوەی (حەویجە بەڵایە بۆ کەرکوک)، لەوبارەیەشەوە تەنانەت ماوەیەکی زۆر پێش هاتنی تیرۆریستانی داعش بۆ سنوورەکە، لەدیدارێکی رۆژنامەوانیمدا لەگەڵ د.نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک کە لەژمارە٦٠٤٧ی رۆژی ١٠ - ٤ - ٢٠١٣ی کوردستانی نوێ دا بڵاوکرایەوە، بەڕاشکاوی باسی لەوەکرد (حەویجەو ناوچەکانی دەوروبەری، بەعسییەکانو چەند گروپێکی تیرۆریستیی لێیە، لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا دەوڵەت نەیتوانیوە لەو شوێنانە دەریان بکات، بۆیە بەبەهێزیی ماونەتەوە، ئەوان ئێستا زیاتر دەتوانن لەو سنوورانەوە بێنەناو کەرکوکەوەو کاری تیرۆریستی بکەن).

- هەرچی زووە پەلەبکرێت لەکۆتاییهێنان بەفەرمانگەو سیماکانی دوو ئیدارەیی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای کەرکوک، لە پێش هەمووشیانەوە کۆتاییهێنان بەدوو ئاسایشی لەکەرکوکو ناوچە دابڕێنراوەکانو ململانێ حزبییەکانیش بەتەواوی کاڵبکرێنەوە.

- بازگەو سنوورەکانی کەرکوک توندوتۆڵتر بکرێنو رێگە بۆ مانەوەی هیچ بۆشاییەکی ئەمنی لەسنوورەکەدا نەهێڵرێتەوەو بازگەکانی کەرکوکیش تەنها بەڕووی چوونە دەرەوەدا لەکەرکوک توندوتۆڵ نەبن!.

- ئێستا، کە زیاتر لە ٦٠٠ هەزار ئاوارە لەسنووری کەرکوکن، پێویستە مامەڵەیەکی وردتر لەگەڵ دۆسیی ئاوارەکاندا بکرێت، بەتایبەت ئەو ئاوارانەی، کە لەمیانی پرۆسەی رزگارکردنی موسڵو حەویجەدا روو لەکەرکوک دەکەن، کاری پێویستیش بکرێت بۆ گێڕانەوەی ئەو ئاوارانەی کە ناوچەکانیان ئازادکراونەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی پێنجەم

- کار لەسەر ڕێکخستنەوەی خۆبەخشەکان بکرێتو چەند خولێکی سەربازییان بۆ بکرێتەوەو لەچوارچێوەیەکی پێویستدا ڕێکبخرێن، کار لەسەر پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندیو هاوکاریی نێوان هاووڵاتیانو هێزە ئەمنییەکانو لایەنە پەیوەندیدارەکانیش بکرێت.

- مامەڵەی میدیایی لەگەڵ هەر ڕووداوێکی لەوجۆرەو بەگشتیش لەگەڵ سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەدا بەپێی پێویستو ئامانجدار بێتو لەوبوارەدا کەناڵەکان رکابەری لەگەیاندنی زۆرترین زانیارییو هەواڵدا نەکەن، بەڵکو رکابەری لەسەر گەیاندنی دیمەنو زانیاریی ئامانجدار بکەن.

- هەماهەنگیی نێوان هێزەکانی سنوورەکە زیاتربێتو کار لەسەر تۆمەتبارکردنی یەکتر نەکرێت.

- کێوماڵکردنی پێویستو تەواوی گەڕەکە عەرەبنشینو ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوکو ئەو شوێنانەی کە ئاوارەکانی لێ نیشتەجێنو وردتر چاودێریکردنی ئەو سنوورانەی گومانیان لەسەرە.

- کار لەسەر ئستیفزازکردنی هیچ نەتەوەو پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کەرکوک نەکرێتو مامەڵەی پێویستو گونجاویان لەگەڵدا بکرێت.

- هەوڵەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو ڕێکخستنەوەی کاروبارە ئیدارییەکانی، بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن چڕبکرێنەوە.

ئەمانەو چەندین هەنگاوی دیکە دەچنە چوارچێوەی ئەو هەنگاوانەی، کە بۆ ئەم قۆناغەو قۆناغەکانی داهاتوو لەکەرکوکو ناوچە دابڕێنراوەکان پێویستن، چونکە کەرکوکو کوردستان لەم قۆناغەی ئێستاشدا بەسەر پیلانی تیرۆریستاندا سەرکەوتن، ئایا قۆناغو پیلانی دیکەمان ڕوبەڕودەبێتەوە؟ ئامادەکارییەکان بۆ قۆناغی داهاتوو وەک پێویست دەبن؟.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## ڕووداوەکەی کەرکووک، پەیام و ئاگادارییەکانی



**سەروەت هەڵەبجەیی**

ئەوەی کە ڕۆژی هەینی لە شاری کەرکووک ڕووی دا، بێ گومان هەموومانی وەک کورد تووشی خەم و ئازارێکی جەرگبڕ کرد، بۆ گیان لە دەستدانی پۆلێک لە پێشمەرگە و پۆلیس و هاوڵاتیانی مەدەنی لە لایەن شەمشەلەکوێرەکانی داعشەوە کە بۆنیان بە مرۆڤایەتییەوە نەکردووە و کردەوە دڕندانەکانیان گەورەترین مەترسی سەر ئەو مرۆڤانەیە کە دەیانەوێت لە سەر خاکی خۆیان بە ئازادی و ئاسوودەیی بژین. بە درێژایی ڕۆژی هەینی تا درەنگانی شەو، خەڵک بە گشتی چاویان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بوو کە بزانن ئاخۆ ئەو ڕووداوە بە کوێ دەگات.

ئەم ڕووداوە هەڵگری چەن پەیامی ڕوونە کە بە ڕای من کاتی ئەوە هاتووە سەرکردایەتی کورد ئاوڕێکی جیدیی لێ بداتەوە، لە هەمان کاتدا پەیامێکی دڵخۆشکەرشی هەبوو کە لێرەدا ئاماژەی پێ دەدەم:

**پێداچوونەوە بە پلانە ئەمنییەکاندا بکرێت:**

ئەوەی کە داعش بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکانی سەر موسڵ پلانی وەها کردەوەیەکی هەبووە، بۆ خەڵکی ئاساییش پێش بینی کراو بوو، هەر بۆیە جێی پرسیارە کە بە لە بەرچاوگرتنی ڕەوشی کەرکوک و نزیکی ئەم شارە لە حەویجەی بنکەی داعش و بوونی دەیان شانەی نوستووی ئەم گرووپە تیرۆریستییە لە نێو سەدان هەزار ئاوارەی کەرکوک، هێزە ئەمنییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە چی هۆکارێک کەمتەرخەمییان نواندووە و دەرفەتی دزەکردنی ئەو تیرۆریستانەیان بۆ نێو شارەکە داوە. بابەتێک کە پێویست دەکات بۆ ڕێگری لە دووبارە بوونەوەی، وردبینی زۆری لە سەر بکرێت و تەنانەت کەسانی کەمتەرخەمیش ڕادەستی یاسا بکرێنەوە تا هەست کردن بە بەرپرسایەتی بچێتە نێو ڕەگ و ئێسقانی سەرجەم ئەو کەسانەی

کە لە دام و دەزگا ئەمنییەکان ئەرکی پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیانیان کەوتووەتە سەر شان و کاتی ئەوەش هاتووە کە پێداچوونەوە بە پلانە ئەمنییەکانی شاری کەرکووکدا بکرێت.

### کورد لە کەرکووکیشدا یەکگرتوو نییە:

لە پاش ٢٠٠٣ و هاتنە پێشەوەی قۆناغێکی نوێی سیاسی لە وڵاتی عێراق و بوونی مادەیەکی دەستووری بە ناوی ١٤٠ کە دەبوایە ڕەوشی ناوچە کێشە لە سەرەکان بە تایبەت شارە گرنگەکەی کەرکوکی یەکلایی بکردایە، بەداخەوە دەبینین کە بە هەر هۆکارێک ئەم مادە دەستوورییە جێبەجێ نەکراوە و لە پاش سەرهەڵدانی داعش هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕۆحی نیشتمانی و گیان لە سەر دەست، سنگی خۆیان کردووە بە قەڵغانی بەرگری لە هاوزمانان و هاونیشتمانانی خۆیان و بە دەر لە چەندین کردەوەی تیرۆریستی، کەرکوک وەک شارەکانی موسڵ و... هەڕەشەی داگیرکردنی لە لایەن داعشەوە لە سەر نەبووە. بەڵام با باس لە ڕاستییەکانیش بکەین، لە شاری کەرکوک هیچ یەکگرتووییەک لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکاندا نابینرێت و ئەمەش بە دڵنیاییەوە ڕێگرە لەوەی کە ئامانجەکانی کورد بۆ گەڕانەوەی بۆ باوەشی کوردستان مسۆگەر ببێت. بە ڕای من ڕووداوەکەی هەینی کەرکوک زەنگێکی مەترسیدار و لە هەمان کاتدا ووشیارکەرەوەیە بۆ سەرکردەکانی کورد کە نابێت خاکی پاکی نیشتمان و گیانی ڕۆڵەکانی کورد ببێتە قوربانی ململانێی سیاسی و ناکۆکییە حیزبییەکانی ئەوان. کەی ئەوان بەو دەرەنجامە دەگەن، دیار نییە.

### سیستمی بەڕێوەبەرایەتی کەرکووک لاوازە:

خاڵێکی هەرە گرنگی دیکە بۆ بەڕێوەبەرایەتی لاوازی شاری کەرکوک دەگەڕێتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ڕەوشی خزمەتگوزارییەکان لە نێو شاری کەرکووک بەردەوام جێی ڕەخنە و گلەیی دانیشتووانی ئەم شارە بووە، لە هەمان کاتدا ڕەوشی ئەمنی شارەکەش گوزارشت لە نەبوونی ستراتیژێکی گونجاو لە لایەن ئەوانەوە دەکات. لە سەر ئەم خاڵە هاتنی بەلێشاوی سەدان هەزار ئاوارە بۆ شاری کەرکوک وەک بەڵگەی لاوازبوونی بەڕێوەبەرانی ئەم شارە دێنمەوە. ئەوەی کە دەیبینین داعش لە پاش سەرهەڵدانی، بەشێک لە پارێزگای کەرکووکی داگیر کردووە و شاری حەویجەش وەک چۆن بەرپرسە ئەمنییەکان ئاماژەیان پێداوە هەڕەشەی بەردەوامە لە سەر شاری کەرکووک، ئەو هەموو ئاوارەیە کە هاتوونەتە شارەکە کەس نازانێت خەڵکی ئاساییـن، لایەنگر و شانەی نوستووی داعشن، کۆنە بەعسین یان چە ئامانج و پیلانێکیان هەیە. بوونی کەسانی تیرۆریست و یارمەتیدەری ئەوان لە ناو ئاوارەکاندا پێویست بە هیچ ڕوونکردنەوەیەک ناکات. ئەوەی کە نەتوانراوە کەسانی ئاسایی لەو گرووپانە جیا بکرێنەوە یان کێشەی ئاوارەکان لە شارەکە ڕێکبخرێت وەک خاڵی لاواز بە

ناوچاوانی بەرێوەبەرانی کەرکوکەوە دیارە و بێ گومان ئەم ڕووداوەش وای کردووە کە پێداچوونە بە هاتنی ئاوارەکان و چۆنیەتی جێگیربوونیان و چاودێری کردنیان بکرێت.

### کەرتی تەندرووستی لەم شارەدا گەشەی نەکردووە:

ئەوەی کە کەرکووک بە شارێکی گەورە و دەوڵەمەند بە سەرچاوە سرووشتییەکانی وەک نەوت دادەنرێت جێی هیچ گومانێک نییە. بە هەر هۆکارێک وەک چۆن ئاماژەم پێدا ڕەوشی خزمەتگوزارییەکان لەم شارەدا گەشەی نەکردووە. لەم نێوەندەدا دەبوایە بە گرنگیدان بە زۆربوونی ڕێژەی دانیشتووان و هەروەها لە بەرچاوگرتنی ڕەوشی شارەکە، بەرپرسانی پەیوەندیدار گرنگی زیاتریان بە نەخۆشخانەکان و هەبوونی پێداویستییە پزیشکییەکان لەم شارەدا بدایە، نەک ئەوەی کە هەر ڕووداوێک دەبێت دەستبەجێ بریندارەکان بەرەو شارەکانی وەک سلێمانی و هەولێر دەنێردرێن. ئایا بەرپرسانی پەیوەندیدار بیریان لەوە کردووەتەوە کە ڕەنگە گیانی بریندارێک پێویستی بە چارەسەری بەپەلە بێت و لە نەخۆشخانەکانی کەرکوک چارەی برینەکەی نەکرێت و تا بگاتە شارەکانی دیکە، گیانی لە دەست بدات و چیدی هیچی دیکە نەتوانێت قەرەبووی گیانی بۆ بنەماڵەکەی بکاتەوە.

### تابلۆ زێڕینەکە لای خەڵکی کوردستانەوە نمایش کرا:

سەرەڕای ئەوەی کە ڕووداوەکەی شاری کەرکوک هەڵگری چەندین پەیامی گرنگە بۆ بەرپرسان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا تابلۆیەکی زێڕینی لە هەڵوێستی جەماوەری خەڵکی کوردستان نمایش کرد. دوێنێ پۆل پۆل خەڵکانی خۆبەخش، چەک لە سەر شان و دڵ بە ئاواتی پاراستنی خاکی نیشتمان، خۆیان گەیاندە شاری کەرکووک و شان بە شانی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانی دیکە دژی چەکدارە تیرۆریستەکانی داعش وەستانەوە و داستانێکی دیکەیان لە لاپەڕەکانی مێژووی کوردستان تۆمار کرد. بێ گومان ناوی شەهیدەکانیان لە بیرەوەرییەکانی ئەو خەڵکانەدا دەمێنێتەوە کە لە ئێستا و لە داهاتوودا هەناسەی ئازادی و ڕزگاری هەڵدەمژن و قوتابیانی کەرکووکیش وانەی قارەمانێتی ئەوان دەخوێننەوە تا کورد و کوردستان مابێت شانازییان پێوە بکرێت. ئەو کردەوە قارەمانانەی خەڵکانی خۆبەخش لە هەمان کاتدا پەیامێکی ڕوونی بۆ تاقمی سەرکردەی حیزب و لایەنە سیاسییەکان هەبوو، ئێوە خوێنی پاکی ئێمە نەکەنە قوربانی ململانێ و بەرژەوەندی تەسکی حیزبیتان، کورد و خاکی پاکی نیشتمان گەورەتر لەوەیە کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنامەی خەبات - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## خزمەتكردنی دوژمن



**مستەفا شێخ محەمەد**

میدیا رەگەزێكی گرنگو بكەرێكی كاریگەرە لە ژیانی گشتیدا، میدیا لە كۆمەڵگەدا رۆڵ دەگێڕێت، دەتوانێ خەڵك ئاراستە بكات، ئازادی خۆی هەیەو پارێزراوە، بەڵام میدیا پەیوەست كراوە بە كۆمەڵێك بنەما كە لە چوارچێوەی ئەخلاقیاتی رۆژنامەوانیدا جێگیركراون، لەگەڵ ئەوەشدا لە كوردستان هەندێك لە میدیاكان بوونەتە خزمەتكارێكی دوژمن.

لەم سەردەمەی ئێستادا میدیاكان كاریگەری زۆریان هەیەو بایەخێكی بێسنوور بە میدیا دەدرێت، ئەم بایەخ پێدانەی میدیا لە لایەن وڵاتانەوە، لە پێناوی ئەوەدایە كە خزمەتێك بەكایەی گشتی بكات لەوڵاتدا، لەگەڵ ئەوەشدا سنوورێكی هەیە كە نابێت تێبپەڕێنێت، كێ تا ئێستا BBCی بەریتانی، 24 FRANC فەرەنسی، CNN ی ئەمریكی، TRTی توركیو ئەلجەزیرەی قەتەری دیوە، وشەیەک، یان راپۆرتێك بڵاوبكەنەوە كە دژی بەرژەوەندی باڵای وڵاتەكەیان بێت؟ ئەی بۆچی میدیكانی كوردستان دەچنە سەنگەرەكانی پێشمەرگەو جۆری چەكو ژمارەو توانا سەربازییەكان بۆ دوژمن ئاشكرا دەكەن، كەس ناپرسێت لە پێناوی چیدا ئەمە دەكەن؟

میدیا بەگواستنەوەی زانیاری وەک ئەوەی هەیە ئەركدار كراوە لە چوارچێوەیەک كە خزمەتی گشتی بكات، لە كوردستان وەک زۆربەی شتەكان خراپو نالەبارن، لە غیابی میدیای نیشتمانیدا، میدیا نالەبارییەكی زۆری تێدایەو كراوەتە بابەتێك بۆ پروپاگەندەی (كەسیو حزبی) ئەمەش رێكو رەوان لە بری ئەوەی ببێتە دەزگایەک بۆ خزمەتی نیشتمانو نەتەوە، بەشێكیان بێ ئەوەی شتێك بەكۆمەڵگە ببەخشن، بوونەتە هۆی دروستكردنی ژاوەژاوێک كە لانیكەم بۆ ماوەیەكی كەمیش بێت، دەیانەوێت راستییەكان بشێوێنرێن، لەوانەیە خوێنەر پرسیاری ئەوەی بەمێشكدا بێت بەوەی ئەی ئەو هەموو دروشمە

قەبە قەبانەی ئەو میدیایانە دەیخەنە دوای خۆیان بۆچی دەگەڕێتەوە؟ هۆیەکەی روونە، چونکە ئەو میدیایانە لە بنەماوە بۆ ئەجێندای بچووک بچووک دامەزراون، دەیانەوێت بچووکی خەونو خەیاڵی خۆیان بەچەند دروشمێکی قەبەو پف تێکراو گەورە بکەن، بەڵام لە راستیدا هیچ جۆرە پابەندییەک نە بەبنەمای دروشمەکانو نە لە ئەجێندای ئەو جۆرە کەناڵانەدا نییە، کە دواجار بتوانرێت دەستنیشانی ئەوەی پێبکەین کە دەزگاکان بوونەتە هۆی گەیاندنی خزمەتێک.

لە رۆژی ۲۱ - ۱۰ - ۲۰۱٦ دا داعش بە پشتیوانی دۆستەکانی کەوتە پەلاماردانی قاچی کەرکوک، لەم پەلامارەدا بەشێک لە میدیا کورد زمانەکان، بەتەواوەتی کەوتنە خزمەتی ئەجێندای داعش، خزمەتیان بەم پەلامارەی داعش کرد، بۆیە دەڵێم خزمەتیان بە داعش کرد، چونکە لەگەڵ پرۆسەی دەسپێکردنی شەڕی موسڵ لە ۱۷ی مانگ، بە دەیان رۆژنامەنووس، چاودێرو هاووڵاتی بانگیان لە میدیاکان کرد کە دەست لە روماڵی راستەوخۆی بەرەکانی جەنگ هەڵبگرن، چونکە جگە لەوەی ئەم روماڵە زیان بە تەندروستی دەروونی هاووڵاتیان دەگەیێنێت، راستەوخۆ گیانی پێشمەرگەش دەخاتە مەترسییەوە، هەروەها خزمەتێکی راستەقینەشە بە دوژمن، ئەو چەند کەناڵە بەشێوەک وەک ئەوەی داعش ئەو داخوازییەی لێیان بوو بێت، گوێیان بە هیچ شتێک نەدا، تەنانەت دوای شەهیدبوونی چەندین پێشمەرگەش لە شەڕی باشیک لە ۲۰ - ۱۰ - ۲۰۱٦، کە بەشێکی زۆری شەهیدەکان لەو کاتە درابوون کە تەلەفزیۆنەکان بەخشی راستەوخۆیان تێدا کردبوو، بەداعشیان وتبوو ئەو پێشمەرگانە چ جۆرە چەکێکیان پێیە.

## ئەو جۆرە میدیایە کە زیاتر ئەرکدار کراوە بۆ بەرژەوەندی

(تایبەتیو کەسیو حزبیو هەموو ئیمکانیاتێکی مادی بۆ دابین کراوە) هیچ گوێ بەم بانگەوازانە نادەنو لە پەلامارەکەی کەرکوکدا بەتەواوەتی رووی خۆیان نیشانی خەڵکی کوردستاندا، لەکاتێکدا بەردەوام بوون لەسەر ئاشکراکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگەو ژمارەو جۆرەکەیان بۆ داعش، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەرکوکییەکان لە ماڵەکانیان هاتنە دەرەوەو شانبەشانی پێشمەرگە راپەڕینو رێگەیان نەدا موسڵێکی دیکە لە کەرکوک دروست بکرێت.

لەکوردستاندا نەبوونی دامودەزگای میدیای رەسمیی حکومی دەرفەتی ئەوەی بۆ هەندێک دەزگا دروستکردووە، کە بەئاسانی بتوانن شەڕی شارچێتیو دەمارگیری حزبیو ناکۆکی نیشتمانیو شاردنەوەی راستییەکانو خزمەتی بێگانەو دژایەتی بەشێکی کۆمەڵگە، خزمەتکی راستەقینە بەدوژمن بکەن، خزمەتێک کە هەموو دوژمنێک دەستخۆشی لێدەکات، لەگەڵ ئەوەشدا رێگە لە هەندێک دەزگاو میدیای دیکە دەگیرێت، کە بەئاوازی ویستراوی دەسەڵاتداران ناخوێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ۲٥ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱٦



سەرچاوە
Serchawe

## شەڕی کورد لەلایەک و ڕۆشنبیری نابەرپرس!؟



**ئاسۆ عەبدولـلەتیف**

شەڕی کورد بەتەنها شەڕی داعش و تیرۆریزمی ئاینی نییە ئەمە ڕاستە، ناشبێت ئەمە وەک ستراتیژو ئەجێندا جێگابگرێت، بەڵکو شەڕی ئەو تێزو بیرو کولتورە فاشیزم و ناسیۆنالیزمە جەرگبڕەیە لەم ناوچەیەدا کە داعش و گروپگەلی وەک ئەنسارو جوندو حەشدو جەبهەتولنوسرەو سەرایاو دەیان فیرقەی دژە کوردی دروستکرد، پێشتریش ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدیان دەرخوارد داین، دەبێت شەڕی سەرچاوەکانی ئەم گروپگەلە بکەین تا ڕۆحی نەبەزین و ئیرادەی پێشمەرگە هەمیشە بە بەرزی بهێڵینەوەو توانستی شەڕەکانی دوای دیزاینکردنەوەی ناوچەکەمان بمێنێت، ئەمەش پێویستی بە ئیرادەو گوتارو دیسکۆرسێکی یەکگرتوو هەیە جیاواز لەو دیسکۆرسە حیزبی و ئایدۆلۆژیە، ئەوەش دیسان ڕوئیایەکی ڕۆشنی گەرەک لە ئێستادا کە نابێت سەروەریی و نەبەزیەکانی کەرکوک و ئۆپەراسیۆنی موسڵی پێشمەرگە نادیدە بگیرێت، کە بەداخەوە لێرەو لەوێ گوێبیستی ئەو تۆنە ناچیزە دەبین لەلایەن هەندێ نوخبەو ئێلیتی کوردەوە کە بە بڕوای من سەماکردنە لەسەر لێوارێکی مەترسیدار بەناوی ئازادییەوە، ئێ خۆ مەرج نییە ئەوەی ڕۆشنبیری کورد وتی و تیۆریزەی بۆ کرد سەداسەد وابێت ڕەنگە سەرچیخ بچێت، کورد لە ئێستادا لەبەردەم مەترسیدایەو بڕایەوە خۆ ئەمە شرۆڤەی قاچ لەسەر قاچی ناوێ بە جلی مارکەو پێشمەرگەش رۆحی خۆی ببەخشێت و قوربانی بدات؟

دەبێت ئەوە ڕون بێت دوای داعش شەڕی کوردو پێشمەرگە بەردەوامی دەبێت، ناکرێ پێشمەرگە بێئومێد بکرێ بە هەندێ وتاری ڕۆژنامەوانی سەرچڵانەی پۆزلێدەر! چونکە بیرو کولتورە فاشیەکەی جارانی ناسیۆنالیزمی تورک وعەرەب هێشتا ماوە، قۆناغی رزگاری نیشتیمانی زۆری ماوەو ئەو قەمع و دڵڕەقییە هێشتا سەرە تاتکێیەتی، مەترسی و کابوسەکە ماوە لە بەردەم دۆزی کوردیدا، بۆیە گرنگە کورد هەزینەو هێزی خۆی خاڵی نەکاتەوە لە ململانێی ناوخۆیی چونکە پێشمەرگە



سەرچاوە
Serchawe

پێشمەرگەیە، دەشێت دوای داعش مەترسیە گەورەکانی ناو ئەشکەوتەکان بە ئاشکرا ببینین، ئێستا ئەوەی داعشی ڕاگرتووە دوو کۆڵەکەو ستوونی هەرە بەهێزەو ژێر هەردوباڵی داعشیان ڕاگرتووە کە دەبێت بیزانین و نوخبەی ڕۆشنبیریی ئێمەش باش وێنای بکەن و هەستی پێ بکەن و چیتر هەڵەداوان پێشمەرگەو نەبەردیەکانیان نادیدە نەگرن، چونکە ڕاگرو گۆچانەکانی ژێر باڵی داعش بریتین لە:

**یەکەم**؛ ستوونی بیزنس و بازرگانیەکی گەورە کە ئەمریکا لێی سودمەندە بە پلەی ئیمتیاز، نەوتی داعش بۆنمونە کێ دەیکڕێ و بۆ کوێ دەڕوات، پاشان فرۆشتن و ساغکردنەوەی چەک و باروت لەجەنگی کوردو داعش و هێزەکانی تردا دەبێت خوێندنەوە بۆ ئەم دۆخە بکرێ، نەک لێدوانی بێئومێدکەر.

**دووەم**؛ وڵاتانی ئیقلیمی کە هەمیشە خاوەنی سیناریۆو ئەجێندای بەهێزن بۆ ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان لە عێراق، کەرکوک و موسڵ دوو نمونەی بەرجەستەی دەستێوەردانە ئیقلیمیەکانن، هەم مانەوەی داعش و هەم دورخستنەوەی داعش، بۆ ئەوان مایەی خەمی گەورە نییە کە خاوەنی دەوڵەت و سەروەرین، ئەوە کوردە پێویستە خۆی ڕێک بخاتەوە بۆ دەرهاوێشتەکانی دوای داعش کە شۆڤێنیەتی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیە و بەدرێژایی سەدساڵی ڕابردوو مەترسی بوون لەسەر کیان و قەوارەو شوناسی کوردیی، ئێ خۆ ناکرێ چالاکی پێشمەرگە ڕابگیرێت بەخاتری نارۆشنی دۆخەکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین پریس - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## لە وەهابییەتەوە تا داعش



سمکۆ عبدالکریم

### ئەلسرورییە وەک رەوتێکی بەیەکەوە گرێدان

#### بەشی چوارەم

جگە لە شیخ سەلمان ئەلعۆدە، سەفەر ئەلحوالی مونەزرێکی دیکەی ڕەوتی سەحوەی سروری بوو کە لەو دەساڵەی نەوەدەکان ڕابەرایەتی نەهجێکی تازەی ئیسلامیان کرد، وێڕای ئەم دوو کەسە، هەریەک لە ناسر ئەلعەمر وەک بەرپرسیاری لاوان لەڕووی پەروەردەیی و ئەخلاقی و «عائز ئەلقەرنی و عەلی ئەلقەرنی» وەک بەرپرسیاری بونیادنەری لایەنی روحی و دەروونی لە ڕێگەی وتنەوەی وانەکانیان بۆ گەنجان، بزووتنەوەی ئیسلامی لە سعودیە پێی نایە قۆناغێکی نوێی چالاکی ئیسلامی، کە لە بنچینەدا هەموو ئەو نەهجە تازەیە بۆ ئەو ڕەوتە دەگەڕێتەوە کە بە سرورییەت ناسرابوو. واتە تا ئەم کاتە بزووتنەوەی ئیسلامی لە سعودیە تەنیا بریتی بوو لەو هێڵە گشتییەی کە هەر لەسەرەتادا محەمەد بن عەبدولوەهاب کێشابووی، کە ئەم هێڵەش جگە لە دیاریکردن و چەسپاندنەوەی جارێکی تری چەند کۆلەکەیەکی ئەساسی بۆ ئەو عەرەبانەی خەلیج کە بن وەهاب پێی وابوو گەڕاونەتەوە سەردەمی هەمان جاهلییەتی بەر لەسەرهەڵدانی ئیسلام شتێکی دیکە نەبوو. ئەمەش لەرێی ئەو فتوا بێ ئەملاو ئەولایانەی محەمەد بن وەهاب کە لە فتواکانی »ئیبن تەیمیە« هەلێنجرابوون. بە شێوەیەکی تایبەتیش لە »تەوحید»دا چڕکرابووەوە، بە شێوەکی گشتیش دەتوانین بڵێن ئەو هێڵە ڕاستەی بن وەهاب کێشابووی هیچ بەهایەکی فکری و مەعریفیان نەبوو، کەبتوانێ کاریگەری لە مۆخ و ناخی مرۆڤ دروست بکات، چونکە وەهابییەکان ئەوکات و ئێستاش هەر لە دەوری »الامر بالمعروف والنهی عن المنکر» دابوون، کە وەک دەستورێکی لێهاتوە بۆ ئەوان، واتە لە ئەساسدا وەهابییەت پشت ئەستور نەبووە بەو بنەما فکری و زانستییانە،

تائەوکاتەی کەسانیکی دیکەی مونەزری ئیسلامی هاتن، وەهابییەتیان لەو چەق بەستییە قورتار کرد، کە تێیکەوتبوو، ئەوان هاتن ڕووبەڕووی دامەزراوە تەقلیدییەکان بوونەوە و تەحەدایەکی گەورەی «عەبدولعەزیز بن باز»یان کرد کە تا ئەودەم ئەو سەرۆکایەتی ئەو دەزگا شێواز کۆنانەی دەکرد، دەبێ بڵێنەوە کە ئەم وەرچارنە فکری و حەرەکییە لەڕووی پراکتیکییەوە بۆ یەک وشە دەگەڕێتەوە، کە پێی دەگوترێ »ئیستیعانە» هەر ئەمەش بوو، بووە هۆی ڕوودانی بەیەکدادان لە نێوان ئەو کۆمەڵە ئیسلامییەو دەسەلات، کە »بن باز» لە بەرەی دەسەڵاتدا بوو لەو مەسەلەیەدا. بەڵام ئەمەش بەومانایە نییە کە تابەر لەم مێژووە بزووتنەوەی ئیسلامی لە سعودیە هەر لەنێو قەپێلکە کۆنەکەیدا بووە، بەڵکو دەتوانین محەمەد سرور بەو کەسە دیارە مونشقە ئیخوانییە دابنێن کە گەرای بیرێکی تازەی ئیسلامی لە سەرخاکی وەهابییەت داناو تا ئێستاش کارپێکراوە.

ئەوەی ڕەوەتی سروری لەو قۆناغەدا لەڕووی بونیادی فکری و مەعریفی هێنایە پێش، مەگەر هەر ئیخوانەکان لە میسر پێشتر ئەوەیان کردبێت، بۆیە ڕەوتی سروری لە سعودیە و ئیخوانەکان لە میسر و سوریا لە رووی مەعریفییەوە هەمیشە وەک تەواوکەری بزووتنەوە سەلەفییە جیهادییەکان سوودیان لێوەرگیراوە، پێشتریش ئاماژەم بۆی کردبوو، کاتێک محەمەد سرور بن نایف زەین ئەلعابدین دامەزرێنەری ڕەوتی ئەلسروری کۆچی کرد بۆ سعودیە، هەرزوو هەستی بەو بۆشاییە فکری و مەعریفەیەی وەهابییەت کرد، زانی وەهابییەت و وەهابییەکان لە چ پاشاگەردانییەکی فکریدان، تا ئەوکات وەهابییەکان وەک چۆن لەسەری ڕاهاتبوون لایەنە سیاسییەکەیان بۆ وەلی ئەمر جێهێشتبوو، بۆخۆشیان هەرتەنیا دەستیان بەلایەنە عەقیدەییەکەوە گرتبوو، بۆیە »محەمەد سرور» بەسوود وەرگرتن لەو بۆشاییە لە لایەک و کاریگەربوونی بە بنەماکانی وەهابییەت و پێشتریش قاڵبوونەوەی لە فکری ئیخوانییەت، زۆر بەئاسانی توانی بناغەی ئەو بنەما فکری و پەروەردەییە ئیسلامییە دانێت، وەک هەنگاوی یەکەمیش وەهابییەتی بەسیاسی کرد، ئەم بزووتنەوەیە بەم شێوەیە دەستی بە خەباتی ژێرزەمینی کردو گلپەی سەند وەک ئەوەی پووش ئاگری گرتبێت، تەواوی میرنشینی سعودیەی گرتەوە، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە »سەحوەی ئیسلامی» یان «زیندووبوونەوەی ئاینی» هەموو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی تەنی بوو.

لەم چوارچێوەیەشدا «محەمەد سرور» بە هۆی ئەو پاشخانە ئیخوانییەی کە هەیبوو، هەمان ئەو شێوازە ئیخوانییەی بەکارهێنا بۆ رابوونە ئیسلامییەکەی، کە خۆی لە پەروەردە و سەرنج ڕاکێشانی خوێندکارە هەرزەکارەکاندا بەلای «سروریەت»دا دەبینیەوە، خۆشی هەر لە سەرەتادا، کە گەیشتە سعودیە لە گوندی »بورەیدە» بە ماموستایەتی دەستی پێکرد، ماموستایەتی و ژینگەی پەروەردەش بە شێوەیەکی گشتی زۆرلەبار بوون بۆ بانگەشەی فکرەکەی و کۆکردنەوەی هەوادار لە دەوری سروریەتدا، کاتێک توانی سوود لە«ئیبن قیم ئەلجوزیە» وەک یەکێک لە رموزە نوێیەکانی حەنبەلییە و سەرچاوەکانی »محەمەد بن عەبدولوەهاب» وەربگرێت، یەکێ لەو هۆکارانەش کە توانی سەرکەوتنی زۆر بەدەست بێنی لە

کۆکردنەوەی هەوادارێکی زۆر لە دەوری خۆی ئەو مات و بێدەنگییە لەڕادەبەدەرییەی بوو، بە شێوەیەک، بۆ ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵ بە هیچ شێوەیەک لە هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن دەرنەکەوت، تا ماوەیەکی یەکجار زۆریش هیچ وێنەیەکی لە هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارێک بڵاونەکرایەوە، بۆخۆشی کەسایەتییەک بوو زۆر خوازیاری چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی نەبوو. هەر ئەمەش وایکرد، ئێستا سرورییەت کە خۆی لە ڕەوتی سەحوەی ئیسلامیدا دەبینێتەوە نەک هەر بە گەورەترین ڕەوتی ئیسلامی سعودی، بەڵکو تەواوی خەلیجی عەرەبی دابنرێت.

راودونانی ئیخوانەکان لە میسر و سوریاو چەند ناوچەیەکی دیکەی ژێر دەسەڵاتی عروبە هۆکارێکی دیکەی زۆر دیاری فراوانبوونی ڕەوتی سروری بوون لە سعودیە، چواردە ساڵی فەرمانڕەوایی جەمال عەبدوالناسر لە ١٩٥٦ بۆ ١٩٧٠ ئەو سەردەمە بوو کە بەهۆی راودونانەوە زۆرترین ئیخوان-ی میسری ڕوویان لە سعودیە کرد، هەروەها لە سوریاش بە هۆی راودونانیان ژمارەیەکی زۆریان چوونە سعودیە، کە »محەمەد سرور» بۆخۆی یەکێ بووە لە کۆچپێکراوەکانی ئیخوانی سوری، بۆیە گردبوونەوەی ئیخوانە ڕاونراوەکان لە سعودیە بۆ «محەمەد سرور» خاڵی یەکەمی سەرکەوتن بوو، چونکە ئەو بۆخۆی لە یەک کاتدا هەم کەوتبووە ژێرکاریگەری »سەید قوتب» هەم کەوتبووە ژێرکاریگەری »محەمەد بن عەبدلوەهاب» وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردبوو ئەو کاریگەرییە وایکرد بیر لە تێکەڵکردنی »وەهابییەت و ئیخوانییەت» بکاتەوە و قوتابخانەیەکی نوێی ئیسلامی سەلەفی جیهادی دامەزرێنێت و سەرەنجام لەو قەتابخانەیەدا چەندین خوێندکار پێبگەن.
شێخ سەلمان ئەلعۆدە یەکێکیان بوو، کە دواتر لەگەڵ سەفەر ئەلحەوالی و هاوەڵانیان توانیان لەسەر ئەرزی واقع هەم گەشە بەبیری سرورییەت بدەن و پایەکانی بچەسپێنن، هەم بیکەنە سەرمەشقی کاری ئیسلامی سیاسیان، کە دواتر لە دوای جەنگی خەلیج لە پەراوێزی وشەی »ئیستیعانە»دا بەکردەوە دەرکەوتن و سعودیەیان ڕووبەڕوی بارودۆخێکی زۆر چاوەنواڕنەکراو کردەوە، هەر بەم هۆیەشەوە بوو دەوڵەتی سعودیە هەریەک لە »ئەلعۆدە و ئەلحەوالی» خستە زیندان و دواتریش هەڵمەتی راودونان و دەستگیرکردنی ئەوانی دیکەی بەدوادا هات.

بۆچوونەکان لەمەڕ، ئەوەی لەو ماوەیەدا لە سعودیە ڕوویاندا، بۆچوونی جیاواز بوون، بەشێوەیەک هەم لەگەڵ ئەو بەرەنگاربوونەوە توندەی »ئەلعۆدەو ئەلحەولی» دا نەبوون کە لەبەرامبەر دەسەڵاتدا نواندیان، هەم لەگەڵ ئەو پەرچەکرداری دەوڵەتیشدا نەبوون، کە بەرمبەریان کراو خرانە زیندانەوە، چونکە هەموو ئەو ڕووداوانە وا لێکدرانەوە، هەم هەڵوێستی توندی سرورییەکان، هەم بەرچەکرداری دەوڵەتی سعودیە، هۆکارێکی دیکەی دروستبوونی رێکخراوی ئەلقاعیدە بوون، بەشێوەیەک واخرایەڕوو ئەم پەرچەکردارەی دەوڵەت بووە هۆکارێک بۆ زیاتر فەراهەمکردنی دەرفەتی پێگەیشتنی بیری ئەلقاعیدە وەک ڕەوتێکی تازەی جیهادی، چونکە رێکخراوی ئەلقاعیدە توانی سوود لە هەردوو ڕووداو وەربگرێت، هەم تووندڕۆیی سرورییەکان، هەم توندڕۆیی دەوڵەت، سوودی زۆریان لە بوونی ئەم دوو شێخە لە زیندانـدا بینی، بە شێوەیەک

## بەشی پێنجەم

توانیــان وانیشــانی ســوورییەکان بــدەن کــە جیاوزییــەکی ئــەوتۆ لــە نێــوان ڕەوتێکــی جیهــادی تونــدوتیژی خوێنــاوی وەک ئەلقاعیــدەو ڕەوتێکــی نــەرمونیانی مامناوەنــدی سیاســی وەک ڕەوتــی «ئەلســروری»یــەدا نییــە، کــە دواتــریش دەرکــەوت سەرورییەکان بووتە پردی پەیوەندی لە نێوان وەهابی یەکانی سعودیەو و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## تا کێکەکە دابەش نەکراوە، کەلێنەکان بگرن



**دڵشاد مستەفا وەسانی**

لەگەڵ گەرمبوونی شەڕی ئازادکردنی مووسڵ، ناکۆکیی لایەنەکانی چاو لە مووسڵیش زیاتر دەبێت، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ئەمەریکا، وێڕای نیگەرانیی بەغدا، ڕەزامەندیی لەسەر بەشداریکردنی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی مووسڵدا دەربڕی، بۆیە دەکرێ لە ئێستاوە سەروسیمای قۆناغی دوای شەڕ ببینین.

داوای کورد بەر لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە لە ١٧ - ١٠ - ٢٠١٦ لەبەرچاوگرتنی مافی هەموو پێکهاتەکانی مووسڵ بووە، لە سایەی ئیدارەیەک هەموو پێکهاتەکان بە هیی خۆی بزانن، لێ گەرمبوونی ململانێی ئەو ئەجێندایانەی بەرژەوەندیی خۆیان پێش بەرژەوەندیی پێکهاتەکان لەبەرچاو دەگرن، وا دەکات تارماییی قووڵبوونەوەی ناکۆکیی نێوان پێکهاتەکان بەتایبەتیش سوننە و شیعە باڵ بەسەر ناوچەکەدا بکێشێ، ڕێکنەکەوتن لەسەر شێوازی ئیدارەدان پێش ئۆپەراسیۆنەکە، دەرگا لەسەر ئاڵۆزبوون و هەرایەکی گەورە دەکاتەوە.

ئەگەر بڕیار بێت لە مەیداندا هێزە بەشدارەکانی شەڕ دەستکەوت بچننەوە و کێکیان بەر بکەوێت، ئەوا پێشمەرگە و سوپای عێراق ئەو کێکە دابەش دەکەن، بەڵام زۆربوونی ژمارەی هێز لە شەڕەکەدا، دەستکەوتەکە بۆ پارچەی زیاتر دابەش دەکات، پێکهاتەکان پشتیوانیی ئیقلیمی و قووڵاییی ستراتیژی خۆیان هەیە، بەتایبەتیش سوننە و شیعە، کە ڕۆڵیان لە دابەشکردنی کێکەکەدا دەبێت، لەو نێوەدا تەنیا کورد و چەند پێکهاتەیەکی ئایینن کە قووڵاییی ستراتیژییان نییە و هێزە ئیقلیمییەکانیش پشتیوانیان نابن، بۆیە لە تەک قارەمانەتیی پێشمەرگە، چەند کەلێنێک هەن پێویستە بگیرێن.

پەلەپەلی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی مووسڵ لە دەستی داعش، وایکرد باز بەسەر گرینگترین ڕێککەوتندا

## بەشی پێنجەم

بدرێت، کە داوایەکی رەوای کوردە و لە بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتەکاندایە، هێشتا دەرفەت ماوە بۆ پێداگیری لەسەر ئەو رێککەوتنە، جێی خۆشحاڵییە سەرۆک بارزانی لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٣ - ١٠ - ٢٠١٦ لەگەڵ ئاشتۆن کارتەری وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، جارێکی دی ئەو مەسەلەیەی هێناوەتەوە بەرباس و ئاماژەی بە پێویستیی پلان و رێککەوتنێکی سیاسی کردووە بۆ ئایندەی مووسڵ، بۆ ئەوەی ببێتە گەرەنتییەک بۆ رێگەگرتن لەسەرهەڵدانی کێشە.

کێشەی سەرەکی ئەوەیە، عەرەب بە سوننە و شیعەوە، گیانی قبووڵکردنی بەرامبەر و پێکەوەهەڵکردنی لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی دیکەدا نییە، ئەمەش ژینگەیەکی لەبار هەم بۆ دەستتێوەردانی ئیقلیمی و هەم بۆ فەرامۆشکردنی مافی پێکهاتەکانی دیکە دروست دەکات، کە لەوانەیە دۆخەکە کار بکاتە سەر بڕیاری ئەمەریکاییەکانیش، بۆیە پێویستە حزبەکان نەبنە هۆی پەیداکردن و بەرینکردنی ئەو کەلێنانەی دوژمنان پێیاندا بێنە ژوورەوە، بەدیلی قووڵاییی ستراتیژی کورد، تۆکمەکردنەوەی ماڵ و بەردەوامیی خەباتی دیپلۆماسییە بە پشتبەستن بە هێزی پێشمەرگە و ئیرادەی خەڵکی کوردستان، خەڵکیش ئامادەیی قوربانیدان و تەسلیمنەبوونی تێدایە، خۆڕاگریی کەرکووکییەکان لە رۆژی ٢١ - ١٠ - ٢٠١٦ وانەیەکی گرینگە.

ماڵپەڕی: پارتی دیموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## پەندەکانی کەرکوک



**جەمال ئاریز**

**ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی شاری کەرکوک، کۆمەڵێک وانەو پەندی زۆر گرنگی وەک زەنگێک دا بەگوێی هەموماندا، که گرنگترینیان لەم چەند خاڵەدا چڕ دەکەمەوە:**

**- هەرگیز تیرۆریستانی داعش، غافڵ نین لەوەی کە نایانەوێت هیچ دەرفەتێک لەدەست بدەن بۆ داگیرکردنی کەرکوکو هێنانەدی خەونی کۆکتێلی ئایدیۆلۆژیی (شۆڤێنیستیی - ئاینی) کە لەسەرەتای دروستبوونی عیراقەوە ئەو میتۆدە لەگەڕدایەو چەندین بەرنامەو پلانی هەبووە بۆ هێنانەدی ئەو خەونە.**

**- هەرگیز وڵاتانی ئیقلیمیو بەتایبەتیش تورکیا بۆ ڕۆژێکیش ئەوەیان لەبیری خۆیان دەرنەکردووە کە هەریەکەیان بەپێی قورسایی خۆیان، ئەو شارە بەقووڵایی ستراتیژیی خۆیان دەزانن.**

**- بەئاگاهێنانەوەیەک بوو بۆ سەرکردایەتی سیاسیی کورد لەوەی کە چ گرووپە تیرۆریستییەکانو چ دوژمنانی کوردبوونی کەرکوک، کە دەرفەتێکیان بۆ ڕەخسا، لەڕەنگو شوناسی حزبی هیچ کەسو لایەنێک ناپرسنو هەموو کورد زمانو کوردی پۆشێک بەیەک چاو تەماشا دەکەن، نموونەی ئەوەش شەهیدەکانی کەرکوکە کە هەم پارتیو هەم یەکێتیو هەم گۆڕانو خەڵکی سەربە مەیلی سیاسیی جیاجیای دیکەشی تێدایە.**

**- بەئاگا هێنانەوەیەک بوو بۆ حکومەت کە پێی وانەبێت ئەوانەی کە خۆپیشاندان دەکەنو بایکۆتی دەوام دەکەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، خەڵکانی بێ باکو نانیشتمانینو خەمی خاکو نەتەوەیان نییە، چونکە هەمووان ئەو**

## بەشی پێنجەم

هەڵوێستەمان بینی، کە ئەو مامۆستاو فەرمانبەرانەی بایکۆتی دەوامیان کردووەو ناوبەناو خۆپیشاندانو گردبوونەوە ڕێکدەخەن بۆ خستنەڕووی خواستەکانیان، لەڕۆژی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵو بەرخودانەکەی کەرکوکەوە، هەڵمەتێکی خوێن بەخشینیان بۆ پێشمەرگەو برینداران کەرکوکو سنووری موسڵ ڕاگەیاندو لەم مەوسیمی بایکۆتەدا زۆربەی پزیشکانو کارمەندانی تەندروستی بەوانەشەوە کە لە پشووی خۆیاندا بوون، بەبێ داوا لێکردن گەڕانەوە سەر کارەکانیانو سێ بنکەی جیاجیا بەشی نەشتەرگەری خێرا کرایەوە، ئەمەش وەڵامێک بوو بۆ ئەو دەنگە ناسازانەی کە پێیانوایە داواکردنی مافی ڕەوای خۆت، «خیانەتی نەتەوەیی‌و نیشتمانییە».

- ئەوەی لەهەمووشی جێگای سەرسوڕمانتر بوو، ئەو بەرگرییە خۆڕسکەبوو کە کوردانی شاری کەرکوک بەگەنجو کامڵو پیرەوە شانبەشانی هێزە ئەمنییەکان کەوتنە بەرگری لەشارەکەیان، (سەرباری ئەو تێبینییانەی لەبارەی نا ڕێکخراوییەوە) هەبوون، بەڵام پەیامێک بوو بۆ ئەوەی کە تەنها ئەوانە بەرگرییان لەو شارە کرد کە خاوەنی ڕاستەقینەی شارەکەن، دەنا غەیری کورد بەداخەوە گومانێکیان لەلا دروستکردین کە وەک میوان سەیری ڕووداوەکەیان دەکرد، ئەمە وەک ئەزعەفولئیمان، دەنا هەندێکیان هاوسۆزو هاوکاری تیرۆریستانیش بوون، کە لێکۆڵینەوەو لێکەوتەکانی ڕۆژانی داهاتوو وەڵامی ئەم گومانەشمان دەداتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

# کوردی بێ پلان و دوژمنی پڕ پیلان



عەبدولڕەحمان عەلی ڕەزا

لەئێستادا بارودۆخی ناوچەکە هێندە ئاڵۆز و پڕ کێشمەکێش و گۆڕانکارییە، شرۆڤەکردن بۆی کارێکی هەروا سانا نیە.

کورد لەم ساتەدا چەند دۆخەکە ئاڵۆزە هێندە بێ پلانە، چەند ناوچەکە لەگۆڕانکاری خێرادایە دوو ئەوەندەش بێ بەرنامە و نەخشەڕێگایە، بە پێچەوانەشەوە دوژمنان و ناحەزانی خاک وخەڵکی کوردستان سەرقاڵی داڕشتن و دانانی چەندین پیلانی هەمە چەشنەن لە پێناو دەستوەردانی زیاتر وچۆنیەتی مانەوەی خۆیان و لاوازکردنی هەرێم.

چەند سەیرە ناوچەکە دەڵێی مەنجەنیقە دەکوڵێت کەچی پەیوەندی پارتەسیاسیەکانی ئەم هەرێمە لەگەڵ یەکتردا لەسەهۆڵ ساردترە، هەموو ناحەزانی کورد بۆ دژایەتی هەرێمی کوردستان هەموو ناکۆکیەکانیان وەلا ناوە، کەچی پارتە سیاسیەکانی هەرێم نەک پەیوەندی نێوانیان باش نیە، بە پێچەوانەشەوە لەچارەکە سەدەی فەرمانڕەوایی ئەم هەرێمەدا هێندەی ئێستا دوورنەبون لەیەکدی بەشێوەیەک هەر پارتێکی سیاسی وەک سەحنی سەتەلایت ڕوویان لەشوێنێکە و ڕووناکەنە یەک و تەنانەت یەکتریش ناخوێننەوە.

سەیرە هەم پارتەسیاسیەکان وهەم سەرکردە سیاسیەکانیش کەم تازۆرێک شارەزای مێژووی وڵاتانن بەتایبەت مێژووی وڵاتانی ناوچەکە، زۆر باشیش ئەو ڕاستیانە دەزانن کە وڵاتانی دەوروبەرمان چەند ناکۆکی و ململانێ لەنێوانیاندا هەبێت ئەوا بۆ دژایەتیکردنی کوردستان و خەڵکەکەی دەبنە هاوپەیمان و برای گیانی بەگیانی، تەنانەت پەیوەندیەکانیان بە پەلە ئەپدەیت دەکەنەوە.

## بەشی پێنجەم

من نازانم بەرپرسانی ئەم هەرێمە کەی دێنەوە هۆش خۆیان و بیرێک لەداهاتوی ئەم هەرێمە دەکەنەوە کە دنیایەک خوێن و فرمێسکی بۆ ڕژێنراوە، کەی بیر لەبەرژەوەندی باڵای ئەم میللەتە دەکەنەوە کەقوربانیدەری ڕاستەقینەی دەستکەوتانن.

ئاخەر لەکوێی دنیاو فەرهەنگی بەڕێوەبردنی چ هەرێم و وڵاتێکدا هەبوە میللەتێک گیرۆدە بێت بەدەست قەیرانی سیاسی و دارایی وکارگێڕی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و بێکاری وهەژاری و.....هتد...و هەرێمەکەشت بوبێتە چەقی ململانێی نێوان وڵاتە هەرێمی و نێو دەوڵەتیەکان کەچی دەسەڵاتدارانی هێندە بێباک و کەمتەرخەم بن هێشتا بەرژەوەندییە حیزبی و کەسیەکانیان بەلاوە گرنگتر بێت و ئامادە نەبن سازش یان دەست پێشخەرییەک بکەن بۆ ئاساییبونەوەی لانی کەمی دۆخی هەرێم وئاساییبونەوەی پەیوەندی نێوان پارتەسیاسیەکانیان.

ئیتر بۆمان نیە و ناشتوانین گلەیی لە مێژوو بکەین و بڵێین کورد بەخت یاوەری نەبو، مێژووش ڕەحم بە هیچ کەس و لایەنێک ناکات و لەدواڕۆژیشدا بەر نەفرەتی دەکەوین.

چونکە هەرگیز نەبوە و هیچ لۆژیکیش نیە هەموو دوژمنەکانت لەداڕشتنی پیلانی بەردەوامدا بن بۆت، کەچی خۆمان هیچ پلانێکمان نەبێت بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ڕووداوو پێشهاتەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## دوای مووسڵ.. گەڕانەوە بۆ دواوە!



دڵشاد میران

مەتەڵێکی ئینگلیزی هەیە دەڵێت، نەریتی کۆن بە ئاسانی لەناو ناچێت، چینی سیاسیی عەرەب بە سوننە و شیعەکەیەوە هەمیشە بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق ئەم وڵاتەیان بە موڵکی خۆیان زانیوە و حوکمڕانیەت بە مافی شەرعی و ئاسایی خۆیان لە قەڵەم ئەدەن، ئەگەر پاش ٢٠٠٣ و نەمانی رژێمی دیکتاتۆری هەندێ گۆڕانکاری بەسەر ئەم بۆچوونە هاتبێت، ئەوە تەنیا لە ئەنجامی لاوازی و بێ دەسەڵاتی و بێ ئەزموونیی شیعە بووە لە حوکمڕانی، ئەگینا بەشداریکردنی پێکهاتەکانی تری غەیرە عەرەب لە حوکمڕانی بە مانا راستەقینەکەی کە بریتییە لە بەشداربوون لە پێکهێنانی بڕیاری سیاسیی چارەنووسساز نە لە کۆن و نە لە ئێستاش بوونی نەبووە و نییە و لە دوارۆژیشدا نابێت. پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەم جۆرە بۆچوونە تەنیا پابەند نییە بە رەوشی عەرەب، بەڵکو دەردی هەموو وڵاتانی دواکەوتووی جیهانە، کە دانیشتووانی لە زۆرینە و کەمینە پێکهاتووە.

کورد هەموو جۆرە حوکمڕانییەکی عێراقی تاقی کردەوە، حوکمی پاشایەتی، کۆماریی چەپڕەو، کۆماریی ناسری و نەتەوەیی تا حوکمڕانی بەعس و ئێستاش هی ئیسلامیی شیعی. ئەم هەموو جۆرە حوکمڕانییەی کە بەسەر عێراقدا تێپەڕیوە هەمیشە یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەوە بووە کە چۆن میللەتی کورد سەرکوت بکەن و ئیرادەی خۆیان بەسەری دا بچەسپێنن، ئینجا هەر رژێمە و بە شێوازی خۆی، لە پشتگوێخستن و چەوساندنەوە و شەڕی لەناوبردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئەنفال، تا سیاسەتی شەڕی برسیکردن، کە ئەمڕۆ حکوومەتی بەغدا بەڕێوەی دەبات. حکوومەتی عەبادیش کە لەناو قووڵایی مێژووی ئەم جۆرە بیروبۆچوونە هەڵقوڵاوە، هیچ گەشبینییەکی پێوە دیار نییە، ئەگەر لەم دواییە هەندێ پەیمان و قسەی خۆشی بە گوێچکەی کورددا گوتووە، ئەوە لە ئەنجامی لاوازیی حکوومەتەکەیەتی و هەروەها لە ئەنجامی فشاری ئەمەریکا و هاوپەیمانانە کە پێویستیان بە هێزی پێشمەرگە هەیە بۆ رزگارکردنی مووسڵ لەدەست داعش و هیچی تر، عەبادی تا ئێستا بە کردار لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر هیچی نەکردووە، خۆ ئەگەر نیەتی



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی پێنجەم

باش بووایە لەم دوو ساڵ و نیوەی کە سەرۆک وەزیران بووە، دەیتوانی هەر هیچ نەبێت دەستپێشخەرییەک بکات بۆ ئەوەی پیشان بدات کە ئەو لە مالیکی جیاوازە، بە پێچەوانەوە هەوڵی داوە رۆڵی کورد لە بەغدا کەم بکاتەوە، بە بیانووی لەناوبردنی سیستەمی پشکپشکانێی سیاسی، کە خۆی لە ئەنجامی ئەم سیستەمە بووەتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی فیدراڵ. هەوڵی وەزیری دەرەوەی عێراق، ئیبراهیم جەعفەری و سووربوونی لە بێ بەش کردنی کورد لە ئامادەبوون لە مەیانەکانی نێودەوڵەتی وەکو یاوەرێکیش، بەبیرهێنانەوەیەکی گرنگە بۆ حکوومەتی هەرێم و کورد کە شتێکی وەها لە بەغدا نەگۆڕاوە.

جەعفەری و مالکی و عەبادی دەرچووی هەمان قوتابخانەی حزبی دەعوەی ئیسلامین، کە لە بنەڕەتدا حزبێکی تۆتالیتارە، ئەم رەوتە سیاسییە لە ساڵانی رابردوودا توانیویەتی هەموو چەمکەکانی سەرەکیی حوکمرانی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و ئەگەر هیچ جیاوازی و رکابەریش هەبێت لەنێوانیاندا ناگەیەنرێتە ئەو رادەیەی کە حوکمڕانی لەدەست حزبی دەعوە و لق و پۆپەکانی دەربچێت. رزگارکردنی شاری مووسڵ لەدەست داعش کاریگەرییەکی سایکۆلوجی گەورەی ئەبێت لەسەر زیادە بەخۆ باوەڕکردنی دەسەڵاتدارانی بەغدا و ئەمە ئەگەری توندبوونی هەڵویستیان بەرامبەر بە هەرێم و داکۆکی کردن لەسەر سەروەریی دەسەڵاتی فیدراڵی زیاتر ئەکات، هەر بۆیەش جێگای سەرسوڕمان نیە کە عەبادی بەو هەڵوێستە لاوازەی کە تا ئێستا تێیدا بووە، ئامادە نەبوو باسی دوارۆژی مووسڵ بکات لەگەڵ هەرێم، یاخود هەر هیچ نەبێت هاوکاریی هێزی پێشمەرگە بکات، سەرەڕای ئەو هاوئاهەنگییە سەربازییەی کە هەیە لەبەرەکانی شەڕدا لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقدا.

پاش شەڕی داعش مەترسی هەیە کە حکوومەتی بەغدا لەبەر هەر هۆیەک بێت، ناوخۆیی یا دەرەکی، پاشگەز بێتەوە لە بەڵێنەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، هەروەها مەترسی هەیە ئەو گرنگییەی ئێستای جیهان بە هێزی پێشمەرگە و هەرێم ئەدات وەکو پێویست نەمێنێت و فشاری عێراق و ناحەزانی دەوروبەری کوردستان زیاتر ببێت و کێشەکانی ناوخۆ لەگەڵ بەغدا قووڵتر بکات، لێرەدا کورد تەنیا یەک کارتی بەهێزی بەدەستەوەیە، ئەویش یەکڕیزی و یەک هەڵوێستیی حزبە سیاسییەکانە لە پرۆسەی گەیشتن بە ئامانجی سەربەخۆیی، کە دەوڵەتی کوردستانە، هەر لایەنێکی سیاسیی کوردی کۆسپ بخاتە بەر ئەم پرۆسەیە، نەک هەر جەماوەری خۆی لەدەست ئەدات، بەڵکو لە بەغداش هیچی بەدەست ناکەوێت، ئەگەر رازیش بێت بە رۆڵی برا بچووکیی عەرەب!.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باس نیوز - رێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## لاپەڕەیەک لە مێژوو



**سەربەست جیهاد**

ئەم لاپەڕەیە تەنیا بەبیرهێنانەوەی چۆنێتی لكاندنی موسڵە بەمەملكەتو كۆماری عیراقەوە، رەنگە لەم رۆژگاری زۆرانبازی سیاسی سەربازی قەومی تائیفی دینییەی، كە بۆ موسڵو لەسەر موسڵ هەروا دێو بەرفرەتر دەبێ، بێسوود نەبێ.

موسڵی ئێستا، كە جاران سەنتەری ویلایەتی موسڵ بوو، تەقریبەن هەموو كوردستانی جەنوبی دەگرتەوە، لەكۆتاییەكانی جەنگی گەورەی جیهانو شكانی سوپای عوسمانیو دواتر هەڵوەشانەوەی خەلافەت فۆرمۆڵە بووە، ئەمە راستییەكی ساكارە وردو درشتمان دەیزانین، بەڵام چۆن لەئەنادۆڵ دابڕاوەو لكێنراوە بەمەملەكەتی عیراقەوە، ئەمەی خوارەوە كورتەكەیەتی.

لە ٣٠ تشرینی یەكەمی ١٩١٨ ئاگربەستی (مۆدۆرۆس) لەنێوانی هاوپەیمانانو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی مۆركرا، ئاگربەستەكە لەسەر پشتی كەشتی (hms ئاگاممنون) لەبەندەری مۆدۆرۆسی دوورگەی (لیمنۆس)ی یۆنانو بەئیمزای وەزیری هێزی دەریایی عوسمانی (رەئوف ئۆربای بەگ)و ئەدمیراڵی بەریتانی (سۆمەرێست ئارتەر) راگەیەنرا.

ئەوكاتە سوپای بەریتانیا چەند میلێكی مابوو بگاتە ناوشاری موسڵو سوپای عوسمانیش لەوپەڕی شپرزەییو برسێتیو بێوورەییدابوو، دوای دوو هەفتە لەئاگربەستو لە ١٦ی تشرینی دووەم (عەلی ئیحسان پاشا) بەخۆیو پاشماوەی لەشكرەكەی بەبێ تەقە موسڵی جێهێشتو روویكردە (نسێبین) ئینجا سوپای ئینگلیز هاتەناو موسڵو لیفتینانت (جیرارد لێچمەن) بوو بەیەكەم حاكمی سیاسیو لەوساوە موسڵ، لەئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابڕێنراو دواتر بەپێی چەند رێككەوتنێكی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی لكێنرا بەمەملەكەتی عیراقەوە.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی پێنجەم

لەدوای هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی سیڤر بەهۆی گوشاری تورکو مۆرکردنی پەیماننامەی لۆزان لە ٢ی تەمموزی ١٩٢٣ ئیتر موسڵ بوو بەکێشەیەکی سیاسی گەورەی نێوانی تورکیاو عیراقو ناوخۆی عیراق، چونکە ئەو پەیماننامەیە دیاریکردنی سنوورو دابەشینو لیکترازاندنو مافی دانیشتووانە رەسەنەکەی بە نارۆشنی هێشتبۆوە.

لەبارەی دیاریکردنی سنوورەوە، پەیماننامەکە لەخاڵی دووەمی ماددەی سێ هاتووە: کێشانی سنوور دۆستانەو لەرێگەی وتوویژەوەو لەماوەی ٩ مانگدا دیاریدەکرێنو ئەگەر نەگەیشتنە ریککەوتن وا دۆزەکە دەبەنەوە بەردەستی (ئەنجومەنی نەتەوەکان) لەو ماوەیەشدا نابێ هیچ لایەکیان پەنا بۆ هەڕەشەو جموجوڵی سەربازی ببەن.

دانوستاندنی نێوانی تورکیاو بەریتانیا گەیشتە بنبەست، بۆیە بەریتانیا مەسەلەکەی خستەوەبەردەم (عوسبەت ئەلئومەم) ئەویش لیژنەیەکی سێ کەسی بۆ دیراسەکردنی کێشەکەو ئامادەکردنی راپۆرت پێکهێنا، ئەو لیژنەیە وای بەباشزانی موسڵ بخرێتەسەر عیراقو عیراقیش ماوەی ٢٥ ساڵ لەژێر ماندێت (ئینتداب)دابێتو مافی کورد لەبەرچاوبگیرێ، دوای ئامادەکردنی راپۆرت (عوسبەت ئەلئومەم) لەساڵی ١٩٢٥ بڕیارێکی دەرکرد لەچوار خاڵدا:

١- هێڵی برۆکسێل دەبێتە سنووری نێوانی عیراقو تورکیا.
٢- داوا لەبەریتانیا دەکرێ پەیماننامەیەکی نوێ ئامادەبکاتو بیخاتەبەردەم (عوسبەت ئەلئومەم).
٣- بەریتانیا لەسەرێتی راپۆرتێک لەمەڕ رێکخستنەوەی ئیداریی ویلایەتی موسڵ پێشکەشی (عوسبەت ئەلئومەم) بکات، بەمەرجێک مافی کوردی تێدا گرەنتی کرابێ.
٤- بەریتانیا پێویستە راسپاردەکانی لیژنەکەی (عوسبەت ئەلئومەم) لەبەرچاوبگرێ.

بەپێی ئەو بڕیارەو لەپرۆسەیەکی پڕ لەغەدرو فرتوفێڵ بەتایبەتی لەپەیوەندیی لەگەڵ ریفراندۆم لەسەر چارەنووسی ویلایەتی موسڵ، کوردستانی جەنوبی لکێنرا بەعیراقەوەو راسپاردەکانی لیژنەکەی (عوسبەت ئەلئومەم)یش فەرامۆشکراو مافی گەلی ئێمەش پشتگوێخرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## دوای داعش. ویستگەی یەکەم بۆ راستکردنەوەی سیستمی دەوڵەت



فەرهاد محەمەد

فرانسیس فۆکۆیاما رووخانی دیواری بەرلینی ناو لێنا "کۆتایی مێژوو"، ئەمەش بەو مانایەی ئەو ململانێ توندەی لەنێوان سۆشیالیزم و دیموکراتی وەک دوو مۆدیلی جیاواز بۆ حوکمڕانی کۆتایی هات و بەسەرکەوتنی شێوازی حوکمڕانیی دیموکراتی کۆتایی هات، دیارە لەم روانگەیەوە رووخانی خەلافەتە ئیسلامییەکەی داعشیش (کۆتایی عێراقە) بەو مانایەی مێژووی ١٠٠ ساڵی پێداگیری لەسەر رێگرتن لە دابەشکردنی عێراق لەناو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقدا شکستی هێناو، ئێستا بە ئەمری واقیع دابەشکردنەکە سەرکەتوو بووەو نابێت چیدیکە پێداگیری لەسەر یەکپارچەیی عێراق بکرێت.

بۆ ئێستای سیاسەتی نیودەوڵەتی پابەندبوون بە نەخشە وەهمییەکەی سایکس پیکۆ، بۆتە هۆکاری ئەوەی نەتوانرێت بیر لەوە بکرێتەوە هەموو نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرلەنوێ دابڕێژدرێتەوە، لەمەش زیاتر ترسی ئەوە هەیە دووبارە دارِشتنەوەی سنوورەکان و نەبوونی ئەقڵییەتی حوکمڕانیی سەردەمییانە ببێتە هۆکاری ئەوەی ئاژاوەی گەورەتر بەدوای خۆیدا بهێنێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هەنگاوی دیکە بۆ چارەسەرکردنی شکستی سیستمی دەوڵەت، بۆتە بیرکردنەوە لە چۆنیەتی دارِشتنەوەی ئەو دەوڵەتانە لەناو سنوورە تەقلیدییەکانی خۆیدا.

بێگومان ئەو راستییە لای هیچ کەس شاراوە نییە کە هۆکاری دروستبوونی رێکخراوی تیرۆریستی داعش و راگەیاندنی خەلافەتە ئیسلامییەکەی بە پلەی یەکەم هۆکارە سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتە مەزهەبگەرایی و دیکتاتۆرییەی کە نوری مالیکی لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەماوەی ٢٠١١ - ٢٠١٤ پیادەی کردووە. کەواتە کە ئێستا ئامانجی تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بۆتە ئەوەی کە داعش وەک خەلافەت و داعش وەک فیکر و ئەو

هۆکارانەشی کە فیکری داعشی دروست دەکەن، ریشەکێش بکرێن، ئەوا هەنگاوی یەکەم دوای تێکشکاندنی داعش و رووخانی خەلافەتە ئیسلامییەکەی دەبێتە ئەوەی جارێکی دیکە حوکمڕانی مەزهەبگەرایی و دیکتاتۆری لە عێراقدا بوونی نەمێنێت.

دیارە لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ بۆ رێگرتن لەسەر هەڵدانی ئەقلییەتی شۆڤێنی و مەزهەبگەرایی و دیکتاتۆری لە حوکمڕانی عێراقدا، دابەشکردن لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا وەک باشترین رێگەچارە پەسەند کرا، بەڵام دەرکەوت نە ئەقلییەتی مەزهەبگەرایی شیعە و نە ئەقلییەتی مەزهەبگەرایی و شۆڤێنی سوننە لەگەڵ ئەو پرانسیپ و برگە و ماددانە ناگونجێت کە لەدەستووری ٢٠٠٥ی عێراقدا هاتووە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە بیستەکانی سەدەی رابردوو تا یەکەی دووەمی سەدەی بیست و یەک، سەیری شێوازی حوکمڕانی لە عێراقدا بکەین، ئەوا دوو شێوازی حوکمڕانی تاقیکراونەتەوە کە هەردووکیان فەشەلی هێناوە.

**یەکەمیان**: دیکتاتۆریەتی کەمینەی عەرەبی سوننە تا ساڵی ٢٠٠٣،
**دووەم**: دیکتاتۆریەتی زۆرینەی شیعە تا ساڵی ٢٠١٤، لەدوای ساڵی ٢٠١٤ شەوە هەتا ئێستا، عێراق لەبەریەک هەڵوەشاوەو دەوڵەتێک نییە کە ناوی عێراق بێت.

ئەم واقیعە پێمان دەڵێت، ئەگەر پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ وەک کۆتایی داعش سەیربکرێت، ئەوا لەهەمانکاتدا دەبێت پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ کۆتایی ئەو شێوازە حوکمڕانییە فاشیلەش بێت کە لەماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوو نەیهێشتووە عێراق سەقامگیری و ئاشتی بەخۆیەوە ببینێت.

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر بەشێوازێکی تازە عێراق دابەش بکرێت جیاواز لەو دابەشکردنەی دوای ٢٠٠٣ کە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی لەسەر نووسرایەوە، ئایا هیچ گەرەنتییەک هەیە کە پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق ئەمجارەیان بتوانن ئەم دابەشکردنە، یان ئەم دەستوورە تازیە جێبەجێ بکەن؟ مێژووی عێراق لەوەڵامی ئەم پرسیارە پێمان دەڵێت: بەدرێژای ١٠٠ ساڵی حوکمڕانیی (عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە) سەلماندوویانە کە نە لەناو پێکهاتەی عەرەبی سوننە و نە لەناو پێکهاتەی عەرەبی شیعە، ئەقلییەتی دەوڵەتمەداری بوونی نییە، لەم سەد ساڵەدا باشترین دەوڵەتمەداری عەرەبی شیعەو عەرەبی سوننە، باشترین دیکتاتۆر بووەو هەمیشە هەوڵیداوە پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بە سەرکوتکردن و کۆمەڵکوژی و جینۆساید پێکەوە کۆبکاتەوە.

کەواتە ئەگەر دوای رووخانی خەلافەتەکەی داعش، پرۆسەی رێکخستنەوەی عێراق لەسەر بنەمای دابەشکردن لەنێوان

هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی (کوردستان و شیعەو سوننە) بخرێتەوە بەردەستی ئەو حوکمڕانییەی کە پێش 2014 لە عێراقدا هەبووە، ئەوا هەتا ئەگەر حوکمڕانیی ئێستای عێراق رەزامەندی لەسەر ئەوەش بدات کە ئەو دابەشکردنە جێبەجێ دەکات، ئەوا ناتوانێت جێبەجێی بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەقڵییەتی حوکمڕانیی سەردەم هێشتا لەناو عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە پێ نەگەیشتووە، هێشتا ئەقڵیەتی هەردوولایان بۆ شێوازی حوکمڕانی ئەسیری ئەقڵییەتی دیکتاتۆرییە، هەروەک چۆن ئیبراهیم جەعفەری وەزیری دەرەوەی عێراق لەگەڵ ئەوەی حکومەتی بەغدا رازی بووە کوردستان خاوەنی سوپای خۆی بێت، بەڵام ئەو بە ئەقڵیەتی شۆڤێنی و مەزهەبگەرایی خۆی رێگری دەکات کە نوێنەری کوردستان بەشداری کۆنفراسی هاوپەیمانان لەسەر شەڕی موسڵ بکات، ئەمە لەکاتێکدا هێزی سەرەکی و راستەقینە لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵدا هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

بۆ چارەسەکردنی ئەو ئاستەنگانەی لەبەردەم دابەشکردنی عێراق و وەک پرۆسەیەک بۆ چارەسەکردنی کێشەکان، ئەوا پێویستە ئەمریکا خۆی لە عێراقدا وەک ناوبژیوان بوونی هەبێت بۆ ئەوەی ئەو دابەشکردنە بەسەرکەتوویی ئەنجام بدرێت. دیارە مێژووی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و خۆ بەدوور گرتنی ئەمریکا لە رەفتارە دیکتاتۆرییەکانی نوری مالیکی هێندە دوور نییە، ئاکامەکەی دروستبوونی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بوو کە بۆتە هەڕەشە بەسەر هەموو جیهانەوە، هەر بۆیە ئەگەر ئەمریکا بوونی جددی لە عێراقدا نەبێت و خۆی سەرپەرشتی پرۆسەی دابەشکردنەکە نەکات و بەمیکانیزمێک پێوەندی نێوان کیانە سیاسییەکانی عێراق رێکنەخاتەوە، ئەوا هەرگیز شەڕی نێوان شیعە و سوننە کۆتایی نایەت و عێراقیش سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت.

ئەم پرۆسەیە (دابەشکردن لەچوارچێوەی سنوورە تەقلیدییەکاندا) ئەگەر بە ئامادەبوونی ئەمریکا لە عێراقدا بەسەرکەتوویی کۆتایی پێ بێت، عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە هاوکاری بکرێن بۆ ئەوەی لەژێر تارمایی ئەقڵییەتی دیکتاتۆری و شۆڤێنزمی عەرەبی و مەزهەبگەرایی بێنە دەرەوە، دەبێتە نموونەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سیستمی دەوڵەت لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرەتای دەستپێکی سیستمێکی دیکەی جیهانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## هاوپەیمانییەکی ترسناک لەبەردەم موسڵدا



گۆڤاری نیو یۆرکەری ئەمریکا ڕاپۆرتێکی تایبەتی لەبارەی بەشداربوونی میلیشیا شیعەکان لە جەنگی موسڵ کردووە. ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن دیکستەر فیلکینز نووسراوە، پێشتر بەرپرسێکی هەواڵگری ئەمریکا بووە لەعیراق. ئەو پێی وایە، بەشداربوونی ئەم میلیشیانە، ترسێکی گەورەیە بۆسەر ئاشتەوایی نیشتمانی عیراقی. هەر بۆ ئاگاداری خوێنەرانی ئازیزی رۆژنامەکەمان، پێمانباشبوو ئەم ڕاپۆرتە وەکو خۆی بکەینە کوردی.

**نووسینی: گۆڤاری نیویۆرکەر**

**وەرگێڕانی: هەواڵ و ڕاپۆرت**

### مێژوویان خوێناوییە

حکومەتی عیراقی هەزاران چەکداری میلیشیا شیعەکانی لە نزیک موسڵ جێگیرکردووەو حکومەتی ئێرانیش مەشقی بەم چەکدارانە کردووە و مێژووی زۆربەشیان خوێناوییەو خەڵکی مەدەنییان کوشتووە.

### حزبوڵلا بەشدارە

لەبەرەکانی پێشەوە جەنگی موسڵ، چەند یەکەیەکی چەکداری حزبوڵڵای لوبنانی تێدایە، کە پێشتر بنکەی سەربازی ماریزنی ئەمریکایان لە ساڵی ١٩٨٢ لەبەیروت دا تەقاندەوەو ئەم کارەش بووە هۆی کوژرانی ٣٢٩ کەس و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە لوبنان.

### کۆمەڵگەیەکی هەمە نەتەوەو ئیتنیک

سەرۆک ئۆباما پێشتر ڕایگەیاند: حکومەتی ئەمریکا بەهەموو شێوەیەک پشتگیری لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی عیراقی دەکات و ناهێڵێت جەنگی مەزهەبی و ئێتنی لەم وڵاتەدا دروست بێت. هەرچەندە بەهۆی داگیرکردنی عیراقەوە لەساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکاوە، جەنگێکی تایەفی دروستبوو، کەبووە هۆی لەدەستدانی هەزاران هاوڵاتی و ئاوارەبوونی ملیۆنان کەس.

### هەمووان دەیانناسن

میلیشیا شیعەکان بە ئاگاداری ئەمریکیەکان بەشداری جەنگەکە دەکەن، هەرچەندە ئەمریکا دەتوانێت ڕێگری لەم هێزانە بکات، کە کۆمەڵکوژی وکاری دژە مرۆڤایەتی لە شارەکەدا نەکەن. هەرچەندە ئەم میلیشیایانە بە جلوبەرگی سوپای عیراقەوە بەشداری جەنگەکە دەکەن، بەڵام هەموانیش ئەوان دەناسنەوە.

### دوو ڕێکخراوەکە نزیکی موسڵن

بە پێی ڕاپۆرتێکی ئەنستیتوی جەنگ لە واشنتۆن دەڵێت: لە ئێستادا دوو میلیشیای ئێرانی نزیکی موسڵ بوونەتەوە، ئەوانیش بریتین لە »حزبوڵڵا و عەسائیب حەق«. ئەم دوو ڕێکخراوەش لە سوریاوە هاتوون و پێشتریش لە بەرەی ڕژێمی سوریدا بوون. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە بێت، ئەم دوو ڕێکخراوە بەشداربوون لە کۆمەڵکوژی تایەفیدا لە عیراق.

### هادی عامری و قاسم سلێمانیش بەشدارە

لە ماوەی پێشوودا حەیدەر عەبادی کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرانی میلیشیاکان کردووە،کە تێیدا هادی عامری، سەرۆکی لیوای بەدر بەشداربوو، ئەم پیاوەش بەوە ناسراوە کە پێشتر بەشداری کۆمەڵکوژی تایەفی کردووە. دیارە پێشتر هادی عامری لەگەڵ قاسم سلێمانی کۆبۆتەوە، سلێمانی بەرپرسی کارە سەربازیی و هەواڵگریەکانی ئێرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، حکومەتی ئەمریکاش ئەم پیاوەی خستۆتە ناو لیستی پاڵپشتیکەرانی تیرۆر لە جیهاندا.

### شکستی سوپای عیراق

هۆکاری سەرەکی داواکردنی یارمەتی حکومەتی عیراقی لە میلیشیا شیعەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سوپای عیراقی



سەرچاوە
Serchawe

بەتەنها توانای جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە سەربازییەی نییە. لەپاش ئەوەی هاوینی ٢٠١٤، داعش شاری موسڵ و تەواوی ناوچەکانی باکور و رۆژئاوای عیراق داگیرکرد، ئەم سوپایەش کە پێشتر ئەمریکیەکان مەشق و راهێنانین پێکردبوو، تووشی هەرەسێکی گەورە بوو، دواتریش ئەمریکیەکانیش ئامادەنەبوون چ لە رووی دارایی و لۆجستیکیەوە، جارێکی تر یارمەتی دووبارە دروستکردنەوەی سوپای عیراقی بدەن.

## سێ لیوا

لە ئێستادا سێ لیوای سوپای عیراقی «کە هەریەکەیان لە ٥ هەزار چەکدار کەمترە» توانای بەرەنگاری و جەنگیان هەیە، بەڵام ئەوانی تر، چ لەڕوی و توانا و مەشق راهێنانەوە، توانای جەنگکردنیان نییە. گەر فەلوجەش وەکو نموونە بهێنینەوە، ئەوا بەشداربوونی میلیشیا شیعەکان کارەساتە.

## ناڕەزایی

بەرپرسێکی عیراقیش ڕایگەیاندووە: کاتێک لەمانگی ئایاردا، هەردوو میلیشیای حزبوڵڵا و عەسائیبی حەق کەهەردووکیان سەر بەئێرانن، بەشداری جەنگی فەلوجەیان کرد، سەرکردە ئەمریکیەکان ناڕەزاییان دەربڕی و هەرلەبەرئەوەش بوو کە هەموو هێرشە ئاسمانیەکانیان ڕاگرت، بەڵام ئەو میلیشیایانە ئامادەنەبوون بکشێنەوە، هەربۆیە جلوبەرگی سوپای عیراقیان لەبەرکرد و بەشداری جەنگەکەیان کرد، هەرکەسێکیش گومانی ئەوەیان لێبکردایە، کە سەر بە ڕێکخراوی داعشە، یەکسەر دەیاندەکوشت.

بەرپرسێکی ئەمریکیش دانی بەوەداناوە، کە میلیشیا شیعەکان بەشداری جەنگی فەلوجەیان کردووەو دواتریش پروپاگەندەی ئەوە بڵاوبوویەوە، کە ئەوان جلوبەرگی خۆیان فڕێداوەو جلوبەرگی سوپای عیراقیان لەبەرکردووە. هەروەها ئەوەشی پشت ڕاستکردۆتەوە، کە هەڵمەتی لەسێدارەدانی خێرا کراوە، بەڵام ئەو بەرپرسە پێی وایە، کە ژمارەی کوژراوەکان قەبەکراوەو بەوشێوەیە نییە.

## هەڵوێستی ئەمریکا نادیارە

حکومەتی عیراقی هەمان دینامیکی جارانی لە جەنگی موسڵدا هەیە، لە میانەی لێداوانە ڕۆژنامەوانەکانی بەرپرسە ئەمریکیەکانیشدا هەڵوێستی ناڕوون دەبینین، ئەوان دەڵێن دژی بەشداربوونی میلیشیا شیعەکانن لە شارە سونیەکانی وەکو



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی پێنجەم

موسڵ و فەلوجە، بەڵام بوونی ئەو میلیشیایانە لە شوێنەکانی تردا پێیان باشە. لەهەمانکاتیشدا دانیان بەوەدا ناوە، کە ئەوان توانای قەناعەت پێکردنی سەرکردە عیراقیەکانیان نییە، بۆ ئەوەی سنورێک بۆ ئەو میلیشیایانە دابنێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێرشی فرۆکە جەنگیەکانی ئەمریکا لە جەنگی دژ بە داعش بەردەوامە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

# کەرکووک و برین



**یوسف لەتیف**

کەرکووک، لە ساڵی ١٩٣٧ەوە لەگەڵ راکێشانی ئاو بە حەویجەدا و نیشتەجێکردنی عەرەبی کۆچەر و زۆڵەک. لە دامێنی چیای حەمریندا، بە بەرنامە لەوکاتەوە ئیش لەسەر گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو شارە کراوە. لە ساڵی ١٩٦٣یشەوە بە بیانووی پاکردنەوەی شەقام، چەندان ماڵی کوردیان لەو شارە هەڵکەند و دواتر بە لێشاو عەرەبی ١٠ هەزارییان هێناوە و بە هەزاران بیانوو کورد لەو شارە دەرکراون، بە بیانووی پشتێنەی تەناهیی لادێکانی دەوروبەری کەرکووکیان هەڵکەند و دواتریش بە کرداری ئەنفالی بەدناوەوە، ئەو دەوروبەرەیان رامالی و ناوچەکانی شوان و جەباری و لەیلان و قادرکەرەم، زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە.

لە پاش نسکۆی ١٩٧٥یشەوە، جارێکی تر بە بڕیاری ئەنجوومەنی باڵای شۆڕش، شارۆکەکانی سەر بە ناوەندی کەرکووکیان بەسەر پارێزگاکانی تردا دابەش کرد، خورماتوو بۆ سەر پارێزگای سەلاحەدین و خانەقین بۆ سەر دیالە و کفری و کەلار و چەمچەماڵیش بۆ سەر سلێمانی. لە دوای ٢٠٠٣وە دەبوو دۆخەکە بگەڕێتەوە پێش جەخار، بەڵام هەموو جار بڕیارێک دەرچووە و جێبەجێ نەکراوە و کێشەکان بەهەڵواسراوی و خۆدزینەوە لێی، بە قەرز دراوەتە بڕیارێکی نوێ و داهاتوو.

ئێستەیش ئەوە بارودۆخەکەیە کە داعش هاتووە تەنگی بەو شارە هەڵچنیوە، دەسەڵاتدارانی بەغدا هێندەی خوازیاری ئەوەن فەوجێکی میلیشیای حەشدی شەعبی لە کەرکووک جێگیر بکەن، نیو هێندە لە خەمی ئەوەدا نین ئارامی و ئاسایش بۆ خەڵکی شارەکە فەراهەم بکەن. لە ٢٠٠٣ بەدواوە دەسەڵاتی کارگێڕی زۆرینەی بە دەست کوردەوەیە کە رێک وەک باشترین سەرژمێری لە عێراقدا کرابێ لە ساڵی ١٩٥٧ەوە، کورد زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێک دێنێ کە لە ٤٠% و ئەوانی تر عەرەب و کلد و

تورکمان و ئاشوورین.

کورد تەنیا و تەنیا بە بڕیاری پێچەوانە دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی، ئەوەش وەک چۆن بە توانایەکی زۆر و بە بەرنامەی درێژخایەنەوە و لە ساڵی ١٩٣٧ەوە کار لەسەر گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو شارە کراوە، دەبێ دەسەڵاتی کوردی بەهەمان توانا و هەمان بەرنامە کار بۆ هەڵوەشانەوەی بکات. سادەترین نموونە گەڕەکە ١٠ هەزارییەکان و ئەسرا و مەفقوودین و یەکی حوزەیران و قادسیە و نەسر و.. چاوی وردیان لەسەر بێت و بەهیچ شێوەیەک ئاوارەی عەرەب لە ناوەندی شار نیشتەجێ نەکرێت، ئەو گەڕەکانەیش دەبێ شەوکوتیان لەسەربێ، چونکە هیچ کات دۆستی کورد نەبوون و بۆ دژایەتی کورد هاتوون نەک دۆستایەتی.

ململانێی حزبی زۆر کێشەی دوا خستووە، بەشێوەیەک کارەکان بەدڵی دوژمنانە، ناپیشەیی هێزەکانی شارەکە وای کردووە زۆرترین زیان بە خەڵکەکە بگات، لە کاتێکدا راستی ئەوەیە زۆرترین زیان بگەیەنیت بە دوژمن و خۆت کەمترینت بەربکەوێ. بە خەمنەگرتنی شارەکە لەلایەن بەرپرسانەوە، واتە هەموو پشوویەک شارەکە جێ دێڵن لە بۆنەکان و رۆژانی پێنجشەم تا یەکشەم کە کردوویانە بە پشوو، هێزەکان بێ سەرپەرشت جێ دێڵن لە کاتێکدا دوژمن ئەو هەلانە دەقۆزێتەوە و شەڕ رۆژی پشووی نییە. بەشی زۆری شەهیدەکانمان خۆبەخشن یان ئەوانەن کە ئەرکی خۆیان نەبووە و لە پشوودا بوون، بەڵام چەکەکانیان رووبەڕووی دوژمن کردەوە، ئەمەش هەرچەندە دڵسۆزیی خەڵکەکە بگەیەنێ، هێندەیش ناپیشەییبوونی هێزەکانمان دەگەیەنێ، بۆیە تکایە بەرنامە و دیسپلین، خۆ خوێنی ئەو خەڵکە ئاو نییە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## داستانی کەرکوک لە شەوو ڕۆژێکدا



**هیوا محەمەد**

شەڕێکی مەترسیداری چڕو کورتو ئەنجامێکی سەرسوڕهێنەر لە کەرکوک روویدا، ژمارەیەکی زۆری داعشییە خۆکوژەکان بەبەرنامەی پێشتر کار لەسەر کراو دەخزێنە ناو شارو لەبەرەبەیاندا دەست دەکەن بەجێبەجێکردنی ئوپەراسیۆنێک کە ئامانج تیایدا تەنها ئەوە نەبووە بەرەکانی شەڕ لە موسڵ بەخۆیانەوە خەریک بکەن، بەڵکو ئەوان ویستویانە سەرەتا بەو ژمارە چەکدارە کارە سەرەتاییەکان کە بریتی بوون لە داگیرکردنی ئەو شوێنە هەستیارانە دەست پێبکەن‌و لەگەڵ سەرکەوتنیان زەنگی هێرش بۆسەر کەرکوک لێبدەن، جا چ بۆ شانە نووستووەکانی ناو کەرکوکو دەوروبەری یان بۆ چەکدارەکانیان لە بەرەکانی شەڕ لە ناوچەکە.

ئەوان هاتن بەڵام وایان زانی داکۆکیکەران لە کەرکوک تەنها لەو چەند بینایەدان، ئەوان گەمژە بوون، وایان زانی ئەو بارودۆخە خراپەی ئابووری‌و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک هەستی داکۆکیکەرانەو دڵسۆزی نیشتمانی خەڵکی شارەکەی لەناو بردووە، نەیانزانی هەرکەس لە جێگەی خۆیەوە لێیان دێتە دەستو ناهێڵێت جارێکی تر ئەو تاریک پەرستو نامرۆڤانە دەستیان گیر ببێت لە تێکدانی ئاسایش‌و ئارامی شارەکەو لەهەر ماڵێک ئاسایشێک پێشمەرگەیەک هەیە، دژە تیرۆرێک گیان بەخت دەکا.

داستانی شەڕی لەناوبردنی داعشییەکان لە کەرکوک لە شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ی مانگی ئوکتۆبەر چەند پەیامێکی گەیاندە دونیاو وتی: یەکگرتوویی خەڵکی شارەکەو گوێ قوڵاخییان بۆ هەر جوڵەیەکی داعش، وایکرد لە ماوەیەکی کەمداو بەزیانێکی گیانیی کەم تێک بشکێندرێن.

ئەو قوربانییانەی کە لە کەرکوک دران، هەرچەندە لە نرخدا زۆرنو هەریەکێکیان نرخی مرۆیی هەزاران داعشیی هەیە، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ تەقینەوەیەکی شاری بەغدا یان هەر جێگەیەکی تر کە وەک کارێکی تیرۆرتیستی ئەنجام دەدرێت، دەبینین دەیان کوژراوو بریندداری لێدەکەویتەوەو لە خۆشیان تەنها داعشییەک تیادەچێت، بەڵام لە داستانەکەی ٢٤ کاتژمێری کەرکوک هەموو ئەوانەی خزانە ناو شار لەناو بران، هەموو هێزە ئەمنییەکانی شارەکە بەجیاوازی بیرو بۆچوونیانەوە لە سەرکوت کردنو لەناوبردنیان، بەشدارییان کرد.

ئۆپەراسیۆنی لەناوبردنیان وەک ماوە کورت بوو، وەک ئەنجام پڕ لە سەرکەوتن بوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی بەڕێوەبەرانی ئیدارەی ئەو شارە، دیتمان بەپێچەوانەی ئەمە لە موسڵ ساڵی ٢٠١٤ روویداو هەرچی دەزگا ئەمنییەکانو پارێزگارەکەی پێش خەڵک هەڵهاتنو شارەکەیان جێهێشتو ئەو کارەساتەیان دروستکرد کە تائێستاش قوربانی بۆ دەدرێت، بەڵام بەزوویی کۆتایی پێهێنانی داعشییەکان لە کەرکوک نیشانەی ورەی پۆڵایینی خەڵکی شارەکە بەگشتیو توانای لە بن نەهاتووی هێزی ئەمنیو ئیداری شارەکەو هەرێمی کوردستانە لە رووی تیرۆریستانی داعش، واتا ئەگەر بمانەوێت دەتوانین دوژمنان ببەزێنین.

هەموو ئەمانە سەرکەوتن بوون، بەڵام دەبێت لەو بەشەی کە تا هاتنەوەی داعشییەکانە بۆ کەرکوک بەئاسانی بکۆڵدرێتەوەو هەروا بەئاسانی بەسەر ئەوانەدا تێنەپەڕێت کە رێگە خۆشکەرو هاوکار بوون بۆ هاتنە ناوەوەی ئەو تیروریستانە، ناکرێت هێزێکی ئاوا بەئاسانی بتوانێت بێتە ناو شار ئەگەر دەستێک لە ناوەوە هاوکاریان نەبووبێت، ئەو دەستانەش کە پێیان دەڵێن شانەی نهێنی ناو شار، دەکرێت لەئێستاشدا هەر مابن، ئەوانە هەموو ئەو نەتەوانە ناگرێتەوە کە غەیرە کوردن، چونکە زۆرێکیش لە عەرەبو تورکمانەکانی شاری کەرکوک لە دژی ئەو تیروریستانەنو ئەوانیش وەک کوردەکانی شارەکە دووچاری ئەو بارودۆخە خراپە دەبنەوە، کە بەهۆی داعشییەکانەوە روودەداتو دەبنە قوربانی.

داستانی پاککردنەوەی کەرکوک لە دەستی داعشییەکان دەبێت ببێتە هۆکارێکی دیکەی پێکەوە ژیانی مرۆڤانە بەئاشتی، بۆ خزمەتکردنی شارەکەو خەڵکەکەی، نابێت ئەمە بکرێتە پلێتەی هەڵگیرسانی ناکۆکی ناوخۆو ملاملانێکانی نێوان پێکهاتەکان قوڵ بکاتەوە، هەموو نەتەوەکانی شارەکە پێیان خۆشە ئارامی هەبێتو یەکسانیو دادپەروەریش حوکمیان بکات، کەس پێی خۆش نییە منداڵەکانی ببنە سووتەمەنی بیری چەپەڵی داعشو هاو شێوەکانیان، خەڵکەکە بەئایینە جیاوازەکانەوە ژیانیان دەوێت، خۆشیو گەشەو پێشکەوتنیان دەوێت، ئەوانەی تێکی دەدەن لە زمانە جیاوازو بیرە جیاوازەکانەوە دەخزێنە ناو داعش، هەر ئەوانەش چاویان بەپێکەوە ژیانی پێکهاتنەکانی ئەو شارە هەڵنایە، دەبێت رۆڵە قارەمانەکانی ئەم شارە دوای هاتوهووتی کەسانی تێکدەرو گێرەشێوێن نەکەون، لەوانەی کە دەیانەوێت لە دوای تەواوبوونی ئەم داستانە بەسەرکەوتوویی

## بەشی پێنجەم

هەندێک شتی نەشیاوو عەقڵ نەبڕ بکەنە هەوێنی خەیاڵیی هۆکاری روودانی ئەو کارەساتە، چەشنی ئەمە لە پاریسیش روویداو حکومەتی خۆجێییش ئیستیقالەی نەکردو تاوانبار نەکرا.

داعشییەکان بەردەوامن لە ناوچەکەو بەتایبەت کەرکوک، تورکیاش بەرۆڵی خۆی کە دەستی لە بەشەردانی پێکهاتەکانی شارەکە هەیە، چاوی دوور مەوداشی تێبڕیوە، هەموو ئەمانەش بە زیاتر پتەوکردنی پێکەوەژیانو رێز لە یەکتر گرتن رەتدەدرێنەوە، با کەرکوک لەسەر پێیی خۆی راوەستێتو ببێتە نموونە لەدونیادا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

# شەڕی موسڵ و دەرهاویشتەکانی



محەمەد عەلی وەلی

موسڵ لەسەرەتا و دەستپێکی داگیرکارییەکانی داعش بوو بۆ خاکی عێراق، بەڵام سەرەڕای گەورەیی و گرنگی پێگەکەی و بوونی چەندین سەرکردەی باڵای عێراق لە پارێزگای نەینەوا، کەچی پرۆسەی ئازادکردنەوەی کەوتە دوای چەندین ناوچەو پارێزگای تری عێراق، ئەم دواکەوتنە هەروا و لەخۆوە نییە، بێگومان چەندین هۆکارو فاکتەری گرنگ هەیە، بۆ دواکەوتنی راگەیاندنی ئەو پرۆسەیە.

یەکێک و کۆتا هۆکاری دواکەوتنە کە رەنگە ئەگەرێکی لاوازیش بێت، ئەویش بوونی ئەو پارێزگایەیە، وەک ناوەند و پایتەختی خەلافەتەکەی بەغدادی و، کۆکردنەوەی هێز لەو شارە، بەڵام بەبۆچوونی بەندە، فاکتەرە گرنگەکانی دواکەوتنی ئازادکردنی ئەو شارە، لەناوخۆی عێراق و پەیوەست بوو بە رێکەوتن و پێکهاتنی لایەنە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانەوە، سەبارەت بە شێواز ومیکانیزو ژمارەو و جۆری بەشداری کردن و بەشداری نەکردنی هێزە سەربازییەکان لە پرۆسەکەدا. لەوانەیە ئەو دەرهاویشتانەی باسی لێوەدەکرێت، بە واتایەکی تری لەپاڵ چەند هۆکاری تری، هەمان ئەو هۆکارانە بن کە بوونە مایەی دواخستنی پرۆسەکە. شەڕی داعش لەموسڵ درزی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق ئەوەندەی ترە قوڵتردەکاتەوە، بۆیە رێکخستنەوەی کارتی لایەنە سیاسییەکانی سەر ساحەی سیاسی عێراق دژوارییەکی گەورەیە، بەتایبەت بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق، بۆیە بنیاتنانەوەی نەسیجی سیاسی لەناو عێراقی دوای ئازادکردنی موسڵ، لە ئاوەدانکردنی ژێرخانی ئابووری ئەم وڵاتە قورسترە.

دەرهاویشتەیەکی تری ئەم جەنگە لەعێراقدا، گۆڕینی کارەکتەرە سیاسی و ئیدارییەکانییەتی، ئەوەتا هێشتا شەڕ دوایی

نەهاتووە، دادگای باڵای عێراق، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ئەسیل نوجەیفی پارێزگاری پێشووی نەینەواو، سەرۆکی پاسەوانی نەینەوایە، بەتۆمەتی مامەڵەکردن و پێدانی هەواڵ و زانیاری بەوڵاتانی تری. گەورەترین دەرهاویشتەی شەڕی ئازادکردنی موسڵ، بارگرانکردنی سەرشانی عێراقە، دووبارە نغرۆکردنییەتی لە ژێر باری قەرزاری وڵاتاندا، تێچوونی ئەم جەنگە ئەوەندە عێراق قەرزار دەکات، بەدەیان ساڵ نەتوانێت لەژێرباری ئەو قەرزارییە دەرچێت، بیهێنە پێش چاوی خۆت، تەنها لەیەک هەڵمەتی فڕێدانی ئاگاداری و هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیاندا، بەیەک ڕۆژ و یەک هەڵمەت، ١٧ ملیۆن پەڕەی A4 بەسەر زیاتر لە ١٨ شارو شارۆچکەو شوێنی ئاوەدانیدا فڕێدراوە، ئەو هەڵمەتە چەند سەعاتییە چەند دەکات لەسەر عێراق، بۆنمونە ئەگەر یەک پەڕە تەنها ١٠٠ دیناری تێبچێت، ئەوا تەنها ئەو هەڵمەتە (١٠٠٠،٠٠٠،٧٠٠ ) یەک ملیارو حەوت سەد ملیۆن دیناری تێدەچێت، ئەی خەرجی ئەو فڕۆکانەی کە بەسەر ئەو شوێنانەدا قڕێی دەدەن، ئەوە باس لە خەرجی سادەترین شتی شەڕە کەلە ناوخۆ بەرهەمدێت و کەسانی عێراقی و بەفڕۆکەی عێراقی بەبێ کرێ و پاداشت کاری تیادەکەن. ئەی نرخی گوللە تۆپێک، هاوەنێک و فیشەکێک چەندە!!

ئەی خەرجی هەزارەها هەڵمەت و بۆردومانەکانی فڕۆکەجەنگییەکانی هاوپەیمانان بۆسەر داعش لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا چەندە!؟ لەسەر ئاستی هەرێمایەتی ئەم جەنگە دەرکەوتەی گەورەتری لێدەکەوێتەوە، ئەوەتا هەر پێش دەستپێکردنی جەنگ، تورکیا وەک سەرکردەکانی دەڵێت، لێناگەڕێن دەست بۆ پێکهاتەی سوننە و تورکمانی ئەو پارێزگایە ببرێت، هەمیشە لەسەر هێڵ و چاوکراوەیە بۆئەوەی بچوکترین پێشێلکاری و دەستدرێژی بەدی بکات و خۆی هەڵقورتێنێتە گۆڕەپانەکە، وێڕای ئەو هەموو لێدانە دژبەیەک و توندانەی بەرپرسانی عێراق و تورکیا، کە هەندێکجار پەیوەندییەکان دەباتە لێواری تەقینەوە.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، رووسیا نە بێدەنگ و نە بێکار دادەنیشێت، هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەکەوە، (ماریا زاخاروف)ی وتەبێژی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی رووسیا، وتی موسڵ دەبێتە سەرزەمینێکی سوتماک و کاولکراو، ئەو وتەبێژە زیاتر لە جارێک، مزگێنی رووودانی کارەساتی مرۆیی دەدات لە جەنگی ئازادکردنی موسڵدا، بەم لێدوانانە روسیا دەیەوێت ئەوەی خۆی لە سوریا بەگشتی و حەلەب بەتایبەتی دەیکات، لە پێش چاو و زهنی خەڵک دوورخاتەوە، هەروەک بەو پێیەی رووسیا لەگەڵ هەرسێ وڵاتی (عێراق و ئێران و سوریا) هاوپەیمانێتییەکی چوار قۆڵییان هەیە، ناوە ناوە ئەو بیری عێراق و بەرپرسانی دەخاتەوە، کە وەک هاوپەیمانێک ئامادەی هەموو هاوکارییەکی عێراقە.

دەرهاویشتەیەکی ناوخۆیی کە کەس هیچی لێوە دیار نییە، ئەوەیە، کێ و چ هێزێک دەڕواتە ناو موسڵەوە، چونکە لەوەتەی باس لە ئازادکردنی موسڵ دەکرێت، چەندین لێدوان و تەنانەت بڕیاری جدیش لەسەر ئەوەی چ هێزێک دەڕواتە ناو

موسڵەوە!؟ پرسیاری لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کێ و کام هێز و پێکهاتەی سیاسی و نەتەوەیی و مەزهەبی، دەسەڵات لەو پارێزگایە دەگرێتە دەست، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە وەک وتمان گۆڕینی دەموچاو و کارەکتەرەکان ئەگەرێکی حاشا هەڵنەگرە، هەندێک لایەن و پێکهاتەی سیاسیش لەو پارێزگایەدا کارتەکانیان سوتاوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## دژە تیرۆر، فریادڕەس لە کوردستان



محەمەد رەزا

وەک ئاشکرایە هەموومان ئاشناین بەهێزێکی قارەمانو مەشقپێکراوی زۆر چاپوکو ئازا لەناو هێزە جوامێرەکانی ئاسایشی سلێمانیو گشتیدا بەناوی هێزی دژە تیرۆرەوە، ئەم هێزە وەک فریادڕەسەو تینووی خوێن بەخشینو خۆبەخشینە بەخاکی پیرۆزی کوردستان، لەهەر شوێنێک پشێویو نائارامی رووبدات یان تیرۆریستان بەخەیاڵی خاوی خۆیان بیانەوێت ببنە مەترسی بۆ هەر ناوچەو شارێکی ئەم هەرێمە، یەکەکانی دژە تیرۆر دەستبەجێ جوڵە بەهێزەکانیان دەکەنو هەڵۆ ئاسا بەرەو زبڵدانی مێژوو خلۆریان دەکەنەوەو دەیانکەن بەپەندو عیبرەت بۆ خەلافەتە بێ بنەماو تاریکستانەکەیان.

بۆ نموونە، ئەمە دووەم جارە لە شاری کەرکوکدا چەکدارانی داعش فرسەت دەهێننو رۆڵەکانی ئەم گەلە بەناڕەوا شەهیدو بریندار ئەکەنو لە ژێر خەونی گڵاوو قوڵی عەبا رەشەکانی ئەمیرە قێزەونو بەناو ئیسلامیەکانیاندا خۆیان بەئاگا دەهێننەوەو وەک جرجی زراو تۆقیو لە ئاودەستخانەو زێرابەکاندا پلانی تیرۆرستی ئەکەنە هەوێنی هەناسەی بۆگەنیانو لەوێوە خۆیان ئەخەنە بەر نەفرەتی ئەم گەلەو لەقیامەتیشدا خۆیانو ئاغاکانیان رووڕەش دەکەن.
ئەی تیرۆرستی بێئابڕوو و بێ بنەماو بێ هیچ ستراتیجێک، کوڕە گەنجە جوانو پیاوە وڵاتپارێزەکانی کەرکوک، هەموو بەیەک دڵو بەیەک گیانو بەیەک هەڵوێستی کوردانەیانەوە دەستیان داوەتە تفەنگو هاوکارو هەماهەنگی هێزە ئەمنییەکانی ناو شاری کەرکوکن، بۆیە هێزەکانی دژە تیرۆر فریادڕەسن بۆ هەر تەنگانەو رووداوێکی نەخوازراو لەهەر شوێنێکی ئەم کوردستانە.

جگە لەم ئۆپەراسیۆنەی ئەمجارەی کەرکوک، ئەو کاتەی داعش قەزای مەخمووری داگیر کرد، هەموو باش ئاگادارین کە



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی پێنجەم

ئەگەر هێزەکانی دژە تیرۆر نەبووایە، داعش بەئاسانی بەرەو هەولێر دەهاتو کارەساتی گەورەی بەسەر کورددا دەهێنا، هێشتا بەتەواوی قەزای مەخمووری نەگرتبوو، عەرەبە شۆڤێنییە ئاوارەو نائاوارەکانی ناو شاری قەڵاو منارە لە چاوەڕوانی ئەوەدابوون کە هەولێر چۆڵ بکرێتو ماڵەکان بۆخۆیان تالآن بکەنو ببنە خاوەن ماڵ، بەڵام دژە تیرۆر لە ئاسایشی گشتیو سلێمانی کە بەڕاستی پارێزەری سەرو سامانی هاوولاتیانی کوردستانەو کاریگەرترین هێزی (قوە زاربە) یە لەکوردستاندا، ئەو خەونەی لەگۆڕنان.

بێگومان هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەهەر شوێنێک بن ترس لەو شوێنە نییە، لەبەرئەوەی خاوەنی هێزەکە خودی (ی.ن.ک)ەو ئەو حزبەیە کە لەناو جەماوەری خۆیو لەلای دۆستو دوژمنی بەحزبی شەهیدان ناسراوە، خۆ ئیرەیییشمان پێدەبرێو زۆرجار زۆر هێزو لایەن ئەیانەوێ چاو لە ئازایەتیو بەرنامەو بیرو هزرمان بکەن، بۆئەوەی وەک یەکێتی لە ناوخەڵکدا دەنگ بدەنەوەو هاوشێوەی هێزەکانی ئێمە بن، بەڵام کە دێتە سەر کردار، نەک ناتوانن بەڵکو بەدەیان نمرە لە خوار ئێمەوە خۆیان ئەبیننەوە، لەبەرئەوەی (ی.ن. ک) لەهەر کوێ بێ ئەو شوێنە ئازادیو دیموکراسیو پێکەوەژیانی لێیە، ئەوەتا لە کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو گوندانەش کە لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکرنی موسڵدا لە چنگی داعش ئازادکران، وەک هەموو جارەکانی تر لە پێشدا سەرقافڵەی شەهیدەکانی یەکێتی بۆ باوەشی خاکو نیشتمان گەڕێندرانەوەو بەخوێنی گەشو ئاڵی خۆیان، ئازادییان بۆ کوردستان نەخشاندو سەری حزبەکەیانو کەسوکاریشیان بەرزکردەوە، بۆیە دەبێ هەموو دەست لەسەر سنگو دەست بەدوعا بین بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانمان بەگشتیو هێزە جەربەزەکانی دژە تیرۆریش بەتایبەتی.

سڵاو لە یەکینەکانتان ئەی شێرە پیاوانی دژە تیرۆر، ئێوە جوانترین گوڵی ناو گوڵدانی (ی.ن.ک) ن، ئێوە خەڵکی ئەم کوردستانەتان دڵنیاکردۆتەوە کە ئەیانپارێزن، ئەگەر ئێوەی وڵاتپارێز نەبن هاوشانی برا پێشمەرگەکانتان، کورد تووشی کارەسات ئەبێت، بۆیە دەبێت هەموو چاو کراوە بین لە دزە کردنو هاتنە ناوەوەی تیرۆرستان بۆ شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی، دوور نییە لە تەواوی شارەکانی تری کوردستاندا شانەی نووستوویان نەبێتو هەمان کارەسات روونەداتەوە، گرنگیشە حکومەتو سەرکردایەتی سیاسی کوردیش جگە لەوەی چاو کراوەتر مامەڵە لەگەڵ پرسی کورددا بکەن لەگەڵ عەرەبە شۆڤێنییەکان، لە هەمان کاتیشدا دوور لە شارەکان ئاوارە عەرەبەکان نیشتەجێ بکەنو ئەو کوردە خاوەن بەرژەوەند تایبەتانەش کە دەبنە کەفیلیانو بۆ بەرژەوەندی بڕێک پارەی کەم کەفالەتیان بۆ ئەکەن، بۆ لەمەولا ئەوەش نەکرێت یان بۆ هەر کە فالەتێک کە لە لایەن کوردەوە بۆ عەرەبە ئاوارەکان دەکرێت، لەگەڵیدا بڕێک پارەی باش بکرێتە لەجێگەدانانی ئەو کەفالەتە، چونکە بەڕاستی زۆر کەمتەرخەمینو پشتمان لێکردۆتەوەو وابڕوات کارەساتی گەورەترو ناخۆشتر روودەدات، هەروەها شەهیدو برینداری زیاتریش دەدەین، وەک ئەوەی لە شارە جوانەکەی قودسی کوردستاندا روویدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

بەشی پێنجەم

## موسڵ، کێکێک هەمووان دەیانەوێ پشکیان هەبێت



**ئەرشەد تەحسین**

لەوەتەی هەیە, هیچ کات هێندەی ئەم ماوەیە موسڵ نەکەوتووەتە بەرباس و خواس, موسڵ ئێستا کە تەنها شارێکە و دووەم گەورەترین شاری عیراقە، سەدەیەک پێش ئێستا ویلایەتێکی مەزن و فراوانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، دوای شیبوونەوەی عوسمانییەکان لە یەکەم جەنگی جیهانی و درووست بوونی دەوڵەتی عیراقی نوێ، بەبێ خواستی دانیشتووانەکەی خرایە سەر عیراقی تازە بەرهەم هاتوو. عیراق کە لە ساڵی ١٩٢٠ دا لە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە دروست بوو، ڕێژەی زۆری شیعە و کەمی سوننە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ خستنە سەری ویلایەتی موسڵ بە عیراقەوە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ سوننەن، گەرچی بەڕەگەز کوردن و لە رووی نەتەوەیی, زمان،کلتوور, داب و نەریتەوە جیاوازن لە عەرەبی هەردوو ویلایەتەکەی تر. لکاندنی موسڵ بەم دەوڵەتە نوێیەوە رۆڵێکی گرنگی هەبوو بۆ هاوتاکردنی مەزهەبی لە نێوان سوننە و شیعەدا و بەتێکڕا هەردوو مەزهەبی نزیک کردەوە لە رووی ژمارەی دانیشتووانەوە و بایەخێکی یەکجار گەورەی هەبوو بۆ شەرعیەتدانی حوکمی سوننە بەسەر شیعەی زۆرینەدا لە عیراق، بە درێژایی ١٠٠ ساڵەی حوکمڕانی سوننەکان لەعیراقدا، هەمیشە بۆ دژایەتی کردنی عەرەبی شیعە، عەرەبە سوونەکان کوردیان بە هاومەزهەب هەژمار دەکرد و شەرعیەتی چەوساندنەوەی شیعەیان دەردەکرد، لە هەمان کاتیشدا بۆ چەوساندنەوەی کورد هەردوو مەزهەب خۆیان بە عەرەب و بە زۆرینە هەژمار دەکرد و کوردیان لە مافە سەرەتاییەکانی نەتەوەیی بوونیان بێبەش دەکرد و لە هەوڵی پاکتاوکردنیدا بوون، هەمیشە کورد لەو نێوەندەدا قوربانی و ماف خوراو بوون و هەموو کات عەرەبی شیعە و سوننە یەکگرتوو و یەک دەنگ دژی کورد دەوەستانەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## موسڵ لە عیراقی نوێدا

ئەگەر چی سەرەتا توركیا بەلكاندنی ویلایەتی موسڵ بەعیراقەوە قایل نەبوو، هەردەم بەرهەڵستی دەكرد و بە بەشێك لە خاكی خۆی دەزانی، بەڵام بەو پێیەی توركیا لە ئیمپراتۆریەتێكی گەورە و زەبەلاحی چەند سەدە حاكمەوە، دەوڵەتێكی بچووك و لاوازی بە میرات بۆ مابۆوە و هیچ دەسەڵاتێكی نەبوو و نەیدەتوانی بەزەبری هێز بیخاتە ژێر ركێفی خۆیەوە، سەرباری هەموو هەوڵ و تەقەلاكانیشی نەیتوانی موسڵ مسۆگەر بكات، ئەوە بوو ناچار رازی بوو لیژنەیەكی سەر بە كۆمەڵەی گەلان بریار لە چارەنووسی بدات، لیژنەكەش لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢٥ دا بڕیاری دا بە جێگیر كردنی ویلایەتی موسڵ وەك بەشێك لە عیراق بە دوو مەرج، كە یەكیان داننانی عیراق بوو بە سروشتی جیاوازی كورد وەك پێكهاتەیەكی سەرەكی و خاوەن كلتوور، زمان، داب و نەریتی جیاواز لە پێكهاتەی دوو ویلایەتەكەی تر.

لە هەمان كاتیش دا هەر لەسەرەتاوە پێكهاتە و دانیشتووانەكەی بەم پێكەوە لكاندنە رەزامەند نەبوون و كەوتنە دژایەتی كردنی، شەپۆلی ناڕەزاییەكان چەندین ڕێگای جۆراوجۆریان لەخۆگرتبوو، تا كار گەیشتە شۆڕشی چەكداری.

كورد هەر لە سەرەتای شیتەڵبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە قوربانی سەرەكی, گەرچی پێشتریش و لە جەنگی چاڵدێرانەوە لە ساڵی ١٥١٤ دا خاكەكەی دابەشی عوسمانی و سەفەوی كرابوو، ئەمجارە دیسان دوای یەكەم جەنگی جیهانی دابەشی سەر نەتەوە و دەوڵەتە تازە دروست بووەكان كرایەوە و لە مافە سەرەتاییەكانی نەتەوەیی بوون بێبەش كراو تەنانەت مەترسی لەسەر ناسنامە و بوونیشی دروست بوو.

بەم شێوەیە ویلایەتی موسڵ وەك كێكێك دەرخواردی عیراقی تازە دروست بوو درا و ناسنامە و مافە نەتەوەیی و ئایینییەكانی دانیشتووانەكەی لەو پێناوەدا بووە قوربانی، بە درێژایی ئەم ١٠٠ ساڵەی رابردووش سەرباری بەرپابوونی چەندین كودەتای سەربازی، گۆڕینی حكومەت و كابینە وزاریەكان، ئاڵوگۆڕی ئایدیا و بیروباوەڕی حكومڕانی، تا دەگاتە گۆڕینی سیستەم و شێوازی حوكمڕانی، هەر هەموویان بەیەك ئاڕاستە و بەبێ جیاوازی كەوتنە دژایەتی كردنی كورد و بێبەشكردنی لە مافە سەرەتاییەكانی نەتەوەیی و هەوڵدانی گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەكە و كوشت و بڕ بوو بە بەشی كورد لەم وڵاتەدا، كورد جگە لە قوربانی هیچ دەستكەوتێكی تری نەبوو لەعیراقدا، هەر بۆیە بە درێژایی سەدەی رابردوو كورد لەهەوڵدا بوو بۆ سەلماندنی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی مافە رەواكانی وەك نەتەوەیەكی جیاوازی خاوەن خاك و كلتوور و داب و نەریت.

## ئایندەی موسڵ

ئێستا دوای نزیکەی سەدەیەک لە لکاندنی موسڵ بە عیراقەوە، دوای گۆڕانی یەکەی ئیداری موسڵ لە ویلایەتێکی گەورەوە بۆ تەنها پارێزگایەک، دوا بەدوای گۆڕانکارییە کلتووری, کۆمەڵایەتی, نەتەوەیی، دیموگرافی, سیاسی و ئیدارییەکانی ١٠٠ ساڵی رابردوو، وێرای پەلامار و حوکمڕانی سێ ساڵی رابردووی ئەم شارە لە لایەن داعشەوە، جگە لە کاولکاری و ماڵوێرانی و دەربەدەری هیچی تر ناچێنینەوە لەم ناوچەیەدا، سەرباری هەموو ئەوانەش ئێستا موسڵ لە کێکێک دەچێت و کە هەر یەکە لە هەوڵدایە پشکی بەربکەوێت، ئەم ماوەیە کە هەوڵێکی جددی لە ئارادایە بۆ دەرهێنانی موسڵ لە چنگی داعش، هەر لایەنە دەیەوێ بۆ خۆی مسۆگەری بکات، تورکیا ئێستاش کە بەمافی خۆی دەزانێت و لە هەوڵدایە لە دەستی نەدات، حکومەتی عیراق دەیەوێت لە رێی سوپای عیراق و حەشدی شەعبییەوە بیخاتەوە ژێر رکێفی خۆیەوە، عەرەبی سوننە کە لەم کاتەدا پێکهاتەیەکی لاوازە و ئەم کارە دیسان بە جۆرێکی تر لە داگیرکاری دەزاننەوە و چاویان لە دەستی هەر لایەنێکە کە وەک هێلکەیەکی پاک کراو موسڵیان رادەست بکات، کوردیش کە پێکهاتەیەکی سەرەکی و دانیشتووانی رەسەنی ناوچەکەیەو بە خوێن و قوربانیدان دەیەوێت ناوچە کوردستانییەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و لە ئازادکردنەوە موسڵدا دەستی باڵای هەبێت، لە نێوان هەموو ئەم سیناریۆیانەدا ئایا ئەجێندای کێ سەردەکەوێت؟ ئایا هێزە ناوچەیی و هەرێمی و جیهانییەکان هەر وا ئاسان لێدەگەڕێن لە خێر و بێری ئەم ناوچەیە بێبەش بن؟ ئایا موسڵ دەبێتە کێکێک و بەیەکپارچەیی رادەستی لایەنێک دەکرێت، یان بەش بەش دەکرێت و هەر لایەنە بەشێکی دەبات؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە هەرچۆنێک بێت بەبێ خوێن و قوربانیدان ئەم یارییە کۆتایی نایەت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە سەرکردایەتی سیاسی کورد بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکات، ئەوەی بە خوێن و قوربانیدان بەدەست دێت، لە رێی سیاسەت و گفتوگۆوە لە دەست نەچێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## ئەمجارەش ئەرکی راگەیاندن لەکاتی جەنگدا



**مستەفا ساڵح کەریم**

لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپراسیۆنی ئازاد کردنی موسڵدا، بە پێویستم زانی هەندێ زانیاری گرنگ دەربارەی ئەرکی پەیامنێری جەنگ گەرماو گەرم بخەمە پێش چاو، ڕاستەوخۆ هەفتەی ڕابوردوو لەم گۆشەیەداو لەو ڕوانگەیەوە داوام لە میدیاکاران کردبوو کە پێویستە لەم کاتە ناسکەدا لە داڕشتنی هەواڵ و ڕاپۆرتەکانیانا کە بە وێنەوە بڵاوی دەکەنەوە ئاگاداری سەلامەتی پێشمەرگەو سەنگەرەکانیان و جووڵەو حەشارگەیان بن، فەرماندەکان ئیحراج نەکەن بە پرسیاری ئەوتۆ کە وەڵامەکەی لە بەرژەوەندی کردەوە سەربازیەکاندا نەبێ، دەبێ لەژێر کۆنترۆڵی فەرماندە سەربازیەکاندا بن و لەخۆیانەوە نەبن بە دەمڕاست، دوای حەزو ئارەزووی خۆیان و کەناڵەکانیان نەکەون، شتی ئەوتۆ پیشان نەدەن کە زیان بە قارەمانانی سەنگەر بگەیەنێ. بەڵام داخم ناچێ هەندێ لە پەیامنێران و میدیاکاران لە ئاستی بەرپرسیاریدا نەبوون، هەتا هەندێ کاریان دەچوە خانەی بەزاندنی هێڵی سوورەوە، هەندێک لەو وێنانەی بڵاوکرانەوە بەتایبەت لە پێ دزەکردنی داعشەکان بۆ ناو کەرکوک و بەرەنگار بوونەوەیان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش و دژە تیرۆر بۆ شکاندنیان، لەو ئۆپراسیۆنەدا هەندێ لە پەیامنێران بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ئەو هەواڵەی ئاوا بە حەماسەتەوەو بە وێنەوە بڵاوی دەکەنەوە لەوانەیە ببێتە هۆی کەشف کردنی شوێنیان دوور نیە شانەی نوستوو بە مۆبایل ناوەڕۆکی ئەو گرتە تەلەفزیۆنیە نەگەیەننە داعشیەکان کە لەو شوێنەدان.

* ئەمجارەش بۆ جاری دوەم داوا لە میدیاکاران دەکەم ئاگاداری سەلامەتی پێشمەرگە بن، نهێنی نەدرکێنن، باسی حەرەکەتەکانیان نەکەن، نازانم چ فەلسەفەیەکی تیایە باسی جۆری چەکەکانی پێشمەرگە بڵاوبکرێتەوە؟ چ حیکمەتێکی تیایە پرسیاری وا لە فەرماندەکان بکەن کە سوور دەزانن وەڵامەکەی دەچێتە خزمەتی دوژمنەوە؟.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی پێنجەم

* بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، بۆ پاراستنی ژیانی پێشمەرگە دلێرەکانمان کە بوونەتە مایەی شانازیی نەک هەر هی ئێمەی کورد بەڵکو لای هەموو میللەتانی دنیا، نابێ ژیانیان بە ڕووماڵ کردنی هەندێ ڕاپۆرت بخرێتە مەترسیەوە، لە کۆتاییدا داوا لە وەزارەتی پێشمەرگە دەکەم بۆئەوەی ئەم فەوزا ئیعلامیە نەمێنێ ڕۆژانە خۆی بەلاغی عەسکەریی بڵاوبکاتەوە، پێویستە ژووری تایبەتی هاوبەش بۆ ئامادەکردنی هەواڵ و ڕاگەیاندن هەبێ بۆ ئەوەی یەک سەرچاوە بۆ هەواڵ هەبێ. دوایین قسەم لەگەڵ پەیامنێران ئەوەیە تکایە پێشمەرگە مەشغول مەکەن بە وێنەگرتن و لێدوان چونکە ئەرکی ئەوان لەوە گرنگترو لەوە مەزنترە، ئەوان پارێزەری خاک و نەتەوەن، لێیان گەڕێن با ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

بەشی پێنجەم

## دیرۆکی ئێمە پێشمەرگە دەینووسێ



بەدران ئەحمەد حەبیب

لەگەڵ دەستپێکی بەرەنگاربوونەوەی پێناو رزگاریی مووسڵ لە چنگی هۆنینەوەی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی، کە پێشمەرگە شانبەشانی سوپای عێراق یەکێکە لە دوو هێزە سەرەکییەکەی ئەم بەرەنگارییە، مشتومڕێکی لاوەکی لەبارەی ئەوەی ئاخۆ پێناسەی پێشمەرگە میلیشیایە یان هێزێکی نیشتمانی، هاتە گۆڕێ. ئەم نووسینەی من وەڵامدانەوەی ئەوە نییە، کە دەڵێ پێشمەرگە میلیشایەکی حزبییە، لەبەرئەوەی ئەمە قسەیەکە پشت بەو بارە هەڵاوێردانە دەبەستێ، کە لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا پێشمەرگە لە ململانەی سیاسیی باڵەیلی کوردی لەناو یەکدا، چەند جارێک بوو بە لایەن و خوێنی یەکتریان بە گۆڕەوە کرد، بەڵام ئەمە ناتوانێ ئەو راستییە بشارێتەوە، کە ئەم هێزە لە بنەڕەتدا وەک هێزێکی بەرگری لە گەل و نیشتمانی کوردستان هاتووەتە بوون و لە ماوەی دوو ساڵی رابردووش لە شەڕ لەگەڵ داعشدا، پێناسەکە فرەوانیی تازەتری بەخۆوە گرتووە وەک لێرەدا باسی دەکەین.

لە دوو ساڵی دواییدا ناوبانگی پێشمەرگەی باشوور و شەرڤانی رۆژئاواش هەروەها، هەموو ئاسۆیەکیان لە دنیا گرتەوە. ناوبانگی ئازایەتی و چەلەنگی لە لایەک و لە لایەکی ترەوە بێ پێچ و پەنایی لە رووبەڕووبوونەوەی بیری تاریکی ئاینیدا، پێناسەیەکی وایان دا بە پێشمەرگە و لە رێی پێشمەرگەشەوە دا بە دۆزی سیاسیی گەلی کوردستان، کە ئەم پێناسەیە تا رادەیەکی گەورە پێشکەوتووترە لەو پێناسەیەی جاران بزاوی رزگاریی کوردستان هەڵی گرتبوو و بریتی بوو لە خەبات بۆ بەدیهێنانی داخوازەیلی سیاسی لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵی یان دەوڵەتێکی سەربەخۆدا. ئەم پێناسە فرەوان و تازەیە بریتییە لەوەی پێشمەرگە هێزێکی سەرەکییە لە بەگژداچوونەوەی تیرۆری ئیسلامی لە سەرتاسەری دنیادا. وێڕای ئەمە، خوێنی پێشمەرگە (شەرڤانیش هەروەها) تێکەڵی ئەو زەوییانەش بووە، کە کەمینەی سەربە ئاینی تریان تێدا نیشتەجێیە وەک ئێزیدی و فەڵە و کاکەیی، کە ئەمە بۆ خۆی نیشانە و دەسکەوتێکە لە بواری باوەڕهێنان بە یەکسانیی

ئاینیدا بزاوی سیاسیی کوردستان لە گشت رابردووی خۆیدا بۆی نەلوابوو بیپێکێ و بیهێنێتە دی. هەر لێرەوە و لەم سەرگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەو یەکەتییەی ئەم رۆژانە لە نێوان پەلەیلی پێشمەرگەدا دێتە دیتن هەروەها ئەو هەستە بەرزەی لە گەلەوە بۆ پێشمەرگە دێتە دەربڕین، لە داهاتوویەکی نێزیکدا و لە دوای بڕانەوەی شەڕ، هەموو لایەنێکی ناوەخۆ ناچار بە بەخۆداچوونەوە و هەڵبژاردنی رێی تەبایی دەکاتەوە لە چارەسەری ئەو کێشانەی چەندان ساڵە لەم هەرێمە بچووکەدا نابڕێنەوە و تا دێ بەبن دەدەنەوە.

لە ناوەخۆی عێراقیشدا بەشداریی پێشمەرگە لە بەرەنگاربوونەوەی مووسڵدا، دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەیە. گەلێک بەرپرسی سەربازیی عێراقی، کە لە میناى تیڤییەوە دەدوێن ئەمجارە متمانەیان بە سەرکەوتنی خۆیان زیاترە لەچاو ئەو بەرەنگارییانەی لە رومادی و فەلووجە و گەیارە و شوێنەیلی تردا کردیان هەرچەندە بەرەنگاریی مووسڵ لە هەموو ئەوانەی ناومان بردن گرینگتر و گرەوی سەرکەوتنەکەی گرانترە. ئەمەش لایەنێکی ئەرێنییە، کە دوای بڕانەوەی شەڕەکە، لە ململانەی بەغدا و هەولێردا پێشمەرگە تای تەرازوو بۆ هەولێر دادەلەنگێنێ. لەمەولا کەمتر لە جاران بۆ بەغدا دەلوێ لە مافکەوتی هێزی پێشمەرگە وەک بەشێک لە هۆنەی بەرگریی عێراق، خۆی نەبان بکات و بدزێتەوە و بیانوو بدۆزێتەوە.

عێراق تا دوێنێ و پێرێ، ئەم بەرەنگارییەی مووسڵ بە گەڕ و سەیرانی بەهاران تێ گەییبوو. ئێمەش هەر لامان وا بوو هۆنینەوەی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی وردە وردە کەوتووەتە پاشەکشێ و هێزی خۆی پتر بەرەو سووریە گوازتووەتەوە، بەرپرسانی ئەمەریکەیی و رووسیش هەر وا تێ گەییبوون، زۆر سەرکردەی پێشمەرگەش دەیانوت چەکداری داعش ئەمجارە ورەیان لاوازە، بەڵام باری نشکاوی (حالاتی موفاجەئە) لە شەڕدا زۆرن وەک ئەوەی لە هەینیی رابردوودا پەلاماری کەرکووکیان دایەوە و پاشانیش روتبەیان گرتەوە. هەندێک هەواڵ وا رادەگەیەنن، کەوا بەناو دەوڵەتی ئیسلامی دەستی کردووە بە هێنانەوەی چەکداری خۆی لە سووریەوە بۆ مووسڵ. ئەمانەش رەنگە نیشانەی ئەوەبن گرتنەوەی مووسڵ فرە ئاڵۆز بێ و عێراق بخاتە گەڕاو و گێژەنێکی واوە بارێکی زێدە گرانتر لەم شەڕ و بەرەنگارییەی دەوڵەتی ئیسلامیدا لە پێشمەرگەی کوردستان بنێ.

ئەو بۆچوونەی پێی وایە فەر (واجب) نەبوو پێشمەرگە بکەوێتە ناو بەرەنگارییەکەی مووسڵەوە لەبەرئەوەی مووسڵ کوردستان نییە و ناشێ خوێنی ئێمەی تێدا بە فیڕۆ بچێ، بۆچوونێکە ئەو گۆڕانکارییانە رەچاو ناکات، کە لە داهاتووی ناوچەکەدا بەڕێوەن روو بدەن. کێشەی ئیسلام و ململانەی تایفەیی لەم ناوچەیەدا هێشتە لە نووک و دەسپێکدان، ئەمەش نەخشەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست سەرلەنوێ دەخاتە بەر کارگەی گۆڕینەوە و کوردستانیش بێگومان لە جەرگەی ئەو گۆڕانکارییەدا دەبێت. ئێمە تەنیا لە رێی هێزی پێشمەرگەوە دەتوانین ئەمجارە رۆڵی خۆمان بلیزین ئەگینا دیسانەوە وەک رابردوو نەخشە و

بەشی پێنجەم

سنووری وڵاتەکەمان بێ بەشداریی ئێمە دێنە کێشانەوە. ماسیگرتن و شاقەل تەڕنەبوونیان نەوتووە کوردواتەنی، ناشێ تۆ داوای داهاتووی گەش بکەیت و گەنجیشت لە پێخەفی نەرمدا خەریکی زاوزێ بێت. فەرموو سەرکۆماری تورکیە ببینە چۆن بە لاس و پەلاسدا دەچێ بۆ ئەوەی لەم نەخشەکێشانەوەیەدا بازنەبەدەری نەکەن. بزاوی سیاسیی کوردستان بەردەوام سکاڵای نەبڕاوەتەوە، کە لە شەڕی یەکەمی دنیا بەدواوە دابەشکەر و داگیرکەر نەیانهێڵا کورد ڕۆڵی دیرۆکیی خۆی لەم ناوچەیەدا ببینێ. دە فەرموون ئەوە ئەمساڵ و ساڵی دابێ هەموو دەرک و دەلیڤەیەک بۆ ئێوەی کوردی چوار بەشەکە لەسەر پشتە و ئێوەش لە وازیکردنی ڕۆڵی سەرشان دامەمێنن.

من نە سەرکردەیەکی سەربازیم و نە دەشتوانم سەیری خوێن بکەم، هەر نەمتوانیوە مریشکێکیش سەر ببڕم، بەڵام قسەی ئێرە لە بواری نەرمونیانیدا نییە، لە بواری داهاتووی گەلێکدایە وا بە هەنگاوی گورج و درێژ لە ڕۆژی خۆی نێزیک دەبێتەوە. لاوان لە راگەیاندنی کوردستان و تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکدا ئیتر ئەو وێنانە کەم بکەنەوە، کە پێشمەرگەیەکی سەرلەپێناوی لە خوێندا گەوزیو، منداڵێکی ژیکەڵە و دایکێکی چاو بە فرمێسک دڵی ئێمە بتوێنێتەوە، ئەمە شەڕێک نییە ئێمە بۆ خۆشیی خۆمان هەڵمان بژاردبێ. هەینیی رابردوو سەت کەسیان لە کەرکووک لە ئێمە بەردایەوە و دوو هێندەش بریندارمان دا، بەرپرسیارانی شارەکە چەندیشی پێوە بنێین نیو هێندەی ئێمە لە وان نەکەوتووە. بەرخی نێر بۆ سەربڕینە وەک دەڵێن، لە شەڕی دووەمی دنیادا زیاتر لە بیست ملیۆن مرۆڤ کوشتار هەبوو، کە زۆربەیان سوپای شەڕکەر بوون تەنیا ژمارەیەکی کەمی بێوان و شارستان بوو. بەڵام گەلانی قوربانیدەر و براوەی شەڕ دیرۆک دەنووسنەوە، لێ گەڕێین دیرۆکی ئێمەش ئەمجارە هێزی نیشتمانیی کوردستان، پێشمەرگە بینووسێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## ڕاماڵینی داعش بەردەوامە



دوێنێ لە دەیەم ڕۆژی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی موسڵدا، هێزی پێشمەرگە چەند گوندێکی دیکەی ڕزگارکرد.

### عیراق جەخت لە هەڵوێستەکەی دەکاتەوە

پەیوەست بەپرسی ئۆپەراسیۆنی موسڵ، جارێکی دیکە حکومەتی عیراق، مانەوەی هێزەکەی تورکیا لەباشیکو بەشداریکردنی ئەو وڵاتەی لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی موسڵدا ڕەتکردەوە.

ئەم هەڵوێستە لەمیانی کۆبوونەوەی دوو ڕۆژی ڕابردووی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقدا جەختی لێکرایەوە، لەوبارەیەوە ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویانکردۆتەوە (لەکۆبوونەوەکەدا کە بە سەرۆکایەتیی حەیدەر عەبادی بەڕێوەچوو، تورکیا لەخراپی دەرئەنجامەکانی ئەو سیاسەتە ئاگادارکرایەوە کە بەرامبەر عیراق پەیڕەوی دەکات).

### ئەمریکا: هێزەکەی تورکیا لە باشیک بەشێک نییە لەهاوپەیمانان

کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق هاوکات بوو لەگەڵ لێدوانێکی برێت مەکگۆرک نێردەی تایبەتی باراک ئۆباما لەهاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، مەکگۆرک لەلێدوانەکەیدا هەروەک ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویانکردۆتەوە، دەڵێت: بنکەی سەربازیی تورکیا لە باشیک بەشێک نییە لەهاوپەیمانان، تەنانەت بوونی هێزو یەکەکانی هاوپەیمانان لەخاکی عیراق، لەسەر داوای حکومەتی بەغدا بووە.

**ئەڵمانیا: تورکیا رێز لەسەروەریی خاکی عیراق بگرێت**

لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان عیراقو تورکیاوە، ئەڵمانیاش هەڵوێستی خۆی راگەیاندو داوادەکات (تورکیا رێز لەسەروەریی خاکی عیراق بگرێت).

ئەم هەڵوێستەی ئەڵمانیا لەزاری ئورزولا فون دێرلاین وەزیری بەرگریی ئەو وڵاتەوە، راگەیەنراو تێیدا وەزیر رەخنەی توندی لە لەشکرکێشی سوپای تورکیا گرتووە بۆ ناو خاکی عیراق.

**هۆڵاند: رزگارکردنی موسڵ پێویستی بەکاتێکی زۆرە**

ژمارەیەک لەلێپرسراوانی باڵای وڵاتانیش ئاماژەیان بەوەداوە کە (ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسڵ درێژخایان دەبێت)، لەنوێترین لێدوانیشدا دوێنێ فرانسوا هۆڵاند سەرۆکی فەرەنسا هەمان بۆچوونی خستەڕوو، بەپێی لێدوانەکەی هۆڵاند؛ (رزگارکردنی موسڵ پێویستی بەکاتێکی زۆرە)، داواش دەکات (بەرچاوڕوونییەک بۆ بەرێوەبردنی موسڵ لەدوای کۆتاییهێنان بە داعش، بخرێتەڕوو).

**فەرەنسا ماوەی هێرشەکانی بۆسەر داعش درێژ دەکاتەوە**

هاوکات لەگەڵ ئەو لێدوانەی سەرۆکی فەرەنسادا، هەردوێنێ ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویانکردەوە (فەرەنسا بڕیاریداوە ماوەی هێرشەکانی بۆ سەر تیرۆریستانی داعش لە عیراقو سوریا درێژ بکاتەوە).

**روسیاش ئامادەیە؛** میخائیل بۆگدانۆڤ جێگری وەزیری دەرەوەی روسیاش دەڵێت: ئەگەر عیراق داوای هاوکاری سەربازیی لە روسیا بکات بۆ ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسڵ، مۆسکۆ رەتیناکاتەوەو ئامادەیە هاوکاریی عیراق بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## لە کەرکوک چی ڕوویدا؟



**جەزا ئەحمەد فارس**

کەرکوک یەکێکە لە گرنگترین پارێزگاکانی عێراق کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە کورد ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پرۆسەی سیاسی لەم شارەدا، لەماوەی ڕابردووشدا بە بەراورد بە پارێزگا عەرەب نشینەکان پارێزگایەکی تارەدەیەک جێگیر بووە لە ڕووی ئاسایشەوە لە پاڵ ئەوەی ناو بەناو ئەم پارێزگایە خەڵتانی خوێن کرا لەلایەن گروپە تیرۆریستیەکانەوە.

ئەوەی کە جێگەی تێڕامان بوو بۆ هەمووان هێرشی (٢٠ و ٢١ - ١٠ - ٢٠١٦ )بوو کە ئەم شارەی خەڵتانی خوێنکردوو بێسەر و بەرەی هێزە ئەمنیەکانی ئەم شارەشی بۆ خستینەڕوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا لەپاڵ ئەمانەش ئەوەشمان بۆ دەرکەوت کە کەلێنێکی ئەمنی گەورە لەم شارەدا بوونی هەیە.

### پەیامی پشت هێرشەکەی داعش

داعش دەیەوێت لەڕێگەی ئەم هێرشەوە بیسەلمێنێت کە توانای ئەوەی هەیە کردەوەی تیرۆرستی لە هەر پارێزگایەکی عێراق ئەنجامبدات کە بیەوێت .

یەکێکی تر لەو پەیامانەی کە لە پشت ئەم هێرشەوە بوو ئەوەیە کە ئەم ڕێکخراوە تیرۆرستیە خاوەنی چەندین شانەی نوستووە، لەوانەیە کە شانەی نوستووی لە پارێزگاکانی تریش هەبێت تەنانەت بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیشەوە.

## کێ هاریکاری داعشی کرد لەم هێرشەدا

### ١- لەسەر ئاستی ناوخۆ

دوور نیە لایەنێکی کوردی لە کەرکوک هاوکار نەبووبێت لەم هێرشەی داعش دژی لایەنێکی تر بۆ ئەوەی بتوانێت لە ئایندە دا ڕۆڵ و کاریگەری هەبێت لەم پارێزگادا، بەتایبەتی لە مەلەفی ئەمنیدا.

هەموان لە سەر ئەوە کۆکن کە شانە نوستووەکانی داعش لەم پارێزگایە هاوکار بووە لەم پرۆسەیەدا، بەڵام من پێم وایە ئەو نمایشانەی کە داعش کردی لەکەرکوک شتێکی مەحاڵە تەنها هاوکاری شانە نوستووەکانیان بەس بێت بۆی.

لەڕاستیدا شتێکی ئاساییە ئەگەر خەڵکانێکی کورد جگە لە عەرەب هەبن هاوکاری داعش بکەن لە بەر ئەوەی هەمووان ئەو ڕاستیەمان بۆ دەرکەوت لە ساڵانی ڕابردوو کە چەندین بازرگانی گەورە و کەسایەتی کورد کاری بازرگانیان لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە تیرۆرستیە کردووە، بەڵام بەداخەوە لە بەرئەوەی هەندێک لە پارتە سیاسیە سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستان لە پشت ئەم کەسانەوە بوون نەتوانرا لە دادگایەکی دادپەروەرانە سزا بدرێن.

لە پاڵ ئەوەی کە ئەکرێت لایەنێکی کوردی دەستی لەم کارەدا هەبێت جا بە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ بێت، ئەوە ڕوونە کە ئەو ئاوارە عەرەبانەی کە لە شاری کەکوک نیشتەجێبوون هاوکار بوون لەم هێرشەدا، چونکە داعش شانەی نوستووی تیایاندا چاندووە، بەڵام ئەوەی کە جێگەی زۆر مەترسیە ئەوەیە کە لایەنێکی کورد هاوکار بووبێت بۆ ئەم کارە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەتی سیاسی.

### ٢- لەسەرئاستی دەرەوە

لە سەر ئاستی هەرێمی ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە تورکیا وولاتێکی نزیکە لە داعشەوە، ئەم وولاتە داعش و دۆستەکانی بەکار دەهێنێت بۆ بە دەستهێنانی ئامانجە سیاسیەکان خۆی لەدەرەوەی سنور.

لەماوەی پێشوودا دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە سەربازانی داعش بە تەیارەیەکی تایبەت هێنراونەتە نزیک کەرکوک لەوێوە هاتونەتە ناوشاری کەرکوکەوە.

## بەشی پێنجەم

لەدوای ئەوەی کە تورکیا ڕێگری لێکرا ڕۆڵ بگێڕێت لە ئۆپراسیۆنی ئازاد کردنەوەی موسڵ شتێکی ئاساییە کە ئەم وڵاتە هەوڵی نانەوەی پشێوی بدات لە ناو عێراق لە پێناوی بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسیەکانی.

### پەرتەوازەی هێزە ئەمنیەکان لە کەرکوک

لەم هێرشەی داعشەوە ئەوە فێر بووین کە بەراستی هێزە ئەمنیەکانی کەرکوک ئەوەندەی بەرگێکی حیزبیان هەیە هێندە بەرگێکی نیزامی سەربازیان نیە، کەلێنێکی ئەمنی گەورەش لەم شارەدا بوونی هەیە.

لە پاڵ ئەوەی کەرکوک کەلێنی ئەمنی گەورەی تیادایە ئەوەی کە جێگەی سەرنج بوو لەم دوورۆژەی هێرشەکەی داعش ژمارەیەکی زۆر هێزمان بینی کە بەناوی سەرکردە حیزبیەکانی یەکێتی و پارتیەوە خۆیان دەکرد بەم شارەدا هێندەی بۆ نمایش ئەهاتن ئەوەندە بۆ مەبەستی بەرەنگاربوونەی ئەم کردەوە نەهاتبوون، چونکە بە پێی هەموو ئامارەکان کە خرانە ڕوو ژمارەی چەکدارانی داعش نزیکەی (١٠٠) کە سبووە.

بۆ کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی زیانەکانی ئەم هێرشە کەرکوک پێویستی بە هێزی مەسولەکانی یەکێتی و پارتی نەبوو، لە بەرئەوەی ئەم شارە خۆی ئەوەندە ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگەی تیادایە کە بتوانن خۆیان کۆنترۆڵی وەزعەکە بکەن ئەگەر بە هەزاران داعشیش لە ناو شارەکەدا بێت.

ئەگەر پەرتەوازەی و بێ بەرنامەی زاڵ نەبوایە بەسەر هێزە ئەمنیەکان لە کەرکوک ئەوە ئەو زیانە گیانی و مادیەی کە لەم هێرشە کەوتەوە کەمتر ئەبوو لەوەی کە هەیە.

بەداخەوە زۆر بەر پرسی سەربازی لە هەردوو حزبی دەسەڵات ئەم دەرفەتەیان بەکارهێنا بۆ خۆنواندن و دەرکەوتن لە بەردەم شاشەکان بەڵام ئەوەی لە کەرکوک پێویستمان بوو، بریتی نە بوو لە هێزی سەربازی بەڵکو بریتی بوو لە پلانی سەر بازی بۆ باری لەناکاو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## ئەوروپا ترسی گەڕانەوەی جیهادیەکانی هەیە



**ئامادەکردنی: بورهان ئەمین**

لەکاتێکدا پێشمەرگەو هێزەعێراقیەکان بەهاوکاری هاوپەیمانان لەپێشڕەویدان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شاری موسڵ و دەوروبەری، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا مەترسی ئەوەیان هەیە ئەو چەند سەد هاوڵاتیەیان کە چونەتە ناو داعش بگەڕێنەوە ئەوروپاو ببنە سەرئێشەبۆیان.

### گەڕانەوەی جیهادیەکان بۆ ئەوروپا

«جۆلیان کینگ» گەورە کۆمسیاری یەکێتی ئەوروپا بۆ کاروباری ئەمنی لەدیدارێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی دی ڤێڵتی ئەڵمانی، مەترسی خۆی لەدوای ئازادکردنی موسڵ وڕاکردنی چەکدارەکانی داعش وپەرژاگەندەبونیان نیشانداوە و لەئەگەری گەڕانەوەی بەشێکی زۆری داعشە ئەوروپییەکان بۆ وڵاتەکانیان، ڕاشیگەیاند: بە گەڕانەوەیان ئەوکات سەرئێشەو کێشەیەکی زۆر بۆ ئەوروپا دروست دەبێت.

### بە پاسپۆرت و ناوی ساختەوە دەگەڕێنەوە

ئەو کۆمسیارە داوای لەوڵاتان کردوە کەخۆیان بۆ ئەو ئەگەرە ئامادەبکەن وتوانای ئەمنی خۆیان پەرەپێ بدەن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەئەوانە لەبەرئەوەی ناویان لەناو لیستی ڕەشدایە بە ناسنامەو پەساپۆرتی خۆیان ناگەڕێنەوە بەڵکو پەنا بۆ پاسپۆرتی ساختەو درستکراو و بەناوی خەڵکانی ترەوە دەبەن و هەوڵدەدەن لەڕێی فڕۆکەخانەکانەوە بگەڕێنەوە. ڕاشیگەیاند: کۆمسیۆنی ئەمنی ئەوروپا، هەمو لایەکی لەم هەوڵانە ئاگادارکردۆتەوەو داوایکردووە کە نەهێڵن ئەو تیرۆریستانە بۆ وڵاتەکانیان بگەڕێنەوە،هەروەها ئامادەیی یەکێتی ئەوروپای ڕاگەیاندوە بۆ هاوکاری وڵاتان لەمیانەی

## بەشی پێنجەم

زانیاری وداتای دروست لەسەر ئەو کەسانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا لەئەوروپاوە چونەتە ناو داعش و لەبەرەکانی شەڕدان.

### ٢٥٠٠ داعش

کینگ ئەوەشی ئاشکراکردوە کە لەساڵانی ڕابردوو هەزاران هەواداری داعش لەوڵاتانی ئەوروپاوە چونەتە خاکی سوریاوعێراق و لەتەک داعش شەڕدەکەن، بەڵام ژمارەیەکی زۆریان کوژراون یان گەڕاونەتەوە وڵاتەکانیان و ئێستا کۆی داعشە ئەوروپییەکان لەو دووڵاتە ٢٥٠٠ چەکدارن، هەروەها دەڵێت: مەرج نیە هەموو ئەو داعشانە بگەڕێنەوە، چونکە ژمارەیەکیان لەو شەڕانەدا دەکوژرێن و هەندێکیش بواری گەڕانەوەیان لەبەردەم نامێنێت.

### ئەزمونی ئەفغانستان

ئەوبەرپرسە گەڕانەوەی هەر ژمارەیەک بەمەترسی بۆسەر ئەمن وئاسایشی ئەوروپا دەزانێ و باسی ئەزمونی شەڕی ئەفغانستان و گروپی ئەلقاعیدەی کردوە کە ئەوکاتیش ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی ئەوروپی چوبونە بەرەی قاعیدەو تاڵیبان و لەگەڵ شکستەکانیان هەندێکیان گەڕانەوەو بونە مەترسی بۆ کۆمەڵگاکانیان.

### ئەڵمانیاش ترسی هەیە

لەلایەکی تریشەوە «تۆماس دی میرینس»ی وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا مەترسی گەڕانەوەی ئەو جیهادیانەی ڕاگەیاندو ووتی: نابێت ئەوەمان لەبیربچێت ئەڵمانیا لایەنێکی ئەکتیفە لەئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵ وشەڕی ڕوبەڕوبونەوەی داعش، زۆر ئاساییە ئەو چەکدارانە ئەگەر بۆیان بلوێت دژەکرداری دوژمنکارانە بنوێنن،لەبەرئەوە دەبێت زیاتر ووریابین ونەهێڵین زەفەرمان پێ بەرن.

### پێویستە دەستگیربکرێن

وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا ئەوەشی خستە ڕوو، پێویستە لەحاڵەتی گەڕانەوەی ئەو تیرۆریستانە بۆ ئەڵمانیا، دەبێت دەستگیربکرێن و بخرێنە بەردەم داداگاوعەدالەت و نابێت ڕێگاشبدەین بخزێنە ناو کۆمەڵگاو باری ئاسایش وئارامی شارەکانمان تێک بدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

# شەڕی موسڵ و ئایندەی باشووری کوردستان



**هادی عەلی**

پێدەچێت قەدەری شاری مووسڵ وابێت کە لە وێستگە مێژووییە جیاوازەکاندا چارەنووسی باشووری کوردستان دیاری بکات. لە دوا رۆژەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، هێزەکانی بەریتانیا مەبەستیان بوو هەرچی زووترە پێش راگەیاندنی ئاگربەست لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، خۆیان بگەیەننە شاری مووسڵ، بۆئەوەی باشووری کوردستان کە لەچوارچێوەی ویلایەتی مووسڵدا بوو، بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. بەوهۆیەوە ویلایەتی مووسڵ بۆ چەند ساڵێک کێشەیەکی ئاڵۆزی نێوان بەریتانییەکان و دەسەڵاتدارانی تورکیای نوێی دوای دەوڵەتی عوسمانی بوو. تا لە کۆتاییدا بەهۆی فشاری بەریتانییەکانەوە کە ئەو رۆژگارە گەورەترین زلهێزی نێودەوڵەتی بوون، توانییان یەکلایی بکەنەوە لە بەرژەوەندیی خۆیان و ویلایەتەکەیان لکاند بەو دەوڵەتە نوێیەوە کە ناویان لێنا عێراق، بەمەرجێک تایبەتمەندییەک هەبێ بۆ ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن، بەداخەوە دەسەڵاتدارانی عێراقی ئەو مەرجەشیان پشتگوێ خست. ئیتر لەوکاتەوە دانیشتووانی ئەم بەشەی کوردستان تا ئەم چرکەساتەش لە شۆڕش و ڕاپەڕین و قوربانیدان بەردەوامن.

ئەوەتا جارێکی تر ئەم شارە بەشێوەیەک لەشێوەکان مێژوو دووبارە دەکاتەوە و بووەتە هۆکارێکی کاریگەر لەسەر چارەنووسی باشووری کوردستان. دوو ساڵ پێش ئێستا کاتێک داعش کۆنترۆڵی ئەم شارەیان کرد، وێڕای چەندین کارەساتی مرۆیی گەورە کە رووی کردە ناوچەکە، بەتایبەتی دژ بە هاووڵاتیانی ئێزدی لە شنگال و دەوروبەری، دەرفەت رەخسا بۆئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە کۆنترۆڵی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بکەن، هاوکات بایەخپێدانێکی چاوەڕواننەکراو رووی کردە هەرێمی کوردستان بەهۆی شەڕی داعش و پێویستیی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ سوود وەرگرتن لە هێزەکانی پێشمەرگە دژ بە دەوڵەتی داعش.

ئێستا کە شەڕی ئازادکردنەوەی مووسڵ لە داعش دەستییپێکردووە، ئاشکرایە کە تەنها شەڕێکی عێراقی و کوردستانی نییە، بەڵکو شەڕێکی گەورەی نێودەوڵەتیە کە هێزە نێودەوڵەتیەکان و ئیقلیمیەکانیش بەشێوازی جیاواز تیایدا بەشدارن و چەندین مەترسی و کارەساتی مرۆیی لێ چاوەڕوان دەکرێ، وەک شەپۆلێکی تری سەدان هەزار ئاوارە و شەڕی ناوخۆ و تائیفی و شەڕی ئیقلیمی، بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان بە وەکالەت، لەلایەن هێز و لایەنە کوردی و عێراقییە جیاوازەکانەوە.

لەو میانەدا دیارە چەندین پرۆژە و سیناریۆی جیاجیا بۆ رەسمکردنی ئایندەی پارێزگای مووسڵ و نەخشەی سیاسی تێکڕای ناوچەکە لەئارادایە. سیناریۆکانی وەک گەڕانەوەی سیستمی مەرکەزی کە هەندێ لایەنی شیعەی دەسەڵاتدار ئارەزووی بۆ دەخوازن، یان بەفیدراڵیکردن و حوکمی لامەرکەزی کە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بڕیاری لەسەر دراوە، یاخود سیناریۆی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی کۆنفیدراڵی شیعە و سوننە و کوردی. تەنانەت باس لە سیناریۆی گۆڕینی نەخشەی سایکس بیکۆش لەئارادایە لەنێوان عێراق و سووریا. هەرکام لەو پرۆژە و سیناریۆیانە دەوڵەتانی ئیقلیمی وەک تورکیا و ئێران و سعودیەیان لەپشتەوەیە. بێگومان ئەمریکا و رووسیا و وڵاتانی رۆژئاواش پرۆژە و بەرژەوەندیی خۆیان هەیە لە ناوچەکەدا کە زیاتر خۆی لە شەڕی دژە تیرۆر و ئیحتیواکردنی گرووپە توندڕەوەکان و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی نەوت و غاز و پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتی ئیسرائیلدا دەبینێت.

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین کە ئایا ئێمە وەک کورد یان وەک هەرێمی کوردستان، پرۆژە و سیناریۆی تایبەت بەخۆمان هەیە؟ ئەگەر هەبێ ئایا لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا گفتوگۆ و بیروڕاگۆڕینەوەی پێویستی لەبارەوە کراوە؟ ئایا لەلایەن دەزگا شەرعییەکانەوە بەتایبەتی پەرلەمان بڕیاری لەبارەوە دراوە؟ بەداخەوە دەتوانین راشکاوانە دان بەو راستییە تاڵەدا بنێین کە پرۆژە و سیناریۆی گەڵاڵەکراو و بڕیار لەسەردراومان نییە و گوتارێکی سیاسی هاوبەش و یەکگرتوومان لەوبارەیەوە نییە.

راستە لەڕووی سۆز و ئارەزووی نەتەوەییەوە هەمووان خوازیاری سەربەخۆیی و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانین، لەو بوارەدا هەمووان بە جەماوەر و نوخبەی سیاسی و رۆشنبیرییەوە دید و بۆچوونەکانمان لەیەکەوە نزیکە. هەرئەوەشە بووەتە داینەمۆی ئەو بەرگری و بەرخۆدانە قارەمانانەیەی کە هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا گوزارشتی لێدەکەن و هەموو جیهانیان سەرسام کردووە. بەڵام مەخابن بەهۆی قەیرانە سیاسیەکەوە نەمانتوانیوە خاوەنی پرۆژە و ستراتیژی بڕیارلەسەردراو و یەکگرتوو بین. ئەو قەیرانە سیاسیەی کە هێزە سیاسیەکان و بەرپرسە باڵاکانی گەلەکەمان دەستەوسان و بێ ئیرادەن بۆ دەستبەرداربوون لە دید و بەرژەوەندییە تایبەت و حیزبیەکانیان و ناتوانن کاری جیددی بکەن بۆ

## بەشی پێنجەم

ڕەخساندنی کەشوهەوای لەبار بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان و چارەسەرکردنی دەرهاویشتە ترسناکەکانی و ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدیات و لەدەستنەدانی ئەو دەرفەتانەی کە شەڕی داعش و چارەنووسی مووسڵ لەم قۆناغە مێژووییە هەستیارەدا بۆ کوردیان هێناوەتە کایەوە.

ئەم هەلومەرجە هەستیار و ناسکە ئەوە دەخوازێت کە هەرچی زووترە لایەنە سیاسییەکان، هەرکام بەپێی بەرپرسیارێتی خۆی، لەئاست داخوازییەکانی ئەم چرکەساتە مێژووییەدا بن و ئەولەویەت بدەن بە چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکە و زەمینەسازکردن بۆئەوەی بەیەک پرۆژە و بە یەک گوتاری سیاسییەوە ڕووبەڕووی تەحەدیاتەکە ببنەوە و سوود لە دەرفەتەکان وەربگرن. شەڕی مووسڵ و چارەنووسی پارێزگاکەش کاریگەری گەورەی دەبێ لەسەر سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە بەگشتی و ئایندەی باشووری کوردستان بەتایبەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو نێت - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## وەهمی بێ رکابەری



**سۆران علی**

شەڕەکەی موسڵ سەرەڕای زیانو کاریگەرییە خراپەکانی، لایەنی باشیشی هەیە، چونکە بەتەواوی ئامانجی راستەقینەو شاراوەی هەندێک کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی کوردی بەهەڵپەو پێداکەوتووی ئاشکرا کرد کە مەبەستی یەکەمو کۆتاییان گەیشتنە بە پلەی «یەکەمی»و «بێ رکابەری» نەک پەیامە رۆژنامەنووسییەکە، کە گواستنەوەی زانیاریو گەیاندنی راستییەکانە.

ئۆپەراسیۆنەکەی نەینەوا دەرفەتێکە بۆئەوەی بینەر لە نیازو مەرامی ئەو کەناڵانە تێبگات کە دەیانەوێت «هەمیشە بە بەراورد لەگەڵ میدیا کوردییەکانی دیکەدا لەپلەی یەکەمیندا بمێننەوە« لەو پێناوەشدا ئامادەن هەموو بەهاو ئیتیکێکی پیشەکە ژێرپێ بنێنو هەموو پرەنسیپەکانیشی تورهەڵبدەن. نووسراوەکەی سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێمیش بۆ راگرتنی پەخشی راستەوخۆی سێ کەناڵ لەوبارەیەوە زۆر روونە کە دەڵێت: «رەچاوی ئەتەکێتی کارکردنو پاراستنی لایەنی ئەمنیی هاووڵاتیانو هێزەکانی پێشمەرگەیان نەکردووە».

ئەو کەناڵانە ئەوەندەی سەرقاڵی شەڕی یەکەمی بوونو ریزکردنی دەستکەوتەکانی خۆیانو ستایشو پێداهەڵدانی کارو بەرهەمەکانیانن، نیو ئەوەندە گوێ نادەنە پیشەییبوونو کاریگەری خراپی رووماڵە راستەوخۆ «ناپرۆفیشناڵ»ەکانیان کە نەک تەنیا بارێکی دەروونی ناسەقامگیریان لەنێو خەڵکدا دروست کردووە، بگرە بوونەتە هۆی شەهیدبوونو برینداربوونی خودی رۆژنامەنووسانو هاووڵاتیانی مەدەنیش وەک ئەوەی لە رووداوەکانی هەینی رابردووی کەرکوکدا بینیمان. ئەمە جگە لە دروستکردنی بارگرانی بۆ کارمەندانی ئاسایشو خەڵکو بڵاوکردنەوەی «شەپۆلێک زانیاریی ناتەواو» وەک ئەنجومەنی

سەندیکای رۆژنامەنووسان دەڵێت.

چەند ساڵێکە شێوازی پەیڕەوکراوو باوی کاری ئەم کەناڵانە پشتی بە گەورە پیشاندان، بچووکردنەوەو وەهمی پێشڕەوی بەستووە، بودجە زەبەلاحەکەشیان یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی پێشکەوتووترینو گرانبەهاترین پێداویستیو تەکنۆلۆجیا بخەنە خزمەتی ئەو ئامانجەیان، هەموو ئەوانەش لەپێناو ئەوەدا نەبوون بخرێنە خزمەتی باشتر گەیاندنی پەیامە میدیاییەکە لە گواستنەوەی رووداوەکان وەک خۆیانو خۆبەدوورگرتن لە لایەنداریو وەستان بەیەک دووری لە هەمووان، بەڵکو سەرتاپای بۆ درێژەدان بووە بە خەونی یەکەم بوون.

لەپێناو تەفەڕودو بوونە باسی سەرزارو گەیشتن بە زۆرترین بینەریشدا، هەرگیز دوودڵ نەبوون لەوەی بێ پەردە لایەنگیری بکەنو راستییەکان ئاوەژوو بکەن، یان زمانو دابو نەریتی کۆمەڵگە بشێوێنن، یاخود کەسایەتیو رەمزە ناسراوەکانیش بشکێننو لێیان بدەن، تەنانەت ببنە مینبەرو بڵندگۆش بۆ دوژمنان، وەک دیداری یەکێک لەو کەناڵانە لەگەڵ وتەبێژی داعش لەسەرەتای سەرهەڵدانیدا لەساڵی ٢٠١٤، یان چاوپێکەوتنەکانیان لەگەڵ کەسانێکی تیرۆریستو دەست سووربوو بە خوێنی رۆڵەکانی کورد. ئەمە جگە لەو دووفاقیە شەرمهێنەی کارە رۆژنامەوانییەکانی داگیرکردوون لەگەڵ ناهاوسەنگیو بەیەک چاو سەیرنەکردنی کاراکتەرو ناوچەی جوگرافیو توێژە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان.

هەندێک لەو کەناڵانە کتومت کۆپی ئەزموونی «جەزیرە»ی قەتەریان کردووە کە ساڵی ١٩٩٦ بەپارەیەکی زۆرو زەوەندەوە دامەزراو بە پەیامی هەڵخەڵەتێنەری (راو رای بەرامبەر) توانی بۆ ماوەیەک نموونەیەکی نوێی میدیایی پێشکەش بکاتو لە لوتکەی ریزبەندی کەناڵە عەرەبییەکاندا بمێنێتەوە، بەڵام لایەنگیری سیاسیو خزمەتکردنی بە ئەجێنداو ویستی هەندێک حزبو دەوڵەتو ناهاوسەنگیو دووفاقیەکەی لە مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوەکاندا، پاشەکشەی گەورەیان پێکردو لەم چەند ساڵەدا بە ملیۆنان بینەری لەدەستداوەو لە ریزبەندیدا زۆر چووەتە دواوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## ئێران و تورکیا لە عێراقدا



**ئازا حەسیب قەرەداخی**

ئەوەندەی باسی رۆڵی مەترسیداری دەوڵەتی تیرۆر دەکرێ، لەوەیش زیاتر باسی رۆڵ و تەواجوودی ئێران و تورکیا دەکرێ لە عێراقدا. ئێستا کە شەڕی دژی داعش نزیکبۆتەوە لە ئازادکردنی موسڵ و کۆتاییهێنان بە داعش، قسەکردن و ململانێ و ناکۆکیش لە بارەی تەواجوودی ئێران و تورکیا زۆر زیاتر بووە، چونکە ئیتر ئەم دوو هێزە ئیقلیمیە لەسەر ئەم خاکە گرگرتووە تا دەگاتە قوڵایی سوریای وێرانکراو، نوێنەرایەتی هێزە بەشەڕ هاتووەکان و بەرژەوەندییە زۆروزەوەندەکان و ستراتیژی هەریەکەیان دەکەن لە ناوچەکەدا.

(زەڵمای خەلیل زاد) باڵیۆزی پێشووتری ئەمریکا لە ئەفغانستان و نەتەوەیەکگرتووەکان و عێراق، کە بە یەکێک لە کۆڵەگەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە باڵی راستڕەو ئەژمار دەکرێ و یەکێکیش بووە لە نەخشەکێشەرانی جەنگی لەناوبردنی رژێمی سەددام حسێن و داگیرکردنی عێراق، لە دوا وتاری خۆیدا کە لە پێگەی ناشناڵ ئەنتریستی ئەمریکی بڵاوکراوەتەوە، پرسی تورکیا و ئێرانی لە عێراقدا شیکردۆتەوە.

زەڵمای لە وتارەکەیدا دەیەوێ بۆمانی بسەلمێنێ کە واشنتۆن لە نیگەرانییەکانی تورکیا و فشارەکانی سەری تێدەگات و رێزی لێ دەگرێ. دەشزانێ بۆچی هێزێکی لە باشیکە و سوورە لەسەر ئەوەی بەشداری شەڕی ئازادکردنەوەی موسڵ بکات. هەموو ئەمەیشی گرێداوە بە رۆڵی زێدە فراوانبووی ئێران لە ناوچەکەدا بەو رادەیە کە ئێران توانای لە تەواوی خاکی عێراق و سوریا و لە سەر دۆزی کوردیش لە تورکیا هەیە. هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا رێگەی داوە کە ئێران ببێتە هێزێکی کاریگەر و راستەخۆ و ناراستەخۆ بە نوێنەرایەتی سوریا و عێراق جووڵەی نیودەوڵەتی بکات و لە کەنداوەوە تا



سەرچاوە
Serchawe

دەریای سپی ناوەڕاست قەڵەمڕەوی بکات و پلان دابڕێژێت.

زەڵمای جگە لە ئاماژەدانی بۆ هەژمووونی کاریگەرانەی ئێران کە مایەی مەترسی ستراتیژییە بۆ تورکیا و وڵاتانی دیکەی سوننە لە ناوچەکەدا بە حوکمی ئەو شەڕە مەزهەبییەی لەنێوانی شیعە و سوننەدا هەیە، هەروەها کارەکتەرەکانی دیکەی مەترسی بۆسەر تورکیا لەناو ئاڵۆزییەکانی ئەم ناوچەیەدا دیاری دەکات کە بریتین لە حەشدی شەعبی شیعەکان و پەکەکە کە چالاکی و دەستێوەردانە سەربازییەکانی لە شنگال و ناوچەی دیکەی نێوان موسڵ و تورکیا، تورکیای وەکوو دەوڵەت بێزار کردووە و بەم هۆیەوە شەرعییەت بە خۆی دەدا کە بەهەر شێوازێک بووە ئەم مەترسییە لە خۆی دوور بخاتەوە. بەشداری کردنیشی لە شەڕی ئازادکردنی موسڵدا بە یەکێک لە شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوە و دوورخستنەوەی پەکەکە دادەنێ و واشنتۆنیش لەمە تێدەگات.

زەڵمای خەلیل زاد کە دەڵێ گرنگە ئەمەریکا بە تایبەتی و هێزەکانی هاوپەیمانان دژی داعش بە گشتی، ڕۆڵێکی چالاک بگێڕن لە دانانی سنورێک بۆ چالاکییە سەربازییەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی، دووپاتی ئەوەیش دەکاتەوە کە لەناو سەرکردە سیاسی و جڤاکییەکانی عەرەب و تورکمانی سوننەی موسڵدا ژینگەیەکی سیاسی و کۆمەڵاتی هەیە بۆئەوەی موسڵ لەگەڵ تورکیا وەکوو سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم گرێبدرێتەوە. ئەمەیش خەونی دێرینی تورکیایە بۆ موسڵ.
هاوکات لەگەڵ باسکردنی ئەم فاکتەر و کارەکتەرانە، زەڵمای خەلیل زاد ئاماژە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەکات و بە پەیوەندی ستراتیژی پەرەپێدراو ناویان دەنێ و لەم قۆناغەدا پاراستنی ئەم پەیوەندییانەیش بە گرنگ دەزانێ، بەتایبەتیش پاراستنیان لەو مەترسییانەی کە لە بەغداوە دێن.

لە شیکردنەوە و لێکگرێدانی هەموو ئەم فاکتەر و کارەکتەرانەی بوونەتە مایەی ترس و نیگەرانی بۆ تورکیا سەبارەت بە هەلومەرجی سەر سنوورەکانی لە عێراقدا و ئێران و حەشدی شەعبی و پەکەکە تێیدا دەجووڵێن، زەڵمای خەلیل زاد نایەوێ بڵێ تورکیا هەر ئێستا هێزەکانی لە باشیک بکێشێتەوە، چونکە تێدەگات بۆچی تورکیا نیگەرانە، بەڵکو پێشنیار دەکات کۆبوونەوەکانی ڕاوێژکارانی باڵای عێراق و تورکیا بەردەوام بێت تا گەیشتن بە ڕێکەوتنێک سەبارەت بە کامپە سەربازییەکەی سوپای تورکیا لە باشیک و بکرێت بە بەشێک لە پرۆسە سەربازییەکانی هاوپەیمانانی دژی داعش و سوود لەو بنکەیە وەربگیرێت وەکو بنکەیەکی هاوپەیمانان بۆ راهێنانی چەکدارانی عەرەب و تورکمان تا ئەو کاتەی دەرفەتێک بۆ کشانەوەی ئەو هێزە دروست دەبێت، لەمەشدا دەکرێت دیپلوماسیەتی ئەمریکا ڕۆڵی هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێستگە - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## موسڵ، چی لە پەیوەندی نێوان ئێران و تورکیا دەگۆڕێت؟



تەحسین تەها چۆمانی

لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی رزگارکردنەوەی موسڵ لە جەنگی تیرۆرستانی داعشدا، عیراق بەر دوو جۆر رووبەڕووبوونەوەو پێکدادان دەبێتەوە، یەکەمیان رووبەڕووبوونەوەیەکی چەکدارییەو ئەوی دیکەیان رووبەڕووبوونەوەو پێکدادانێکی سیاسییە، کە رەهەندی دەرەکی لەم رووەوە کاریگەری خۆی بەدیار خستووە، بەو پێیەی شەڕی رزگارکردنەوەی موسڵ تەنها بەهانەیەکی بچووکە بۆ بەریەککەوتنێکی نوێی سیاسی ناوچەیی.

وەختێک باس لە بەریەککەوتنی سیاسی ناوچەیی لە عیراق دەکەین، لە راستیدا لەسەر ئەرزی واقیع ئەم پێکدادانە دەبینین، واتە هەر لە هەڕەشەکانی سەرەتای ئەم مانگەی تورکیا بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی رزگارکردنەوەی موسڵ تا دوایین هۆشداری ئێران سەبارەت بەهەمان مەسەلە، کە هەر جۆرە دستێوەردانێکی سەربەخۆیانەی تورکیای لە خاکی عیراق‌و بەتایبەت لە موسڵ بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوڵەتی عیراق ، بەکارێکی هەڵەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دەزانێت.

لەم رووەوە گرنگ دەبێت شەڕی ئێستای هێزە کوردی‌و عیراقییەکان دژ بەتیرۆرستانی داعش لە موسڵ بەکۆتایی‌و دوایین پەردەی پێکدادانەکان لەعیراقدا نەبینین، چونکە لەم رووەوە دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە عیراق لە دەرەوە بۆ ناوەوە رووبەڕووی شەڕێکی سیاسی دەبێتەوە، بۆ ئەم قسەیە پشت بەلێدوان‌و خوێندنەوەو خۆئامادەکردنی تورکیا بۆ دوای ئەو شەڕە دەبەستین، بەتایبەت کە لەم رووەوە تورکیا شوێنێکی ئەمنی بۆ پێکدادانی ئامانجە سیاسی‌و سەربازییەکانی لەکوردستاندا دەستەبەر کردووە.

## بەشی پێنجەم

تورکیای ئەمڕۆ هاوکات لەگەڵ زەفکردنەوەی گوتاری گۆڕانی سنوورەکان، دەیەوێت لە ڕێگەی سوپاوە مانا بەسیاسەتی دەرەوەی خۆی بدات، یان ئەوەی کە روونتر دەیەوێت پیشانی بدات ئەوەیە کە بۆ لەمەودوا تورکیا سەبارەت بەکێشەی سوریاو عیراق، لە یگەی سوپاوە پشتیوانی سیاسەتی دەرەوەی دەکات.

١٩ی ئەم مانگە رۆژنامەی (ینی شفق)ی تورکیو نزیک لە ئەردۆغان نووسیبووی: «مەسەلەی موسڵ یەکێکە لە گرنگترین مەسەلەکان بۆ تورکیا، بۆ موسڵ هەرگیز ناکرێت لە دەرەوەی ئیرادەی بڕیاری خەڵکی موسڵ بڕیار بدرێت، ناتوانرێت موسڵ لە ژێر دەسەڵاتی وڵاتێکی دەرەکیدا بێت». لەوێدا تورکیا پەیامی خۆی بەدیاریکراوی دەتوانین بڵێین بەئێرانو هێزە شیعەکانی عیراق دەگەیەنێت، چونکە لەوەدا تورکیا هەست بەکاریگەری ئێران لەناو قووڵایی خاکی عیراقدا دەکات، کە بۆ ئێران مەسەلەی عیراق گرنگی زیاتری ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی هەیە تا سوریا، لەبەر ئەوە هێزی ئێران لە عیراق هێزێکی کاریگەرترە تا ئەوەی لەسوریادا هەیە.

تورکیا لە ڕێی ئەم بابەتەوە کە دواجار ئەردۆغان بەچەند رۆژێک دواتر پشتڕاستی کردەوە کە مەسەلەی موسڵ بۆ تورکیا گرنگی خۆی هەیە، پێدەچێت لەگەڵ ئێران لەناو جەرگەی موسڵ بەریەکتر بکەونەوە، چونکە لەوەدا تورکیا هەموو دەسەڵاتەکانی عیراق، بە دەسەڵاتێکی شیعی ئێرانی دەزانێت، بەتایبەت لە لایەنی سەربازییەوە، کە تورکیا گومانی لەوەدا نییە کە حەشدی شەعبی بۆ ئێران شوێنی حزبوڵڵای لوبنانی لە عیراق دەگرێتەوە.

بەم هۆیەوە دەتوانین بڵێین بەئاماژەدان بەشەڕی موسڵو ڕێگری کردنی تورکیا لەم شەڕە، ئەو پەیامە ناڕاستەوخۆیەی تاران بەرگوێی ئەنقەرە کەوت کە هاوپەیمانێتی لە نێوان هەردوو وڵاتدا، سەبارەت بەکێشەی عیراقو سوریا جیاوازە، هەروەک پێدەچێت تورکیاش باش لەم پەیامەی تاران گەیشتبێت، بۆیە نیگەرانییەکانی خۆی چیتر لەو ئاستەدا ناهێڵێتەوە کە بەشداری شەڕی داعش ناکات لەعیراقدا، بەڵکو کێشەی تورکیا لەم رووەوە لە ناتوانایی‌و پەرتەوازەبوونی هێزە سوونییەکانو چۆنێتی بەدەستهێنانەوەی موسڵە وەک بەشێک لە خاکی عوسمانی کۆن، واتا ئێتر تورکیا نایشارێتەوە کە کێشەی ئەو بەتەنها خاکی موسڵە وەک بەشێک لە ئیمپراتۆری عوسمانی‌و لە ساتەوەختی بەهێزبوونی دەسەڵاتی شیعی ئێرانی لە عیراقو ناتوانایی سوونەکان وەک بەشێک لە خاکی خۆی بەرگری لێدەکات.

تەواوی ئەم لێدانو گوتارانەی تورکیا لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوودا، وای لە ئێران کرد کە لە ڕێگەی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە (بەهرام قاسمی) رایبگەیەنێت، کە موسڵ بەشێکە لە خاکی عیراقو لەم رووەوە هیچ وڵاتێک بەبێ ڕێگەپێدانی دەوڵەتی عیراق مافی هاوکاری‌و دەستێوەدانی لە خاکی ئەو وڵاتەدا نییە.

دەگەڕێمەوە بۆ خاڵی سەرەتا، واتا پێکدادانە سیاسییەکان لە ناو قووڵایی خاکی عیراقدا بەکۆتایی هاتنی تیرۆر لەو وڵاتدا کۆتایی نایەت، لەم رووەوە عیراق شوێنی ململانێیەکی تازەی نێوان خەتی شیعیو بانگەشەکردنەوەی دەوڵەتی عوسمانی دەبێت، کە بۆ ئەمە ئێران لە رێگەی دەسەڵاتی شیعەکانەوە هێزێکی کاریگەرتری لە ناوخۆی عیراقدا دەستەبەرکردووە، بەڵام بۆ تورکیا بارودۆخەکە جیاوازترە، چونکە هێزە هاوپەیمانەکانی تورکیا لە عیراق هێشتا ئەو توانایەیان نییە تا لە ساتەوەختی ئێستادا هاوکاری ستراتیژی نوێی تورکیاوە بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## مـوسـڵ.. خاڵی بەیەک گەشتنی دژەکان



محەمەد سەفەر

سەرەکیتیرین پرسیار لەو بارەیەوە بکرێت ئەوەیە بوترێت: بەیەک گەشتنەکە بۆچی لەموسڵ دەبێت؟ وەڵامێکی سەرپێیانە ناتوانێت قەناعەتمان پێ بهێنێت تا بەزنجیرەی ڕوداوەکانی دو ساڵی ڕابردودا نەچینە دواوە کە هەموو ڕوداوەکانیش تەنها لەهاتنی داعشەوە دەستپێدەکەن.

لەساڵی ٢٠١٤ داعش کە بەشێوەیەکی کرداریی دەسەڵاتی خۆی لەعێراقو سوریادا، دەچەسپێنێت. بەدوای خۆیدا کۆمەڵێک ڕوداوو سیاسەتی نوێ دەهێنێتەئاراوە. گرنگترینیان ئەوەیە سنووری قەڵەمڕەویی شیعە لە قەڵەمڕەویی سوننە جیادەکاتەوە، لەم ڕووەوە شیعە لەحاڵەتی بەرگرییەوە دەچێتە حاڵەتی هێرشەوە بەتایبەتیی دوای ئەوەی بەتەواوەتی دەسەڵاتی خۆی لەقەڵەمڕەوییەکەی خۆیدا قایم دەکاتو دەچێتە نێو سنوری سوننە مەزهەبیشەوە چونکە ناوچە سوننە مەزهەبەکان لە بۆشایی دەسەلاَتدا تا ئێستاش دەخولێنەوە.

ڕووداوێکی دیکەی گرنگ کە جێی ئاماژە بۆکردنە، سەرقاڵبوونی وڵاتانی دراوسێی عێراق و سوریایە بەو پێشهاتە نوێیەی کە داعش لەگەڵ هاتنی خۆیدا خولقاندبووی،تورکیا هەوڵی دەدا ئیحتیوای داعش بکات و سەرقاڵی بەرەوپێشچوونەکانی ناو وڵاتی سوریاش بوو تا بزانێت ئایندەی ئاسایشی خۆی و دۆزی کوردانی ڕۆژئاوا بەرەو کوێ دەچن؟

سعودیەش جگە لە سەرقاڵبوونی بەشەڕی یەمەنەوە، داعش سەر ئێشەیەکی دیکە بوو بۆی چونکە لەگەڵ داعشدا بیرکردنەوەیەک بەسەر سیاسەتی ڕۆژگاردا،خۆی سەپاندبوو کە ئەویش دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی هەندێ لە وڵاتانی

ناوچەکەیە کە سعودیەشی دەگرتەوە.

ئەو ڕووداوە سیاسییانە،دەستێوەردانی دەرەکیی لەنێو عێراقدا،نەهێشت یان زۆر کەمیکردەوە، هاوکات بە قازانجی دەسەڵاتی شیعەدا شکایەوە کە وڵاتانی دراوسێی عێراق واتە بەتایبەتیی تورکیا و سعودیە، ئەمە بە وەرچەرخانێکی مەترسیداری دادەنێن چونکە بە درێژکردنەوەی دەسەڵاتی ئێرانی دەزانن کە جیگەی ڕەزامەندیی ئەوان نییە.

دوای ئەوەی داعش ڕوو لەکزیی یان نەمان دەکات واتە ئیدی نابێتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ هەر یەک لە تورکیا و سعودیا، لەپاڵ کانزا و سامانە سرووستییەکەی هەروەها لەبەر زۆرینەی دانیشتوانە سووننیەکەی، موسڵ زۆر زیاتر دەبێتە جێ بایەخ و تێڕوانینی هەریەک لەو دوو دەوڵەتە، لەلایەکەوە دوا دەرفەتە لەبەردەمیاندا لە پێناو درێژەدان بە سیاسەتەکانیان لەلایەکی دیکەشەوە گەر ئەمجارە ململانێ نەکەن لە پێناو دووبارە هاتنە ناوەوە و مانەوەدا لە خاکی عێراقدا، ڕەنگە بۆ مایەکی ئیجگار دوور نەتوانن جارێکی دیکە بگەڕێنەوە نێو خاکی عێراق. چونکە دەستهەڵگرتن لە عێراق بۆ هەریەک لە تورکیا و سعودیا واتە جێهێشتنی عێراق بۆ ئێران کەواتە ئێرانیش دەسەڵاتەکەی خۆی لەناو عێراقەوە دەگەیەنێتە سەر سنوورەکانی هەردوو دەوڵەتی ناوبراو کە لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە مانای درووستبوونی مەترسییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کە بێگومان هیچ دەوڵەتێک بە وەها مەترسییەک ڕازیی نابێت.

کەواتە دەبێت چاوەڕێی ململانێی توند بین لەنێوان هەرسێ دەوڵەتی (ئێران و تورکیا و سعودیا)دا. بۆ ئەوەی هەر یەکەیان بوونی خۆی بسەلمێنێت لەو ناوچەیە.بۆ ئەو مەبەستەش پەنا دەبەنەبەر کەمینەکان بەواتایەکی دیکە کەمینەکان دەبنە داردەستی دەستی هەر سێ دەوڵەت بەبێ ویستی خۆیان.

تورکیا و سعودیا پێش ماوەیەک دید و سیاسەتی خۆیان یەکخست و سوورن لەسەر هاوکاریکردنی سووننەکانی ئەو پارێزگایە واتە سعودیا لە ڕێگەی عەرەبی سووننەوە جێ پێی خۆی قایم دەکات، تورکیاش لە ڕێگەی یەکخستن و پەیوەندیی سیاسەتەکەیەوە لەگەڵ سعودیادا کارئاسانیی زۆری بۆ دەکرێت تا لەگەڵ سووننەکاندا هاوبۆچوون بن، کارتێکی دیکە بە دەست تورکیاوە بوونی کەمینەی تورکمانە لەو پارێزگایە کە درێژەپێدەری سیاسەتی تورکیان.

ئێرانیش بوونی لەو پارێزگایە کەم نییە چونکە زۆرێک لە تورکمانەکانی ئەوێ، شیعە مەزهەبن و مەزهەبەکەشیان پێش نەتەوەکەیان خستووە هاوکات ژمارەیەک عەرەب و شەبەکی شیعە مەزهەبیش لەوێ دەژین. کەواتە ئەوانیش بەهەمان شێوە پاڵپشتی سیاسەتی ئێران دەکەن و بەگەڕانەوە بۆ ناسنامەی خۆیان، سەیری دەکەن.

## بەشی پێنجەم

دواجار ململانێییەکە لە نێوان (ئێران و تورکیا و سعودیا)دا، بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا ڕوودەدات کە هەم نەتەوەیی و هەمیش مەزهەبییە.واتە لەلایەکەوە لە نێوان (سوننە و شیعە) لەلایەکی دیکە لەنێوان (تورک و عەرەب و فارس)دایە.

لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری دڵخۆشکەر هەیە کە نەهێڵێت ململانێییەکە سەربکێشێت بۆ توندوتیژیی و شەڕ، ئەویش بوونی مەسیحییەکانە کە لە سریانی ئەرمەنیی و ئاشووری و تەنانەت کوردیش پێکهاتوون.ئەم پێکهاتەیە لەلایەن زلهێزەکانی وەک ئەمەریکیی و فەرەنسیی و ئەڵمانییەکانەوە کە هاو ئایینن ،پشتیوانیی دەکرێن. کەواتە بوون و ئامادەیی هێزی ڕۆژئاواییەکان دەکرێت ببێتە هۆکارێکی سەرەکیی بۆ ڕێگەگرتن لەشەڕ لەنێوان پێکهاتەکانی سەر بە دەوڵەتانی (ئێران و تورکیا و سعودیا) بە حوکمی ئەوەی سەرکێشانی ململانێییەکە بۆ شەڕ لە نێوان ئەو پێکهاتە مەزهەبیی و نەتەوەییەدا، زەرەر و زیانی بۆ پێکاتەی مەسیحییەکانیش دەبێت کە جێگەی قەبوڵی ڕۆژئاواییەکان نییە.

لە ئەنجامدا ئەوە دەڵێم چاوتێبڕینی (تورکیا و ئێران و سعودیا) یان هاتنیان بۆ ئەو ناوچەیە یان قایمکردنی جێ پێی خۆیان لە ڕێگەی کەمینەکانیانەوە بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان و سڕینەوەی بەرامبەرەکانیانە بەڵام ئامادەیی و بوونیی (تواجد) ئەمەریکیی و فەرەنسیی و ئەڵمانیاکان جگە لەوەی باڵادەستیی خۆیان دەسەلمێنن لەهەمان کاتدا پارێزگاریی لە مەسیحییەکان دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## دابەزین بۆ قولایی دۆزەخ



عادل باخەوان

لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا، داعش گەورەترین شاری نیشتیمانی سوننەکانی عێراقی داگیرکرد. لە ٢٩ی هەمان مانگدا، خیلافەتی ئیسلامیی راگەیاند و ئەبوبەکری بەغدادی وەک خەلیفە بە جیهان ناساند. داگیرکردنی مووسڵ، لە مێژووی نوێی عێراقدا، یەکێکە لەو رووداوانەی کە رەهەندێکی جیهانیی وەردەگرن. سادەترین ئاماژەش بریتییە لەوەی کە ئەم رووداوە وادەکات هەشتا دەوڵەتی جیاواز، لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی جیهانیدا، بۆ پەلاماردان و لەناوبردنی کۆببنەوە.

لە دەرەوەی ناوی خیلافەت و خەلیفە کە شەحنە بە مێژوویەکی هەزار ساڵە، با بپرسین بەڕاستی داعش چییە؟ ئێمە لە سۆسیۆلۆژیای ئیسلامیزمدا، داعش وەک یەکێک لە گرووپەکانی نیو - فۆنداMۆنتالیزمی رادیکاڵ پێناسە دەکەین. گرووپ لەبەرئەوەی، لەسەر ئاستی واقیع، تەنیا و تەنیا نوێنەرایەتی گرووپێکی تایبەتی پێکهاتوو لە ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئەندام دەکات و نەک هەر نوێنەرایەتی موسوڵمانان ناکات، بەڵکو داعش لە هەر کوێ بووبێت، یەکەم جەنگی لەگەڵ خودی موسوڵماناناندا بووە. بۆیە لە باشترین دۆخدا داعش تەنیا گرووپێکە لە گرووپەکانی دیکە و هیچی تر. پاشان نیو - فۆندامۆنتالیست، لەبەر ئەوەی لە دابڕانێکی رەگوڕیشەییدایە لەگەڵ فۆندامۆنتالیزمی ئیسلامی کە ئیش لەسەر گەڕانەوە بۆ ئەسڵەکانی ئیسلامی مێژوویی دەکات، بەبێ ئەوەی تیرۆریزم وەک میکانیزمی ململانێ بەکاربێنێت. نیو - فۆندامۆنتالیزمی داعش لەوەدایە کە پراکتیکەکانی ژیانی رۆژانەی، هێندەی بەرهەمی گلۆباڵیزاسیۆنن، نیو ئەوەندە بەرهەمی ئایدیۆلۆژیای فۆندامۆنتالیزم نین و بۆئەمەش چەندین داتا ئامادەن، بەڵام ئێرە شوێنی خستنەڕوویان نییە. هەروەها رادیکاڵ، لەبەر ئەوەی باوەڕی بە هیچ جۆرە پرۆژەیەکی ریفۆرمگەرا نییە و بە لۆژیکی هەڵکەندن لە رەگوڕیشەوە کاردەکات.

بە پێچەوانەی گرووپە نیو - فۆندامۆنتالیستەکانەوە، ئەلقاعیدە وەک نموونە، داعش ستراتیژێکی تری گرتە بەر کە لە

زمانی فەرەنسیدا ناوی دەنێین "رۆ - تێریتۆریالیزاسیۆن". ئەمە بریتییە لە گەڕان بەدوای رووبەرێکی جوگرافیدا بۆئەوەی چوارچێوەیەکی دەوڵەتی تێدا دروست بکرێت. دروستکردنی ئەم چوارچێوەیە لەنێوان مووسڵ و رەققەدا، وایکرد کە بەشێوەیەکی فیزیکی دوو بەرە دروست ببێت: بەرەی داعش و بەرەی دوژمنەکانی. من دوو ساڵ پێش ئێستا لەسەر کەناڵێکی فەرەنسی گوتم: سروشتی گرووپە نیو-فۆندامۆنتالیستەکان، لەگەڵ چوارچێوەی دەوڵەتیدا ناگونجێت و تەنیا لە ئاستی "گلۆباڵ"دا دەتوانن درێژە بە تەمەن و مانەوەیان بدەن. کاتێک داعش لەم لۆژیکە لادەدات، بەدەستی خۆی تابووت بۆخۆی دروست دەکات.

ئەمڕۆ، دوو ساڵ پاش داگیرکردنی مووسڵ، سەرەداوەکانی کۆتایی داعش دەردەکەون. رێککەوتنی بارزانی و عەبادی، بە سەرپەرشتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دەستنیشانکردنی کات و میتۆدی گرتنەوەی مووسڵ، دروست بەم ئاراستەیەدا دەمانبەن. بەڵام ئایا تراژیدیای عێراق بە لەناوچوونی داعش کۆتایی دێت؟ بێگومان نەخێر. بەپێچەوانەوە، لەناوچوونی داعش، دەکرێت سەرەتای دابەزین بۆ ئەو دۆزەخە بێت کە نزیکەی سەدەیەکە، نوخبە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا لێی دەترسن، دۆزەخی کۆتایی ئەو حیکایەتەی کە لەساڵی ١٩٢١ دا، ئینگلیزەکان ناویان نا: عێراق!

کێن ئەوانەی پاش داعش دەڕۆنە نێو شاری مووسڵەوە؟ سوپای عێراق، پێشمەرگە، حەشدی نیشتیمانی، سوپای هاوپەیمانان. بەڵام لەهەمانکاتدا هەمووان دەزانین کە لەگەڵ حەشدی نیشتمانیدا، سوپای تورکیاش، بەجۆرێک لە جۆرەکان خۆی دەکات بەنێو مووسڵدا. هەروەها حەشدی شەعبیش کە چاپێکی دیکەی داعشی شیعییە، لەگەڵ سوپای عێراقدا دەچێتە شارەکەوە. دواتر پێموانییە هێزێک هەبێت بتوانێت رێگا لە گەریلاکانی پەکەکە بگرێت بۆ چوونە نێو مووسڵەوە. کۆبوونەوەی هەموو ئەم لێکدژانە لە پایتەختی سوننەکانی عێراقدا، بە قورسترین چەک و تەقەمەنییەوە، بە حیقدی چەندین ساڵەوە، بە رۆحی هەڵکێشراو لە خوێنەوە، بەسە بۆئەوەی کە سەرەڕای هەموو گوتارە جوانەکانی هاوپەیمانان و بەغدا و هەولێر، قەسابخانەیەکی گەورە لە مووسڵدا دروست ببێت کە زۆر تراژیدیتر بێت لە قەسابخانەکانی داعش! ئومێد دەکەم ئەم گریمانەیە هەرگیز نەیەتە دی.

بەدیوێکی دیکەدا، تەواوی ئەو ئاماژانەی کە لە ٢٠١٣ وە بەغدای شیعەکان بۆ دەرەوەی دەنێرن، بەیەک ئاڕاستەدا کاردەکات، ئەویش بریتییە لە: دوورخستنەوەی سوننە لە دەسەڵات، دابەشنەکردنی دەسەڵات لەگەڵ سوننە و وێناکردنیان وەک تابووری پێنجەم. لەباشترین دۆخدا، شیعەکان رێگا بە ئامادەییەکی سوننی لە بەغدای سیاسیدا دەدەن کە بتوانن دەستەمۆ و ماڵی بکەن و لە بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بەکاری بێنن. لە ٢٠٠٣ وە، سوننەکان ئەم دۆخەیان قبوڵ نییە و ستراتیژیەتی ماڵیکردنیان، بەکارتۆنیکردنیان رەتدەکەنەوە و لەنێو ئەم رەتکردنەوەیەشدا، چەندین گرووپی رادیکاڵیان

بەرهەمهێناوە، یەکێک لەوانە داعشە.

ئایا پاش لەناوبردنی داعش لە عێراق، بەغدای شیعەکان ئامادەیە کۆمینۆتێی سوننە وەک تابووری پێنجەم تەماشا نەکات و بیکاتە هاوبەشی راستەقینەی دەسەڵات؟ پێمواية زۆر بەدەگمەن توێژەرێک دەدۆزینەوە کە بە ئەرێنی وەڵام بداتەوە. نە سوننەکان متمانەیان بە ئایەتوڵڵاکانی بەغدا هەیە و نە ئایەتوڵڵاکانی بەغدایش خواستێکی لەم شێوەیە بە خولیای خۆیان دەزانن.

بە پێچەوانەی بەشێک لە توێژەرانەوە کە پێیانوایە دۆخەکە وەک جاران بەردەوام دەبێت، من پێمواية عێراقی پاش داعش، چیدی توانای هەرسکردنی دۆخی جارانی نییە، نە سوننەکان دەتوانن هەمان ژیانی مووسڵی پێش داعش بژین، نە شیعەکانیش ئامادەن دەستکاریی ستراتیژیەتی خۆیان لە بەرانبەر سوننەدا بکەن. بە گوزارشتێکی سادەتر، پاش رزگارکردنی مووسڵ، چەند لە رابردوودا کوردێک هەستی بەوە کردووە کە عێراقیە، هەر هێندەش سوننەیەک هەست دەکات ئینتیمای بۆ ئەو عێراقە هەیە کە لە ٢٠٠٣ وە ئایەتوڵڵا بەڕێوەی دەبەن. ئەو عێراقەی کە لە ١٩٢١ وە ناسیویانە، چیتر ئەو عێراقە نییە کە لە ٢٠٠٣ وە بیناکراوەتەوە. بۆیە من، وەک لە چەندین جێگای دیکەدا گوتوومە، پێمواية ئەوەی دوا بزمار لە تابووتی عێراقی ئێستا دەدات سوننەکانن! یەکەم مەترسی ئەم دوا بزمارەش لەسەر کورد بریتییە لەوەی کە چیتر سەربەخۆیی کوردستان پرۆژەیەک نییە ئەکتەرە سیاسییەکان لەسەری ڕێککەوتبن، بەڵکو واقیعێکی کۆنکرێتیە و بەسەریاندا فەرز دەکرێت. بێگومان دەرئەنجامەکانی کارێکی لەم جۆرەش زۆر سەخت دەبن بۆ ئەو نوخبەیەی کە ئێستا لە هەرێمدا دەسەڵاتیان لەدەستە، چونکە خۆیان بۆ گریمانەیەکی لەم شێوەیە، لە دەرەوەی گوتارە درووژێنەرەکان، ئامادە نەکردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی روداو نێت - ڕێکەوتی: ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## پێشبڕکێی ئەمریکاو ئەوروپا لەسەر بانکی زانیار داعش



### ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز

وەزارەتی بەرگری ئەمریکا پنتاگۆن سوورە لەسەر ڕەوانەکردنی دەیان لێکۆڵەرەوەی تری هەواڵگری سەربازیی وڵاتەکەی بۆ عیراق، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە گەورەیەی هەواڵگری ئەمریکا هەماهەنگیو ئامادەکاری بکەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری گرنگو پڕ بایەخ لە داعش، ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەگوێرەی زانیارییەکان لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا جەنگی ڕزگارکردنی موسڵ بە تەواوی دەستپێدەکات.

### دوای موسڵ، بەرەو ئەوروپا

بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە لە کاتێکدایە کە پێشبینی دەکرێت دوای ڕامالینی داعشو شکستپێهێنانی لە موسڵ، چەکدارانی ئەو گروپە تیرۆریستییە بۆ ئەنجام گەیاندنی پیلانو پەلامارە تیرۆریستییەکانی ڕوو لە وڵاتانی ئەوروپا بکەن.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە ڕاپۆرتێکیدا ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە، ئەو لێکۆڵەرەوە هەواڵگریانە کە هاوشانی هێزەکانی سوپای عیراق بەشداری لە پرۆسەکەدا دەکەن،هەر لەسەرەتاوە چەند سەرەداوێکی زانیارییان دەستکەوتووە کە یەکێکیان ئاماژە بۆ شوێنو جێگەی ئەبو بەکر بەغدادی سەرکردەی گروپی تیرۆریستیی داعش دەکات لەنێوان موسڵو ڕەقە کە بە پایتەختی ئەو گروپە تیرۆریستییە دادەنرێت، هەروەها ئەوەش زانراوە کە لە دوای ڕزگارکردنی موسڵ لە دەستیان، پیلانیان داناوە بۆ ئەوەی چالاکیو جموجۆڵچە تیرۆریستییەکانیان بگوازنەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا.

ژەنەراڵ گاری فولیسکی فەرماندەی هێزەکانی زەمینی ئەمریکا لە شاری موسڵ ڕایگەیاند: ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە داعش

لە موسڵ ئەوپەڕی دەستکراوەیە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی مەرامو پیلانەکانیان، بۆیە زۆر گرنگە کە لەم قۆناغەی بەر لەدەستپێکردنی هەڵمەتی رزگارکردنی موسڵدا، زانیارییە هەواڵگرییەکان لەبارەیانەوە بەدەستبهێنین، بەتایبەتی ئەو زانیاریانەی پەیوەستن بە بەرنامەو نەخشەو پیلانی ئەو گروپە تیرۆریستییە، چونکە ئەو زانیارییە هەستیارانە خزمەتی بەرچاو بە خێرا کۆتاییهێنان بە پرۆسەی ئازادکردنی

موسڵ دەکان.

### ئەوروپاش سەرقاڵی زانیاری وەرگرتنە

هاوکات ئەوەش خراوتەڕوو کە لێپرسراوانی هەواڵگریی دژە تیرۆری ئەوروپا بە ئاراميیەکی زۆرەوە کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین زانیاری لەسەر چەکدارانی تیرۆریستیی داعش لە عیراقو لە خۆرهەڵاتی سوریا دەکەنو بە گوێرەی وتەکانیان چاودێری هەموو جموجۆڵێکی سەربازیيو ئەمنیی تیرۆریستان دەکەنو بەردەوام لە پەیوەندییە تەلەفۆنیو لاسلکییەکانی داعش ئاگادارن، ئەوەشیان روونکردۆتەوە کە هەموو ئامادەکارییەکیان کردووە بۆ ئەوەی لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەدا زۆرترین زانیاری هەواڵگری لە داعش بەدەستبهێنن.

ئەو لێپرسراوانە ئەوەشیان ئاشکراکردووە کە لە دەستپێکی قۆناغی یەکەمی رزگارکردنی موسڵەوە کە هەفتەی رابردوو دەستپێێکردووە ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارە بیانییەکانی نێو داعش لە موسڵو شاری رەقەوە بەرەو وڵاتانی ئەوروپا هەڵاتوون، ئەوەشیان روونکردۆتەوە، لە پرۆسە سەربازییەکانی خۆرهەڵاتی سوریا لە ساڵی ٢٠١٥و پرۆسەی سەربازیی شاری مەنبەرج لە باکووری سوریا هەموو ئەو زانیارییە سەربازیانەیان بەدەستهێناوە.

### دەستکەوتنی زانیاریی هەستیار

لێپرسراوانی ئەمریکاو هاوپەیمانان بە دیدو تێڕوانینی کراوەوە توێژینەوەی وردی سەربازییان لەسەر پێکهاتەو سەرکردایەتی داعشو پەلامارە تیرۆریستییەکانیان کردووەو بەتایبەتی هەموو تواناکانیان بۆ ئەوەخستۆتەگەڕ کە سەرچاوەی بەدەستهێنانی مادیيو چەکو کەلوپەلی سەربازییان ئاشکرابکەن، هەروەها زانیاری هەستیارییان لەسەر داعش دەستکەوتووە کە ئەوە ئاشکرا دەکەن ژمارەیان ٤٠ هەزار کەسەو ئەندامەکانیان لە ١٢٠ وڵاتی جیهانەوە چوونەتە نێو ریزەکانیانەوەو لە ئێستادا لە عیراقو سوریا ئەجەنگن.

بریت ماکگۆرگ نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی داعش رایگەیاند: لەکاتی کوژرانی یەکێک لە سەرکردەکانی داعشدا لە مەنبەرجی سوریا، دەستگیراوە بەسەر مۆبایلەکەیدا کە هەندێک ژمارەی تەلەفۆنی پایتەختو چەند شارێکی ناسراوی ناوچەکەی تێدا خەزن کراوەو پەیوەندییان پێکەوە هەبووە، تەنانەت ئەوەشی روونکردەوە کە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان لە نێوان ئەو چەکدارانەو هاوکارەکانیاندا تۆمارکراوون.

## پەرەسەندنی ئاڵوگۆڕی زانیاری

یوهان دی بەیکەر فەرماندەی پۆلیس لە ناوچەکانی خۆرئاوای برۆکسلی پایتەختی بەلژیکا رایگەیاند: ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوان لایەنە ئەمنییەکانی چەندین وڵاتی ئەوروپا بەشێوەیەکی زیاتر لە جاران پەرەی سەندووە، دەستەی ئەرکانی هاوبەش لە پنتاگۆنو ئاژانسی هەواڵگری بەرگری ئەمریکاش جەخت لەوە دەکەنەوە کە لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا پشتیوانییو هاوکاریی دەزگای هەواڵگری عیراقو هەموو هێزە پەیوەندیدارەکانیان کردووە بە تایبەتی هێزی پێشمەرگە لە پێدانی زانیاریو رێنمایی کردنیان، ئەوەش ئاشکراکراوە کە بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا ٦٠٠ سەربازی تر رەوانەی عیراق بکەن کە بەشێکیان پێکهاتوون لە لێکۆڵەرەوانی زانستیی هەواڵگریی سەربازی.

لە کۆتایی راپۆرتەکەی رۆژنامەی نیویۆرک تایمزدا نیکۆلاس راسموسن بەڕێوەبەری سەنتەری دژە تیرۆرو ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکا رایگەیاند: ئامانجی داهاتووی داعش لە پاش وەدەرنانی لە موسڵ، وڵاتانی ئەوروپا دەبێت، بۆیە پێویستە لە ئێستاوە هەماهەنگیو هاوکاریی نێوانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکاو ولاتانی ئەورپا زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت بە باشترین شێوە روبەڕوی پیلانی تیرۆریستانی داعش ببینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## کێ سوودمەندی گرتنەوەی موسڵ دەبێت؟



د. هیوا حاجی

گرتنەوەی مووسڵ کاریگەری لەسەر باڵانسی هێز دەبێت لەنێوان هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی دەوڵەتی عێراق: عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە و کورد. لە خوارەوە چەند سەرنجێک لەسەر ئەم مەسەلەیە نیشان دەدەین.

### سوننەکان پێویستیان بە پادشایەکە لە ئیستەنبوڵەوە

گەورەترین کێشە بۆ سوننەکانی مووسڵ ئەو راستییەیە کە خۆیان ناتوانن ببنە رزگارکەری شارەکەیان. ئەوەی شەڕی گرتنەوەی مووسڵ دەکات هێزە عێراقیەکانن کە لە راستیدا رەنگە بەشی هەرە گرنگیان هێزەکانی حەشدی شەعبی بن.

بەشێکی دیکەی هێزە شەڕکەرەکە پێشمەرگەیە کە پێدەچێت ئەرکی لە هەندێ ناوچەی پارێزگای نەینەوا پێ سپێردرابێت.

لەساڵی ٢٠١٤ەوە، لە چوارچێوەی ئەوەی ناوی لێنرا "حەشدی نیشتیمانی"، بە سەرۆکایەتی نوجەیفییەکان، هەوڵ درا بۆ دامەزراندنی هێزێکی سوننی شەڕکەر کە بتوانێ سەرکردایەتی جەنگی سەندنەوەی مووسڵ بکا. لە هەموو ماوەی ئەم دوو ساڵەدا، ئەم هێزە نەیتوانی نە لەڕووی سەربازی و نە لەڕووی میللییەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێت. لە کاتی ئێستادا کە پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەستی پێکردووە، تاکە هێزێک کە هیچ بایەخێکی سەربازی نیشان نەداوە، هێزەکانی حەشدی نیشتمانیی سوننەن. ئەمە کاردانەوەی نەرێنی زۆری دەبێت لەسەر پێگەی سیاسی سوننەکان لە ئایندەی شارەکەیاندا بەوپێیەی خەڵکی دیکە شارەکەیان رزگار دەکات و هەمیشەش براوەکان قسەی زیاتریان دەبێت لەسەر ئایندەی رووداوەکان.

روونتر بڵێین، لە کۆنترۆڵکردنەوەی شاری مووسڵدا، شیعەی عێراق دەبنە لایەنی براوە و ئەو ئەگەرە بەهێزە کە ئەجێندای خۆیان بسەپێنن لە بەڕێوەبردنی شارەکەدا. شیعە رەنگە هەوڵێکی زۆر بدات بە رێگای ناڕاستەوخۆ مووسڵ بەڕێوەببات.

مەبەست لە رێگای ناڕاستەوخۆ، بەکارهێنان و پشتگیریکردنی ئەو سوننانەیە کە بە دۆستی شیعە هەژمار دەکرێن و هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەو سوننانەی کە دانویان لەگەڵ شیعەی عێراق ناکولێت.

لێرەدا، پاڵپشتیی سیاسی و سەربازیی تورکیا تاکە ئومێدی سوننەکانە لە گرتنەوەی مووسڵ و ئایندەی بەڕێوەبردنی شارەکەدا.

واتە ئەوەی دەمانەوێ بیڵێین ئەوەیە کە سوننەکان توانای زاتیی خۆیان نییە و بەبێ پاڵپشتی هێزێکی هەرێمیی وەک تورکیا زەحمەتە بالانسی هێز لە خزمەتیاندا بێت. پێداگریی تورکیا بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە مووسڵ لەو مەترسییەوە سەرچاوە دەگرێت. واتە تورکیا دەزانێت کە گرتنەوەی مووسڵ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە سوننەکان بەشدارییەکی ئەوتۆیان تێدا نابێت، لە ئایندەدا تەنها بە قازانجی زیاتری شیعە دەشکێتەوە و دواتریش دەستی ئێران لە عێراقدا هێندەی دیکە بەهێزتر دەبێت. لەو نێوەندەدا، چاوەڕوان دەکرێت کە تورکیا پاڵپشتی لە دامەزراندنی هەرێمێکی سوننیش بکات لە پارێزگا سوننیەکان و لە بەرامبەر هەریەک لە شیعەکانی عێراق و تەنانەت هەرێمی کوردستانیش قوتیان بکاتەوە.

### کێشەی شیعەکان تورکیایە

شیعە لە دوو شتدا سەرکەوتوو بوون: لەلایەک لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا و بەتایبەتی لە دوای کەوتنی مووسڵ، توانییان ئەو نوخبە سوننییەی کە بە نەیاری ئەجێندای شیعە هەژمار دەکرا، بێدەسەلات و لاواز بکەن. لەو نێوەندەدا سەندنەوەی متمانە لە ئەسیل نوجەیفی و لەکارلادانی لە پۆستی پارێزگاری نەینەوا بەشێک بوو لەهەڵمەتی دژی سوننە نەیارەکان. لەلایەکی دیکەوە، شیعە دیسان سەرکەوتوو بوون لە بەدەستهێنانی پاڵپشتی سەربازیی هەرێمی کوردستان بۆ ئۆپەراسیۆنی مووسڵ. بۆیە لەسەر ئاستی عێراق، گۆڕەپانەکە بۆ شیعە زۆر تەختە. تەحەددای گەورە دەستێوەردانی سەربازی و سیاسیی تورکیا دەبێت لە نەینەوا و عێراق بەگشتی. شیعەکان باش لە ئەجێندای تورکیا تێگەیشتوون بۆیە لێبڕاوانە دژی بەشداریی تورکیان لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ، چونکە دەزانن ئاکامە سیاسییەکانی بەدڵی ئەوان نابێت. سەرەڕای ئەم راستیەش، پەراوێزخستنی تورکیا لە باکووری عێراق، بە هەرێمی کوردستان و مووسڵەوە، کارێکی ئاسان نییە. پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ بەغدا هەرچۆنێک بێت، کەس ناتوانێ رۆڵی تورکیا لەم ناوچانەی سەرەوە نادیدە بگرێت.



سەرچاوە
Serchawe

بۆیە بە تێگەیشتنی ئێمە، لێرەوە تا شەڕ دەگاتە دیوارەکانی شاری مووسڵ، دەبێ جۆرێک لە لێکتێگەیشتن لە نێوان شیعە و تورکیا بێتە کایەوە. بەدوور نازانرێ لە ئەگەری رێکنەکەوتنی حکومەتی عێراق و تورکیا، گرتنەوەی مووسڵ لەڕووی سەربازییەوە ئاستەنگی جدیی بێتە پێش. چۆن دەتوانن رێکبکەون و لەسەر چی رێکدەکەون ئەوە چیرۆکێکی دیکەیە.

## مووسڵ. سەرئێشەیەکی درێژخایەن بۆ کورد

لە ٢٠٠٣وە، لەڕووی سیاسی و ئەمنییەوە، مووسڵ بۆ هەرێمی کوردستان سەرئێشە بووە. نەیاریی نوخبەی سوننی لە مووسڵ لە ئاست هەرێمی کوردستان تا ساڵی ٢٠١٠ جێی گومان نییە. لەڕووی ئەمنیشەوە بەهۆی ئەکتیڤبوونی گرووپە جیهادییەکان لە شارەکەدا، مووسڵ مەترسییەکی راستەوخۆ بووە. لە دوای کەوتنی مووسڵ لە ٢٠١٤ مەترسیەکانی مووسڵ بۆ هەرێم چوونە قۆناغێکی هەستیارترەوە. لە ئێستادا، کورد لە روانگەی بەرژەوەندیی خۆی لە پاراستنی هەرێمی کوردستان و لەژێر فشاری هاوپەیمانان، هاوکاریی حکومەتی عێراق دەکات لە کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکە. لێرەوە هەڵقەندنی داعش لە مووسڵ رەنگە لەڕووی ئەمنی و سەربازییەوە بە قازانجی هەرێم بشکێتەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە ئایندەی سیاسی مووسڵ و ناوچە سوننییەکانە. کورد کێشەی خاکی هەیە لە پارێزگای نەینەوا و لە ئەگەری بەهێزبوونەوەی سوننە و دامەزراندنی هەرێمێکی سوننی لە عێراقدا، مەترسیەکانی ئەو کێشەیە هێشتا گەورەتر دەبن. هەرێمێکی سوننی بەهێز کە رەنگە تا رادەیەکی زۆر خواستی تورکیا بێت، پێدەچێت ببێتە تەحەدایەکی راستەقینە بۆ هەرێم. تەنانەت ئەگەر ئەو سیناریۆیەش نەیەتە پێش، واتە ئەگەر شەڕی مووسڵ بە سوودی هەژموونی زیاتری شیعەش تەواوبێت، دیسان مووسڵ هەر بە کێشەیەکی درێژخایەن بۆ کورد دەمێنێتەوە.

شەڕی مووسڵ پرۆسەیەکی ئەمنی، سەربازی و سیاسیی ئێجگار ئاڵۆزە. هیچکام لە ئەکتەرەکان، بە کورد و عەرەبی سوننە و شیعەوە، ناتوانن دڵنیابن لەوەی گرتنەوەی مووسڵ بە قازانجیان دەشکێتەوە. کێشەکە ئاڵۆزترە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەی شەڕی مووسڵ رەهەندێکی هەرێمایەتی خەستی وەرگرتووە کە مەبەستمان دیسان ململانێی تورکیا و سعودیە لەلایەک و ئێرانە، لە لایەکی دیکەوە. شەڕەکە کێ دەیکات (شیعە و کورد بە تەنیا؟ تورکیا بەشدار دەبێت یان نا؟) کاریگەریی خۆیان لەسەر باڵانسی هێز دەبێت لە نێوان سێ پێکهاتەکەدا. بە کورتی، حیساباتێکی ئاڵۆز چاوەڕوانی هەموو لایەکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت - رێکەوتی: ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## دوای داعش، بە نێودەوڵەتی کردنی ئاسایشی عیراق پێویستە



**فۆرن پۆلیسی**

بەو پێیەی داعش تەنها دوو بۆ سێ هەزار چەکدار دەبن لە موسڵداو هێزی هاوبەشی عیراقو پێشمەرگەش 54 هەزار چەکدارە، کەواتە رزگار کردنی موسڵ نزیکە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هیچ نیگەرانییەک لەبارەی موسڵەوە لە ئارادا نەبێت، چونکە جگە لە نیگەرانییەکانی ئایندەی موسڵ لە دوای نەمانی داعشەوە، ئێستاش لە گەرمەی شەڕەکەدا چەندان مەترسی لەسەر ئەو شارە هەیە، وەک چی روو دەدات ئەگەر ملیۆنێک کەس لە موسڵ را بکەن؟ ئەی ئەگەر داعش پردەکانو شوێنەکانی بەرهەم هێنانی کارەباو ئاوی تەقاندەوەو کارەساتێکی مرۆیی لێ کەوتەوە؟ یان چی دەبێت ئەگەر توندو تیژیو شەڕەکە لەوە توندترو قوڵتر بۆوە؟ چی دەبێت ئەگەر شەڕ لە نێوان هێزەکانی عیراقو ئەو هێزەی تورکیادا کە دەیەوێ بچێتە ناو شارەکەوە دروست ببێت؟ ئەمانە هەمووی مەترسی جددینو ئەگەری روودانیان هەیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پرۆسەی رزگار کردنی موسڵ مژدەی خێری پێوەیە، بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی خەڵکی رەشبینەوە.

پرۆسەکە ئەگەری سەرکەوتنی زۆرە، چونکە زۆربەی هاووڵاتیانی موسڵ لە ماڵەکانی خۆیاندا دەمێننەوە، لەو لایشەوە هێزی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی هێرشەکانیان چڕتر دەکەنەوە بۆ ئەوەی رێگە لە داعش بگرن، ئەگەر بیەوێ پردەکانو ژێرخانی شارەکە وێران بکات، هەر پردێکیش برووخێنن، هێزەکانی عیراق کەرەستەو کەلوپەلی پێویستیان پێیە کە پردی پێ دروست بکەن. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە، ئێستا دەرفەتێکی باش هەیە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ خەڵکی شاری موسڵدا، بە شێوەیەک کە جێگیر کردنی ئاسایشی شارەکە مسۆگەر بکات، چونکە لە کاتی رووخاندنی رژێمی موسڵدا خەڵکی موسڵ زۆر لەوە تووڕە بوون کە ئەمریکا شارەکەیانی داگیر کردووە، بەڵام ئەم جارەیان مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە، ئەم جارە هێزەکانی عیراق شەڕ دەکەن بۆ لەناو بردنی دیکتاتۆری مۆدێلی سەدەکانی ناوەڕاست کە دوو ساڵو نیوە خەڵکی شارەکە دەتۆقێنن، لەبەر ئەوە چاوەڕوان دەکرێ خەڵکی موسڵ پێشوازی لە هێزەکانی عیراق بکەن.

**بەشی پێنجەم**

ئێستا نیگەرانی گەورە ئەوەیە لە دوای داعش چی روو دەدات؟ ئەگەر هێزی نێودەوڵەتی بکشێتەوەو هاوکارییەکانی رابگرێت، چی روو دەدات؟ پێشتر لە ٢٠٠٧ تا ٢٠١٠ هێزی نێودەوڵەتی هاوکاری هێزەکانی عیراقی کردو تێرۆریستانیان تێکشکاند، بەڵام دوای تەواوبوونی شەڕەکە ئەمریکاو هاوپەیمانان یەکسەر کشانەوەو ئەوەبوو داعش لە جاران بەهێزتر گەڕایەوە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە لە دوای شەڕەکەو دوای داعشیش زۆر گرنگە ئەمریکا بە رێکەوتن لەگەڵ حکومەتی عیراقدا ماوەی پرۆسەی چارەسەری بنەڕەتی درێژ بکاتەوەو پەیوەندییەکی هاوکاری بواری ئاسایش لەگەڵ عیراقدا دروست بکات.

ئەگەر ئەمریکا ئەو پەیوەندییە دروست بکات سوودێکی زۆری دەبێت، یەکێک لە سوودەکانی بە نێودەوڵەتی کردنی ئاسایشی عیراقە، کە جگە لە ئەمریکا وڵاتانی تریش بەشدار دەبن لە پاراسیتنی ئاسایشی عیراقدا بۆ ماوەی درێژخایەن، لە هەمان کاتدا پەیوەندی دیپلۆماسی حکومەتی عیراقیش زیاتر جێگیر دەبێت. هەروەها بە نێودەوڵەتی کردنی ئاسایشی عیراق مانای وایە هێزی هاوپەیمانان یارمەتی عیراق دەدەن لە مەشق پێکردنو بەهێزکردنی سوپاکەیدا لە چوارچێوەی پەیوەندی هاوکاری ئەمنیدا لە نێوان هاوپەیمانانو بەغداو کوردستانیشدا.

المدى ٢٣ - ١٠ - ٢٠١٦

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت - رێکەوتی: ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## کارەساتەکەی کەرکوک؟



**ستارە عارف**

یەکێک لەو هۆکارانەی لەسەر ڕەوش و هێرشەکەی ڕۆژی ٢١ - ١٠ - ٢٠١٦ی کەرکوک باس دەکرێت، بۆشایی ئەمنییە لەو شارە، کە پەیوەندی بەو حوکمڕانیە مافیا ئاسایەی ناو پارێزگاکەوە هەیە، کە تەنیا خۆیان دەژێنن و ناتوانن ڕۆژی تێدا بکەنەوە، هیچ بەرپرسێکی کەرکوکی شەو لەکەرکوک ناوێرێت بمێنێتەوە، لەگەڵ تاریکی و لێڵیدا بە خۆیان و لەشکرێک لە پاسەوان و کەسی نزمەوە بۆ سلێمانی و هەولێر دێن، نەوەک بەر تەقینەوە و توندوتیژی بکەون، خەڵکی بەش مەینەتیش بەمجۆرە بە تەنیا بەجێدەهێڵن، زۆر لەو بەرپرسانە لەم شارانە نیشتەجێن و بون بە بار بەسەر ژیانی خەڵکەوە و سەرقاڵی گەندەڵی و قۆرخکاری و دزین.

جگە لەوەی کەرکوک و خانەقین بەرەو خاڵی بون لەکورد دەچن، چونکە کوردی ئەوێ بە لێشاو لەشارەکانی سلێمانی و هەولێر نیشتەجێ بون، کە ئەمەیش مەترسیدارە و زیان بە کورد بونی کەرکوک و ئەو دەڤەرانەی ماددەی ١٤٠دەگەیەنێت، کە دەبێت لەئاییندەدا چارەسەر بکرێت و ڕێگەی لێبگیرێت.

یەکێک لەو خاڵانەی بوە هۆی زەمینە خۆشکردن بۆ داعش ئەو کارەساتە بئافرێنن، پەیوەندی گەرم و گوڕی کەرکوکیەکانە لەگەڵ عەرەب، بە جۆرێک زۆر دڵشادن بە نزیکبونەوە و هاوڕێیەتی تورکمان و عەرەب، کەچی هەمان ئەم هەستەیان بۆ شارەکانی کوردستان و کورد نیە، ئەوەی جێگەی داغ و سەرسوڕمانە ئێستا لەسلێمانی و هەولێریش پاڵپشتی عەرەب بن و خانو و کاریان بۆ پەیدا دەکەن، لەکاتێکدا کەرکوک خۆی وەک هەمو گەلی کورد مارانگازی بەردەوامی دەستی عەرەب و تورکمانە.

## بەشی پێنجەم

جگە لەوەی دو ڕۆژی تەواو لەناو شاری کەرکوکدا لەشکرێکی زۆر لەگەڵنجی خۆبەخش، کە لەهەمو شارەکانی کوردستانەوە بۆ پاراستنی کەرکوک چوبون و پێشمەرگە و هێزی هەولێر و سلێمانی و ئاسایش و دژە تیرۆر سەرقاڵی تەنیا ٧٠ - ٨٠ داعش بون و ژمارەیەکی زۆر شەهید و بریندار بەختکران، کە لەدەرەنجامی بێ پلانی و نەبونی ئاگایی پێش وەختەوە بو، ئەگەر نا چۆن ڕێگە دەدرێت بە ناوی خۆبەخشەوە لەشکرێک لەگەنج بهێنرێنە ناو کارەساتەکەوە و شەهید و بریندار بن، ئەی بەرپرسانی ئەمنی و سەربازی و ئاسایشی شارەکە لەکوێ بون؟، بۆچی دەروازەکان هێندە کراوە بون؟، پاڵەوانبازی بەردەم کامێراکانیش لەو لاوە ڕابوەستێت.

بۆیە جگە لەهۆکارە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانی وەک پیلانی تورک و عەرەب و لایەنێکی کوردی، بۆ ئەوەی پرسی شەڕی موسڵ و ئاراستەکەی بگۆڕن، لێ فاکتەرە ناوخۆییەکان ئاسانکارتر بون، پێش دوبارە بونەوەی هەمان کارەسات لەدەڤەرێکیتری کوردستان، پێویستە خەڵک فشار لەهێزەکانی ئاسایش و سەربازی بکەن، ئارامی و ئاسایشیان بپارێزن.

پێویستە چیتر ڕێگە بە عەرەب هەتا بە ناوی گەشتیاریشەوە نەدرێت، بێنە ناو کەرکوک و هەرێمەوە و ئەوانەی تا ئێستایش ماون، بە فشار بکرێنە دەرەوە و بە ناوی ئاوارەیشەوە ئاسانکاری نیشتەجێبونیان بۆ نەکرێت، لەکاتێکدا هەمو ناوچەکانیان ئازاد کراونەتەوە، ئەوانەی لەناوەندە فەرمیەکاندا جێگیر کراون، کار و پیشە و دامەزراندنیان هەڵبوەشێنرێتەوە و بگوێزرێنەوە، بێ گوێدانە تانەی هیچ لایەنێک، چونکە ئاسایش و ئارامی هەر تاکێکی کورد دەبێت لەدابینکردنی ژیان بۆ دوژمن و نەیارە عەرەبەکانمان لەپێشتر بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سپی میدیا - ڕێکەوتی: ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## سێ سیناریۆ ئەمەریکییەکە بۆ ئایندەی موسڵ



شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

بە گوێرەی هەواڵێکی ماڵپەڕی "کتابات" کە ئەویش پشتی بە هەواڵێکی "سی ئێن ئێن"ی ئەمەریکی بەستووە، پێشبینی دەکرێت ئەمەریکا بە راوێژکردن لەگەڵ عێراقدا، سێ سیناریۆ بخاتە بەردەم عێراق بۆ ئایندەی مووسڵ لە قۆناغی داوی داعشدا، کە هەر یەک لەو سیناریۆیانەش ئەگەری جێبەجێکردنیان هەیە. لە سیناریۆی یەکەمدا، باس لە گەڕاندنەوەی ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری پێشووی مووسڵ دەکرێت بۆ پۆستەکەی کە دوای کەوتنی مووسڵ ئەو پۆستەی لێسەندرایەوە, هاوکات بە گوێرەی هەواڵەکە، کورد و سەرکردەکانی سوننەی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ، پشتگیری لەو سیناریۆیە دەکەن.

بەڵام لە سیناریۆی دووەمدا، رەنگە حاکمێکی سەربازی بۆ بەڕێوەبردنی شارەکە دابمەزرێت، هاوشێوەی سەرەتای رووخانی رژێمەکەی سەددام کە حاکمێک بۆ ئیدارەدانی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە دامەزرێندرا تاوەکو ئاساییوونەوەی دۆخی عێراق.

کەچی لە سیناریۆی سێیەمدا کە لە هەردوو سیناریۆکەی دیکە زەحمەتترە و ئەگەری جێبەجێکردنی ئاستەنگی گەورەی عێراقی و نێودەوڵەتی لە پشتەوەیە کە ئاماژە بۆ بە هەرێمکردنی مووسڵ دەکرێت لە شێوەی هەرێمی کوردستان.

مووسڵی ئێستا لە بەردەم چەندان سیناریۆدایە، چونکە زیاتر لە دە هێزی شەڕکەر، بەشداری ئۆپەراسیۆنی پارێزگەکە دەکەن، هەرێمی کوردستان دەڵێت: مووسڵ بەشێکی زۆری پێکهاتەکەی کوردن و دەبێ کورد رۆڵی کارای هەبێت لە ئایندەی مووسڵدا، حەشدی شەعبی کە دەکرێت بە وێنە گەورەکەی ئێران لە عێراقدا وەسف بکرێت، چاوی بڕیوەتە مووسڵ، بەڵام سوننەکان دژایەتی ئەو هێزە دەکەن، هەروەها شەبەک و ئێزیدی و مەسیحی هێزیان دروستکردووە و بەجۆرێک لە جۆرەکان لەسەر کورد حساب دەکرێن، تورکمانەکان لە لایەن تورکیاوە پشتگیری دەکرێن، سوپای عێراقیش چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێت



سەرچاوە
Serchawe

بێلایەنی خۆی بپارێزێت، چونکە لەژێر کاریگەری مەزهەب و وڵاتانی ناوچەکەدایە بە تایبەتی ئێران، ئەمە سەرباری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دوای قۆناغی داعش کە خەڵکانێکی زۆر هەن کەسوکاریان بە دەستی چەکدارانی داعش ئەشکەنجەدراون و کەسوکاری ئەو چەکدارە داعشانەش دەناسرێنەوە، یاخود خەڵکی ناوچەکەن و بۆی هەیە کۆمەڵگەی مووسڵ دووچاری شەپۆلی تۆڵەکردنەوە ببێتەوە، هەموو ئەوانە کێشەی چاوەڕوانکراون و ئەگەری ململانێییەکی بە هێزی لایەنەکانیش لەو شارەدا هەیە، بەوپێیەی بەرژەوەندی ناوچەیی کەوتووەتە ئەو شارەوە و هەر وڵات و هێز و پێکهاتە و ئاینزایەک هەیە ترسی لە ئایندەی خەڵکی خۆی هەیە و ئامادەکاری بۆ قۆناغی دوای داعش دەکات.

لە لایەکی ترەوە پێشبینی ناکرێت کە عێراق رازی بێت بە دروستکردنی هەرێمی مووسڵ، ئەوەش لەژێر گوشاری ئێراندا, بەڵام تورکیا لەگەڵ ئەو هەرێمەدایە بە بیانووی پاراستنی تورکمانەکانی مووسڵ، لەگەڵ ئەوەشدا خودی دەوڵەتی عێراق گەیشتووەتە ئەو تێگەیشتنە کە مووسڵ هەمان مووسڵەکەی جاران نییە و لەگەڵ نەمانی داعشدا گۆڕانی گەورە روودەدات لە داخوازی و ململانێی پێکهاتەکان بە پاڵپشتی دەرەکی، بەڵام سەرباری ئەوەش، هێشتا رازی نابێت لەسەر بە هەرێمبوونی مووسڵ، بەڵام کار بۆ رازییکردنی سوننەی مووسڵ و هەرێمی کوردستان و ئاینزاکانی دیکە بکات، چونکە دەبێت هەوڵی رازیکردنی ئەو لایەنانە بدات، ئەگینا ئایندەیەکی خراپ لەبەردەم مووسڵدایە و رەنگە هاوشێوەی حەلەب شەڕی تێدا رووبدات، بۆیە بۆ قۆناغی یەکەم، پێدەچێت کە ئەسیل نوجێفی، بە بڕیارێک دابندرێتەوە، یان کەسێکی دیکە کە سوننەی مووسڵ و کورد خۆیان پێشنیاری بکەن بکرێت بە پارێزگاری مووسڵ. لەناو ئەو هەموو سیناریۆ و ئەگەرانەدا پێویستە کورد بە روونی داواکانی خۆی بخاتەڕوو, لە ئەگەری بە هەرێمبوونی شارەکەدا، مافی کوردە لە دەستووری هەرێمی مووسڵدا، سەرۆکی هەرێمی مووسڵ، یان سەرۆکوەزیران بچەسپێنێت، ئەگینا دوای بۆی ناکرێت, هەتا دەبێ لە سیناریۆی یەکەم و دووەمیشدا کە قسە لەسەر گەڕانەوەی ئەسیل نوجێفی و دامەزراندنی حاکی سەربازی دەکرێت، پێویستە لەوانەشدا مافەکانی کورد مسۆگەر بکرێت، چونکی پێکهاتەکانی شەبەک و ئێزیدی و مەسیحی و هەتا تورکمانیش چاویان لە هەرێمی کوردستانە مافەکانیان مسۆگەر بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شار پریس - ڕێکەوتی: ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# کورد و شیعە دوای داعش، پێکەوەژیانی ئاسایشی



**سەلام عەبدولقادر**

نوسینی ئەم وتارە لەکاتێکدایە کە هێزە شیعیەکان و هێزە کوردیەکان بەئاستێک لەهەماهەنگی و پلانی هاوبەش شەڕی موسڵ دەکەن و هەوڵی رزگارکردنی شارەکە دەدەن لەدەست داعش. بەڵام ئەم ئاستی هەماهەنگی و پلانی هاوبەشە نیشانەی پێکەوە گونجان و هاریکاری ئەم دوو لایەنە نیە لە داهاتوودا، هەروەها، بەشێوەیەکی گشتی، هەردوو پێکهاتەی کوردو شیعە روانگەی جیاوازیان بۆ داهاتووی عێراق هەیە. لەگەڵ ئەمانەشدا بارودۆخی نێودەوڵەتی و هەڵوێستی وڵاتانی خاوەن نفوزو رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ مانەوەی عێراقێکی یەکپارچەدان، واتا دژی لەتبوون و لەدایک بوونی دەوڵەتی نوێن. بێگومان لەبەردەوامبوونی هەڵوێستێکی لەم جۆرەدا لەتبوون و دەوڵەتی نوێ ئەستەم دەبێت.

کۆی ئەمانە ئەوە دەگەیەنێت کە هەردوو پێکهاتەی کوردو شیعە دەبێت هاوبەشی لەوڵاتێکدا بکەن، بەتایبەتی دوای نەمانی داعش کە سنووری هەردوولا لەگەڵ یەکتر فراوانتر دەبێت و کێشەی جۆراوجۆریش دێتە پێشەوە. لێرەدا باسی پێکهاتەی سوونە ناکەین، چونکە لەم کاتەدا هێزێکی ئەوتۆیان نیە کە نوێنەرایەتیان بکات و چاوەڕێش ناکرێت خێرا ببنە ئاکتەرێکی ئاکتیڤ لەدوای داعش، هەربۆیە ئەو پێکەوەژیانە ئاسایشیەی ێرەدا باسی دەکەین لەچاوەڕوانیدا دەبێت تا ئەوانیش وەکو ئاکتەرێک دەردەکەون و بتوانن بەشداری بکەن.

هاوشێوەی ئەم بیرۆکەیە خۆیدەبینێتەوە لە روانگەکانی (کارل دۆچ) کە بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی ئاسایشی لەنێو نەتەوەکاندا ختیە روو، ئامانج لێی بریتی بوو لە نزیکخستنەوەی نەتەوەکان و نەهێشتنی جەنگ وەک کەرەستەی یەکلاکەرەوەی ململانێکان. ئێمە لێرەدا بەشێوەیەکی جیاوازتر بۆسەر ئاستی دەوڵەتێک پێشنیاری دەکەین بۆئەوەی پێکهاتەکانی ناو ئەم دەوڵەتە بتوانن پێکەوە لە وڵاتێکدا بژین کە کەرەستەکانی توندوتیژی بەکار نەیەت بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکان.

## بەشی پێنجەم

ئەوەی کە چاوەڕێ دەکرێت ئەوەیە کە لەدوای داعش لەعێراقدا هەردوو نەتەوەی کورد و شیعە وەک دوو پێکهاتەی سەرەکی دەردەکەون و هەردووکیان خاوەنی هێزی سەربازین و خاوەنی دوو روانگەی جیاوازن بۆ عێراق، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەگەری بەهێز هەیە کە کۆمەڵێک کێشەی سیاسی و ئابووری و تەنانەت کۆمەڵاتیش بێنە پێشەوە، یان لانی کەم کێشە هەڵپەسێوراوەکانی ئێستا بە بەهێزی دەربکەونەوە، کە هەر یەک لەمانەش مایەی دروستبوونی ململانێی گەرم و بەکارهێنانی هێزی سەربازیە بۆ یەکلاکردنەوەی. لەهەمانکاتدا دابەشبوونی وڵات و دروستبوونی دوو دەوڵەتی نوێ هەڵبژاردەیەک نیە ئەویش بە پلەی سەرەکی لەبەر هەڵوێستی وڵاتانی زلهێزو خاوەن نفورو هەروەها وڵاتانی دراوسێ. کەواتە ئەم دوو پێکهاتەیە چ جۆرە ژیانێک یان چ جۆرە پەیوەندیەک هەڵدەبژێرن؟

بێگومان بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکان بەزەرەرو زیانی هەردوولا تەواودەبێت و هیچ لایەکیشیان ناگەیەنێتە ئەنجام. بەڵکو دەبێتە مایەی قوڵکردنەوەی کێشەکان و ئاسۆی چارەسەریشیان دوور دەخاتەوە. لەلایەی ترەوە ململانێی سەربازی لەنێوان کوردو شیعەدا ئەو شەرعیەتە نێودەوڵەتیەی نابێت کە ئێستە هەردوولا هەیانە لە شەڕی داعش. داعش بەگروپێکی تیرۆرستی ناسراوە کە مەترسی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی هەیەو لەبەرانبەردا کۆمەڵگای نیودەوڵەتی رەوایەتی دەدات بەو هێزانەی کە لەدژی دەجەنگن و هاوکاری سەربازی و لۆجستیان پێشکەش دەکات. لەم کاتەدا هەردوو کوردو شیعە یارمەتی سەربازی و دارایی و لۆجستی دەدرێن لەلایەن وڵاتە هاوپەیمانەکانەو رەوایەتی بە شەڕەکانیان لە دژی داعش دەدرێت. بەڵام لە روودانی شەڕ لەنێوان کوردو شیعەدا وڵاتە هاوپەیمانەکان وەکو کێشەیەکی ناوخۆیی سەیری دەکەن و رەوایەتی پێنادەن و ئەندازەی یارمەتیەکانیان کەم دەکەنەوە یان هیچی ناهێڵن.

چارەسەرێکی پراگماتیکانە بریتیە لەپێکەوەژیانێکی ئاسایشیانە کە جەنگ بەتەواوی وەلادەنرێ و بەهیچ شێوەیەک بیری لێناکرێتەوە. چەند هەنگاوێک بۆ ئەم پێکەوەژیانە لێرەدا بەکورتی باس دەکەین.

**یەکەم**: نوخبەی سیاسی هەردوولا ئەم بیرۆکەیە لای خۆیان وەرگرن و هەوڵ بدەن شۆڕی بکەنەوە ناو کۆمەڵگا. چونکە بەبێ پشتگیری کۆمەڵگا ئەم پێکەوەژیانە ئاسایشیە کورت خایەنەو زوو هەرەس دێنێت.

**دووەم**: جەخت بکرێتە سەر خاڵە هاوبەشەکان ئەویش لەپێناو دروستکردنی ناسنامەیەک کە هەردوولا بەئەندازەیەک خۆیانی پێوە بناسێنن. مرۆڤ دەکرێت چەند ناسنامەیەکی هەبێت و خۆی پێوە بناسێنێت، بۆ نموونە کەسێک دەکرێت ناسنامەیەکی نەتەوەیی و رەگەزی و ئاینی و تایفی و ...هتد ی هەبێت و پێناسی خۆی بەهەموو ئەوانەوە بکات. کۆی ئەم ناسنامانەش، بەئەندازەی جیاواز، رۆڵی گرنگ دەگێڕن لە نزیکخستنەوەی ئەم کەسە لە هەڵگرانی هاوشێوەی ئەم



سەرچاوە
Serchawe

ناسنامانە. دروستکردنی ناسنامەیەکی هاوبەش لەنێوان کوردو شیعەدا گرنگە هەرچەندە لەدوای ناسنامەکانی تریشەوە بێت، چونکە ئەمە هاوکار دەبێت لە نزیکخستنەوەو کاری هاوبەشی ئەم دوو پێکهاتە.

**سێیەم**: دامەزراندنی دامەزراوەی هاوبەش. بێگومان پێکەوەژیانێکی ئاسایشی سەرکەوتوو نایەتەدی هەتا هەندێک دامەزراوەی هاوبەش لەنێوان پێکهاتەکان دروست نەکرێت. ئەم دامەزراوانەش دەبێت هەردوو لا دایمەزرێنن و دەستەی هاوبەشی بەڕێوەبردنیان هەبێت و ئامانجیان چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان بێت و لەبوارەکانی سیاسی و ئابووری و...هتد کار بکەن. دەکرێت یەکێک لەم دامەزراوانە میدیای هاوبەش بێت.

**چوارەم**: میدیاکانی هەدوولا دەبێت رۆڵێکی پۆزەتیڤ لە پەرەپێدانی پێکەوەژیانی ئاسایشی ببینن و هاندەری بن. هەوڵ بدەن، بۆ نموونە، پێناسەی (شەڕی ناخۆ) فراوان بکەن و شەڕی کوردو شیعە بەشەڕی ناوخۆ وەسف بکەن. ئەمەش بۆ ئەوەی شەڕ بکەنە شتێکی بێزراوو ناشرین و هاوڵاتیان هان بدەن بۆ دژایەتی و رق لێبوونەوە بۆ هەر جۆرە توندو تیژیەک لەنێوان ئەم دوو پێکهاتەیەدا.

ئەم پێکەوەژیانە ئاسایشیەی لەسەرەوە باسمانکرد کاری خێراو جدی دەوێت، و سەرچاوە دەگرێت لە خوێندنەوەیەکی واقیعیانە بۆ داهاتووی وڵات و چۆنێتی دوورخستنەوەی شەڕ لەنێو ئەم دوو پێکهاتە سەرەکیەی عێراقدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - رێکەوتی: ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

---



سەرچاوە
Serchawe

## شەڕی مووسڵ و سەرهەڵدانی کێشە چارەنووس‌سازەکان



رەزا محەممەد ئەمینی

عەمەلیاتی ئازاد کردنی مووسڵ کە لە رۆژی دووشەممە ٢٦ی رەزبەرەوەدەستی پێکردوە هەروا درێژەی هەیە.. ئەوەی کە شەڕی گرتنەوەی مووسڵ چەند رۆژ و حەوتوو و تەنانەت مانگی پێدەچێ و چەندە زیانی گیانی و ماڵی لێدەکەوێتەوە و ئەو شارە چۆن دەردەچێ و چی بەسەر دێ، پرسیارگەلێکن کە پێوەندی‌یان بە رادەی بەربەرەکانی هێزەکانی داعەش لەو شەڕەدا هەیە. بەڵام ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە پێشمەرگە و سوپای عێڕاق و ئەمریکا و هاوبەندیی نێونەتەوەیی دژ بە داعش، هەتا مووسڵ و هەموو شوێنە داگیرکراوەکان لەو وڵاتەدا رزگار نەکەن، درێژە بەو شەڕە دەدەن. دیارە بەپێی هەموو پێوەرە سیاسی و سەربازییەکان داعش،تەنانەت ئەگەر شەڕی کۆڵان بە کۆڵان و مان و نەمانیش بکات، خۆڕاناگرێ و لە ئاکامدا، هەنگاو بە هەنگاو ناچار بە پاشەکشە دەبێ..

ئەوەی لەو بەینە و لە پێش هەڵگیرسانی ئەو شەڕەدا زۆر سرنجراکێش بوو، هەڵوێستی راشکاوانە و توندی سەرۆک‌کۆماری تورکیە لەمەڕ پێداگری لە بەشداریکردنی ئەو وڵاتە لە شەڕی مووسڵدا بوو.

پێداگری تورکیە لەسەر بەشدار بوون لە شەڕی مووسڵ، لە کاتێک دایە کە لە ماوەی سەرهەڵدانی ئەو رێکخراوە تێرۆڕیستی‌یە لە عێڕاق و سووریەدا و تەنانەت ئەوکات کە داعەش هەولێری پێتەختی باشووری کوردستانیشی خستبووە ژێر مەترسیی جیددیەوە، ئەو وڵاتە ئامادە نەبوو، بە هانای حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بێت و بەگژ داعەشدا بچێتەوە. ئەوەش کە تورکیە لە رۆژئاوای کوردستان هێزی ناردووە و بەبێ بەربەرەکانی‌یەکی ئەوتۆ، توانی دەست بەسەر شاری جەرابلۆس و چەند ناوچەیەکی دیکەدا بگرێ، لە راستی‌دا نەک بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە و شەڕ لەگەڵ داعەش بووە،

بەڵکوو مەبەستی سەرەکی ئەو دەوڵەتە، پێکهێنانی پشتێنەدەی ئەمنی بۆ خۆیان لە رۆژئاوای کوردستان و بەرگری کردن لە چوونی شەرڤانانی کورد بۆ رۆژئاوای چۆمی فورات و پێشگیری لە وەسەریەککەوتنەوەی کانتۆنی عەفرین لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئەو بەشە لە کوردستان بووە.

لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوێست و سیاسەتی تورکیە لە شەڕی مووسڵ و پاش ئازادکرانی لە چنگی داعەشدا، زۆر روون و ئاشکرایە کە هەرچەند تورکیە هەمیشە بە چاوی بەشێک لە خاکی خۆی روانیویەتە "ویلایەتی مووسڵ"ی رابردوو و خەونی بە دووبارە بوونەوەی سەردەمی عووسمانییەکان دەبینێ؛ بەڵام ئەردۆغان و دەوڵەتەکەی باش دەزانن خەون و خەیاڵ، ئەگەر شتێکی خۆشیش بێ، بەکردە کردنی محاڵە و لەگەڵ راستییەکان و "ئەمری واقع"دا ناتەبایە..

شک لەوەدا نییە دەسەڵاتدارانی تورکیە زۆر بەرچاو روونن و باش دەزانن، کورد وەک نەتەوەیەکی دابەشکرا و پەراوێز خراو، لە پاش داعش چ رۆڵێکی گرینگی لە ناوچەدا دەبێ و چ فاکتەرێکی سەرەکییە لە هاوکێشە سیاسیی و جوغرافی و ناوچەییەکاندا. هەر بۆیەش پاراستنی ئەمنی نەتەوەیی خۆیان و یەکپارچەیی خاکی تورکیە، لە بەربەرەکانی و دژایەتی لەگەڵ هەرچەشنە کیان و قەوارەیەکی کوردی لە دەرەوەی سنووره سیاسییەکانی خۆیاندا دەبینن. ئەوەش کە ناچارن لە معادلە و هاوکێشەکاندا، جێگە و پێگەی جێکەوتووی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییەی کە ئیدی هیچیان لەگەڵ ئەو بەشە لە کوردستانی ئازادکراودا پێناکرێ و کورد گوتەنی، باشاری ناکەن، ئەگەینا زۆر لەمێژ بوو قۆڵیان بۆ تێکدان پەکخستنی لێهەڵدەماڵی.

هەروەک گوترا داعەش لە شەڕی مووسڵدا تێکدەشکێ، بەڵام شەڕ و کێشە لەو شارە و لە پارێزگای نەینەوادا، بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتە جیاوازە نەتەوەیی و ئایینییەکان و ئەو کوشتارە بە کۆمەڵ و جینۆسایدەی لە لایەن داعەش و بە بەشداری هەمەلایەنە و حاشاهەڵنەگری بەشێکی زۆر لە عەڕەبە سوونەکانی ئەو پارێزگایە، بەداخەوە لەدژی کوردی ئێزیدی و کوردی شەبەک و مەسیحییەکان ئەنجام درا؛ لە لایەک متمانە و باوەڕی بەیەکەوەژیانی لە نێوان پێکهاتەی کوردی ئێزیدی و کاکەیی و شەبەک و مەسیحییەکان و تورکمانە شێعەکانی لەگەڵ عەڕەبە سوونەکان لەبەین بردوە و لە لایەکی دیکەش دستێوەردانی ناوچەیی ئێران و تورکیە و بەتایبەت بوونی حەشدی شەعبی کە راستەوخۆ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە چاودێری دەکرێن، داهاتووی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەو پارێزگەیە تووشی کێشەی جیددی دەکا.

جگە لەوەش لەداوی تێکشکانی داعش، بێگومان کێشەی لەمێژینەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە هەر ئێستا زیاتر لە ٩٠لەسەدی لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگە دایە و هەروەها ئەو ناوچە کوردستانییانەی پارێزگای

## بەشی پێنجەم

ئەینەوا کە پێشمەرگە لە جەنگەی شەڕی داعەش لە مووسڵدا ئازادی دەکەن و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە رادەستی هێزەکانی دەوڵەتی عێراقی نەکاتەوە و زۆر کێشەی چارەسەرنەکراوی دیکە، دەتوانن هەوێنی بەهێز بن بۆ شەڕ و کێشەی دیکە، لەپاش قۆناغی تێکشکانی داعەش لە مووسڵدا.

ئەوەی ئێستا بە روونی دیارە ئەوەیە کە ئەگەر کورد و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نەیاری زۆر بەهێزی ناوچەیی وەک تورکیە و رژێمی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ناوەندی عێراقیان لە هاوکێشەی مووسڵ و داهاتووی خەڵکی ئەو پارێزگایە و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمدا هەیە و لە داهاتوودا دەبێ، لە بەرانبەردا لە لایەک کەمینە ئایینییەکانی وەک کوردانی ئێزیدی و شەبەک و کاکەیی و مەسیحییەکان و تەنانەت بەشێک لە عەرەب و تورکەمانەکانی پارێزگای مووسڵ لەگەڵ سیاسەت و بۆچوونەکانی هەرێمی کوردستانن و داوایان کردوە کە بە دامەزراندنی پارێزگایەکی نوێ، بخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و لە لایەکی دیکەش نێوی کورد وەک نەتەوەیەکی ئازادیخواز وجینۆسایدکراو و ناوی بەرزی پێشمەرگە و شەڕڤان، لە جیهاندا و لە شەڕی سەربەرزانە لەگەڵ تێرۆریزم و داعش وەها لە زەین و گۆشی خەڵکی ئازادیخواز و مرۆڤ دۆستدا زرینگاوەتەوە و خۆشەویستی نەتەوەکەمانی بۆلای خۆیان راکێشاوە کە ئیدی زلهێزە ناوچەیی و جیهانییەکان ناتوانن بە گەلەکۆمەکی و پیلان و فرت و فێل، بۆ جارێکی دیکە لە مافە رەواکانی، لانیکەم جارێ لەو بەشە لە کوردستان بێبەری بکەن..

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

**بابەتی ساڵی: ٢٠١٧ - ٢٠١٨ - ٢٠١٩ و ٢٠٢٠**

## ئەبو بەکر بەغدادی؛ خەلیفەی داعش



**ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان**

**بەغدادی رەچەڵەکی خۆی بۆ ئیمامی حوسێن دەگەڕێنێتەوە کە بەلای شیعەکانەوە زۆر جێی بایەخە، کەچی چەقۆکەی بۆ سەر ملی شیعەکان تیژترینە، ئەو بە مارادۆنا دەناسرا.**

**تا ١٠ ساڵ لەمەوبەریش هەرگیز لە مێشکی کەسدا نەبوو ئەو پیاوەی بانگەشەی خزمایەتیی پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد (د.خ) دەکات دەبێتە دووەم ترسناکترین کەسایەتی لە جیهاندا و کەللەسەری بەزیندوویەتی یان مردوویەتی بێت نرخەکەی ١٠ ملیۆن دۆلار دەکات.**

**ئەبو بەکر بەغدادی ئەو پیاوەی کە لە ترسی بەدواداگەڕان و دەستگیرکردنی نە مۆبایل و نە هیچ هۆکارێکی پەیوەندیکردن بەکارناهێنێت، رەچەڵەکەی خۆی بە چەند پشتێک دەباتەوە بۆ ئیمام حوسێنی کوڕی فاتیمەی زەهرا کچی پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد (د.خ) کە هەردووکیان لەلایەن شیعەکان رێز و خۆشەویستی و بایەخێکی گەورەیان هەیە، بەڵام بەغدادی تا سەر ئێسقان رقی لە شیعەیە و دەست لە کوشتنییان ناپارێزێت و پێچەوانەوەی سەرکردەی قاعیدە ئەیمەن زەواهیری ئەم سەری خەڵکی عەوامی شیعەش دەدورێتەوە.**

**ئەبو بەکر بەغدادی، ئەمڕۆ سەرکردایەتیی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بەناوی "داعش" دەکات و نزیکەی دوو ساڵ**

دەبێت خۆی بە ئیمامی بڕواداران و خەلیفەی مسوڵمانان دەناسێنێت پاش زیندووکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی بە قسەی خۆی و لایەنگرانی دوای ئاوابوونی خۆری خەلافەتی ئیسلامی لەساڵی ١٩٢٤.

بەغدادی ناوی تەواوی ئیبراهیم عەواد ئیبراهیم عەبدولموئمین عەلی ئەلبەدری ناسراو بە"ئەبو دوعا"یە، والی و ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، دوای ئەوەی گرووپە جیهادییە سەلەفییەکەی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی گرووپەکاندا بەتایبەت لە عێراق و سووریا دەستی بەسەر ئەو رووبەرە زۆرەی خاک گرت و دەوڵەتێکی لەنێوان عێراق و سووریا داتاشی دوای ئەوەی بانگەشەی نەهێشتنی سنوورەکان و تێکشاندنی سایکس-پیکۆ کرد ئێستا ئەو پیاوە یەکێکە لە ترسناکترین کەسەکانی جیهان و بەهۆی ئەو خوێنە زۆرەی لەسەر دەستی ئەو رێژرا ناوبانگی کیشوەرەکانیشی بڕیوە و بۆ دەزگا هەواڵگرییەکانی جیهان ئەو نێچیرەیە کە گرتنی تیرۆر لاواز دەکات.

ئیبراهیم عەواد ئیبراهیم عەبدولموئمین عەلی ئەلبەدری لە ٢٨ی حوزیرانی ساڵی ١٩٧١ لە شاری سامەڕا کە شارێکی بچووکە لەسەر کەناری رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە (١٢٥ کیلۆمەتر باکووری بەغدا) لەدایک بووە، ئەوانەی لە منداڵییەوە یان دراوسێ یان نزیکی ئەو بوون دەڵێن کەسێکی کەم دوو، داخراو، بێدەنگ و هێمن بووە، هەمیشە بەبێ هۆ قسەی نەکردووە، دەنگیشی کەم بیستراوە، تێکەڵی ئەوانی دیکە نابێت تەنها لەکاتی یاریکردنی تۆپی پێ نەبێت کە بەلای ئەووەوە یارییە خۆشترینەکەیە کە لە ترۆپکی حەزەکانییەوەیەتی، ئەو حەزەشی لە ناو زیندانی ئەمریکییەکانیشدا پاش گرتنی لە دوای رووخانی رژێمەکەی سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ بەجێ گەیاندووە، هەر بۆیە ئاشناکانی دەڵێن بەهۆی زۆر یاریکردن و حەزی بۆ تۆپە رەش و سپییەکە، بەغدادی بە"مارادۆنا" ناوی دەرکردووە.

ئەوەی سەیرە لە بەغدادی ئەو پیاوە لە منداڵی و گەنجێتییدا کەسێکی هێمن و بێدەنگ دەرکەوتووە، کەچی زۆرترین کوشتن لە عێراق و سووریا لەسەر دەستی ئەم پیاوەیە بەلانیکەم لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا. منداڵیی بەغدادی پڕە لە خوێندن لە شوێنە ئایینییەکانی سامەڕا یان مزگەوتەکەی نزیک لە ماڵییان، هەروەها زۆریش گوێی بۆ وتار و وەعزەکانی زانایانی ئایینیی هەڵدەخست، ئەوەیشی هاوکاری ئەم ئاکارەی بووە باوکی بووە کە پیاوێکی پەیوەست بە ئایین و سرووتەکانی بووە و زۆر جار قورئانی بە منداڵانی گەڕەک خوێندووە و فێری شەریعەتی ئیسلامی کردوون.

بەغدادی کە لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا چووەتە بەغدا و لە گەڕەکی تۆبچی نیشتەجێ بوون، لە بنەماڵەیەکی ئاست مامناوەند گەورە بووە کە بەزۆرینەی سەرقاڵی کشتوکاڵ کردن بوون، بەدرێژایی خوێندنی یەک ساڵ دەرنەچووی هەیە، بەشێک لە کەسە نزیکەکانی لەگەڵ رژێمەکەی سەدام حوسێن خزمەتیان کردووە و برایەکی لە شەڕی هەشت ساڵەی عێراق - ئێراندا



سەرچاوە
Serchawe

کوژراوە، خۆشی خزمەتی سەربازیی نەکردووە و پشکنینە پزیشکییەکان دەریانخستووە بەهۆی ئەوەیە کە چاوی کزە و بەتەواوەتی نابینێت.

ئەو زانکۆیەی سەدام حوسێن بە دیاریکراوی بۆ سەلەفییەکانی دروست کرد بۆ ئەوی بەردەوام بن لە ملکەچکردنی خەڵک بۆی بە بیانووی جیاواز ئەبو بەغدادیشی پێگەیاند، بەغدادی لە سەردەمی رژێمی سەدام حوسێندا ئیمامی مزگەوتی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بووە لە سامەرا، بووە بە ئیمام و وتاربێژی مزگەوتی ئەلکوبێسی لەناوچەی تۆپچی لە بەغدا، هەروەها ئیمام و وتاربێژی یەکێک لە مزگەوتەکانی فەللوجە لە ٢٠٠٣، دکتۆرای لە زانستە ئیسلامییەکان هەیە و مامۆستای زانکۆ بووە لە زانکۆی تکریت.

بەغدادی لە ساڵی ٢٠٠٣ ژنی یەکەمی لە بنەماڵەیەک لە شاری فەللوجەی سەر بە پارێزگای ئەنبار هێناوە و ئەوەیش دەگوترێت گوایە لە ئاهەنگی گواستنەوەدا بە سەماکردنی هەندێک لە ئامادەبووانی ئاهەنگەکە تووڕە بووە و داوای کردووە زوو رابگیرێت، دەشڵێن بەغدادی ئارەزوویەکی سەرسەختی کاتژمێری رۆلکس بووە، هەر بۆیە لە رۆژی یەکەم دەرکەوتنی ئاشکرای لە پاش کۆنترۆڵکردنی مووسڵ ئەو کاتژمێرەی لەدەست بوو.

لە دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ بەغدادی رۆڵی بینیوە لە دروستکردنی سوپای ئەهلی سوننە و جەماعەت و لە شوباتی ٢٠٠٤ ئەبو بەکر بەغدادی دەستگیردەکرێت و بە"زیندانی مەدەنی" پۆلێن کراوە و دوای چەند مانگێک ئازاد دەکرێت، شاهێدحاڵ و کەسە نزیکەکانی دەڵێن لە زیندانیشدا هەوڵی خۆدەرخستن وەکو کارێزما داوە و هەر زوو توانی رۆژانی هەینی وتار بۆ زیندانییەکان پێشکەش بکات و لەوێش لەکاتی پشووەکاندا یاری تۆپی پێی کردووە، زیندانیکردنیشی بووەتە هۆکاری ناسینی دەیان توندڕەوی سوننە مەزهەب کە دواتر بەشێکیان بوون بە سەرکردەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و ئاسانکارییان بۆ بەغدادی کردووە تا ئامانجەکانی بپێکێت.

لەگەڵ ئەوانەشدا ئەوانەی لەو گرتووخانەیەی بەغدادی تێیدا زیندانی کراوە بوون دەڵێن کەسێک بووە لە زۆرینەی پشێوییەکاندا دەستی هەبووە و دوا ساتەکانی ئازادکردنیشیدا بە ئەمریکییەکانی گرتووخانەکەی گوتووە "لە نیویۆرک دەتانبینمەوە"، دوای زیاتر لە ٨ ساڵ ئینجا ئەمریکییەکان درکیان بەوە کرد کە ئەو سێ وشەیە چی واتایەکی هەیە و بەغدادی چی یاخییەکی گەورە بووە.

بەغدادی پاش چەندین ساڵ لە زیندانی لە ساڵی ٢٠٠٩ لە ریزەکانی قاعیدە شەڕی کردووە و بەرپرسی چالاکییەکانی بووە

## بەشی پێنجەم

لە عێراق بەسەرکردایەتی زەرقاوی و دواتریش لەژێر سەرکردایەتی ئەبو عومەری بەغدادی و لە ساڵی ٢٠١٠ بە سەرکردەکەی قاعیدە کە ناوەکەی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق ناوی گۆڕا دیاریکراوە، لە چواری تشرینی یەکەم ٢٠١١ەوە ئەمریکا بە تیرۆریستێکی جیهانی دەناسێنێت.

بەغدادی لە دوای رووداوەکانی سووریا ئەبو محەممەدی جۆلانی بۆ سووریا ناردووە تا لەوێ بەرەی نوسرە کە درێژکراوی قاعیدە بوو دابمەزرێنێت و دواتر لە نۆی نیسانی ٢٠١١ ئەبو بەکر بەغدادی پەیامێکی دەنگیی بڵاوکردەوە و تێیدا رایگەیاند بەرەی نوسرە درێژکراوەی دەوڵەتی ئیسلامی عێراقە و ناوی بەرەی نوسرە و دەوڵەتی ئیسلامی عێراق لە ژێر یەک ناو یەکخست بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام.

لە ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ گوتەبێژ بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام پەیامێکی دەنگی بڵاوکردەوە و رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام هەڵوەشاندەوە و رایگەیاند تەنها ناوی دەوڵەتی ئیسلامییە و ئەبو بەکر بەغدادی کراوەتە خەلیفە و ئیمامی مسوڵمانان.

بەغدادی لە چواری تەمووز ٢٠١٤ بۆ یەکەمین جار لەسەر مینبەری مزگەوتی گەورەی مووسڵ لە رێگەی ڤیدیۆیەکەوە دەرکەوت پاش ئەوەی توانی شاری مووسڵ و بەشێک لە خاکی عێراق کۆنترۆڵ بکات.

دەرکەوتنی یەکەمی بەغدادی زۆر ئاماژەی زۆری هەڵدەگرت، ئەو بە ریشێکی ماش و برنجییەوە دەرکەوت عەبایەکی رەشی لەسەر شان هەموو جلەکانی رەش بوون، لە پاڵ ئەوەیشدا چەندین چەکداری داعش لەنزیک دنگەکانی مزگەوتەکە و چەند ناوچەیەکی دیکە بەتایبەت لەنزیک مینبەرەکەیەوە چاودێری نوێژخوێنان و رەوشی نێو مزگەوتییان دەکرد، ئەو چەکدارانە بە پێی گێڕانەوەی شاهێدحاڵی مزگەوتەکان بەدی گاردی بەغدادی و متمانەپێکراو و چەکدارە بژاردەکانی داعش بوون و پێش ماوەیەکی زۆر لە نزیک مزگەوتەکە پشکنینی ئەو کەسانە کراوە کە ویستوویانە بۆ نوێژی هەینی بچن و ئامێری نەهێشتنی تۆڕەکانی پەیوەندییکردنیش ئامادەبووە.

هەرچۆنێک بێت بەپێی راگەیەنراوەکانی داعش بێت هەر کەسێک تانە لە خەلیفایەتی ئەبو بەکری بەغدادی بدات ئەوا تانە لە ئیمامەتی عومەری کوڕی عوبدولعەزیز و ئیمامەت و خەلیفایەتی عەباسییەکانیش دەدات، بۆیە ئەو خەلیفەیەی ئەمڕۆ لەسەر ناوچەکانی خەلیفایەتی دەکات، لەلایەن زۆرێک لە مسوڵمانانی جیهانیشەوە بە خلفاو دەزانرێت.

ئەم بابەتە پێشتر لە بەشی ئیسلامی ناوەندی کوردستان بڵاوبۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان - رێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٧

# چەکدارە بیانیەکانی جەنگی داعش: شوناسی ئاینی و کلتوری

چەکدارە بیانیەکانی جەنگی داعش: شوناسی ئاینی و کلتوری

فەرهاد حەسەن عەبدوڵا

## پێشەکی

پەیوەندیکردنی هەزاران چەکداری جیهادی ئیسلامی و مەسیحی لە ئەوروپا و ئاسیا و زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە بە بەرەکانی جەنگ و ململانێ لە هەریەک سوریا و عێراق، دووبارە دەمانخاتە بەردەم قسەکردن لەسەر کاریگەری پرسی شوناسی ئاینی و کلتوری لە سەر پێکدادان و ململانێکان لە فیلّدە ئەکادیمی و سیاسیەکاندا. بەشێوەیەکی گشتی کۆدەنگی لەسەر گەشتکردنی ٢٠،٠٠٠ تا ٣٠،٠٠٠ چەکداری بیانی لە ١٠٠ وڵاتی جیاوازەوە(١) بۆ سوریا و دواتر عێراق هەیە کە پەیوەندیان بە گروپە جیاوازەکانەوەکردووە. بەدڵنیایەوە زۆرینەی ڕەهای ئەم چەکدارانە چوونەتەناو ریزەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش). بە پێچەوانەوە بەشێکیان پەیوەندییان بەو گروپ و میلیشیا و هێزانەوە کردووە کە دژی داعش دەجەنگن، لێرەدا بە چەکدارە مەسیحیەکانی جەنگی دژ بەداعش ناودەبرێن. ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش شیکردنەوە و دیاریکردنی پاڵنەرەکانی چەکدارە بیانیەکان بەگشتی و چەکدارە مەسیحیەکانی جەنگی داعشە بەتایبەتی. هەروەها، شکردنەوەی ڕۆڵی شوناسی کەلتوری و ئاینی لە پەیوەندیکردنی چەکدارە بیانیەکان بە مەیدانەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە عێراق و شام.

سەرەرای ئەوەش، گفتوگۆی ئەو گروپ و میلیشیا مەسیحییانە دەکرێت کە لە سوریا و عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش پێکهێنراون. بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە گرنگی بە دووبارە خوێندنەوەی پارادایمی پێکدادانی ژیارەکان دەدات لە بەر ڕۆشنای بەئامانجگرتنی کەمینە ئاینی و کلتوریەکان.هەروەها، ڕاکێشانی سەرنجی هەزاران چەکداری رادیکاڵی ئیسلامی و مەسیحی لە سەرانسەری جیهانەوە. هاوکات، ڕوونکردنەوەی ئەوەی ئایا هاتنی چەکدارە مەسیحی و ئیسلامی یە رادیکاڵەکان بۆ ململانێ کانی سوریا و عێراق، دروستکردنی سوپا و گروپی چەکداری تایبەت بە پێکهاتەکانی وەک مەسیحی یەکان و

ئیزیدی یەکان چ پەیوەندییەکی بە پارادیمی پێکدادنی شارستانیەتەکانەوە هەیە. بەم جۆرە پرسیاری سەرەکی: بۆچی چەکدارە مەسیحی و رادیکاڵە ئیسلامیەکان ئەوروپا جێدێڵن بۆ جەنگکردن لەسوریا و عێراق؟ ئایا ئەوان بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێن کە لەرووی ئاینی و کەلتوریەوە خۆیان بەبەشێک لێی دەزانن؟

## شوناس و کلتور وەک تەوەری پێکدادان

لە ساڵی ١٩٩٣ سامویل هانتینگتۆن، پارادایمی خۆی لەمەڕ پێکدادانی ژیارەکان پێشکەشکرد، پێی وابوو دیسکۆرس و ئارگۆمێنتەکان دەربارەی ململانێکانی دوای جەنگی سارد، ناتوانرێت بەهۆی جیاوازی ئابوری و ئایدۆیۆلۆجیەوە پێناسەبکرێت،(٢) بەڵکو ململانێ و پێکدادانەکان لە سیاقی جیاوازیە کلتوری و شوناسیەکان بەگشتی، و شوناسی ئاینی بەتایبەتی توندەبنەوە،(٣) بەجۆرێک جیاوازیە کلتوری و شوناسییەکان ئەبێنە خاڵی وەرچەرخانی ململانێکانی سەدەی ٢١. کەواتا هۆکارەکانی دروستبوون و قوڵبوونەوەی ململانێکان لە ئەنتاگۆنیزمی ئایدۆلۆجییەوە دەگۆڕێت بۆ ئەنتاگۆنیزمی کلتوری و شوناس. بەواتایەکی تر، بەسنورگرتنی کلتور و ناسنامە لە بری ئایدۆلۆجیا لە نێوان کۆمەڵگە رۆژئاوای و کۆمەڵگە رۆژهەڵاتیەکان. هانتنگتۆن لە تیۆرەکەیدا جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کەلتوری خەڵک و شوناسی ئاینیان سەرچاوەی سەرەکی ململانێکانن لە جیهانی دوای جەنگی سارد. بۆیە بەشێوەیەکی سەرەکی ژیارەکانی لەسەر هێڵی شوناسی ئاینی و کەلتور دەست نیشانکرد. هەنتنگتۆن چەند فاکتەرێکی سەرەکی بۆ پێکدادانی ژیارەکان روونکردەوە، ئەوانیش:

١- جیاوازی سەرەکی لە کەلتور، نەریت، مێژوو.
٢- زیادبوونی وشیاری شوناس وەک گرنگیەکی جیهانگیری.
٣- جێگرتنەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان بە ناسنامە و شوناسی باڵاتر.
٤- قورسی چارەسەرکردنی کێشە کەلتوری و شوناسی یەکان بە بەراود بە کێشە سیاسیەکان.(٤)

مەبەست لە پێکدادانی نێوان شارستانیەتی ئیسلام و رۆژئاوا، بریتیەلە پێکدادانی نێوانی ئیسلام و مەسیحیەت، یان شوێنکەوتوانی ئاینی ئیسلام و ئاینی مەسیحی، ئەمەش زیاتر مەبەستی هاتنگنتۆن بوو. بۆیە هەرچەندە پارادایمەکانی هنتنگتۆن کۆن نییە، بەڵام ناتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە پێکدادانێکی دوور مەوداو و مێژووی هەیەلە نێوان هەردوو شوناسی ئاینی. بۆ چەندین سەدە پەیوەندییەکانی نێوان مەسیحیەتی ئەوروپا و دراوسێ موسڵمانەکانیان خۆی بە دووژمنایەتی و شەرەنگێزی لە بواری خاک و دۆکترینەکان پێناسەدەکرد، کە دواتر بووەهۆی هەڵگیرسانی چەندین جەنگی ترسناک و پروپاگەندەی جۆراوجۆر دژ بەیەکتر. سەرەرای دووژمنایەتی بەردەوامیان بەرامبەر بەیەکتر، بەدرێژای ئەو



سەرچاوە
Serchawe

فتریە هەرەیەک لەم ژیارانە هەوڵیانداوە جۆرێک لە ڕێز و پەیوەندی باش لەگەڵ یەکتر پیشان بدەن. تەنانەن بە درێژای جەنگی خاچ پەرستەکان(حروب الصليبية) دژ بە جیهانی ئیسلامی حیوار و ئاڵوگۆری دیدوبۆچوون هەبووە سەرەرای پێکدادانەکان. بەڵام بە هەڵمەتەکانی ناپلیۆن بۆ سەر میسر و داگیرکردنی ناوچەکانی تری ئاسیا لەلایەن بەریتانیاوە فۆرمی پەیوەندیەکان گۆرانکاری بەسەردا هات، بە جۆرێک یەکێک لە ژیارەکان زاڵبوونی خۆی دەستەبەرکرد و کەوتە دۆخی باڵادەستی و داگیرکاریەوە، بەڵام ئەوی تریان زیاتر لە دۆخی بەرگریکردندا دەژیت، ئەمەش دیارترین تایبەتمەندیی ئێستای پەیوەندییەکانی نێوان رۆژئاوا و جیهانی ئیسلامیە جا لەسەر ئاستی ناوخۆی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو وەک (عێراق - سوریا) یان لەنێوان وڵاتانی ئیسلامی و رۆژئاوابێت.(٥)

تیۆرەکەی هانتنگتۆن زیاتر ناوبانگی دەرکرد کاتێک پێشبینی دروست بوونی توندوتیژی کرد لە نێوان بەشێک لە هێزەکانی شارستانیەتی ئیسلامی و بەشێک لە کلتور و ژیارەکانی تر. بۆنموونە پێی وابوو کە ململانێ و پێکدادان لە نێوان موسڵمانەکان لەلایەک و مەسیحییە ئۆرسۆدۆکسیەکان، جولەکان، هیندۆسەکان، بوزییەکان و تەنانەت کاسۆلیکەکان روودەدات.(٦) ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە مەبەستی هنتنگتۆن ئەوەنیە کە تەنها دەوڵەتی نەتەوەی ئەکتەری تۆخکردنەوەی پێکدادانەکان، بەڵکو ئەکتەرەکانی تری سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەتوانن ئەو رۆڵە بگێرن (لەوانەش گروپ و رێکخراوە تیرۆریستیەکان). هەروەها، ئەکرێت پێکدادانی شوناس و کەلتورەکان لەناوخۆی یەک ژیاردا لەنێوان شوێنکەوتوانی ئەو شوناس و کلتورانە رووبدات، هاوشێوەی ئەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا دەگوزەرێت.

بەلەبەر چاوگرتنی ململانێ مەزهەبی و ناوخۆییەکانی ناوچەکە بە تایبەت لە سوریا و عێراق، زۆرجار کەمینە ئاینی و کلتورییەکانی ئەم وڵاتانە رووبەرووی چەوساندنەوە و جیاوازی دەمارگیری مەزهەبی و ئاینی بوونەتەوە. بۆیە پارادایمی پێکدادانی ژیارەکان، کە لەسەر دروستبوونی ململانێ و پێکدادان لەسەر ئەساسی شوناس و ئاین بنیادنراوە، بەشێوەیەکی هاوشان لەلایەن گروپە ئیسلامی یە جیهادیەکانەوە بەکارهێنراوە - بەڵام لەناوخۆدا وەک هەوڵێک بۆ گواستنەوەی بۆ ئاستی دەرەکی. بۆ ئەم مەبەستەش وجوودی ئەمریکا و هێزە رۆژئاوایە مەسیحیەکانیان وەک هەنگاوی پێکدادانی نێوان شوناسی رۆژئاوا و ئیسلام لێکدەدەنەوە.

سەرکردەی گروپە ئیسلامیەکانی القاعیدە، وەک زەواهیری پێ یوایە، لە بەرامبەر ژیار و شوناسی رۆژئاوا، گروپە فەندەمێنتاڵیستەکان شکڵیانگرتووە، و لە ئەنجامی چالاکیەکانی گروپە جیهادیەکانەوەیە چەندین ناوچە لە شارستانیەتی ئیسلامی رزگارکراوە لە وانەش ئەفغانستان و چیچان، و بەڵێنی تێکشکاندن و وێرانکردنی مەسیحیەتیان داوە لە بەرامبە دژایەتیکردنیان لەخاکی موسلمانان.(٧) بۆ نموونە، کاتێک لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠١، "تیسر علوانی" پەیامنێری کەناڵی

ئەلجەزیرە پرسیاری پێکدادانی ژیارەکانی لە "بن لادن" کرد، لەوەڵامدا رایگەیاند کە بەرەهای لەململانێدان، ئەمەش لە قورئاندا روونکراوەتەوە، هەروەها دەڵێت موسڵمانان درکیان بەوەکردووە بوونەتە ئامانجی سەرەکی دووژمنکاری زایۆنیست و هاوپەیمانە مەسیحیەکانیان.(٨) بە تێروانین لە پرسەکانی شوناس و ئایدێنتیتی وەک جەوهەری گفتوگۆکانی پرۆسەی توندرەوی و رادیکەلایزەش، ئەکرێت بوترێت گروپە تیرۆریستی یە جیهادییەکان زیاتر لە هەرکاتێک لەهەوڵی توندکردنی پارادایمی پێکدادانی کلتور و شوناسی مەسیحی و ئیسلامین. چونکە ئەم دیسکۆرسانە خزمەت بەبەرژەوەندی و ئەجیندای ئەو گروپانەدەکات، لەرێگەیەوە دەتوانن زۆرینەی جیهادیەکانی جیهان کۆبکەنەوە و بەکاریان بێنن لە هێڵەکانی پێشەوەی جیاوازییە کلتورییەکان بەکاریان بهێنن.

بۆ نموونە کاتێک "محمد سدیق خان" هەستا بە ئەنجامدانی هێرشەکانی سەر لەندەن لە ٧ - ٧ - ٢٠٠٥، ئاماژەی بەوەکرد هێرشەکان لە تۆڵەی "بۆمبارانکردن، بەکارهێنانی گازی کوشندە، بەندکردن و چەوساندنەوەی هاوڵاتیانی من."(٩) خان لەراستیدا مەبەستی داگیرکردنی عێراق و چەوساندنەوەی هاوڵاتیانی عێراق بوو لە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانەوە، بۆیە خۆی وەک هاوڵاتی وڵاتێک ناساند کە هەرگیز گەشتی بۆ نەکردووە و تەنانەت نەیدەتوانی بە زمانی ئەوان قسەبکات! بەڵکو ئەوە شوناسێکی ئاینی کلتوری بوو وایلێکرد رۆحی تۆڵەسەندنەوەی لا دروست بێت.

هەروەها، رێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیکردە سەر گۆڤاری شارلی ئەبدۆ، کە بەهۆیەوە ١٧ کوشت کە دوازدە یان لە ئۆڤیسی گۆڤارەکەبوو، دوا بەدوای رووداوەکە ئارگۆمێنتی جیاواز دروستبوو لەسەر هێرشەکانی سەر گۆڤارەکە، بەجۆرێک بەشێک بەهێرشێکی تیرۆریستی نارەوایان ناودەبرد، لەبەرامبەردا هەندێکی تر هۆکاری هێرشەکانیان بەستەوە بە سروشتی کارکردنی گۆڤارەکەوە، چونکە پێیان وابوو شالی ئیبدۆ، بە بڵاوکراوەی  توندی هێرشبەر و سنووربەزێنەکانی ناسراوە کە بێ رێزی بە موقەدەساتی ئیسلامی کردووە. دواتر بەهۆی هێرشەکانی ئەم دوایەی سەر پاریس زۆرێک لە سیاسەتمەدار و سەرکردەکانی جیهان نیگەرانی خۆیان دەربری لە خولقاندنی ژینگەیەک بۆ ناکۆکی و پێکدادان لەنێوان وڵاتانی ئیسلامی و رۆژئاوا، سەرۆکی تورکیا وشیاریدا لە پێکدادانی شارستانیەکان دوای هێرشەکانی داعش بۆسەر فەرەنسا.(١٠) هەروەها، "مارکۆ رۆبیۆ" کاندیدی سەرۆکایەتی ئەمریکا رایگەیاند رایدکاڵە ئیسلامیەکان دەیانەوێت کۆمەڵگاکانمان بشێوێنن، و بەدید و بۆچوونی ئیسلامی رادیکاڵی سوننی جێگەی بگرنەوە. بەپێی بۆچوونەکانی ئەو کاندیدەی سەرۆکایەتی ئەمریکا، ئەو ژیارەی هێرشی کردۆتە سەر رۆژئاوا بەگشتی و پاریس بەتایبەت بریتیەلە ئیسلام، و ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو ژیارە رقی لە ئێمە نیە لەبەرئەوەی بنکەی سەربازیمان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست هەیە، بەڵکو لەبەر بەهاکانمان رقیان لە ئێمەیە. (١١) بەڵام، ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە داعش بریتی نیەلە شارستانیەتی ئیسلامی، بەڵکو دەوڵەتێکی خوود- دانپێدانەر و

ڕاگەیەنراوە، کە تۆڕێک لە گروپی تیرۆریستی یە بە ئایدۆلۆژیایەکی هاوبەشەوە بەستراونتەوە، بەڵام سەرکەوتوو بووە لە کۆکردنەوەی نەیارانی کلتور و شوناسی مەسیحی و ڕۆژئاوای لە ناو ڕیزەکانی.

ئەوەی جێگەی سەرنجدانە، هەرکام لەو دیسکۆرسانە ڕاست بێت، هێرشەکان ئەوەمان پێدەڵێت هەنگاوەکانی پێکدادانی ناسانامەکانی نێوان خۆرئاوا و گروپە چەکداریە ئیسلامیەکان زۆر فراوان تربووە، بەجۆرێک دەستێوەردانە سەربازیەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوای لە جیهانی ئیسلامی بەهێزکردووە، هاوکات بووە هاندەری سەرەکی زۆرێک لە چەکدارە خۆبەخشە مەسیحی و توندرەوە ئیسلامیەکانەوە بۆ پەیوەندیکردن بە جەنگی داعش، لەوانەش زۆرێک لە چەکدارە مەسیحیەکان پەیوەندیان بە هێزە کوردییەکانی سوریا و عێراقەوە کردووە. سەرەرای ئەوەش، ئەنجامدانی ئەم هێرشانە بووەتە هۆی تۆخکردنەوەی دەمارگیری تاکی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە ئیسلام و موسڵمانان، یان ئەوەی پێی دەوترێت ترس لەئیسلام " Islamophobia".

### شوناسی کلتوری و ئاینی لای چەکدارە بیانیەکانی سوریا و عێراق

خەملاندنی جیاواز بۆ ژمارە و ناشناڵیتی چەکدارە بیانیەکانی سوریا و عێراق هەیە. پەیوەندیکردنی چەکدارە بیانیەکان لەسەرانسەری ئەوروپا و ئاسیا بەرێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە چ هۆکارێک لە پشتێوەیەتی؟ ئایا ململانێی شوناس و کەلتور پاڵنەرە یان سەرزەنشتکردنی سیاسەتەکانی حکومەتانی ئەوروپا؟

هەروەک چەکدارە بیانیە مەسیحیەکاننمایندەی تەواوی ژیاری ڕۆژئاوا ناکەن، بەهەمان شێوە گروپە تیرۆریستیەکان نمایندەیتەواوی موسڵمانان ناکەن، و زۆربەی موسڵمان میتۆدەکانی داعشیان پێ قبوڵ نیە، و داعش زیاتر پرۆژەیەکی سیاسیە، بەڵام بە ماسکێکی کلتوری - ئاینی یەوە دەجەنگێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە هێزەیە وەک سەلمێنەری بەشێک لە پارادایمەکانی تیۆری پێکدادانی ژیارەکان دەبینرێت، بەڵام لەسەر ئاستێکی جیاواز، ئەم جارەیان پێکدادانەکان لەنێوان ژیاری مەسیحی و ژیاری ئیسلامی یە لەناوخۆی شارستانیەتی ئیسلامی.

وتەبێژی داعش "ئەبو محمد ئەلئەدنانی" هەرەشە لە مەسیحیەکانی جیهاندەکات و دەڵێت "ئێمە دەست دەگرین بەسەر ڕۆما (پایتەختی ئیمپراتۆریەتی مەسیحی)، خاچەکانتان دەشکێنین و ژنەکانتان بە کۆیلە دەکەین. ئەگەر ئێمە بەو کاتە نەگەین، ئەوا نەوەکانمان ئەگەن لەوکاتەدا، کە کورەکانتان وەکو کۆیلە دەفرۆشن."(١٢) ئەگەر ئەمە ئامانجی داعش بێت بۆ دەرەوەی سنورەکانی ژیاری ئیسلامی، ئەوا لەناوخۆی ئەم ژیارەدا بەئاشکرا توانیان ئەو کارە ئەنجامبدەن، وەک کوشتن و گرتنی کەمینە ئاینیەکان و وێرانکردنی شوێنەکای پەرستشیان، کە بەپێی زانیاریەکان لە ٢٠١٠و ٦١ کەنیسەی ئاینی



سەرچاوە
Serchawe

مەسیحیەکان کراونەتە ئامانج.(١٣) کەواتا ململانێ و ناکۆکی نێوان شوناس و کلتورەکان لەناوخۆی ژیارەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ سنوری ژیارەکان، بەتایبەت لە شارستانیەتی ئیسلامی، ئەوەش لەرێگەی چرکردنەوە و کۆکردنەوەی شوناسە نەیارەکان لەسەر ئاستی گروپ و کەمینەکان لەناوخۆی ژیاری ئیسلامی.(١٤) ئەوەی ئێستا جیهانی ئیسلامی بەخۆیەوە دەبینێت، نیشاندەری پارادیمەکانی هانتنگتۆنە لەناوخۆی ژیاری ئیسلامی نەک سەر سنورەکانی، دوای ئەوەی چەندین گروپی جیهادی لە ژێر ناونیشانی دژایەتیکردنی سیستەمە دیکتاتۆر و دەسەڵاتخوازەکان، رزگارکردنی گەلانی ناوچەکە لە هەژموون و کاریگەری رۆژئاوا و سیستەمە لایەنگرەکانیان دەجەنگن بۆ حسمکردنی پرسە کلتوری و ئاینیەکان. بۆ ئەمە مەبەستەش بانگەشەی راگەیاندنی مۆدێلی خەلافەتی حوکمرانیدەکەن لەسەر بنەمای بەیعەتدان بە خەلیفە، کە عنف و کوشتار و جینۆسایدی نەتەوەی و مەزهەبی و شوناسە جیاوازەکانی کردۆتە شیعار.

بەشێک لە چاودێران هەرەشە و جەنگەکانی داعش دژی کەمینە مەسیحیەکانی ناوچەکە، دەوڵەتانی رۆژئاوا و سیستەمە لایەنگرەکانی، راکێشانی ئەو چەکدارانەی کە خۆیان بە تابعی شارستانی ئیسلامی دەزانن لە جیهان، هاوکات هاندانی کۆچکردنی چەکدارە مەسیحیەکانی رۆژئاوا بۆ جەنگی دژی ئەو رێکخراوە بە سەرەتاکانی دەست پێکردنی پێکدادانی رێچکە ژیارییەکان ناودەبەن لە شارستانیەتی ئیسلامی، کە بووەتە هۆی کۆکردنەوەی کەلتور و شوناسە دژەکان لە ژێر ئالای چەندین گروپ و رێکخراوی چەکداری. بۆنموونە، بەشێک لە چەکدارە مەسیحییەکان لە عێراق و سوریا لە کەمپی تایبەت مەشق و راهێنانیان پێکراوە بۆ بەشداریکردنی جەنگی دژی داعش و کۆنترۆڵکردنەوەی شوێنەکانیان لەپارێزگای نەینەوا. دوای ئەوەی ساڵی رابردوو چەکدارەکانی داعش گەورەترین هێرشی چەکدارییان کردە سەر ئەو شارە کە گەورەترین کەمینەی مەسیحی تیادەژیت، کە سێ ئۆپشن درا بە خەڵکانی مەسیحی لەو ناوچانە:

١- بوون بە ئیسلام (converting to Islam)،
٢- پێدانی باج لەپای بەردەوام بوونی ژیانیان لە ناوچەکە،
٣- یان مردن.

بۆیە بەشێک خەڵکی ناوچەکە هەڵهاتن، بەڵام بەشێکیان گەرانەوە چونکە پێیان وایە ئەمە دەرفەتی ئەنجامدانی جەنگی پیرۆزە (holy war) دژ بە رێکخراوە تیرۆریستیەکان.(١٥)
مسیحییەکانی ناوچەکە لەم دواییانە هەستان بە دروستکردنی چەندین گروپی میلیشیا بۆ جەنگی دژی داعش لە هەریەک لە سوریا و عێراق. ئەمە جگەلەوەی بەپێی سەرچاوەکان، هەزار چەکداری مەسیحی شانبەشانی شەرڤانانی کورد لە باکوری سوریا دەجەنگن، بەتایبەت لە شاری حەسەکە. لە سوریا هەریەک لە کوردەکان و مەسیحیەکان بەهاوکاری یەکتر و بەشێوەی گروپی جیاواز جەنگی دژ بە داعش دەکەن. بەتایبەت کەمینەی مەسیحی ئاشوری لەو وڵاتە، لە هەوڵی پاراستنی ناسنامە و


سەرچاوە
Serchawe

شوناسی قەومی و کەلتوری ئاشوریەکانی ئەو وڵاتەن، چونکە حەسەکە بە تەنها خاوەن ٩ کەنیسە ٤٠ مزگەوتە، دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر حەسەکە ٣٥ گوندی مەسیحی نشین کەوتنە ژێر کونترۆڵی چەکدارانی ئەو رێکخراوە لە شوباتی ٢٠١٥.(١٦) بەڵام نزیکەی ٥٠٠ چەکداری مەسیحی سریانی، توانیان رێگری لە داگیرکردنی ناوچەی مێژووی "سەداد"بکەن کە ناوچەیەکی کۆنی مەسیحیەکانە لە سوریا. سەرەرای داگیرکردنی شارەکە و ئازادکردنەوەی لەدەست چەکدارانی داعش، بەتریرکی کەنیسەی سریانی ئەرسۆدۆکسی، "ئەغناتیوس ئەفرامی دووەم"، سەردانی ناوچەکەی کرد بەمەبەستی بەرزکردنەوەی رۆحی معنوی چەکدارانی مەسیحی لەو شارە و رایگەیاند "بینینی چەکدارە مەسیحیەکان بۆ ئەوان گرنگە، جێگەی شانازیە کە دەبینین چەکدارە مەسیحیەکان پارێزگاری لە خاک و کلتوری خۆیاندەکەن و ئامادەی قوربانیدانن لەو پێناوەدا...."(١٧)

هاوکات، لە عێراق مەسیحی یە ئاشورییەکان گروپێکی چەکدارییان دروستکرد بەناوی دوخ ناوشا "DwekhNawsha"بە واتای "خۆ فیدایکردن -self-sacrifice"دێت. زۆربەی چەکدارانی ئەم گروپە لە خەڵکانی ئاوارەبووی دانیشتووی پارێزگای نەینەوان. بە پێ کریستان ساینس مۆنیتەر "چەکدارە مەسیحیەکانی جەنگی داعش بۆ ئەوە چەکیان هەڵگرتووە کە خاک و کلتوری خۆیان بپارێزن...،" سەرەرای پاڵنەری کلتور و شونا، هاوکات بانگەشەی نەبوونی متمانە بە هێزەکانی تری ناوچەکەدەکەن، ئەمەش نەک لەبەرئەوەی کە ناتوانن رێگری لە پێشرەوەییەکانی داعش بکەن وەک سوپای عێراق، بەڵکو"متمانەیان بە کوردەکان نی یە... لەبەر ئەوەی کوردەکانیش موسڵمانی سوننە مەزهەبن."(١٨)

هەروەها، سەرکردە مەیدانیەکانی ئەو گروپە چەکدارە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەیانەوێت لەدەوروبەری موسڵ بمێننەوە بۆ پاراستنی ناوچەکانیان، هەروەک دەڵێن "ئێمە لێرە دەمێنینەوە، مەسیحیەکان مەسیحیەکان دەپارێزن. نە عەرەب، نە کورد ئێمە ناپارێزن، بەڵام مەسیحیەکان ئەتوانن ئەو کارەبکەن."(١٩)

بەشێک لە خۆبەخشە بیانیەکان کە روودەکەنە کوردستان و باکوری سوریا، سەرەرای پەیوەندیکردن بە هێزە کوردیەکانەوە، هاوکات بەشداری شەرەکانی میلیشیا مەسیحیەکان دەکەن. بۆ نموونە لویس تکس پارک، کە چەکدارێکی هێزە مارێنزەکانی پێشووی ئەمریکایە لە ئەفغانستان، ئاماژەی بەوەکرد کە ناکرێت تەنها پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکەین، بەڵکو پەیوەندیکردن بە دوخ ناوشا، تەنها رێگەی سەرەکی و گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، کەمەبەست لێی پەیوەندیکردنە بە میلیشیا مەسحیەکانەوە بۆ پاراستنی ئەو پێکهاتە و کلتور و مێژوویان.(٢٠) ناوەندە حکومی و ئەکادیمیەکان دیراسەی هۆکار و پاڵنەری جۆراوجۆریان کردووە بۆ بریاردان بە پەیوەندکردن بە یان دژی داعش، بەڵام دیارترین فاکتەر بریتیەلە هۆکاری "شوناس و تابع" - identity and belonging - بوون.(٢١)

جەیمسوودارد، چەکدارێکی بەریتانی یە و خاوەن ٧ ساڵ ئەزموونی سەربازییە لە سوپای ئەو وڵاتە، ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە نزیک پارێزگای موسڵ دەجەنگێت دژ بەداعش، پێی وایە کە بەهۆی ئەوەی حکومەتی وڵاتەکەی ناتوانێت هیچ شتێک بکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەورەبوونی هەڕەشەکانی داعش لە وڵاتەکەی خۆی (بریتانیا) رووی لە عێراق کردووە. بۆیە ئاماژە بەوەدەکات "داعش لەوڵاتەکەم گەشەدەکات، بەداخەوە ناتوانم هیچ بکەم، ناتوانم هیچ بڵێم، یان ئەبێت بڕۆم بۆ بەندینخانە. تەنها بژاردەی ترم بریتی بوو لە هاتنم بۆ کوردستان کە تیایدا دەتوانم چەک بەدەست بهێنم و جەنگی دژی داعش بکەم،" چونکە "بە ئیسلامی کردنی بەریتانیا هەڕەشەیە، و ئیسلامیە توندڕەوەکان بڵاوەیانکردووە، بریتانیا لە چەند ساڵێکی کەمدا ئەبێتە وڵاتێکی ئیسلامی، وڵاتێکی تەواو ئیسلامی."(٢٢) بەتێڕوانین لەم دید و بۆچوونانەی چەکدارە بیانیەکانی جەنگی دژ بەداعش ئەگەینە ئەو دەرەنجامەی گەران بەدوای ناسنامە و شوناسی ئاینی هۆکاری سەرەکی پەیوەندیکردنی ئەو چەکدارانەن بۆ جەنگی دژی داعش.هەروەها، بەپێی ڕاپۆرتەکان، بەلایەنی کەمەوە ١٠٨ چەکداری ئەمریکی گەشتیانکردووە بۆ عێراق و سوریا بۆ بەشداریکردن لە جەنگی دژ بەداعش. ئەو هێز و گروپانەی چەکدارە ئەمریکیەکان پەیوەندیان پێوەکردوون بریتین لە هەریەک لە:

**یەکەم**: هێزەکانی پێشمەرگە: بەپێی زانیارییەکان ٤٣ چەکداری بیانی ئەمریکی لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگە جەنگی دژ بەداعش دەکەن، کە زۆربەی ئەو چەکدارانەش خاوەن ئەزموونی سەربازی پێشترن.

**دووەم**: شەرڤانانی کوردی رۆژئاوا:بەپێ لێدوانی وتەبێژی فەرمی یەکینەکانی پاراستنی گەل "یەپەگە" جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ٢٠٠ چەکدارای بیانی،(٢٣) و ٥٦ چەکداری ئەمریکی لە ریزی شەرڤانانی "یەپەگە" کە خاوەن ٣٥،٠٠٠ چەکدارە، دەجەنگن، ئەمەش یەکسانە بە ٥٢%ی ڕێژەی چەکدارە ئەمریکییە بیانیەکانی جەنگی دژ بەداعش.

**سێیەم**: میلیشیا مەسیحیەکان: لەوانەش "دوخ ناوشا" و یەکینەکانی پاراستنی نەینەوا " Nineveh Plains Protections Units" کە دوو میلیشیای چەکداری مەسیحین کە چەکدارە ئەمریکی و بیانیەکان پەیوەندییان پێوەدەکەن. ئەم میلیشیا چەکدارییانە لەلایەن پارتە سیاسی یە مەسیحیەکانەوە دامەزرێنراوە، دژی هێرشەکانی داعش بۆ سەر ناوچەکانیان. زۆربەی چەکدارە مەسیحیەکان پەیوەندنی بەم میلیشیایانەوەدەکەن کە هاوکاری و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە هێزەکانی پێشمەرگەوە هەیە، ئەرکی سەرەکیشیان سەرەرای بەشداریکردن لە جەنگەکان، بریتی یەلە مەشق و ڕاهێنان بە چەکدارە مەسیحیەکانی عێراق بەهۆی ئەزموونی سەربازیان لەریزەکانی سوپای ئەمریکا.(٢٤)

**پاڵنەرەکانی چەکدار مەسیحیەکانی جەنگی دژ بەداعش زۆرن، بەشێوەیەکی گشتی پاڵنەرەکان بریتین لە:**

### ١- مەسیحیەت بوون (شوناسی ئاینی)

زۆرجار شوناسی ئاینی و کلتوری ئەو پاڵنەرەن ئەبنەهۆی دروستکردنی هەستی هاوکاری و کۆکردنەوەی ئەو کەس و گروپانەی کەخاوەن پرەنسیپ و کلتور و ناسنامەی هاوبەشن. هەروەک چۆن بۆ چەکدارە ئیسلامیە رایدکاڵە ئەوروپی و بیانیەکانی ناوریزەکانی داعش راستە کە ئایدۆلۆجیای ئاینی و مەزهەبی وای لێکردوون پەیوەندی بە ریزەکانی داعشەوە بکەن و بەشداری جەنگی دژ بە حکومەتی سوریا و عێراق و هەرێمی کوردستان بکەن، هەمان پاڵنەر بۆ چەکدارە مەسیحیەکانی جەنگی دژ بەداعش راستە، کە پرەنسیپ و شوناسی ئاینی رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە کۆکردنەوەی بەشێک لە چەکدار مەسیحیەکان لە هێڵەکانی رووبەرووبوونەوە لەگەڵ ئایدۆلۆژیا و شوناسی دژ و بەرامبەر، شوناسی مەسیحیەت بەرامبەر بە شوناسی ئیسلامی لە مەیدانەکانی جەنگ و ململانێ لە عێراق و سوریا. بۆ نموونە، جەیمس وودارد، چەکدارێکی ئەمریکی ناو ریزەکانی هێزی پێشمەرگە و میلیشیا مەسیحیەکانی عێراق و کوردستانە، رایگەیاند " پاڵنەر و هۆکارەکانی هاتنی چەکدارە بیانییەکان بۆ سوریا و عێراق جۆراوجۆن، ئاین (مەسیحیەت) سەرەکی ترینیانە." هاوکات، چەکدارێکی تری سویدی بەناوی ولیام، ئاماژە بەوەدەکات کە چەندین مانگ بیری لە چۆنێتی پەیوەندیکردنی بەجەنگی دژ بە داعشەوە کردۆتەوە، بەڵام قەلەق ونیگەران بوو، تا دواجار بریاردەدات و دەڵێت "زۆر لەوە دەترسام کە هیچ شتێک نەکەم لەکاتێکدا خودا تەماشام دەکات." هەروەها، "جۆردەن ماستۆن" چەکدارێکی ئەمریکی جەنگی دژ بەداعشە بە پێگەی "ئەمریکای ئەمرۆی" راگەیاندن کە "چیتر نەمتوانی دانیشتم و تەماشای مەسیحیەکان بکەم کە لەلایەن داعشەوە سەردەبڕێن و دەکوژرێن."(٢٥) سەرەرای ئەوەش، "برێت فێلتۆن" کە یەکەم ئەمریکی بوو پەیوەندیکرد بە میلیشیا چەکدارە مەسیحیەکانی دەووروبەری موسڵەوە، و پێشتر لە ریزی سوپای ئەمریکا لە عێراق خزمەتی کردووە، بە رۆیتەرزی راگەیاند "من لێرەم دەجەنگم بۆ خەڵک و بۆ بیرو باوەڕ (شوناسی ئاینی و کلتوری)، وە دووژمن زۆر گەورە و دڕندەیە." ئەمانە چەند نموونەیەکن لە وجودی دیسکۆرسی ئاینی و شوناس لای چەکدارە بیانی یە مەسیحیەکانی جەنگی دژی داعش. بە ووردبوونەوە لەم دیسکۆرسە ئاینی و کلتوریانە، ئەکرێت بووترێت بەشێک لە چەکدارە بیانیەکان لەرێگەی بەشداریکردن لە جەنگی دژ بەداعش لە هەوڵی دەرخستن و پیشاندانی شوناسی ئاینی بەهێزی خۆیانن، خوازیارن شوناس و کلتوری خۆیان بەسەر لایەنی بەرامبەردا سەربخەن ئەگەر لەسەر ئاستی تاک یش بێت لە بەرەکانی جەنگدا.

٢- دەڕندەی و بەربەریەتی داعش.

٣- سەرکەشی و بەرژەوەندی.

٤- نارەزای بوون بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ئەمریکا و وڵاتەکانیان بەرامبەر بە رێکخراوی تیرۆریستی داعش.



سەرچاوە
Serchawe

## دەرەنجام؛

شوناسی ئاینی و کلتوری لای هنتنگتۆن میحوەری پێکدادانی ژیار و کۆمەڵگا جیاوازەکانن، ئەوەی هنتنگتۆن خستیەروو لە نێوان ژیارە گەورەکانە، بەڵام دید و بۆچوونەکانی شایەنی جێ بەجێکردنە بەسەر ململانێ کلتوری و شوناسە جیاوازەکان لە ناوخۆی کۆمەڵگاکان کە بە ژیاری بچووک دەناسرێن. ئەوەی لە عێراق و سوریا دەبینرێت هەزاران چەکداری بیانی ئیسلامی و مەسیحی لە ریزەکانی داعش دەجەنگن، شوناسی ئاینی و کەلتوری لای ئەو چەکدارانە پاڵنەری سەرەکیە، سەرەرای بوونی چەندین فاکتەری تر. بۆیە جەنگی ئەم رێکخراوە تیرۆریستیە بووەتە هۆی کۆکردنەوە و راکێشانی کلتور و شوناسە جیاوازەکان و دروست بوونی جەمسەرگیری کلتوری و ئاینی لە نێوانیان.

### سەرچاوەکان:

-1Office of the Spokesperson, Ministerial on Information Sharing to Counter Foreign Terrorist Fighters. U.S. Department of State. (February 18, 2015).
http://www.state.gov/r/pa/prs/ps/2015/02/237575.htm
-2 Samuel P. Huntington. The Clash of Civilizations? Foreign Affairs. Vol. 72, No. 3 (Summer, 1993), pp. 22-49
-3 Michael Young. What Do Muslim-Western Relations Mean? (05/09/2013), Retrieved from:
-4 ISIS, Terrorism and the Theory of the Clash of Civilizations
-5 AkeelBilgrami. Identity and the Clash of Civilisations. (10 September 2014), Published at:
http://journeyofideasacross.hkw.de/between-places-al-muthanna-and-undermining-dichotomies/akeel-bilgrami.html
-6 Dunn, Michael. "The 'Clash of Civilizations' and the 'War on Terror." 49th Parallel 20 (2006): 1-11.
-7 Ibid.,
-8 Ibid.,
-9 Shiraz Maher, The roots of radicalisation? It's identity, stupid. ICSR. (23/06/2015),
http://icsr.info/2015/06/icsr-insight-roots-radicalisation-identity-stupid/
-10 OrhanCoskun and Jonny Hogg. In Wake Of Paris Attacks, Turkey's President Erdogan Warns Of A 'Clash Of Civilizations'. (01/16/2015) Retrieved from :
-11 Peter Beinart. ISIS Is Not Waging a War Against Western Civilization. (Nov 15, 2015) Retrieved from :
-12 John Farmer, ISIS versus the West: A clash of civilizations?, (February 23, 2015),
https://www.washingtonpost.com/national/religion/isis-versus-the-west-a-clash-of-civilizations-commentary/2015/02/23/c222e024-bb88-11e4-9dfb-03366e719af8_story.html
-13 See more at: [1]شاكر نوري، العراقيون المسيحيون.. جرائم داعش و10 أعوام من التهجير -
https://www.alaraby.co.uk/opinion/2014/7/21

-14 Marcia DeSanctis. Revisiting the "Clash of Civilizations." (01/31/2009), Retrieved from: http://www.huffingtonpost.com/marcia-desanctis/revisiting-the-clash-of-c_b_154453.html
-15 Jordan Allott, Kurds and Christians Fight Back against ISIS in Syria, (November 19, 2015), Retrieved from: http://www.nationalreview.com/article/427304/christian-militia-assyrian-kurds-alliance-isis
-16 ArutzSheva Staff, Christians Fight Back Against ISIS's Islamic War, Retrieved from: http://www.israelnationalnews.com/News/News.aspx/197612#.VpPp31Jmp80
-17 Raymond Ibrahim, D.C. Refuses to Arm Persecuted Christians Fighting ISIS, (November 18, 2015), http://www.frontpagemag.com/fpm/260821/dc-refuses-arm-persecuted-christians-fighting-isis-raymond-ibrahim
-18 Ibid.,
-19 Ibid.,
-20 Florian Neuhof, Anti-Isis foreign legion: Ex-skinheads and angry white men swell ranks of Christian militia fighting Islamic State, (July 13, 2015), http://www.ibtimes.co.uk/anti-isis-foreign-legion-ex-skinheads-angry-white-men-swell-ranks-christian-militia-fighting-1510550
-21 ISIS and Identity
-22 Florian Neuhof, Anti-Isis foreign legion: Ex-skinheads and angry white men swell ranks of Christian militia fighting Islamic State, (July 13, 2015), http://www.ibtimes.co.uk/anti-isis-foreign-legion-ex-skinheads-angry-white-men-swell-ranks-christian-militia-fighting-1510550
23-مقاتلون أجانب تحت راية الأكراد بسوريا، متاح على الموقع:
http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/
-24 RUKMINI CALLIMACHI, Inside Syria: Kurds Roll Back ISIS, but Alliances Are Strained. (AUG. 10, 2015). Retrieved from: http://www.nytimes.com/2015/08/10/world/middleeast/syria-turkey-islamic-state-kurdish-militia-ypg.html?_r=0
-25 Sophie, Cousins, American Explains Why He's Fighting ISIL. (October 7, 2014). Retrieved From:http://www.usatoday.com/story/news/world/2014/10/06/jordan
-26 Ibid.,

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## داعش شکستی هێنا، بەڵام ئەرکی ئەمریکا لە عیراق تەواو نەبووە




**گۆڤاری فۆرین ئەفیرز**

**و: کوردەوان محەمەد سەعید**

لە مانگی تەمووزی رابردوودا، سەربازانی عیراق بە هاوکاری هێزی ئاسمانی ئەمریکا توانیان شاری موسڵ رزگار بکەن، ئەو شارەی سێ ساڵ لەمەوبەر ئەبوبەکر بەغدادی سەرکردەی داعش لەوێوە خەلافەتی راگەیاند. سەرکەوتن زۆر گران کەوت لەسەر هێزەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، کە کۆمەڵێک سەربازی دەستەبژێری عیراقین، شەڕی کۆڵان بە کۆڵانیان کرد تا داعشیان لە شار دەرکرد، داعش هاووڵاتیانی مەدەنییان کردبووە قەڵغان، ئەوەبوو هەزاران مەدەنی کوژرانو زیاتر لە ملیۆنێکیش ئاوارە بوون، جگە لەوەش شوێنەوارە مێژووییەکانی موسڵ وێران کرانو ژێرخانی شارەکە کاول بوو.

نابێ تێکشکاندنی داعش هەستێکی درۆزنانەی ئارامی ببەخشێ بە ئیدارەکەی ترەمپو هێزەکانی لە عیراق بکشێنێتەوە، چونکە لە ١٥ ساڵی رابردوودا ئەوە روون بۆوە کە لە عیراقدا شتێک نییە پێی بوترێ تەواو. بەڵام وەک ئیما سکای نووسەر لە پەیمانگای جاکسۆن بۆ کاروباری نێودەوڵەتی سەر بە زانکۆی یێڵ-ی ئەمریکیو خاوەنی کتێبی (هیوای زۆرو دەرفەتە لەدەست چووەکان لە عیراق) دەڵێ: لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەتێک بۆ ئاهەنگ گێڕان هەیە.

ئەو نووسەرە پێی وایە هۆکار زۆرن بۆ خۆشحاڵ بوون بە رزگار کردنی موسڵ، لەبەر ئەوەی لەو شارەدا مێشکی منداڵان دەشۆرانەوە لە قوتابخانەکاندا، ئەوەی جگەرەی بکێشایە بە قامچی لێیان دەدا، هاوڕەگەزبازەکانیان لەسەربانە بەرزەکانەوە هەڵدەدێراو دەیانکوشتن، ژنانی ئێزدیان دەکردە کۆیلە بۆ سێکس.. جگە لەوەش سەرکەوتن لە موسڵ گورزێکی گورچکبڕ بوو بۆ داعش، چونکە هەزاران چەکداریان لێ کوژرا، سەرچاوەی داهاتیان لاواز بوو، توانای رێکخستنیان تێک شکێنراو ناوبانگە جیهانییەکەشیان کەم بۆوە.

بەشی پێنجەم

### هەڵەیەکی گەورە

ئیما سکای دەڵێ: کاتێک دۆناڵد ترەمپ-ی سەرۆکی ئەمریکا پەی بە گرنگی ئەو سەرکەوتنە سەربازییە دەکات، لەوانەیە حەز بکات رایبگەیەنێت ئەرکەکەی تەواو بووەو هەوڵ بدات زوو لە عیراق دەربچێت، لەوانەیە بڕیارێکی وا جێی تەما بێ دوای ١٤ ساڵ لە داگیر کردنی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە.

### هەڵەکانی پێشوو

نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ رووداوەکانی پێش بەهاری ٢٠٠٣، ئەو کاتەی کە ئەمریکا عیراقی لەسەر بنەمای گریمانەیەک داگیر کرد، کە دواتر دەرکەوت راست نەبوو، گریمانەکەش ئەوە بوو گوایە سەدام حسێن سەرۆکی ئەو کاتی عیراق سەرقاڵی پەرەپێدانی چەکی کۆکوژە، ئەوەبوو هەر زوو سەرکەوتنی سەربازی بەسەر عیراقدا مسۆگەر کرا، ئەو هاوپەیمانییەی ئەمریکا سەرکردایەتی دەکرد لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا حکومەتەکەی سەدام-یان رووخاند، بەڵام سەرکەوتنی سیاسی قورستر بوو، دەسەڵاتی کاتی لە ٢٠٠٣ دا کارمەندانی حکومەتیان لەسەر کار لابردو هێزی چەکداریشیان هەڵوەشاندەوە. ئەو بڕیارانە بووە هۆی هەرەسهێنانی دەوڵەتو هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ، ئەمەش دەرفەتی بە ئەلقاعیدە خۆش کرد تا جێ پێی خۆی لە عیراقدا بکاتەوەو دەرفەت بۆ ئێرانیش رەخسا هەژموونی خۆی بسەپێنێت. بەڵام لە ماوەی دووەمی سەرۆکایەتی جۆرج بوش دا، ساڵی ٢٠٠٧ بە هاوکاری لەگەڵ عەشیرەتە سوننەکان لە ژێر ناوی سەحوەی سوننە، توندوتیژی تایەفی تارادەیەک کەم کرایەوەو ئەوەش بووە هۆی شکستی ئەلقاعیدە لە عیراق.

### پێداگریی

ئیما سکای باس لەوە دەکات کە ئیدارەکەی ئۆباما زۆر پێداگریی کردووە لەسەر هێشتنەوەی نوری مالکی لەسەر حوکم، لە کاتێکدا حزبەکەی کە حزبی دەعوە بوو لەبەرامبەر لیستی ئەلعیراقیە، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا شکستی هێنابوو، بیانووی هێشتنەوەکەشی ئەوەبوو گوایە سەرکردەیەکی نیشتمانییەو دۆستی ئەمریکایە. بەڵام ئەو بڕیارە بە قازانجی ئێران شکایەوە، ئەوە بوو فشاری خستە سەر موقتەدا سەدری سەرکردەی شیعەو دوژمنی ئەمریکا، بۆ ئەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ مالکی ببەستێ، تا کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ دا مسۆگەر بێت.



سەرچاوە Serchawe

بەشی پێنجەم

### پاشگەزبوونەوە لە بەڵێنەکان

لە پێناو مانەوەیدا لەسەر حوکم، مالکی لەو بەڵێنانەی بە سەحوەی سوننی دابوو پاشگەز بۆوەو ناوو ناتۆرەی تیرۆریستیشی دایە پاڵ سیاسییە سوننەکان، بۆ ئەوەی لە پرۆسەی سیاسی دووریان بخاتەوە، پاشان فەرمانی دا بە هێزەکانی ئاسایش راپەڕینی سوننەکان سەرکوت بکات. مالکی بەم هەڵوێستانەی زەمینەی خۆش کرد بۆ دەرکەوتنی گروپێکی نوێ لە پاشماوەکانی ئەلقاعیدە بە ناوی داعش لە عیراق، بەو شێوەیەش داعش وەک پارێزەری سوننەو دژ بە مالکی خۆی ناساند.

### وەرچەرخانێکی نوێ

لەگەڵ دەرکردنی داعش لە موسڵو نزیک بوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨، عیراق کەوتە بەردەم وەرچەرخانێکی نوێ. ئەو پەرشو بڵاوییەی لە بارودۆخی سیاسی عیراقدا هەیە، دەرفەتێکی لەبار بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی راستەقینە فەراهەم دەکات، کە تایەفەگەری تێپەڕێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا مەترسی ئەوەش دێنێتە ئاراوە، کە وڵاتانی ناوچەکە دەرفەتی کێبڕێکێی سیاسییەکانی عیراق بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بقۆزنەوە بۆ زیاد کردنی هەژموونیان لە عیراقدا.

### هەنگاوەکان

ئیما سکای دەڵێ: لەگەڵ ئەوەشدا کە عیراق پێشوازی لە پشتیوانییەکەی ئێران کرد لە شەڕی دژی داعشدا، لە هەمان کاتدا هەنگاوەکانیشی دەست پێ کردووە بۆ راگرتنی هاوسەنگی هەژموونی ئێران، ئەویش لە رێگەی خۆ نزیک خستنەوە لە سعودیە. بەرپرسانی هەردوو وڵات چەند سەردانێکی رەسمییان بۆ یەکتر ئەنجام داوە. ئەمڕۆش دوای تێشکشکاندنی داعش وەک ئیما سکای نووسەر دەڵێ، واشنتۆن کاریگەریی نوێی دەبێت، کە نابێ بەفیڕۆی بدات، هەروەها نابێ شکستی داعش هەستێکی درۆیینە بە سەرکەوتنی تەواو لای ئەمریکا دروست بکاتو وای لێ بکات هێزەکانی لە عیراق بکشێنێتەوە، لەبەر ئەوەی هەروەکو لە ١٥ ساڵی رابردوودا دەرکەوت، لە عیراقدا شتێک نییە پێی بوترێ تەواو، بێگومان ئەوە دەستکەوتەکانی ئێرانیش دەگرێتەوە، کە رێ لێ گرتنی پێویستی بەوەیە سیاسییە عیراقییەکان دەست بدەنە دەستی یەکترو لەسەر کۆمەڵێک بابەتی هەستیار رێک بکەون، وەک شێوازی حوکمڕانیو دابەش کردنی داهاتو بۆ ئەوەی حکومەتی مەرکەزی کەمتر بکەوێتە بەردەم هەڕەشەی دەستێوەردانی دەرەکی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## ئەو پێنج کەسەی داعش بیروباوەڕی خۆی لێیانەوە هەڵهێنجاوە



**محەمەد یوسرا**

ڕۆژی ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ وتەبێژی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق‌و شام کە بە داعش ناسراوە، لە تۆمارێکی دەنگدا دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی ڕاگەیاندو موبایەعەی خۆیان واتە ڕێکخراوەکەی بۆ ئەبوبەکر بەغدادی وەک خەلیفەی موسوڵمانان ڕاگەیاند. زۆری نەخایاند مقۆمقۆ بڵاو بۆوە سەبارەت بە سەرچاوەی بیری داعشییەکان‌و سەرچاوەکەشیان پێنج کەس بوون کە بیرو بۆچوونەکانیان کاریگەری هەبوو لەسەر داعش‌و وایان کردبوو کە داعش جیاواز بێت لە ڕێکخراوە جیهادییەکانی تر.

**ئەبوبەکر ناجی خاوەن تیۆری سەرەکی داعش:** هەرچەندە ئەم کەسایەتییە ناوبانگی هەیە لە ناو سەلەفییەکان‌و جیهادییەکاندا، بەڵام کەسێتی ڕاستەقینەی ساغ نەبۆتەوە. هەندێک لە جیهادییەکان پێیان وایە ئەبوبەکر ناجی نازناوی شاراوەی ئەبو میسعەبی سوری یە. گروپێکی تر لە جیهادییەکان لەو باوەڕەدان ئەو کەسە محەمەد خەلیل ئەلحەکایمە-ی خەڵکی میسرە، هەریەکەشیان بیانوویان بۆ ئەو بچوونە شێوازی نووسینی ناجی-یە.

ناوبانگی ئەبوبەکر ناجی دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی (ئیداره التوحش)، کە لە ناو جیهادییەکاندا ناوبانگێکی بەربڵاوی هەیە، بە تایبەتیش لای ئەندامانی داعش گرنگی تایبەتی هەیە. کتێبەکە ١١٢ لاپەڕەیەو ساڵی ٢٠١٤ چاپ کراوە، لە وڵاتە عەرەبییەکاندا قەدەغە کراوە. ئەم کتێبە باس لە دروست بوونی دۆخێک دەکات کە لە دوای لەناوچوونی حاکمێک دروست دەبێت‌و هەروەها باس لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەو دۆخە ئاڵۆزە کاتییە دەکات، کە ئەگەری هەیە بتوانرێت دەوڵەتێکی ئیسلامی تێدا بنیات بنرێت. جگە لەوەش کتێبەکە لەو شێوازو تاکتیکانە دەکات کە پێویستە جیهادییەکان بەکاری بهێنن لە شەڕەکانیاندا دژی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی.

پێدەچی ئەبوبەکر ناجی بەر لە دروستبوونی داعش کوژرابێت، بەڵام کاریگەری زۆری هەیە بەسەرییەوە، ئەویش لە رێگەی بیرو بۆچوونەکانییەوە، کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئسیلامی دەکاتو داوا دەکات جیهادییەکان تەنها بەوەوە نەوەستن کە ناوبەناو گورزێک بوەشێنن، ئەوەش لە کتێبێکدا هاتووە بە ناوی (التحول من مرحلة الشوكة والنكاية الى مرحلة ادارة التوحش).

**ئەبو عوبەیدە ئەلشەنقیتی، قەڵغانی رێکخراوەکە:** ئەبو عوبەیدە ئەلشەنقیتی بە یەکێک لە گرنگترین بیریارەکانی داعش دادەنرێت، ئەمەشیان وەک ئەوی پێشوو زانیاری زۆر لە بارەی کەسایەتییەکەیەوە بەردەست نییەو زۆریش ناسراو نییە لە ناو جیهادییەکاندا. د. هانی نەسیرە پسپۆڕی بواری بزوتنەوە پەڕگیرەکان پێی وایە ئەو ئەو کەسە هەمان ئەبو عوبەیدە ئەلمەحرەزی ئەلمەراکشی بێت، کە یەکێک بوو لە تەلەبەکانی شێخ ئەلئەلبانی، بەڵام ئەم بۆچوونەش گومانی زۆری لەسەرە.

ناوبانگی ئەلشەنقیتی لە دامەزراندنی دامەزراوەی غورەبا-وە دەستی پێکرد، کە باڵی راگەیاندنی داعشەو ژمارەیەک لە تێبەکانی ناوبراوی چاپ کردو بەسەر ئەندامانی داعشدا دابەشی کرد. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٤ دا کتێبێکی چاپ کرا بە ناونیشانی (ابلغ المعاني في نصح ابي حفص الموريتاني)، لەم کتێبەدا رەخنە لە قسەکانی محفوز وەلد ئەلوالد دەگرێت کە موفتی پێشووی ئەلقاعیدە بووە، هێرشی توندیشی کردە سەر لەبەر ئەوەی زیانی بە ئوسامە بن لادن گەیاندبوو، ئەم کتێبەی ناوبانگی فراوانی پەیدا کرد لە ناو جیهادییەکاندا. هەر لەو ساڵەدا کتێبێکی تری بە ناونیشانی (رفع الحسام نصرة لدولة الاسلام) بڵاو بۆوە کە تیایدا رەخنەی لە ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی ئایینی ئیسلام گرتووە، لەوانەی کە هێرشیان کردبووە سەر ئەبوبەکر بەغدادیو رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی. تێبینی دەکرێت کە زۆربەی کتێبەکانی ئەلشەنقیتی تایبەتە بە بەرپەرچدانەوەی ئەو رەخنانەی لە رێکخراوی داعش دەگیرێت، وا دیارە کە بە وردی چاودێری بڵاوکراوەو چاوپێکەوتنەکانی نەیارەکانی رێکخراوەکە دەکات، بەمەش ئەلشەنقیتی بۆتە قەڵغانێک بەڕووی هەر کەسێکدا کە رەخنە لە داعش بگرێت. هەروەها تێبینی ئەوەش دەکرێت کە کتێبەکانی ئەم کابرایە لایەنی زانستیو فیقهی کەمتر تێدایە بە بەراورد لەگەڵ نووسەرەکانی تری داعشدا.

**ئەبو عەبدوڵڵای موهاجر، مەرجەعی فیقهی رێکخراوەکە:** زانیاری لە بارەی کەسێتی ئەم نووسەرەشیانەوە کەمەو تەنها یەک جاریش نەبێت لە راگەیاندنەکاندا دەرنەکەوتووە، ئەو جارەش ساڵی ٢٠١٦ بوو کە لە سوریا شەڕی دەکرد. ئەبو عەبدوڵڵای موهاجر رەگەزنامەی میسری هەیەو لەو کاتەوە دەستی کردووە بە جیهاد کە سەفەری کرد بۆ ئەفغانستان بۆ شەڕ کردن لەگەڵ روسەکاندا، هەر لەوێش سەرکردە جیهادییەکانی ئەلقاعیدەی ناسی، زۆری نەخایاند موهاجر بووە یەکێک لە

## گرنگترین سەركردەی گروپە جیهادییەكان.

موهاجر كاریگەری راستەوخۆی لەسەر رێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی نەبوو، بەڵكو لە رێگەی ئەبو میسعەبی زەرقاوییەوە بوو، كە دامەزرێنەری رێكخراوی تەوحیدو جیهادە، چونكە زەرقاوی نزیكەی چوار ساڵ تەلەبەی موهاجر بووە، هەر موهاجریش بوو كە قەناعەتی بە زەرقاوی كرد، كە كردەوەی خۆكوژی شەرعییە، پێشتر زەرقاوی خۆكوژیی بە تەواوی رەت دەكردەوە.

كاریگەری زۆر بەهێزی موهاجر لەسەر داعش لە رێگەی كتێبەكەیەوە بوو بە ناوی (مسائل فی فیقە الجهاد)، ئەم كتێبە بوو بە مەرجەعێكی فیقهی بۆ هەموو سەركردە جیهادییەكان. چونكە ئەم كتێبە كە نزیكەی ٦٠٠ لاپەڕە دەبێت، وردەكاری زۆری تێدایە سەبارەت بە چۆنێتی شەڕ كردنی جیهادییەكان لەگەڵ دوژمنەكانیاندا، زۆر بابەتی فیقهیشی تێدایە كە شەرعیەت دەدات بە بۆ نموونە رفاندنی دوژمن، یان شەرعیەتدان بە سەربڕینی دوژمن‌و حوكمی هەڵگەڕاوەكان لە ئیسلام‌و چۆنێتی مامەڵە كردن لەگەڵ دیلەكاندا.

سەیر لەوەدایە موهاجر ئەو پێگە گەورەیەی هەبووە لای داعش، بەڵام لەو كاتەدا كە كوژرا لە ریزی دوژمنەكانی داعشدا بوو، چونكە لە بەرەی نوسرەدا بوو بەرەی نوسرەش كە ئێستا بەرەی فەتحی شامە لەو كاتەدا دوژمنی داعش بوو. ئەوەبوو پێنتاگۆن لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٦ كوژرانی موهاجری راگەیاند، ئەویش لە هێرشێكی ئاسمانیدا لە ناوچەیەكی باكووری خۆرهەڵاتی سوریا.

**ئەبولحەسەن ئەلئەزدی:** زانیاری تەواو لەبارەیەوە نییە، بەڵام پێدەچێ خەڵكی وڵاتانی كەنداو بێت، چونكە لە هەندێك لە كتێبەكانیدا ئاماژە بەوێ كراوە. لەگەڵ ئەوەشدا كە لە رووی راگەیاندنەوە ناوبانگی نییە، بەڵام فەتواكانی وای كردووە، كە فەتواكانی داعش جیاواز بێت لە فەتوای رێكخراوەكانی تر، هۆكارەكەیشی ئەوەیە ئەو فەتوایانەی ئەو دەری كردوون، زیاتر تایبەت بە خوێنڕشتن رێگەدان بە كردەوەی دڕندانە، كە زۆر لە موسوڵمانەكانی تر رەتی دەكەنەوە.

دیارترین كتێبی ئەبولحەسەن كتێبی (الاجافة لشبە خصوم الخلافة)یە، كە دامەزراوەی غورەبا لە ساڵی ٢٠١٤ دا چاپی كردووە، ئەویش چەند رۆژێكی كەم بوو دوای راگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەت. لەم كتێبەدا ئەبولحەسەن هەوڵ دەدات شەرعیەتی ئەو خەلافەتە بسەلمێنێت كە دروست ببوو، ئەویش لە رێگەی گرێدانەوەی ئەو خەلافەتە بە هەندێك بارودۆخی هاوشێوە لە سەردەمی خەلافەتی راشیدیندا، لە بابەتی بەیعەت‌و ئیمامەت‌و شوراو شتی لەو بابەتە.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام ناوبانگی راستەقینەی ئەبولحەسەن لەو کاتەوە دەرکەوت، کە داعش مەعاز ئەلکەساسبە-ی سوتاند، کە فڕۆکەوانێکی ئوردنی بوو، ئەو کاتە باس لەوە دەکرا کە رێکخراوی داعش کتێبێکی ئەبولحەسەن تەرجەمە دەکات بۆ ئینگلیزی بە ناوی (القسطاس العدل فی جواز قتل أطفال ونساء الکفار معاقبة بالمثل)، ئەوەش یەکێکە لە گرنگترین کتێبەکانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، لەبەر ئەوەی شەرعیەت دەدات بە زۆربەی کردەوە دڕندانەکانیان، لەم کتێبەدا ئەبولحەسەن هەوڵی داوە بەڵگەی پێویست کۆ بکاتەوە تا بیسەلمێنێت کە کوشتنی ژنو منداڵ کارێکی شەرعییە، تەنانەت رێگەی داوە هەموو جۆرە سوکایەتییەک بە تەرمی کوژراوی دوژمنەکانیان بکرێتو رێگەی سوتاندنیشی داوە.

ئەبولحەسەن کتێبێکی تری نووسیوە بە ناوی (الحجة الناهضة فی بیان موقف المسلم من الرافضة)، لەم کتێبەدا سەرجەم شیعەکانی بە کافر لەقەڵەم داوەو داوا دەکات شەڕیان لەگەڵدا بکرێتو هەر وڵاتێکی عەرەبیش پشتیان بگرێت شەڕی لەگەڵدا بکەن. ئەم کتێبە بە یەکێک لە گرنگترین ئەو کتێبانە دادەنرێت کە داعش بەکاریان دەهێنێت بۆ هاندانو تیژ کردنی چەکدارەکانی دژی هێزە شیعەکان وەک هێزی سوپای پاسدارانی ئێرانو چەکدارەکانی حزبوڵڵای لوبنانی لە عیراقو سوریا.

### تورکی بنعەلی، منداڵترین خاوەن تیۆری داعش

بە پێچەوانەی ئەوانی ترەوە، تورکی بنعەلی زۆرترین زانیاری لەسەر دەست دەکەوێت، لە یەکێک لە سایتە جیهادییەکاندا ژیاننامەکەی نووسراوەو تیایدا هاتووە کە بنعەلی ساڵی ١٩٨٤ لە پارێزگای مەحرەق-ی بەحرەین لەدایک بووە، شەریعەتی خوێندووە لە قوتابخانەکانیشدا دەرسی شەریعەتی وتۆتەوە، ئەو کاتەی رایگەیاند کە چۆتە پاڵ رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی هەواڵەکەی لە زۆربەی راگەیاندنە جیهادییەکاندا بڵاو کرایەوە، ڤیدیۆیەکیش هەیە کە تیایدا بەیعەت دەدات بە بەغدادیو لە هەمان کاتدا بەیعەت لە کۆمەڵێک جیهادی تریش وەردەگرێت بۆ بەغدادی.

هەرچەندە بنعەلی ئەو کاتە هێشتا تەمەنی لە ٣٣ ساڵ تێپەڕی نەکردبوو، بەڵام لە چەند مانگێکی کەمدا توانی پلەکەی بەرز بکرێتەوە لە ناو داعشداو ببێتە یەکێک لە گرنگترین سەرکردەکانی ئەو رێکخراوە، دەستی کرد بە نووسینو کتێبەکانی لەناو رێکخراوەکەدا برەوی باشیان پەیدا کردبوو، لە کتێبەکانیشیدا کە زیاتر کاری لەسەر شەرع دەکرد هەوڵی داوە شەرعیەت بدات بە چەک هەڵگرتنو جیهاد، ئەویش لە رێگەی دووبارە خوێندنەوەی هەڵوێستەکانی ئیمام ئەحمەد بن حەنبەڵ، لەو بوارەشدا خاوەنی کتێبێکە بە ناوی (امتطاء السروج فی نقش شبهه موقف الإمام أحمد من الخروج). یەکێک لە کتێبەکانی تری بنعەلی بە ناوی (مد الایادی لبیعة البغدادی). لەم کتێبەشیاندا تورکی بنعەلی هەوڵی داوە ئەو دەقو بەڵگانە بدۆزێتەوە کە باس لە پێویستی دروست کردنی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن، ساڵی ٢٠١٤ش کتێبێکی تری بە ناوی



سەرچاوە
Serchawe

(شيخی السابق هذا فراق بينی وبينک)، لەم كتێبەدا بنعەلی هێرش دەكاتە سەر شێخی پێشووی خۆی كە ئەبو محەمەد ئەلمەقدەسی بووە، هەر لە هەمان ساڵدا لە كتێبێكدا بە ناوی (الإفادة فی الرد علی أبی قتادة)، وەڵامی ئەبو قەتادە دەداتەوە.

دواتر وا دەردەكەوێ كە توركی بنعەلی پەیوەندییەكانی لەگەڵ سەرانی رێكخراوی ئەلقاعیدەدا بڕێک تێک دەچێت، هەر ئەوەش وای كرد هەندێک راپۆرت بڵاو بێتەوە كە باسیان لە دووركەوتنەوەو تەنانەت تۆبە كردنیشی دەكرد لە ٢٠١٦ دا، بەڵام دواتر ئەو قسانە رەت كرانەوە، ئەویش دوای ئەوەی لە مانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا دەركەوتەوەو لە چاوپێكەوتنێكی رادیۆی بەیانی سەر بە داعشدا قسەی كرد، بابەتی چاوپێكەوتنەكەش باسی ئەبو محەمەد ئەلعەدنانی وتەبێژی رێكخراوەكە بوو.

دوا جموجۆڵی بنعەلی لە شاری سرت-ی لیبیا بوو، لەوێ پشتیوانی لە چەكدارەكانی داعش دەكردو هانی دەدانو تیژی دەكردن، لە كاتی شەڕدا لەگەڵ هێزەكانی سەر بە حكومەتی لیبیا، دوای كۆنترۆڵ كردنی شاری سرت لە مانگی كانونی یەكەمی ٢٠١٦ دا، راگەیەنرا كە ناوبراو دەستگیر كراوە، بە قسەی پسپۆڕانو چاودێرانیش دەستگیر كردنی بنعەلی گورزێكی كاریگەر بوو بەر جیهادییە پەڕگیرو توندڕەوەكان كەوت.

سەرچاوە: رسیف ٢٢

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستانی نوێ - رێكەوتی: ٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## سەرکەوتن و شەرعییەتی دیکتاتۆر "عەبادی و وەهمی سەرکەوتن بەسەر داعشدا"



هۆگر ئیبراهیم

### پێشەکی

هەمیشە گوتراوە دەسەڵاتی بێبەرهەم و دوور لە کۆمەڵگە، دەسەڵاتێکە کێشەی شەرعییەتی هەیە؛ بەو واتایەی دەسەڵات و حوکمڕانی، بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگەیە. بۆیە هەر کاتێک دەسەڵات وەک جەستەیەکی نامۆ بە کۆمەڵگە دەرکەوێت، یەکەمین شت بیری لێ بکرێتەوە نەبوونی شەرعییەتی ئەو دەسەڵاتەیە. یەکێک لەو فاکتەرانەی کە سیستەمە سیاسییەکانیش لێک دەکاتەوە، هەر بابەتی شەرعیبوونی دەسەڵاتە؛ بۆیە دەشێ بڵێین شەرعییەت سروشتی سیستەمی حوکمڕانی دەستنیشان دەکات. ئەو کۆمەڵگەیانەی جۆرێک لە فرەییان پێوە دیارە، گەر دەسەڵاتێکی شەرعییان نەبێت هەمیشە چوون بەرەو دیکتاتۆرییەت سەرەکیترین سیناریۆ دەبێت، بەڵام لە پاڵ ئەوەیشدا دیکتاتۆر هەمیشە بەدوای سەرچاوەیەک دەگەڕێت، بۆ ئەوەی شەرعییەت بە دەسەڵاتەکانی خۆی بدات. لێرەدا گرنگە بپرسین، مەبەست لە شەرعییەتی دەسەڵات چییە؟ بنەما و سەرچاوەکانی ئەو شەرعییەتە چین؟ سەرچاوەکانی شەرعییەتی دیکتاتۆر چین؟ گەر ئەو تێزە لەسەر نموونەی عێراق خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئایا سەرچاوەکانی شەرعییەت چی بوونە؟ ئایا دەسەڵاتی داهاتووی عێراق لە کوێوە شەرعییەت وەردەگرێت؟

### شەرعییەتی دەسەڵاتی سیاسی

شەرعییەت هەمیشە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا گفتوگۆی بەردەوامی لەسەرە، بە شێوەیەک کە قوتابخانە جیاوازەکانی زانستی سیاسی، دید و تێڕوانینی جیاوازیان بۆ بابەتی شەرعییەت هەیە. شەرعییەت لە سادەترین دەربڕینیدا، بریتییە لە "مافی



سەرچاوە
Serchawe

حوکمڕانی"، یان "مافی پیادەکردنی دەسەڵات"، بە واتای مافی دەسەڵاتداران لە دەرکردنی بڕیار و یاسادانان و سەپاندنی بەسەر هاووڵاتیاندا. بەڵام لێرەدا پێویستە، جیاوازییەک لە نێوان "شەرعییەت" و "مەشرووعییەت"دا بکەین. ئەگەر شەرعییەت بریتی بێت لە ڕەزامەندیی هاووڵاتیان لەسەر مافی پیادەکردنی دەسەڵات لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، ئەوا مەشرووعییەت واتا پێویستیی پابەندبوونی دەسەڵاتداران بە دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان. بەشێک لە زانایان سەرچاوەی شەرعییەت دەگەڕێننەوە بۆ خەڵک، بەو مانایەی خەڵک خۆی خاوەنی دەسەڵاتە؛ بەم جۆرە شەرعییەتە دەگوترێت "شەرعییەتی دیموکراسی" (democratic legitimacy). ئەم جۆرە شەرعییەتە، میکانیزمی تایبەتی خۆی هەیە بۆ بەدیهێنانی؛ دیارترین و سەرەکیترین میکانیزمیش، لە هەڵبژاردنێکی بەردەوامدا کورت دەکرێتەوە. بەڵام بەشێک لە بیرمەندان پێیان وایە ئەم بنەمایە بۆ شەرعییەت کەموکورتیی تێدایە. بەو مانایەی شەرعییەتی دەسەڵات، ناکرێت تەنیا لە پرۆسەی هەڵبژاردندا کورت بکرێتەوە، چونکە زۆر جار لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا کەسانێک دەگەنە لووتکەی دەسەڵات، کە توانستی ئەوەیان نییە بە شێوەیەکی تەندروست حوکمڕانی بگرنە دەست. بە شێوەیەکی گشتی، گەر بمانەوێت بنەماکانی شەرعییەتی دەسەڵات دیاری بکەین، دەبێ جۆرێک لە کۆکردنەوە لە تێزە سەرەکییەکانی قوتابخانە جیاوازەکان بکەین.

**بەم شێوەیە، دەکرێت بنەماکانی شەرعییەتی دەسەڵات لە چەند خاڵێکدا پوخت بکەینەوە:**

١- **هەڵبژاردنی بەردەوام:** بەو پێیەی خەڵک خاوەنی دەسەڵاتە، بۆیە سەرچاوەی شەرعییەتیشە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی بەردەوامەوە. بەو مانایەی هەر کاتێک دەسەڵاتێک نەیتوانی ڕەنگدانەوەی ئارەزووەکانی خەڵک بێت، بەشێکی گەورەی شەرعییەتی لەدەست دەدات. لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، خەڵک بەردەوام دەرفەتی گۆڕینی دەسەڵاتی هەیە بەو شێوەیەی خۆی ئارەزووی دەکات. بۆیە هەر کاتێک هەڵبژاردنەکان نەیانتوانی ببنە ئامرازێک بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات، چیتر ناتوانن ببنە ئامرازێکیش بۆ شەرعییەتدان بە دەسەڵات.

٢- **حوکمڕانیی باش:** بەشێکی زۆری شەرعییەتی هەر دەسەڵاتێک دەوەستێتە سەر ئەو ڕوخسارەی، دەسەڵات بە کۆمەڵگەکەی نیشان دەدات. ئەگەر دەسەڵاتێک نەیتوانی ببێتە هۆکارێک بۆ دەستەبەرکردنی حوکمڕانیی باش لە کۆمەڵگەدا، ئەوا شەرعییەتی ناتەواوی هەیە، چونکە لە دەوڵەتی مۆدێرندا عیبرەت لە دروستکردنی حکوومەت، هێنانەدیی حوکمڕانیی باشە؛ دوور لەوە، حکوومەت دەبێتە جەستەیەکی زیاد بەسەر شانی کۆمەڵگەوە.

٣- **خزمەتگوزاری و چاکسازی:** ئامانجی سەرەکیی گواستنەوەی دەسەڵات لە مەحکوومەوە بۆ حاکم، بەڕێوەبردنێکی

تەندروستی کاروباری کۆمەڵگەیە؛ بە شێوەیەک بتوانێ پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە دابین بکات. لە پاڵ ئەمەیشدا، دەبێ بەردەوام چاکسازی لە بواری کارگێڕی و یاسادا بکات بۆ ئەوەی هەمیشە خۆی لەگەڵ پێشکەوتنە بەردەوامەکانی کۆمەڵگەدا بگونجێنێ.

دەشێ لە ڕووی تیۆرییەوە حکوومەتێک خاوەنی شەرعییەت بێت، ئەگەر لە لایەن هاووڵاتیانەوە هەڵبژێردرابێت، هەروەها ڕەنگە کارەکانی لەگەڵ بنەما یاسایی و دەستوورییەکان گونجاویش بێت. بەڵام لە ڕووی پراکتیکییەوە ڕەنگە لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی سەرکەوتوو نەبێت، چونکە هەندێک حکوومەت هەن بە شێوەیەکی مەشرووع دەسەڵات دەگرنە دەست، بەڵام ناتوانن ببنە شوێنی ڕەزامەندیی بەشێکی زۆری کۆمەڵگە. کەواتە هەڵبژاردن و ڕێکارە یاساییەکان، ناتوانن بەتەنیا ببنە بنەمایەکی تەواو بۆ شەرعییەتی دەسەڵات.

### سەرچاوەکانی شەرعییەتی دەسەڵات

وەک چۆن چەمکی شەرعییەت ناکۆکیی زۆری لەسەرە، بە هەمان شێوە سەرچاوەکانی شەرعییەتیش ناکۆکیی زۆریان لەسەرە. دەسەڵاتی سیاسی بۆ ئەوەی پیادەی دەسەڵاتی خۆی بکات، هێز لە چەندین سەرچاوەوە وەردەگرێت. ڕاستە شەرعییەتی دیموکراسی باشترین جۆری شەرعییەتە، بەڵام لە پاڵ ئەوەیشدا لە نموونە جیاوازەکانی سیستەمی سیاسیدا شەرعییەتی دەسەڵات سەرچاوەی جۆراوجۆری هەبووە، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو مافە بە خۆی بدات کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا پیادە بکات:

١- **سەرچاوە کلاسیکییەکان:** وەکوو: ئایین، هۆز، عەشیرەت و خێزان. ئەمانە لە هەندێ کۆمەڵگەدا سەرچاوەی ئەو مافەن کە دەسەڵات بە هۆیەوە حوکمڕانی بەسەر کۆمەڵگەدا دەکات. نموونەی ئەو شەرعییەتە لەو وڵاتانەدا دەبینین، کە پاشایەتیی ڕەهایان هەیە یان دەسەڵات تەنیا لەدەستی خێزانێکە. وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و بەشێکی زۆری وڵاتە ئیسلامییەکان لەو نموونەیەن.

٢- **کاریزما:** دەسەڵاتی سیاسی، شەرعییەتی خۆی لە کاریزمابوونی سەرکردە وەردەگرێت؛ جا ئەم سەرکردەیە، یان پاڵەوانی جەنگە، یان شۆڕشگێڕێکی کۆنە، یان وتاربێژێکی باشە و، دەتوانێ کۆنترۆڵی هەست و سۆزی خەڵک بکات. کارەساتی گەورە ئەو کاتە دەست پێ دەکات، ئەگەر ئەم سەرکردەیە کەفائەتی حوکمڕانیی نەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

**٣- سەرچاوە عەقڵانی و بیرۆکراسییەکان:** لێرەدا شەرعییەت زیاتر لە چەمکی مەشرووعییەت نزیک دەبێتەوە؛ بەوەی شەرعییەتی دەسەڵات، بە سیستەمی یاسایی دەوڵەتەوە دەبەسترێتەوە. بۆیە دەسەڵاتی سیاسی، زیاتر پابەندی بنەما دەستوورییەکان دەبێت لە بری ئەوەی پەیوەست بێت بە خواستی هاووڵاتیانەوە؛ چونکە دەستوور و یاساکان خۆیان سەرچاوەیەکن بۆ دروستبوونی دەسەڵاتێکی زۆردار.

**٤- سەرچاوەی دەستکەوتی دەسەڵات:** ئەمەیان بە گرنگترین جۆری شەرعییەت دادەنرێت، بەوەی شەرعییەتی دەسەڵات، بە ئاستی وەڵامدانەوەی دەسەڵات بۆ داواکاریی هاووڵاتیان دەبەستێتەوە. لێرەدا داواکاری و داخوازی و ئارەزووەکانی هاووڵاتیان، دەبنە سەرچاوەی شەرعییەت. داواکاریی هاووڵاتیان هەمیشە داواکاریی ئابووری نین بۆ زیادکردنی ئاستی بژێوی و خۆشگوزەرانی، بەڵکوو هەندێ جار داواکاریی هاووڵاتیان داواکاریی سیاسین و، خۆیان لە ئازادی و دیموکراسی و کەرامەتی مرۆڤدا دەبیننەوە. بۆیە بەدەنگەوەچوونی سەرجەم داواکارییەکانی هاووڵاتیان باشترین سەرچاوەی شەرعییەتە.

### دیکتاتۆر و قەیرانی شەرعییەت

قەیرانی شەرعییەت زۆر فراوانترە لەوەی تەنیا قەیرانێکی سیاسی بێت، بەڵکوو قەیرانی ناسنامە و کۆمەڵگەیشە لە هەمان کاتدا. واتە پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و دەسەڵات بە شێوەیەک تێک چووە، کە ناسنامە و وجوودی تاک لەژێر هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەدا بێت. یەکێک لە فاکتەرەکانی قەیرانی شەرعییەت ئەدای دەسەڵاتی جێبەجێکارە؛ کاتێک حکوومەت نەتوانێت بەشێک بێت لە داخوازیی هاووڵاتیان، لە دواجاردا متمانەی نێوان تاک و دەسەڵات زۆر لاواز دەبێت. قەیرانی شەرعییەت لە ئێستادا قەیرانێکی جیهانییە، بەڵام هەر وڵاتێک بە شێوەیەک ڕووبەڕووی دەبێتەوە کە لەگەڵ سروشتی سیستەمە سیاسییەکەی بگونجێ. بۆیە ڕێگەچارەی سیستەمە دیموکراسییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی شەرعییەت، زۆر جیاوازە لەو ڕێگەچارەیەی سیستەمە نادیموکراسییەکان دەیگرنە بەر. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە لێی تێ بگەین ئەوەیە، کە چۆن سیستەمە نادیموکراسییەکان (دیکتاتۆرییەکان) ڕووبەڕووی قەیرانی شەرعییەت دەوەستنەوە. بە شێوەیەکی گشتی سیستەمە دیکتاتۆرییەکان لە کاتی قەیرانی شەرعییەتدا ئەم ڕێگەیانە دەگرنە بەر:

١- **پشتگوێخستن:** بەو مانایەی وا نیشانی دەدات کە قەیرانەکە بوونی نەبێت و، شایەنی ئەوە نەبێت باسی بکرێت. لێرەدا دەسەڵاتدار وشەی "گێرەشێوێن"، "تێکدەر" و "دەستی بێگانە" بەرامبەر نارەزاییی خەڵک بەکار دێنێت. بەڵام ئەم دۆخە بەردەوام بێت، شۆڕش و ڕاپەڕینی سەرتاسەریی لێ دروست دەبێت. "بەهاری عەرەبی" دیارترین نموونەی ئەو ڕێگەچارەیەی دەسەڵاتی عەرەبی بوو، بەرامبەر قەیرانی شەرعییەت گرتیانە بەر.



سەرچاوە
Serchawe

**٢- سەرکوتکردن:** لەم دۆخەدا دەسەڵاتی دیکتاتۆر پەنا بۆ بێدەنگکردنی دەنگە ناڕازییەکان دەبات و دەیانخاتە زیندانەوە. ڕەنگە بەم هەنگاوە ماوەی دەسەڵاتەکەی درێژ بکاتەوە، بەڵام دواجار ڕێگە بۆ شۆڕشێکی خوێناوی خۆش دەکات کە کاریگەرییەکانی ماوەیەکی درێژتر دەمێنێتەوە.

**٣- پەنابردنە بەر جەنگ:** بەشێکی زۆری دەسەڵاتدارە نادیموکراسییەکان لە کاتی قەیرانی شەرعییەتدا، پەنا دەبەنە بەر سەرقاڵکردنی هاووڵاتی و کۆمەڵگە بە جەنگێکی بێدەرباز؛ وێنایەک دروست دەکەن کە وڵات لە بەردەم پارچەبوون و هەڕەشەی داگیرکردندایە. لێرەدا دیکتاتۆر دوو ئامانج دەپێکێ: یەکەمیان سەرنجی هاووڵاتیان لەسەر قەیرانەکە لا دەبات؛ دووەمیان بردنەوە لە جەنگ وەک سەرچاوەیەکی نوێی شەرعییەت دەناسێنێت.

**٤- وێنەیەکی شێواوی دیموکراسی:** دەسەڵاتی سیاسی، دەست بە هەندێ چاکسازیی کاتی دەکات، حزبی کارتۆنی دروست دەکا، هەڵبژاردنی ساختە ئەنجام دەدات و، خۆی براوەی یەکەم و کۆتا دەبێت. لە بەرامبەردا دەرگە بەسەر ئازادیی ڕاستەقینە دادەخات و پرەنسیپە دیموکراسییەکانیش لە بەردەم هاووڵاتیان ناشرین دەکات؛ وەک ئەوەی ئێستا دەسەڵاتدارانی تورکیا و ئێران ئەنجامی دەدەن.

### مێژووی عێراق: قەیرانی شەرعییەت

هەندێ لە وڵاتان لە ئاکامی ڕێککەوتنێکی بەرژەوەندیخوازی نێودەوڵەتییەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەسەڵاتێکی ناشەرعییان هەیە و بە کۆمەڵگەکەی خۆیان نامۆن؛ عێراقیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەرژەوەندیی نێوان وڵاتان ئەو وڵاتەی بۆ دروست کردووە. بۆیە لە هەموو وێستگە و قۆناغە جیاوازەکان سەرەڕای جیاوازی لە سروشتی سیستەمە سیاسییەکەی، کەچی دەسەڵاتی سیاسی بۆ حوکمڕانیی کۆمەڵگە فرەییەکەی عێراق، بنەمایەکی تەندروستی نەبووە. هەر لە سەرەتاوە پێدانی ناسنامەیەکی عەرەبی و ئیسلامی، قەیرانێکی بنەڕەتیی لە شەرعییەتی دەسەڵات و سەروەریی عێراق دروست کرد. شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرخودانە بەردەوامەکانی پێکهاتە جیاوازەکان، باشترین بەڵگەی ئەو قەیرانەن. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە سەرچاوە و بنەماکانی شەرعییەتی دەسەڵاتی سیاسی لە قۆناغە جیاوازەکانی عێراق، پێویستە جۆرێک لە ڕیزبەندی بۆ ئەو قۆناغانە بکەین:

**١- سەردەمی پاشایەتی:** ئەو کاتەی عێراق دروست کرا و هەر سێ ویلایەتی بەسرا و بەغدا و مووسڵ بەیەکەوە لکێنران، کەسێکیان لە دەرەوەی عێراق هێنا کە لە بنەڕەتەوە خەڵکی ناوچەکەیش نەبوو و، کردیان بە پاشای عێراق. کەواتە لەو

قۆناغەدا دەسەڵاتی سیاسی، شەرعییەتی خۆی لە پاشایەتیی دەسەڵاتەوە وەرگرتبوو. ڕاستە ئەنجومەنێک لەسەر شێوەی پەرلەمان بۆ نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکان هەبوو، بەڵام بەڵگەنامەکان پێمان دەڵێن کە ئەوانە جگە لە نوێنەرایەتیی خۆیان، نوێنەرایەتیی هیچ کەسێکیان نەکردووە. هەر لەو قۆناغەدا دوای ئەوەی دەسەڵات لە کوڕەوە بۆ باوک گواسترایەوە، شەرعییەتی دەسەڵات ڕەهەندێکی دیکەی وەرگرت، ئەویش بنەمای خێزانییە بۆ شەرعییەت. بەڵام ئەو گواستنەوە خێزانییەی دەسەڵات قەیرانێکی بنەڕەتیی لە شەرعییەت دروست کرد؛ بە شێوەیەک کە ناڕەزایییەکانی خەڵک گەیشتە لووتکە و، دوای چەندین شۆڕش دواجار پاشا و خانەوادەکەی لە عێراق ڕیشەکێش کران. بەڵام هەرگیز ئەمە مانای ئەوە نییە کە قەیرانی دەسەڵات و شەرعییەت لە عێراق کۆتاییی پێ هاتبێت.

٢- **لە قۆناغی یەکەمی کۆماریدا،** کە عەبدولکەریم قاسم سەرۆکایەتیی دەکرد، شەرعییەتی دەسەڵات لەو شۆڕشەوە هاتبوو کە لە دژی پاشایەتی و دەرەبەگی بەرپا کرا. یەکەمین کار ئەو تاقمە نوێیە ئەنجامی دا، بریتی بوو لە هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنە خۆجێیییە هەڵبژێردراوەکان. دەتوانین بڵێین ئەمە سەرەتایەکی ترسناک بوو بۆ حوکمڕانیی سەربازی لە سەرانسەری عێراق، کە دواتر ئەوە بووە عورفێک بۆ هەموو حوکمڕانە یەک لە دوای یەکەکان. هەرچەندە سەرەتا جۆرێک لە کرانەوە بەرامبەر پرسی کورد هەبوو بەڵام دواتر هاوکێشەکان بە شێوەیەک گۆڕان کە شۆڕشی ئەیلوول، بووە کارێکی پێویست. شۆڕش و بزووتنە پارتیزانەکان لە ئاکامی ئەو قەیرانەوە دروست بوون کە دەسەڵاتی سیاسیی عێراقی لە ڕووی شەرعییەتەوە دوچاری بوو.

٣- **شۆڕش بەسەر شۆڕشدا،** یان کودەتا بەسەر کودەتادا، نیشانەی ئەو قۆناغە بوو کە تێیدا بەعسییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست و هەموو جۆرە ستەمکارییەکیان بەسەر کۆمەڵگەی عێراقیدا تاقی کردەوە. هاتنی بەعس سایکۆلۆژیی کۆمەڵگەی عێراقیی بە شێوەیەک گۆڕی کە متمانەی نێوان خەڵک و دەسەڵات بەتەواوی لەناو بچێت. بۆیە قەیرانی شەرعییەت گەیشتە ئەو ئاستەی کە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش خۆی بخاتە سەرووی ئیرادەی خەڵکەوە و ببێتە سەرچاوەی بڕیار و یاساکان. سەددام حسێن نموونەی ئەو دیکتاتۆرەیە کە شەرعییەتی خۆی لەو وەهمە وەرگرتبوو کە پێی وابوو کە ئەو ڕزگارکەر و پارێزەری کۆمەڵگەی عێراقییە؛ بۆیە دەبێت تا کۆتاییی ژیانی، هەر خۆی حوکمڕانی بکات. دیکتاتۆر بۆ ئەوەی خۆی لە قەیرانی شەرعییەت دەرباز بکات، کۆمەڵگە و دەوڵەت دەخاتە جەنگێکی بێدەرەبازەوە. جەنگی عێراق و ئێران، ئەوەندەی جەنگی دەربازبوون بوو لە قەیرانی شەرعییەت، ئەوەندە جەنگی سەرکەوتن و شکست نەبوو. هەشت ساڵی ئەو جەنگە جگە لەوەی پایەکانی دیکتاتۆرییەتی قایم کرد، لە هەمان کاتدا دەرفەتی چاکسازیی لە ڕێگەی دیموکراسییەوە زۆر لاواز کرد. دوای کۆتاییهاتنی ئەو جەنگەیش، دۆخی حوکمڕانی لە عێراق ئاڵۆزتر بوو و، جەنگی کەنداو و دارمانی ئابووریی لێ کەوتەوە.

**٤- دوای پرۆسەی ئازادی،** عێراق بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاوی نا: قۆناغی کرانەوەی دیموکراسی و شەرعییەتی دیموکراسی بۆ دەسەڵاتی سیاسی. هەوڵ درا بناغەکانی ئەو کەلتوورە لە دەستووری عێراقدا جێگەی بکرێتەوە، بەڵام لە واقعدا تەواو پێچەوانەی ئەوە بینرا. لە بری ئەوەی قەیرانی شەرعییەت کۆتایی پێ بێت، دەرگەی ناکۆکییەکی دیکە بە رووی کۆمەڵگەی عێراقیدا کرایەوە، ئەویش ململانێ و ناکۆکیی تائیفی و نەتەوەیی نێوان پێکهاتەکان بوو. ئەو ململانێ نوێیە وای کرد، دەسەڵاتی سیاسی، شەرعییەتی خۆی لە هاوسەنگیی نێوان ئەو پێکهاتانە وەربگرێت، نەوەک لە خزمەتکردن و خۆشگوزەرانیدا؛ ئەمەیش سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ دروستبوونی عێراقێکی تائیفی و خاوەن دەسەڵاتی ستەمکار بە فۆرمێکی نوێ. هیچ یەکێک لەو کابینە حکوومییانەی دوای پرۆسەی ئازادی دروست بوونە، شوێنی ڕەزامەندیی خەڵک نەبوونە، بەڵکوو سیاسەتە دوژمنکارییەکانی حکوومەتی تائیفی، ناڕەزایییەکانی خەڵکی ناوچە سوننییەکانی بە شێوەیەک بەرز کردەوە، کە دواجار "داعش"ی لێ دروست بوو. کابینەکەی جەعفەری و کابینەکەی مالیکی، سەرەتایەکی ترسناک بوو بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوەی قەیرانی شەرعییەتی دەسەڵات. ڕێگەچارەکانی ئەو حکوومەتانەیش بەرامبەر ناڕەزایی خەڵکی کوردستان، دووبارە سەلمێنەری ئەو ڕاستییە تاڵە بوون، کە ستەمکاری بووەتە بەشێک لە زیهنییەتی دەسەڵاتداریی عێراقی عەرەبی.

### عەبادی و گەڕانەوە بۆ شەرعییەتی سەرکەوتن

کاتێک عەبادی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی لە حکوومەتی عێراقی فیدراڵیدا وەرگرت، کابینەکەی پێش ئەو، بەشێکی زۆری خاکەکەی لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا بەرامبەر دەوڵەتی ئیسلامی لەدەست دابوو. کەواتە عەبادی هاتە سەر قۆناغێک کە تێیدا وڵات لە جەنگێکی بێناسنامەدا بوو؛ جگە لەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی گەیشتبووە قۆناغێکی مەترسیدار، بە شێوەیەک کە بوودجەی کوردستان لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە بڕابوو. کەواتە کاری سەرەکیی ئەو کابینە نوێیە، بریتی بوو لە شەڕکردن لەگەڵ داعش. لە پێناو ئەمەدا، پێویست بوو پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێم کەمێک ئاسایی بکاتەوە. دەتوانین بڵێین جەنگی داعش سروشتێکی تایبەتی هەبوو و، لە توانای حکوومەتی عێراقیدا نەبوو بەسەریدا زاڵ بێت؛ بۆیە هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیدانی عێراق بۆ سەرکەوتن لەو جەنگەدا دروست بوو. لە بەرامبەردا پێکهاتەی شیعە ئەو جەنگەی قۆستەوە و، چەندین میلیشیای لەژێر ناونیشانی "حەشدی شەعبی" دروست کرد. جەنگەکە زیاتر لە دوو ساڵی خایاند و کوشتن و ئاوارەبوونی بەشێکی زۆری عێراقییەکانی لێ کەوتەوە. ئەوەی لە سەرەوە باس کرا، دیمەنێکی سەربازی بوو بۆ ئەو چەند ساڵەی تێیدا عەبادی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بووە. بەڵام ئەگەر لە پاڵ ئەمەیشدا بڕوانینە دیمەنە سیاسییەکەی ئەو ماوەیە، دەبینین ململانێی نێوان پێکهاتەکان بەتەواوی پەرەی سەند؛ بە شێوەیەک کە زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی

ڕیفراندۆمێكی دیموكراسییەوە، بڕیاری جیابوونەوەیان لەو عێراقە دا. كەواتە جگە لە جەنگی داعش، ئەو كابینەیەی عەبادی بە هیچ شێوەیەک شوێنی ڕەزامەندیی كوردستانیان نەبووە، بەتایبەت دوای ئەوەی بە فەرمانی عەبادی هەموو جۆرە گەمارۆیەک خرایە سەر هەرێمی كوردستان.

دەتوانین بڵێین سەردەمی كابینەی یەكەمی عەبادی، سەردەمی شكستی كرانەوەی دیموكراسییە لە عێراقی نوێدا، بەتایبەت لە ڕووی قووڵبوونەوەی قەیرانی شەرعییەتی دەسەڵاتەوە. دەسەڵاتێک كە بەشێكی زۆری خەڵكەكەی لێی ڕازی نەبێت، شەرعییەتەكەی دەكەوێتە ژێر پرسیاری جددییەوە. كاتێک زیاتر لە سێ ملیۆن مرۆڤ ئارەزووی نەبێت لەژێر دەسەڵاتی تۆدا بمێنێتەوە، لە بەرامبەر ئەوەدا لەژێر پەردەی یاسا و دەستووردا، ئارەزووی ئەو خەڵكە پشتگوێ بخرێت، ئەوە فۆرمی دەسەڵات گۆرانكارییەكی ڕیشەیی بەسەردا دێت؛ بە شێوەیەک كە ناتوانرێت بە دەسەڵاتێک بگوترێت خاوەن شەرعییەتی دیموكراسی، لە كاتێكدا دژی خواستە دیموكراسییەكانی خەڵكەكەی بێت. بۆیە قەیرانێكی نوێی شەرعییەت لە دەسەڵاتی سیاسی دروست بووە. بەڵام ئەم جارە قەیرانەكە بە پەردەیەكی وەهمیی دیموكراسییەكی تائیفی داپۆشراوە، بۆیە هەموو ئەو ڕێگەچارانەی خراونەتە ڕوو بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە، لە بری ئەوەی ببنە بەشێک لە چارەسەر، بوونەتە بەشێک لە قووڵبوونەوەی قەیرانەكە.

عەبادی لە كۆتایی ماوەی كابینەكەیدا، وەک دەستكەوتێكی سیاسی و مێژوویی، سەركەوتنی بەسەر داعشدا ڕاگەیاند؛ لە كاتێكدا كە هێشتا هزری داعشبوون لە عێراقدا كۆتایی نەهاتووە. ئەوەی لەو ڕاگەیاندنی سەركەوتنەدا ئامانجە سەرەكییە بوو، بریتی بوو لە پێدانی شەرعییەتی سەركەوتن بۆ مانەوە لە دەسەڵات. بۆیە دەبینین هەموو هەنگاوەكانی دوای ئەو ڕاگەیاندنە، ئاماژەیەكن بۆ ڕاستییەكی تاڵ، ئەویش گەڕانەوەی سەركردەیەكە كە خۆی بە فریادڕەسی عێراقییەكان بزانێت و، لەو ڕێگەیەوە حوكمێكی سەربازی بە فۆرمێكی نوێ دروست بكاتەوە. ترسناكترین شەرعییەت بەدەست دیكتاتۆری نوێوە ئەوەیە، هەمیشە شانازی بكات كە وڵاتی لە جەنگێكی ترسناک پاراستووە. بەپوختی گەر بمانەوێت ئەو فاكتەرانە دەستنیشان بكەین كە عەبادی وەک سەركەوتن دەیانناسێنێت و،

**لە هەمان كاتدا وەک سەرچاوەیەكیش بۆ شەرعییەتی دەسەڵاتەكەی وێنای دەكات، بریتین لە:**

**١- سەركەوتن بەسەر دەوڵەتی ئیسلامی:** لە كاتێكدا گەر هێزو توانا سەربازییەكانی هاوپەیمانان و بوێری و ئازایەتیی پێشمەرگە نەبووایە، سەركەوتن بەسەر داعشدا كارێكی ئەستەم بوو. بەڵام دواجار عەبادی خۆی وەک پاڵەوانی ئەو جەنگە ناساند؛ لەوێشدا ئەمریكییەكان بە هەموو شێوەیەک پاڵپشتییان كرد. ئەم سەركەوتنە سەربازییەی عەبادی، لە



سەرچاوە
Serchawe

داهاتوویەکی نزیکدا عێراق دەگەڕێنێتەوە بۆ حوکمڕانیی سەربازی، تەنانەت لە بچووکترین کێشە و ململانێی سیاسییشدا حکوومەتی ناوەندی شەرعییەت بە خۆی دەدات سوپا بجووڵێنێت. بانگەشەکردن بۆ جووڵاندنی سوپا بۆ پاراستنی خۆپێشاندەرانی سنووری سلێمانی، سەرەتایەکی ترسناکی دەرکەوتنی حکوومەتی سەربازییە لە عێراقی عەبادیدا.

٢- **ڕێگەگرتن لە هەڵوەشانەوەی عێراق:** لەشکرکێشیی عەبادی بۆ سەر خاکی کوردستان و ئاوارەکردنی خەڵکەکەی بە بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق، ترسناکترین هەنگاو بوو بۆ گەڕانەوەی حوکمی دیکتاتۆری بۆ عێراقی نوێ. بەکارهێنانی ئامرازی سەربازی بۆ ڕێگەگرتن لە پرۆسەیەکی دیموکراسی، هەر لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێت، دواجار بەشێکە لە ڕوخسارەکانی حوکمڕانی دیکتاتۆر. عەبادی لەو هەنگاوەدا، توانیی سۆزی عەرەبەکان بۆ خۆی ڕابکێشێ، کە هەموویان لەناخەوە دژی داواکارییە ڕەواکانی کوردن. لەو سۆزەوە سەرچاوەیەکی نوێی بۆ شەرعییەتی دەسەڵاتەکەی دۆزیوەتەوە؛ تەنانەت وڵاتانی دراوسێ و ئەمریکایش لەم کارەدا پاڵپشتیی دەکەن. لەم دۆخەدا عەبادی وای نیشان دەدات کە مانەوەی ئەو لە لووتکەی دەسەڵات، گەرەنتییەکە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق.

٣ - **بانگەشە بۆ چاکسازی:** عەبادی لە هەموو ئەو وتارانەی هەفتانە بۆ دەزگەکانی ڕاگەیاندن دەیدا، باس لەوە دەکات کە پێویستە گەندەڵکاران بە هەموو شێوەیەک لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت و ڕووبەڕووی دادگەیەکی دادپەروەرانە ببنەوە. بەڵام ئەم هەنگاوەی عەبادی، تا ئێستا لە ئاستی بانگەشەی پێشوەختی هەڵبژاردن ماوەتەوە؛ لە پاڵ ئەوەیشدا دەیەوێت بە عێراقییەکان بڵێت من پاکترین سەرکردەی هاوچەرخی عێراقم و دەتوانم لە گەندەڵکاران ڕزگارتان بکەم. بەڵام لە ماوەی کابینەکەی عەبادیدا، عێراق چەند پلەیەک لە ڕیزبەندی شەفافییەتی جیهانی چۆتە پاشەوە و، ئێستا نزیکە لەوەی ببێتە یەکێک لەو پێنج وڵاتەی کە لە دواوەی ئەو ڕیزبەندییەوەن. نمایشی ئەنجامدانی چاکسازی بۆ شەرعییەتی دەسەڵات، نمایشی هەموو ئەو سەرکردانەیە کە دەیانەوێت پەردەیەکی مەدەنی بەسەر کارە سەربازییەکاندا بدەن

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ٦ی جانیوێری ٢٠١٨

## داهاتووی تیرۆر



**پیتەر بێرگن***

به پێی ئەو تۆمارانەی ساڵی ٢٠٠٢ لە بۆسنە دۆزرانەوە، ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە مانگی ئابی ١٩٨٨دا دروست بووە، ئەو کاتە ئوسامە بن لادنو چەند پیاوێکی تر لە پیشاوەری پاکستان کۆبوونەوەو باسیان دامەزراندنی ڕێکخراوەکە کرد.

سەرجەم ئەو پیاوانەی قاعیدەیان دامەزراند بەشداری جیهادیان دژی سۆڤێت کرد، بەڵام دوای تەواوبوونی ئەو شەڕە حەزیان دەکرد گۆڕەپانی شەڕ بگوێزنەوە. ئەو تۆمارانەی دۆزراونەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە ١٠ی ئەیلوولی ١٩٨٨وە دەستی بە کار کردووەو ئەو کاتە ئەندامەکانی ١٥ پیاو بوون. کە واتە ئێستا ئەلقاعیدە یادی ٣٠ ساڵەی دامەزراندنی دەکاتەوە، هەرچەندە وەک جاران توانای ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی گەورەی هاوشێوەی هێرشەکەی ١١ی ئەیلولی نەماوە، بەڵام چەکداری ماوەو لە ئەفغانستانو باکوری ئەفریقاو پاکستانو سوریاو یەمەن بڵاو بوونەتەوە.

٣٠ ساڵ ماوەیەکی کەم نییە، کە گروپێکی تیرۆریستی توانیبێتی بمێنێتەوەو بەرگەی ئەو هەموو هێرشە توندانەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بگرێت. بەڵام قاعیدە توانی بمێنێتەوەو وا دیارە خەمزە بن لادن-ی یەکێک لە کوڕەکانی ئوسامە بن لادن ئامادە دەکات بۆ ئەوەی ببێتە سەرکردەی ڕێکخراوەکە. حەمزە وا تەمەنی لە ٣٠ ساڵ نزیک دەبێتەوەو چەند جارێکیش لە ڤیدیۆکانی ئەلقاعیدەدا دەرکەوتووە.

حەمزە سیمایەکی گەنجانە دەداتە ڕێکخراوەکە، لەبەر ئەوەی جێگەی ئەیمەن زەواهری دەگرێتەوە، کە تەمەنی لە حەفتا ساڵ نزیک بۆتەوە. دوای پرۆسەی ئازادی عیراق، ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی عیراق سەری هەڵدا کە لە منداڵدانی قاعیدە ئەسڵییەکەوە هاتبوو. دوای ١٠ ساڵ گۆڕا بۆ ڕێکخراوی داعش. ئەو کاتەی لەوپەڕی گوڕو تینیدا بوو دەستی بەسەر خاکێکی

زۆردا گرت، کە بە ئەندازەی بریتانیا دەبوو، ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەش بە ئەندازەی ژمارەی دانیشتوانی سویسرا دەبوو.
بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە، ئێستا ئاڵا رەشەکەی داعش لە هیچ شارێکی عیراق نابینیت، لە سوریاش چەند ناوچەیەکی بچووکیان بە دەستەوەیە، لەدەستدانی ئەو هەموو ناوچەیە، شەقەزللەیەکی بەهێز بوو بۆ داعش، چونکە دەیوت خەلافەتی ئیسلامی راستەقینەی دامەزراندووە. لەو پەڕی گوڕوتینیدا داعش توانی هەزارو ٥٠٠ چەکداری بیانی بۆ لای خۆی رابکێشێت، ئەو کات خەڵکی بیانی بە لێشاو لە هەموو لایەکی دنیاوە دەهاتن بۆ ناو داعش، بەڵام ئێستا ژمارەی ئەو چەکدارە بیانیانەی دێنە ناو داعش نزیکە لە سفر، لەبەر ئەوەی کەس حەز ناکات بچێتە ریزی لایەنی دۆڕاوی شەڕەوە.

هەرچەندە ئەمڕۆ وێنەی داعش بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت، بەڵام هێشتا نیشانەی بوونی کۆمەڵێک کێشەی قوڵ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو ئەوروپاشدا، ئەو جۆرە کێشانە بڕانەوەیان نییە، ئەگەریشی هەیە ئەو کێشانە زەمینە بڕەخسێنن بۆ دروستبوونو سەرهەڵدانی داعشێکی تر لە داهاتوودا، یان هاوشێوەیەکی داعش جا هەر ناوێک بێت.
لەو کێشە قوڵانەی لەناوچەکەدا هەنو ئاڵۆزییان ناوەتەوە، کێشەی نێوان وڵاتانی کەنداوو ئێرانە، هەروەها سەرهەڵدانی داعش لە منداڵدانی شەڕی ناوخۆی سوریاوە، جگە لەوەش رووخانی هەندێک لە حکومەتەکانی وەک لیبیاو یەمەن، پاشان سەرهەڵدانی داعش لەو وڵاتانەدا کە ئیلام بوون بەڵام لاواز بوون. لاوازیی لایەنی ئابووری وڵاتە عەرەبییەکانیش هێندەی تر کێشەکانی قوڵ کردەوە، سەرەنجام شەپۆلێکی بێوێنەی پەنابەرانی ئەو وڵاتە لاوازانە رووی کردە ئەوروپا، پەنابەری موسوڵمانیش ناتوانێ تێکەڵ بە کەلتووری خۆرئاوا بێت، لەبەر ئەوە گەنجەکانیان زیاتر روو دەکەنە جیهاد، سەرهەڵدانی پارتە نەتەوەییە توندڕەوەکانی ئەوروپاش ئەو هەستەی لای گەنجانی موسوڵمان بەهێزتر کرد.

هەموو ئەو هۆکارانە پێکەوە لە توانایاندا هەیە شەپۆلێکی تری تیرۆر دروست بکەن، رەنگە وەک داعش بەهێز نەبێت، بەڵام دەتوانێ کێشە بۆ خۆرهەڵاتو ئەوروپاش دروست بکات. پێدەچێ هاوشێوەکەی داعشی داهاتوو هەمان شێوازی داعش لە راکێشانی ئەنجامو بەکارهێنانی سایتە کۆمەڵایەتییەکان بەکار بهێنێتو وەک تاکتیکیش هێرش کردن لە رێگەی شێلانی خەڵک بە ئۆتۆمبێل زیاد دەکەنو بۆمبی برۆکسیدی هایدرۆجین دروست دەکەنو خەڵکی پێ دەکوژن، چونکە ئەو ماددانە ئاسان دەست دەکەون، هەروەها فرۆکەی بێ فرۆکەوان بەکار دەهێنن، کە بەرپەرچدانەوەی ئاسان نییە.

* جێگری سەرۆکی دامەزراوەی ئەمریکای نوێو خاوەنی حەوت کتێب سەبارەت بە شەڕی ئەفغانستانو پسپۆڕی بواری تیرۆر لە کەناڵی سی ئێن ئێن. دامەزراوەی ئەمریکای نوێ * ئەلشەرق ئەلئەوسەت

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## ئایا داعش سەر هەڵدەداتەوە؟



بورهان شێخ ڕەئوف

هەرچەندە دۆناڵد ترەمپی سەرۆکە ئەمریکا ڕایگەیاند کە هێزەکانی وڵاتەکەی لە سوریا دەکێشێتەوە دوای ئەوەی سەرکەوتنیان بەسەر تیرۆریستانی داعشدا بەدەستهێنا و ئەو ئامانجەی کە بۆی هاتبوون بە دەستیان هێنا بەڵام لەسەر زەوی ڕاستیەکان شتێکی ترمان پێدەڵێن هێشتا لەزۆر شوێن و ناوچەی سوریاو عێراق جموجووڵ و چالاکی یان هەیە. بەڵێ ڕاستە ڕەقەی پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ئازادکرا و ئەو ئیستراتیجیەتەی کە هەردوو سەرۆکی ئەمریکا باراک ئۆباماو دواتر دۆناڵد ترامپ سەرکردایەتیانکرد بۆ لەناوبردنی تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی بە شێوەیەکی کاتی ونیمچە ناتەواو سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەڵام گەلێک فاکتەر هەبوون کە زەمینەیان خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی بیرو ڕەوتی توندڕەوی لە ناوچەکەدا هەموو ئەو فاکتەرانە بەئێستاشەوە ماون و زەمینە زیاتر لە بارە بۆ گەشەکردن و نەشونماکردنیان.

وڵاتێکی وەکو سوریا کە هەشت ساڵی ڕەبەقە شەڕو شۆڕشە نزیکەی دوازدە ملیۆن کەس لە دانیشتوانەکەی ئاوارەو دەربەدەری ولاتانی جیهان بوون کە بە شی زۆریان لە تورکیا و لوبنان و ئوردن و عێراق و بەشیکیشی لە وڵاتانی ئەوروپان بە تایبەتی ئەڵمانیا کە ڕاوێژکارەکەی خاتوو ئەنگیلا مێرگل دەرگای بۆکردنەوە سەرەڕای ڕەخنەو گلەیی زۆرێک لە خەڵک و حزبە ئۆپۆزەسیۆنەکانی وڵاتەکی خاوەنی ئەو وتە بەناوبانگەیە وتی خەڵکی لە سوریا و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە دێن بۆ لای ئێمە دەرگایان لێنەکەینەوە لە کاتێکدا نارۆن بۆ مەککەو مەدینە. هەروەها زیاتر لە نیو ملیۆن کەس بوونەتە قوربانی و کوژراون جگە لەوەی بەشێکی زۆر شارە گەورەکانی ئەو وڵاتە خاپورو وێران بوون و ژێرخانی ئابوری داڕوخاوە بە تایبەتی.

بەشی پێنجەم

لە ڕووی سیاسیەوە بوونی هێزی دەرکی ڕوسی و ئێرانی و تورکی لە سەر خاکی سوریا مایەی نیگەرانیە بۆ خەڵکەکەی لە کاتێکدا زۆربەی عەرەبی سوریا سوونی مەزهەبن و بوونی هێزی ئێرانی شیعە مەزهەب بە شەرمەزارییەکی گەورە دەزانن و بوونی سوپای تورکیا لە ناوچە کوردنشینەکانی سوریا بە هەمان شێوە بۆ کوردەکانی سوریا مایەی نیگەرانی و بێزاری یە لە لایەکی ترەوە بوونی هێزەکانی حزبوڵاو ئێران لە نزیک سنوورەکانی ئیسرائیل مایەی نیگەرانی و نارەزایەتی ئیسرائیل و ئەمریکاشە چونکە یەکێک لە ئامانجەکانی بوونی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوین پاراستنی ئاسایش و بەرژەوندییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلە.

هەموو ئەو هۆکارو فاکتەرانە یارمەتیدەر دەبن بۆ ئەوەی ڕەوتێکی توند ئاژۆی تر بە مۆدێل و ڕیتمێکی نوێتر و توندڕەوتر لە داعش و ئەلقاعیدە سەرهەڵبدەن و کارو کردەوەی زۆر لەوانی پێش خۆیان ئەنجام بدەن.

لە هەمانکاتدا بڕیارەکەی ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە سوریا هەرچەندە تا ئێستا کشانەوەیەکی زۆر کەم بە ژمارەو ئامێرەکان کراوەو بە هەوڵی بەشێکی زۆر لە وەزیرو ڕاوێژکارانی ئیدارەی ئەمریکاو تەنانەت کۆنگریسمانەکانیش پێناچێت وا بە خێرایی ڕوبدات بە تایبەتی لە دوای گەشتەکانی جۆن پۆڵتن و مایک بۆمبیۆ بۆ وڵاتانی ناوچەکە دڵنییان دا کە دۆست و هاوپەیمانەکانیان بە تەنیا جێناهێڵن , بەڵام لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر ئەمریکا بە تەواوی هێزەکانی بکێشێتەوە ئەوە هێندەی دی دۆخەکە نالەبارتر دەبێت و هێزەکانی بەشار ئەسەد بە هەر شێوەیەک بێت وەکو خۆیان وتیان بە شەڕ بێت یان بە ئاشتی دەگەڕێینەوە بۆ هەموو ناوچەو شارەکان.

لەلایەکی ترەوە هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) کە تاکە هاوپەیمانی سەرەکی ئەمریکا بوون لە سوریا بەر شاڵاوێکی توندی سوپای تورکیا دەکەون و هەڕەشەکانی وەزیری بەرگری تورکیا خەلوسی ئاکار لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا باشترین بەڵگەن.

تا ئێستا زۆر بە کورتی باسی داعشمان کرد لە سوریا بەڵام وەکو دیارە هەر بە ناوەکەیدا دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق وشامە و یەکەمجارە لە دوای سەد ساڵ لە سایکس بیکۆ هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش قوولەکانی چاودێری سنووری نێوان عێراق و سوریایان تێکداو لە بەریەکیان هەڵوەشاندەوە و ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەیان لە مزکەوتی نور لە موسڵ دەوڵەتەکەیانی ڕاگەیاند.

بەڵی داعش لەماوەی ڕابردودا جموجوڵی خێراو بەرچاویان لەزۆر لە ناوچەکانی باشووری کەرکوک و دیالەو حەمرین و

**بەشی پێنجەم**

بیابانەکانی ڕومادی خۆرئاوای عێراق موسڵ دەستپێکردووە تەنانەت باسی سەرهەڵدانی ڕەوتێکی نوێ دەکەن بەناوی (حراس الدین) کە لە داعشە ئیگۆر و بیانیەکان بە زۆری پێکهاتوون.

دۆخی سیاسی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٣٠ - ٩ - ٢٠١٨ زۆر ئاڵۆزتر و پڕ قەیرانتر بووە حکومەتی نوی دوای چەند مانگێک هێشتا وەزارەتەکانی پڕنەکردۆتەوە دۆسیەکانی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری و کێشەکانی نێوان هەرێم کوردستان و حکومەتی ناوەندی و جێبەجێ نەکردنی دەستوورو بوونی میلیشیا جیاجیا وئاوەدان نەکردنەوەی ناوچە وێران و خاپوربووەکانی شەڕی داعش و بوارنەدان بە گەڕانەوەی ئاوارەکانی ناوچە سوونیەکان لە لایەن میلیشیاتەکانی حەشدی شەعبی و بەتایبەتی پشتێنەی بەغداد هەموو ئەمان هۆکارو پاڵپشتن بۆ سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی داعش و لە داعش دڕندەتریش.

لە هەمووی گرنگتر و مەترسیدارتر شکستی حزب و لایەنەکانی ئیسلامی سیاسی بە شیعەو سوونەوە لە بەڕێوەبردنی وڵاتداو داننەنان بەو ڕاستیەدا و پشت بە ستن بە گزی و فرتو فێڵ لە هەڵبژاردنەکان و هەموو ئاوات و ئومێدێکی خەڵکی عێراقیان زیندە بە چاڵ کرد تا کار گەیشتە ئەوەی شارێکی زیندووی وەکو بەغداد کەمتر لە سەدا سی بەشداری هەڵبژاردنیان کرد.

خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکی چەند مانگی پێشووی بەسرەی دووەم گەورە شاری عێراق باشترین گەواهین بۆ بێزاری و نیگەرانی خەڵکی ئەم وڵاتە بۆیە پێشبینی دەکرێت ئەگەرچاکسازی خێراو گوێ لە گلەیی و گازندە ڕەواکانی خەڵک نەگیرێت ئەوا زۆر ڕەوتی توندئاژۆ مەترسیدار سەرهەڵبدەن و ئەو کات تەڕو وشک بەیەکەوە بسوتێنن.

لە کۆتاییدا ڕاستییەک هەیە دەبێت هەموو کاربەدەستانی ناوچەکەو زلهێزەکانیش پەی پێ ببەن و بیزانن ئەوەیە کە لە ناوبردنی تیرۆر و توندڕەوی هەر بە سوپاو ڕۆکێت و فرۆکەو تانک ناکرێت بەڵکو ریفۆرم و چاکسازی پێویستە لە هەموو سکتەرە گرنگەکانی بەڕێوەبردن چ دادپەروەری و شەفافیەت و مافی کەمینە نەتەوەیی و ئتنیکەکان و دابینکردنی هەلی کارو خزمەتگوزاری ئاسایش و سەقامگیری پاراستنی شکۆو کەرامەتی ئینسان بە یەکسانی.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٨ی جانێوێری ٢٠١٩**



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی پێنجەم**

## شانە نوستوەكانی داعش، مەترسییەک لەبەر دەرگا




### ماڵپەڕی سبەی

لەكاتێكدا هەزاران هاوڵاتی مەدەنی لە دوا ناوچەكانی ژێردەستی داعش لە دێرەزور خۆیان دەرباز دەكەن، چەكدارانی داعش هەوڵدەدەن خۆیان بخزێننە ناو كاروانی ئاوارەكانەوە، ئەوەش مەترسیەكی بەردەوام لەدوای خۆی جێدەهێڵێت.

ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی جزیرە بۆ كۆنترۆڵكردنەوەی دوا مۆڵگەكانی داعش لە دێرەزور لە قۆناغی كۆتاییدایە، بەڵام شەڕڤانانی سوریای دیموكرات روبەڕوی گەورەترین و ئاڵۆزترین مەترسی بونەتەوە، ئەویش رێگریی كردن لە دەربازبونی دەیان چەكداری داعشە كە بەناوی ئاوارەوە لە رێڕەوە مرۆییەكان دەگەیەندرێنە ناوچە ئارامەكان.

### بازرگانانی ئێزیدییەكان خۆیان دەرباز دەكەن

بەپێی چەند سەرچاوەیەكی هەواڵ، زۆرینەی ئەو چەكدارانەی كە هەوڵدەدەن خۆیان بگەیەننە ناوچە ئارامەكانی ژێر دەستی هێزەكانی سوریا دیموكرات، چەكدارە عێراقییەكانن كە پێشتر لە سەروبەندی كۆنترۆڵكردنەوەی موسڵدا خۆیان گەیاندوەتە سنوری عێراق و سوریا و دواتر گواستراونەتەوە بۆ هەجین و باغۆز و سوسە لە پارێزگای دێرەزوری سەرسنور.

هەر ئەو سەرچاوانە ئاشكرایان كردوە؛ بەشێكی زۆری ئەو چەكدرانە برێكی زۆر پارەی دۆلاریان پێیە، كە زۆرینەیان لە فرۆشتنی كچان و ژنانی ئێزیدییەوە دەسیانكەوتوە بەتایبەت دوای داگیركردنی شەنگال و رفاندنی زیاتر لە (٣٥٠٠) كچ و ژنی ئێزیدی لەو شارە و دەوروبەری لە مانگی ئابی ساڵی (٢٠١٤).

چەند شایەتحاڵێک کە گەیەندراونەتە کامپی هۆلی ژێر دەستی شەڕڤانانی سوریای دیموکرات ئاشکرایان کردوە؛ ژمارەیەک چەکدار خۆیان خزاندوەتە ناو کاروانی ئاوارەکانەوە و ئێستاش کامپەکەیان لەژێر چاودێرییەکی ئەمنی توندایە بۆ بەرگرتن لەهەر خۆ رێکخستنەوەیەکی ئەو گروپە لەناو کامپی ئاوارەکاندا.

### داعشە بیانییەکان مەترسیین

سەرەڕای ئەو مەترسییانە، گرفتێکی دیکەی شەڕڤانان ئەو چەکدارە بیانیانەی داعشە کە لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکاندا دەستگیرکراون و ژمارەیان زیاتر لە (١٠٠٠) چەکداری بیانییە کە هەڵگری رەگەزنامەی (٤٠) وڵاتی جیاوازن و بەشێک لەو وڵاتانە ئامادەنین وەریانبگرنەوە یان بیانگەڕێننەوە وڵاتەکانیان و دادگاییان بکەن.

ریاز دەڕاڕ، هاوسەرۆکی ئەنجومەنی سوریای دیموکرات (مەسەدە) رایگەیاندوە: شەڕی داعش بەمنزیکانە لەسەر زەوی کۆتایی دێت، بەڵام مەترسی دیکە بەرێوەیە، ئەویش بونی دەیان شانەی نوستوی ئەو گروپەیە کە بەشێکیان بەناوی ئاوارەوە خۆیان لەبەرەکانی شەڕ دەربازکردوە و ئێستا لەناو شار و کامپەکاندا بڵاوبونەوەتەوە، ئەوەش پێویستیی بە هەماهەنگی هەواڵگریی هەمەلایەنە هەیە، چونکە مەترسییەکە سەرانسەریی و لەهەمو کونجێکی جیهان هەن و هەوڵی خۆرێکخستنەوە دەدەن.

### دێرەزور، هەناردەکاری شانە نوستوەکان

روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوی کردەوە؛ لە رۆژانی (١٦) و (١٧)ی ئەم مانگەدا کە روبەڕوبونەوەی سەخت لەنێوان شەڕڤانانی هەسەدە و چەکدارانی داعش بەردەوام بو، (٢٢٠٠) کەس کە زۆرینەیان ژن و منداڵ بون، لە دوا ناوچەکانی ژێر دەستی داعش لە پارێزگای دێرەزور و رۆژهەڵاتی روباری فورات لە رێڕەوێکی پارێزراوەوە گەیشتنە ناوچەکانی ژێردەستی شەڕڤانانی هەسەدە و گومان هەیە زیاتر لە (١٨٠) کەس لەو ئاوارانە چەکدارانی داعش بن و خۆیان خزاندبێتە ناو کاروانی ئاوارەکانەوە، کە بەرەو کەمپێکی تایبەت بە ئاوارەکان لەناوچەی هۆل گواستراونەتەوە.

رامی عەبدولڕەحمان، بەرێوەبەری روانگەی سوری بڵاوی کردەوە؛ لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی رابردوەوە زیاتر لە (٢٠) هەزار کەس لە ناوچەکانی هەجین و دێرەزورەوە ئاوارە بون لەناویان ژمارەیەک هاوڵاتیی عێراقی و روسی و سۆماڵی هەن، کە گومان دەکرێت پێشتر چەکداری داعش بون و بەناوی ئاوارەوە خۆیان لەناوچەکانی ژێر دەستی ئەو گروپە رزگار کردبێت.



سەرچاوە Serchawe

وتیشی: "تەنها لەم هەفتەیەدا (٥٣٠٠) کەس ئاوارە بون و ئەگەر هەیە (٥٠٠) کەسیان چەکداری داعش بن".

### مەکگۆرک: داعش زیانی بەبەردا دێتەوە

برێت مەکگۆرک، نوێنەری پێشوی سەرۆکی ئەمەریکا لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، کە لە کاردانەوەی بڕیارەکەی ترەمپ لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە سوریا دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە، لە وتارێکدا کە لە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاوی کردوەتەوە، ئاماژەی بەوەکردوە؛ ترەمپ بێ گفتوگۆ و وەرگرتنی راوێژ لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان و تەنانەت کۆنگرێس و بێ هەڵسەنگاندن و شیکاریکردنی راستیەکانی ئەنجامەکان ئەو بڕیارەی داوە و ئەو بڕاردەیەش هەلی سەرهەڵدانەوە و کردنەوەی گیان بە بەری داعش و دوژمنەکانی دیکەی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەدات.

مەکگۆرک پێیوایە؛ ترەمپ پێشبینی دەکات تورکیا شەڕی کۆتایی داعش بکات، بەڵام ئەو ناوچانەش کە تورکیا بانگەشەی کۆنترۆڵ کردنیان دەکات لە ئیدلەب و باکوری رۆژهەڵاتی سوریا لە ئایندەدا دەچێتە ژێر دەستی قاعیدە.

### هەسەدە: مەترسیی داعش ماوە

رێدور خەلیل بەرپرسی پەیوەندییەکانی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) رایگەیاند: هێشتا مەترسی داعش ماوە لەو ناوچە کەمانەی بەدەستیەوەن لەسەر سنوری عێراق و دەڵێت: "تەقینەوەکەی مەنبج نیشاندەری ئەوەیە کە تائێستا مەترسی داعش بەردەوامیی هەیە، هەسەدەش پێداگرن لەسەر کۆتایی هێنان بەو رێکخراوە تیرۆریستیە".

ئاماژەی بەوەشکردوە؛ هەر کشانەوەیەک پێش کۆتایی هاتنی ئەرکە سەرەکییەکە کە کۆتایی هێنانە بەداعش، هەلی ئەوە دەداتە رێکخراوەکە بە هاوکاری لایەنی دیکە کە نایانەوێت سەقامگیری لە سوریا بەدی بێت، سەرهەڵبداتەوە، ئەوەش مانای شکستی هەمو هەوڵەکانی چەند ساڵی رابردوە.

### (١٥) کیلۆمەتری کۆتایی

بەپێی دوایین زانیارییەکان چەکدارانی داعش تەنها لە (١٥) کیلۆمەتر چوارگۆشە لە شارۆچکەی باغۆز فەرقانی و چەند گوندێکی رۆژهەڵاتی فورات لە پارێزگای دێرەزور گەمارۆدراون و بونی ژمارەیەکی زۆر مینی چێنراو لەمپەری سەرەکیی بەردەم پێشڕەوییەکانی شەڕڤانانن بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی دوا مۆڵگەکانی داعش لە سوریا، کە بە پاڵپشتی هاوپەیمانی

## بەشی پێنجەم

نێودەوڵەتی دژی داعش لەمانگی ئەیلولی ساڵی رابردووەوە دەستیان پێکردوە، سەرەڕای پاڵپشتی ئاسمانیی، چەند یەکەیەکی تایبەت و تۆپخانەی ئەمەریکا و فەڕەنسا و بەریتانیا هاوشانی شەڕفانانی هەسەدە بەشدارن لە ئۆپەراسیۆنەکاندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ١٩ی جانیۆیری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## لەبارەی داعشەوە



### ئاسۆ کەریم

ئاسۆ کەریم، نووسەر، وەرگێڕ و پەرلەمانتاری خولی سێی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩ - ٢٠١٣)

وەک دەزانرێ، بە هەزاران چەکداری داعشی ئەوروپی، وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لەبندەستی کورددان و لە کامپ و زیندانەکاندا ڕاگیراون و، بە قسەی "المرصد السوري لحقوق الانسان" لە ماوەی سێ مانگدا تا ١ی ئادار، ٥٢٩٨٠ کەس خۆیان ڕادەستی هێزەکانی سووریای دیموکرات کردووە و لەو ژمارەیە (٥٤١٢)یان داعش بوون. ئەمە لە کاتێکدا ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، چ کار و کردەی وەحشیگەرانە و جینایەت هەیە، دەرهەق بە کورد و پێکهاتە ئایینی و مەزهەبی و ئیتنییەکانی کوردستان؛ ئێزدی و شەبەک و کریستیانان کردووە. دوا نموونەیش سەربڕینی پەنجا ئافرەتی کوردی ئێزدی بووە لە ناوچەی باغۆزی سووریا. لە کاتێکدا، داعش لە سەروبەندی تێکشانی کۆتاییدایە، تورکیا بەردەوام هەڕەشەی پەلاماردان لە ناوچەی کوردنشینەکان لە ڕۆژهەڵاتی فورات و باکووری سووریا دەکا. لەم سۆنگەیەیشەوە، ئەگەری ئەوە بێتە گۆڕێ کە ئەو داعشانە دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوێ ڕا بکەن، خۆیان بشارنەوە و پێوەندی بە شانە نوستووەکان بکەنەوە و دەست بە کار و کردەی تیرۆریستی، چ لەناو شارەکانی بندەستی کورداندا بکەنەوە و، چ خۆیان بە ناوێکی دیکە ڕێک بخەنەوە، یان بگەنەوە ئەورووپا و بکەونەوە خۆ و لە لایەن ئەم دەزگە و ئەو دەزگەی هەواڵگیری بەکار بهێندرێنەوە.

#### لەوما، بەڕێوەبەرایەتیی زاتی لە ڕۆژاڤا و باکووری سووریا چ دەکا؟

**یەکەم؛** هەقە ئەو داعشانە بەپێی ڕەگەزنامەی وڵاتان، پۆلین بکات. دۆسیە بۆ هەر یەکەیان بکاتەوە و ئەم زانیاری و داتایانەی تێدا تۆمار بکرێ: ناوی سێیینە، نازناو لەناو داعشدا، تەمەنی ئێستەی، لە کەیەوە بەیعەتی بە داعش داوە، پلە و پایەی لەناو داعشدا چ بووە، لە کوێ و کوێدا کاری کردووە، هاوسەر و منداڵی لەناو داعشدا هەبووە یان نا، لە چ

## بەشی پێنجەم

ڕێگە و بە کوێدا چووەتە ناو داعش و هاتووەتە سووریا یان عێراق، چ کار و کردەی تاوانکارانەی بەتایبەتی دژی خەڵکی ئێزدی و شارەکانی وەک کۆبانێ و شەنگاڵ و... کردووە، زانیاری لەبارەی داعش وەک ڕێکخراو و زنجیرەی بەرپرسیارێتی و فۆرم و شێوەکانی ڕێکخستن و، شێوازەکانی "تجنید" (سەربازگیری - سەربازیی زۆرەملێ)ی خەڵکان بۆ ناو داعش و هەر زانیارییەکی دیکە... زۆریش سروشتییە، چەکدارەکانی پێشووتری داعش بکرێن بە شایەد بەسەر یەکەوە. بۆ ئەمەیش دەکرێ سوود لە تاقیکردنەوەی ئەفریقای باشوور و وڵاتانی ئەمریکای لاتین وەربگیرێ کە لە چوارچێوەی "لیژنەی گەڕان بە دوای ڕاستییەکان"دا، پێشێلکارییەکان تۆمار کراون، یان قوربانی و جەللاد و تاوانبار ڕووبەڕووی یەک کراون. ئەم فایلانە، بخرێنە سەر ئینتەرنێت، بەڵکە ئەو قوربانییانەی ماون، بیانناسنەوە و ڕاستییەکان ڕوونتر ببنەوە. بێ لەوە، هەقە سوود لە هەر ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ یان پێوەندی بەو بوارە و ئەزموونیان لە کۆکردنەوەی زانیاریدا هەیە، وەربگیرێ. پاشان چیرۆک و بەسەرهاتەکانی ئەو داعشانە و تاوانەکانیان لە چەند بەرگە کتێبێکدا بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و زمانی دیکەی جیهانی چاپ بکرێن و بڵاو بکرێنەوە و، سوود لەو تۆمارانە بۆ بەجینۆسایدناساندنی کوردانی ئێزدی وەربگیرێ. دەکرێ ئەو داتا و زانیارییانە بدرێنە ئینتەرپۆل و وڵاتانی ئەسکەندەناڤی؛ ئەودەم وڵاتان ناچار ببن داعشەکان وەربگرنەوە و لە وڵاتی ڕەگەزنامەدا بدرێنە دادگە.

**دووەم**: پاش کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە و پۆلینکردنیان، هەقە ئەو داعشانەی پلە و پایەی گرنگیان هەبووە، لەوانی دیکە جیا بکرێنەوە، چونکە بەدوور نازانرێ هەندێ لە داعشەکان لەخشتە و تێوە گلابن.

**سێیەم**: وەکوو لە ڕاپۆرتێکی ٢٥ی شوباتی "دێر شپیگڵ"ی ئەڵمانیدا هاتووە، کورد لە سووریا بە شێوازێکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ داعشە گیراوەکاندا کردووە نە وەکوو هەندێ میلیشیای عێراقی کە پاش لێکۆڵینەوەی سەرپێیی، داعشەکانیان کوشتووە و لەنێو بردووە. ئەم شایەدییە، بە قازانجی کوردە؛ بەو مانایەی کە کورد، وێڕای هەموو شتێ، دەستی بە یاسا و نەریتەکانی جەنگ و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی گرتووە. بەڵام هێشتنەوەی ئەو حەمکە داعشە پیاو و ئافرەت و منداڵە، تا کەی و چ بکرێ باشە؟ پاش ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کورد بەسەر داعشدا، چ بکا باشە کە لە باری یاسایی و سیاسییەوە زیانی تێدا نەکات و، وێنەی پۆزەتیڤی کورد لەنێو ڕای گشتیی جیهانیدا نەگۆڕێ؟

**چوارەم**: لەو کەمپانەی نزیک سنووری تورکیان بگوازرێنەوە بۆ ناو قووڵایی و شوێنێکی دوورەدەست و ئاسایش پارێزراو. پاش لێکۆڵینەوەی تەواو، دەرگەی کامپ و زیندانەکان بە ڕووی ڕۆژنامەنووس و خاچی سوور و مانگی سوور و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا بکرێنەوە تا فیلمسازی و توێژینەوە و ڕاپۆرت لەسەر ئەو ڕێکخراوە و مۆرە و کار و کردە وەحشیگەرییەکانیان، بکرێ و بە دنیا بناساندرێن.



سەرچاوە
Serchawe

ئەم ڕێوشوێن و کارڕاییییانەی کە لێرەدا دەیانخەمە ڕوو، ڕاوبۆچوونی کۆمەڵێ دۆستی قەدرگرانی سیاسەتکار، یاسازان، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، مامۆستای زانکۆ، پارلەمەنتار و وەزیری پێشووە:

١- داوا لە وڵاتانی پەیوەندیدار بە پرسی داعش بکرێ، کە لەسەر بنەمای ڕایەڵەی ڕەگەزنامە، بێن داعشەکانی خۆیان ببەنەوە و، لە وڵاتی خۆیاندا بەگوێرەی یاسای کارپێکراوی خۆیان، بیاندەنە دادگە. ئەم داوایە، هەندەی من ئاگام لێ بێ، هەم "دۆناڵد ترامپ"ی سەرۆکی ئەمریکا لە بریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی خۆی کردووە و هەم "هێزەکانی سووریای دیموکرات"یش. بەڵام وڵاتان بەددەم ئەم داخوازییەوە نەهاتوون و تێ ماون چ بکەن؛ چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە بیانبەنەوە؛ لەگەڵ کێدا بکەونە گفتوگۆ... یان سووک و ئاسان نایانەوێ وەریان بگرنەوە. بە لای وڵاتانەوە، ئەم پرسە چەند ڕوویکی هەیە: سیاسی، یاسایی، ئەمنی و ئینسانی؛ بە لانی کەمەوە لە بەرانبەر ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمترە. بە ڕای ئەوانەی ناوم بردوون، هەقە کورد سوود لەم پرسە وەربگرێ و باشتر کاری لەسەر بکا.

٢- داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی UN بکرێ کە پرسی داعش بەهەند وەربگرێ و چارەیەکیان لێ بکا؛ ئەوانەیشیان کە تۆمەتی تیرۆر و جینایەتی دیکەیان لەسەرە، دەکرێ بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی، حەواڵەی دادگەی نێودەوڵەتیی جینایی (ICC) بکا، یان دادگەیەکی تایبەتی (ad hoc International court) بۆ دادگەییکردنی داعش دابمەزرێنێ.

٣- داوا لە ئەمریکا بکرێ بەو پێیەی سەردەستەی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی بووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، ئەو داعشانە بگوازێتەوە و لە جێیەکی وەکوو "گوانتانامۆ"یان دابنێ.

٤- لە ڕۆژاڤا و باکووری سووریادا، دادگەیەک لە دادوەری عەرەب و کورد و کریستیان پێک بهێنرێ و بەگوێرەی یاسای جینایی نێودەوڵەتی و یاسای سووری بێنە دادگەییکردن و داوایش لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بکرێ ببن بە چاودێر بەسەر پرۆسەی دادگەییکردنەکان، بەتایبەتی ئەو داعشانەی کە خەڵکی سووریا و شار و ناوچەکانی بندەستی کورد خۆیانن.

٥- یان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، تاوانبارە خەتەرەکان بگوازرێنەوە باشوور، بەتایبەتی ئەوانەیان کە لە شەنگاڵ و ناوچەکانی دیکەدا، جینایەتیان دەرهەق بە کوردانی ئێزدی و کریستیان و شەبەک و خەڵکی

دیکە کردووە، یان پێشمەرگەیان سەر بڕیوە و خەڵکی مەدەنییان بەبارمتە گرتووە و کوشتووە؛ بەو داعشانەیشەوە کە لە بنەڕەتدا خەڵکی باشووری کوردستانن. ئەوەیش لەسەر سێ بنەما، یەکەمیان، ئەگەر تاوانیان لە کوردستانی باشوور ئەنجام دابێ و، دووەمیان، ڕەگەزنامەی قوربانی و، سێیەمیان خەڵکی باشوور بێ و لە باشووریش بێنە دادگەییکردن. ڕەنگە ئەم ڕێکارە، پێویستی بە ڕەزامەندیی عێراقیش هەبێ. هەڵبەت هەرێمی کوردستان بەو پێیەی هەرێمێکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتییە و مامەڵەی لەتەکدا دەکرێ، ئەودەم وڵاتانی پێوەندداریش دەکارن لە دادگەییکردنەکاندا ئامادە ببن، ئەگەر یاسای وڵاتەکانیان ڕێگە بەوە بدات کە هاووڵاتییەکانیان لەسەر خاکی وڵاتێکی دیکەدا بێنە دادگەییکردن.

٦- بدرێنەوە نیزامی ئەسەد؛ بەو پێیەی ڕۆژاڤا و باکووری سووریا، بەشێکە لە خاکی سووریا و، بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتی بە ئەستۆی حکوومەت و دەوڵەتی سووریاوەیە، بەتایبەتی ئەو داعشانەی کە خەڵکی شار و دیهاتەکانی بندەستی ئەسەدن. هەڵبەت ئەم ڕێوشوێنە دیوێکی نێگەتیڤیشی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا ڕازی نەبن لە لایەک و، ئەگەری بەکارهێنانەوەیان دژی کورد لە لایەن ئەسەد و خەڵکی دیکە لە لایەکەی ترەوە.

٧- یان بدرێنە هەر وڵاتێک کە ئامادەییی ئەوەی تێدا بێ بەگوێرەی "الاختصاص القضائي الشامل" (Universal jurisdiction) دادگەییی داعشەکان بکات.

٨- بەرەڵڵا بکرێن و کێوە دەچن، بچن! هەڵبەت ئەوە دیسان کاردانەوە و ئەنجامی چەوتی لێ دەکەوێتەوە.

٩- یەکجێ بکوژرێن و لە کۆڵ کورد و دنیا بکرێنەوە، لەسەر بنەمای "تۆڵە بە تۆڵە قازانجی زۆرە". ڕاستە کورد، چ لە عێراق و چ لە سووریا تێکشکێنەری ئەساسیی داعش و تێبردنی "خەلافەت" بوون، بەڵام کورد مافی ڕەوای دیفاعکردن لە خۆی هەبووە، بەڵام کورد خۆی بەتەنێ داعشەکان لە کۆڵ دنیا بکاتەوە و بکوژێ، دژمنایەتیی هەر چ ڕێکخراوی تیرۆریستی لە دنیادا هەیە، بۆ خۆی دەخوڵقێنێ!

پێویستە کورد خۆی لە کۆتاییهێنان بە داعش و شکستەکانی بکاتە خاوەن، چونکە دەوری سەرەکیی هەبووە لە شکاندنی ئەو گرووپەدا، بۆ نموونە هەرێمی کوردستان بە درێژاییی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر بە تەواوی هێزەوە ڕووبەڕووی داعش بووەوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ٣ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## پێشبینییەکانی رۆژئاوای کوردستان دوای داعش



**کاوە عەزیز حەمە**

داعش دوا رۆژەکانی بەڕێ دەکات، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی هەموو ئەو ناوچانە ئازدکران کە لە باشووری رۆژهەڵاتی سوریا بەدەستییەوە بوو، ئێستا ناوچەیەک نەماوە لەو وڵاتەدا بەدەست ئەو گروپە تیرۆرخوازەوە بێت کە ناوچەکەی روبەڕووی کاولکاریی گەورەکرد.

ئێستا قۆناغی دوای داعش لە سوریا دەستپێدەکات، قۆناغێک لێکدانەوەو پێشبینی زۆری لەسەر هەڵدەچنرێت، واقعێکی نوێ دێتەپێشەوە کە جگە لە یاریزانە ناوخۆییەکان (رژێم و هێزی سوریای دیموکرات)، یاریزانە گەورەکانیش بەئاشکرا رۆڵ و کاریگەرییان لە دارشتنی نەخشەی نوێی و پرسی چارەسەریی سیاسی و ئایندەی سوریا دەبێت.

لە سوریا سێ هێزی سەرەکی هەیە، لەکاتێکدا پێشتر هەر کون و قوژبنێک هێزێکی جیاوازی لێبوو، هەریەکەیان لەلایەن وڵاتێکەوە یان بەرەیەکی دیاریکراوەوە پشتیوانیان لێ دەکرا، ئێستا جگە لە دوو هێزی سەرەکی (هەسەدە و رژێم) کە دابەشبوون بەسەر ئەمریکا و روسیادا، هاوکات چەند ناوچەیەکی کەمیش لە سوریا لەلایەن سوپای تورکیا و هێزەکانی سەر بەو وڵاتەوە داگیرکراوە. رەنگە بتوانین ناو لەو هێزە بنێین هێزی سێیەم کە کاریگەرییەکانی ئەوەندە نییە.

لەدوای داعش نەخشەی سیاسیی سوریا و ئایندەی ئەو وڵاتە روونتر دەبینرێت، پێشتر هێزەکانی روسیا بەبیانووی مەترسی لەسەر رژێمی ئەو وڵاتە جێگیرکران و ئێستا لەئارادان، هێزەکانی ئەمریکاش بەهۆی بوونی گروپی تیرۆرخوازی داعشەوە هاتن و هاوکاریی هێزەکانی پەیەدە دواتر سوریای دیموکراتیان کردو ئێستا ئەوانیش لەسەر خاکی ئەو وڵاتە هەن. هێزەکانی تورکیاش بەهۆی ترسەوە لە هەژموونی کورد سنووریان بەزاند، بەڵام دوای لە ناوبردنی زۆربەی گروپە

تیرۆرخوازەکانی شام و حەلەب ترس لەسەر رووخانی رژێمی سوریا نەماوەو داعش-یش لەبەری رۆژهەڵاتی فورات کۆتایی پێکهاتووە، کەوابێ قۆناغێکی نوێ لە سوریا دەستپێدەکات، لەمەودوا لەبری ئەوەی گفتوگۆی چارەسەری بارودۆخی سوریا لە جنێڤ و ئاستانەبێت، لەوانەیە لە دیمەشق و قامیشلیی بێت.

ئەمریکییەکان بەئاسانی دەستبەرداری سوریا نابن، ئەو هێزانەی لە ناوچەکە هەیانە لەبەرامبەر بوونی هێزەکانی روسیایە لەناوچەکە، ئەگەرچی بڕیاری کشانەوەشیان لەو وڵاتە داوە، بەڵام هێشتا بەئاسانی ناوچەکە بەجێ ناهێڵن و دەیانەوێت شێوەیەکی دیکە ببیننەوە بۆ مانەوەیان لەبەری رۆژهەڵاتی فورات، کە رەنگە ژمارەیەکی کەم سەربازو چەند بارەگایەک بێت.

قۆناغی نوێ لە سوریا هاوشێوەی سەردەمی شەڕو ماڵوێرانییەکان زەحمەت دەبێت، لەمەودوا هێزەکانی سوریای دیموکرات لولەی تفەنگەکانیان روو لە هێزەکانی سوریا دەبێت، لەکاتێکدا ئەو هێزانە رۆژێک لەرۆژان ئەگەر دۆستیش نەبووبن، ئەوا جۆرێک لە پەیوەندییان لەنێواندا هەبووە، بەتایبەت لە سەرەتای راپەڕینەکانی دیمەشق لە ٢٠١١، بگرە زۆربەی ئەو ناوچانەی پەیەدە کۆنترۆڵی کردن لەوکاتەدا، بە رێکەوتن بوو لەگەڵ رژێمی سوریا، بەڵام ئێستا دوای زیاتر لە هەشت ساڵ، سوپای سوریا و هێزی هەسەدە، پێدەچێت رووی لوولەی چەکەکانیان بکەنە یەکتریی و ناشزانرێت داهاتووی ئەو وڵاتە چ فۆرمێک لەخۆ دەگرێت.

جیا لە گفتوگۆی چارەسەری بارودۆخی سیاسیی سوریا، گفتوگۆی نێوان هێزەکانی هەسەدەو رژێمی سوریا دوو باسی جیاواز لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان چارەسەرکردنی پرسی کورد لە سوریاو دۆزینەوەی رێگایەکی نوێیە بۆ دانانی بەبوون و شێوەی پێکەوەژیانی نەتەوەیی کورد و عەرەب لەو وڵاتەدا، دووەمیشیان رێککەوتن لەسەر شێوەی سیستمی حوکمڕانیی سیاسی لەو وڵاتەدا.

هێزەکانی سوریای دیموکرات دوای داعش دوو پرسی سەرەکیی سەرقاڵیان دەکات، یەکەمیان پرسی گفتوگۆ لەگەڵ دیمەشق و دۆزینەوەی رێگەچارەی گەیشتن بە دارشتەیەکی نوێ بۆ پێکەوەژیان لە سوریا، کە کۆمەڵێک دۆسێ و وردەکاریی لەخۆدەگرێت و پێویستە بە دەستوور چارەسەر بکرێت، دووەمیشیان پرسی چۆنێتی ئیدارەدانی رۆژهەڵاتی فوراتە کە ئێستا لەدەستیاندایە و ئەمریکا پشتیوانی و پارێزگارییان لێ دەکات.

پرسی گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی سوریا بۆ هەسەدە ئاسان نییە، چونکە ئەمریکا لەو نێوانەدا هەیە و بەهیچ شێوەیەک پشتیوانیی هیچ گفتوگۆیەک ناکات لەگەڵ رژێمی سوریا لەڕێی روسەکان یان ئێرانییەکانەوە بێت.



سەرچاوە
Serchawe

لەماوەی چەند مانگی دوای راگەیاندنی کێشانەوەی هێزەکانیان لە سوریا، ئەمریکییەکان بەروونی بە سەرکردایەتی پەیەدەیان راگەیاندووە کە نارازین لە گفتوگۆی نهێنی نێوان پەیەدە و رژێمی سوریا، بۆیە ئەو گفتوگۆیانەی باسی لێوەدەکرا سەرکەوتوو نەبوون، چونکە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی سوریا، ئەوەندەی بەدەست هێزە گەورەکانەوەیە وەک ئەمریکاو روسیا، ئەوەندە بەدەست هێزە لۆکاڵییەکانەوە نییە.

بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات لەدوای نەمانی داعش ئەرک و پێویستییەکانی قۆناغەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەگەر تائێستا روبەرووبونەوەی تیرۆر ئەولەویەتی هێزەکانی سوریای دیموکرات بوبێت، ئەوا بۆ داهاتوو چارەسەری سیاسی بۆ ئایندەی سوریا دەبێتە کاری لەپێشینەی ئەنجومەنی سوریای دیموکرات کە باڵی سیاسیی هێزەکانی سوریای دیموکراتە. هاوکاریی و پشتیوانییەکانی وڵاتانی رۆژئاواش بەپێی گۆڕانی واقعی باری ئەمنی و سیاسی گۆڕانی بەسەردا دێت.

لەقۆناغی نوێدا سێ ئەرکی نوێ دێتە رێی یان ئەستۆی بەڕێوبەرانی رۆژئاوای کوردستان، جارێ دیار نییە ئامادەن بۆ ئەو قۆناغە یان نا، هاوکات گرفتی نوێیشیان دێتە لەوانەیە جیاوازبێت لەرابردوو.

**یەکەمیان**: ئیدارەدان و رێکخستنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان.

لەمەودوا ئەرکی سەرەکی بەڕێوبەرانی رۆژئاوای کوردستان دووبارە رێکخستنەوەی ئەو ناوچەیەیە لە رووی ئیدارییەوە، چونکە ئێستا فۆرمی ئەو ناوچەیە بۆ ئیدارەدان دیار نییە، نازانرێت دەبێتە فیدراڵ یان حوکمی خۆبەڕێوبەری یان شێوەیەکی دیکەی ئیدارەدان.

هاوکات ئەرکی سەرەکییان بنیاتنانی دامەزراوە دەستوورییەکانە لەو ناوچانە، ئەگەر بڕیارە ببێتە ناوچەی خۆبەڕێوبەری، وەک پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەی دادوەریی.

دواتر قۆناغی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان دەستپێدەکات کە بەهۆی شەڕوماڵوێرانییەوە کاول بوون، بۆ ئەمەش پێویستیان بە کاتێکی زۆر هەیە، نەخاسمە ئێستا سوریا بەشێوەیەکی گشتیی لەبارێکی ئابووریی خراپدایە.

هەروەک لەپاڵ رێکخستنی ئیدارەی خۆبەڕێوبەریی وەک خۆیان ناویان ناوە، لە قۆناغی داهاتوو پرسی جێگیرکردنی ئاسایش لە شارو ناوچەکان دێتە پێشەوە، نەخاسمە رووبەرێکی فراوانی ئەو ناوچانەی ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی

سوریای دیموکراتدایە، کورد نین و لەوانەیە زەمینەی دروستکردنی نائارامیی هەبێت چ لەلایەن رژێمی سوریا، یان وڵاتانی دەوروبەرەوە.

**دووەمیان**: پرسی یەکلاییکردنەوەی سیستمی حوکمڕانی لە سوریاو چارەنووسی ئەو ناوچەیەی کە ئێستا لەژێر حوکمڕانی هێزەکانی سوریای دیموکراتە.

لەم قۆناغەدا باسی گفتوگۆی راستەوخۆ لەگەڵ سوریا دێتە گۆڕێ، لەوانەیە چیتر باسی گفتوگۆکانی ئەستانە و جنێڤ نەکرێت، لەلایەک ترس لەرووخانی رژێمی ئێستای سوریا نەماوە و لایەنە ناکۆکەکانی وەک روسیا و ئەمریکا باس لە رووخاندنی ئەو رژێمە ناکەن، لەلایەکی دیکەشەوە داعش نەماوە و قۆناغی دواتر دەستنیشانکردنی چارەنووسی بەری رۆژهەڵاتی فورات و ئەو ناوچانەی لەلایەن تورکیا یان هێزە تیرۆرخوازەکانەوە کۆنترۆڵکراوە.

لە پرسی دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی سوریا، ئاستەنگی زۆر و بارودۆخی ناچونییەک دێتەرێی بەرێوبەرانی رۆژهەڵاتی فورات، یان رۆژئاوای کوردستان، ئاستەنگەکان بەشێکیان پەیوەندیی بە تێگەیشتنی رژێمی سوریا و عەقلیەتی تێگەیشتن بۆ چارەسەری دۆزی کوردەوە هەیە لە سوریا، بەشەکەی دیکەیشیان پەیوەندیی بەو هاوکێشەیەوە هەیە کە لە رابردوودا تائێستا لە سوریا هەبووە! ئەویش هێزەکانی سوریای دیموکرات هێندەی ئەوەی لە ئەمریکا نزیک بوون و هاوکارییان لێ وەرگرتووەو وەردەگرن، ئەوەندە پەیوەندییان لەگەڵ رژێمی سوریادا هەبووەو لەسەر هێڵی ئێران حسابکراون. واتە پەیەدە پەیوەندییەکی جیاواز و لەمێژینەی لەگەڵ ئێران هەبووەو لەو رێگەیشەوە پەیوەندیی لەگەڵ رژێمی سوریا هەبووە، ئێستا ئەگەر باس بێتە سەر گفتوگۆی نێوان رژێمی سوریا و هێزەکانی سوریای دیموکرات، ئەوا ئەمریکا رۆڵی کاریگەرتر دەگێرێت لە یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ناوچەکە، بۆیە بۆ پەیەدە یان هێزەکانی سوریای دیموکرات لەنێوان هەردوو هەژموونی پێویستیان بە دیققەت و وردبینی زۆر هەیە بۆ مامەڵەکردن، هەروەک دەبینین لەگەڵ راگەیاندنی کشاندنەوەی هێزەکانیان لە سوریا لەلایەن ئیدارەی ئەمریکا، دەستبەجێ گفتوگۆی نێوان پەیەدە یان هێزەکانی سوریای دیموکرات لەگەڵ رژێمی سوریا بە نێوانگیریی ئێران و روسیا دەستی پێکرد، بەڵام ئەمریکییەکان خێرا ئاگاداریان کردنەوە و بۆ دڵنیاکردنەوەی پەیەدە لە نەکێشانەوەی تەواوی هێزەکانیان پرۆژەی نوێیان پێشکەشکرد و لەوە دەچێت هەم ناوچەیەکی ئارام بەرامبەر تورکیا دروستبکەن بە هاوکاریی ئەوروپییەکان، هەمیش هێزێکی هاوبەشی ئەمریکی و ئەوروپی لە رۆژئاوا دروستبکەن بۆ چاودێریی بارودۆخی ئاسایشی هەرێمەکە! کەواتە بۆ پەیەدە یان هێزەکانی سوریای دیموکرات پرسی راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان هەردوو هەژموونندا جێی گرنگی دەبێت، نەخاسمە بەهۆی لێدوانە جیاواز و جیاوازەکانی ئەمریکا، لەوانەیە بۆ پەیەدە ئاسان نەبێت دەستبەرداری پەیوەندیی لەگەڵ ئێران یان سوریا ببێت.



سەرچاوە
Serchawe

**سێیەم**: پرسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ تورکیا لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و ئابووریی دەبێتە کاری لە پێشینەی بەڕێوبەرانی رۆژئاوای کوردستان یان رۆژهەڵاتی فورات.

لەمەودوا بۆ بەڕێوبەرانی رۆژئاوای کوردستان یان رۆژهەڵاتی فورات ئاسان نابێت بەردەوام بن لە گرژیی و ئاڵۆزییەکان لەگەڵ تورکیا، نەخاسمە ئەو ناوچەیە پێویستی بە ئاوەدانیی هەیە و تورکیا دەرگایەکی گەورەیە بۆ خێرا ئاوەدانبوونەوەی ناوچەکە و هاوکات تورکیا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە سەقامگیرکردنی ناوچەکە، بۆیە ماوەیەکە ئەمریکییەکان لە هەوڵی ئەوەدان زەمینەیەک بڕەخسێنن بۆ دروستکردنی جۆرێک لە پەیوەندیی لە نێوان تورکیا و بەڕێوەبەرانی رۆژئاوای کوردستان، بەڵام ئەم پرسە زۆر ئاڵۆزەو هەم پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیەو هەمیش رێکاری پێشوەختەی پێویستە بۆ ئەوەی ئەو زەمینەیە دروست ببێت.

ئەگەر پەیەدە بیەوێت زەمینەی دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ تورکیادا دروستبکات، پێویستی بە دروستکردنی متمانەیە، بەڵام واقعی پێکهاتەی پەیەدە رێگرێکی زۆر گەورەیە لەبەردەم دروستکرنی پەیوەندیی لەگەڵ تورکیادا، لەلایەک ئەمریکییەکان داوادەکەن پەلەبکرێت لە دروستکردنی ئەو پەیوەندییە تا ناوچەکە کەمێک ئارامیی بەخۆوە ببینێت و تورکیاش لە هەژموونی روسیا دووربکەوێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە پەیەدە تۆمەتبارە بەوەی باڵێکی پەکەکەیە، بۆیە بۆ هیچ کام لەو دوو لایەنە (تورکیا - پەیەدە) ئاسان نابێت دامەزراندنی پەیوەندییەکی ئاسایی.

لابردنی وێنەی ئۆجیلان لە شەقام و کۆڵانەکانی رۆژئاواو کەمکردنەوەی سیماو سیمبولەکانی پەکەکە لە رۆژئاوای کوردستان، بەشێک بوو لە گوشارەکانی ئەمریکا، بۆئەوەی ئەو ترسەی تورکیا هەیەتی لە دروستبوونی ئەو هەرێمە بڕەوێتەوە.

بۆ پەیەدە زەحمەتە، چونکە لەژێر هەژموونی تێگەیشتنی ئۆجەلاندایە و لە باکوور تورکیا تەواو دژی کورد پەکەکەو کورد هەڵسوکەوت دەکات، رەنگە زەحمەت بێت بەخێرایی ئەو تێگەیشتنە دروست ببێت! بۆ تورکیا زەحمەتترە نەخاسمە هەرلایەنێک پەیوەندی لەگەڵ پەیەدە دروستبکات، ئەوا بێگومان لەناوخۆی تورکیا بەخائین دەدرێتە قەڵەم، بەوپێیەی پەکەکە هێزێکی جوداخوازەو پەیەدەش درێژکراوەی پەکەکەیە.

بۆیە ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت لەداهاتوودا لەباشترین حالەتدا ئەگەر تورکیا تێگەیشتنی بۆ پەیەدە دروست ببێت، ئەوا پەیوەندییەکە لەسەرئاستی موخابەراتی دەمێنێتەوە نەک واوەتر.

## بەشی پێنجەم

ئەمانەی سەرەوە زەرورەت و پێویستی قۆناغی داهاتووی رۆژئاوای کوردستان بوون، رەنگە قۆناغێکی نوێ بێت بۆ پەیەدە یان هێزەکانی سوریای دیموکرات، ئینجا دیار نییە کاردانەوەیان بۆ ئەو قۆناغە چۆن دەبێت.

سەبارەت بە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و پابەندییان (ئیلتیزامات) بەرۆژئاوای کوردستان، قۆناغێکی نوێ دەستپێدەکات، ئەو قۆناغە جیاواز دەبێت لە رابردوو، واتە ئەگەر لەرابردوو ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی هاوکاریی سەربازییان پێشکەشی (هەسەدە) کردووەو مامەڵەیان لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان لەسەرئاستی سەربازیی بووە بۆ روبەرووبونەوەی تیرۆرو گروپی داعش، ئەوا لەداهاتوودا زەرورەتی ئەوە دێتە پێشەوە مامەڵەیەکی سیاسی لەگەڵ هەرێمەکەدا بکەن، ئەو مامەڵەیەش دەوەستێتە سەر گفتوگۆکانیان لەگەڵ روسیاو هاوکات وەڵامدانەوەی هێزەکانی سوریای دیموکرات بۆ خواست و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەناوچەکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٩

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧١٤ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠١٤ی زایینی

نۆژەنکردنەوە: جۆزەردانی ٢٧٢٥ی کوردی = جوونی ٢٠٢٥ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتوویژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

